کەریمی حسامی

لە بیرەوەریەکانم

١٩٨٨ - ١٩٨٥

بەرگی نۆهەم

ستۆکهۆلم-١٩٩٥

کەریمی حسامی

لە
بیرەوەریەکانم

١٩٨٥ - ١٩٨٨

بەرگی نۆهەم

ستۆکهۆلم- ١٩٩٥

پێناسی کتێب:
ناوی کتێب: لە بیرەوەریەکانم بەرگی نۆهەم
نووسەر: کەریمی حسامی
پیت چنین و مۆنتاژ: ناسری ئیبراهیمی
چاپخانەی ئارارات - سوێد ١٩٩٥ز
ISBN: 91 - 630 - 2696 - 1

نێوه رۆک:

سەرەتا ١
دەفتەری یادداشتەکانم ١٠
پەیکێکی ناسراو ٢
تەفسیری بێگانە لەسەر کورد ٣٠
رۆخی دەریاو حەسانەوە ٢٥
سەفەر بۆ سوریە ٣٥
گەرانەوە بۆ سۆڤیا ٣٨
سەفەر بۆ مۆسکۆ ٤٧
سەفەر بۆ ئورووپا ٥٣
رۆژنامەی سەردەمی نوێ ٦١
سالی تازەی زایینی ٨٦
گەرانەوە بۆ سەر دەفتەری یادداشتەکانم ٩٧
نەورۆزی ١٩٨٦ ١٠٢
گەرانەوە بۆ سوید ١١٨
داوای پەنابەری لە سوید ١٢٠
سالی ١٩٨٧ ١٤٠
کۆنگرەی نۆزدەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد ١٥٤
سەفەر بۆ لەندەن ١٧٣
سەفەر بۆ سۆڤیا ١٩٢
دوو نامەی زێر کفت ١٩٧
سالێکی شوم بۆ گەلی کورد ٢٠٥
سەفەر بۆ ئالمان ٢١٩

هەوالێکی دڵتەزێن و کارەساتێکی سامناک ٢٢٢
ناملیکەی لە «پێناو چی»دا ؟ ٢٤٦
سەفەر بۆ سۆفیا ٢٥٣

ئەم بەرگە لەسەر ئەرکی خوارزای جوامێر و خۆشەویستم

سەید حوسێنی مەعروفی چاپکراوە...

سەرەتا

چەرخی کەچرەفتار و تەمەنی رەوەو خەزان و بەرەو گەلاً رێزان، ئەوا مزڵەتیان دا، ئەم جارەش بە رگێکی تر لە بیرەوەریەکانم بخەمە بەر دەستی خوێنەرانی بە رێزی کورد و بە خوێندنەوەو هەڵسەنگاندن و لێکدانەوي لە بار و نالە بار سەریان قاڵ بکەم ویەرەی تازە پێگەیشتووی کورد لە گەڵێک رووداوی نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی، بە تایبەت لە کوردستانی ئێران ئاگادار بکەم.

بەم باس و بۆ چوون و وردە قسەلۆکی پاشملە کە لە سەر بیرەوەریەکانم دەکرێن و بە گوێم دەگەنەوە، چاوە روانی نەوە بووم، بۆ ئەم بەرگە دەیان نامە و نووسراوەی رەخنەو راستکردنەوەی هەڵە و کەم و کوری و رێنوێنی برایانە و دۆستانە بگەنە دەستم و سەرەتای ئەم بەرگەیان پێ برازێنمەوە و بۆ بەرگی دواییش یارمەتیدەر بن و هەڵەکانیان پێ راست کەمەوە. چوونکە لە پێشەکی هەموو بەرگەکاندا داوا و تکام لە هاوکارانی پێشو ودۆست و برادەران و خوێنەرانی بە رێز کردوە کە لە رلست کردنەوەی هەڵە کان و پینە کردنی کەم و کوریەکان یارمەتیم بدەن.

ئاشکرایە هیچ کەس بە تەنیا ناتوانێ هەموو شت بنووسێ و هەموو رووداوەکان بە رێک و پێکی تۆمار بکات. بەلاّم بە زۆران دەتوانن هەموو شت بنووسن، گشت کەلێن و کەلەبەران پڕکەنەوەو بەرهەمێکی پوخت وپاراوتر پێشکێش بە کولتوری نەتەوەکەمان و بە

کتێبخانەی کوردی بکەن. بە پێچەوانەی چاوە روانیم بە داخەوە لە لایەن ئەو کەسانەی کە زۆر بە نووسینی بیرەوەریەکانمەوە ماندوون، بە نووسراوە هیچم بە دەست نەگەیشتوە. بەلاّم لە نێو تەواوی ئەو دۆست و برادەرانەی کە بیرەوەریەکانی منیان خوێندۆتەوە، پڕ بە دڵ سوپاسی کاک مەلا رەسوڵی پێشنماز دەکەم کە لە هەموو کۆڕ و دانیشتنێکدا کە باسی بیرەوەریەکانی من هاتبێتە گۆڕێ، بە جوانی داکۆکی لە نووسراوەکانم کردوە و پتر لە وەی هەڵیگرن، پەسن و تاریفی کردوون. بەلاّم بەداخەوە ئەم داکۆکی و پەسن و تاریفەی نە کردۆتە نووسین، بۆم بنێرێ تا لاپەری بەرگی۹ی پێ برازێنمەوە.

من قەت پێم وانیە ئەوەی لە هەشت بەرگی بیرەوەریەکانم دا نووسیومن، لە کەم و کوری بە دوور بن. رەنگە زۆر کەسی ئەو تۆش هەبن کە لە نووسین و بلاّو کردنەوەی بیرەوەریەکانم رەخنەیان هەبێ، بە لاّم بێگومان کەمیش نین ئەو کەسانەی لە خوێندنەوەی بیرەوەریەکانم کەلک وەر دەگرن و لە رێگای نووسینەکانمەوە لە گەلێک روو داوی نەزانراو و نا دیاری بزووتنەوەی کورد بە تایبەت لە کوردستانی ئێران ئاگادار دەبن و بە نووسینیش بیرو رای خۆیان دەر دەبرن.

ئەوەی لەم بوارەدا بە دەستم گەیشتبێ، نووسراوەیەکی رۆژنامەی «نیشتمان»ی چاپی هەولێرەو نامەیەکی نووسەر و رۆژنامەنووسی ناسراو کاک مومتاز حەیدەری یە لە خوارووی کوردستانەوە لە گەڵ نامەیەکی کاک فەردینی قادری کە وا لە گەڵ سوپاس دەستپێکی لاپەرەکانی ئەم بەرگەیان پێ دە نەخشێنم.

رۆژنامەی **نیشتمان** چاپی هەولێر لە ژمارە (٦) ٩٩٣/٢/٥ دا، لە گەڵ فوتو کۆپی بەرگی دەرەوەی بەرگی ٣ و٤ی بیرەوەریەکانم، لە ژێر

ناو ونیشانی:« **لە بیرە وە ریە کانم.... کە ریمی حسامی گرە وی میژووی بردە وە** » بە قەڵەمی کاک **طارق جانباز** دەنووسێ :« لەم ساڵانەی دواییدا، هەندێ کەڵە میردی کورد، خۆش بەختانە دەستیان داوەتە خامەو (بیرەوەری و یاد داشتە)کانیان دەنووسنەوە، بە مەیش خزمەتیکی مەزن و بەرزی نەتەوەکەیان دەکەن چوونکە زۆر لایەنی نە زانراو و شاردراوە و بزر دەر دەخەن، ئەم زاتانە بە ئەرکیکی پیرۆزی نەتەوایەتیان هەڵدەستن و لیپرسینەوەی میژوویی لە ئەستۆی خۆیان لا دەبەن.

لە مانە هەندیکیان بە چاپ گەینراون وەکو :(کەریمی حسامی، ئەحمەد دلزار، فاتح رەسوڵ و کاکە و نورالدین زازا و ...هتد). ئەوەی تا ئیمرۆ بە چاپ گەینراوە لە هەموان پتر و فراوانتر و ورد تر بیت(بیرەوەریەکانی کەریمی حسامی یە کە لە سوید پینج بەرگی بە چاپ گەیاندوە و بەرگی شەشەمیشی بە ریوەیە... هەر پینج بەرگ لە ستوکهولم لە چاپدراوە و هەزار و سەد ونوهەت لاپەرەن و گەلیک بەڵگە نامەو وینەی میژووییان تیدایە و بایەخیکی گرنگیان هەیە .....»

ماموستا **مومتاز حەیدەری**ش لە ژیر ناو ونیشانی « **لە مەر بیرە وە ریە کانی نووسە ری ناسراوی کورد ماموستا کە ریمی حسامی** » لە کوردستانەوە بۆ سویدو دەنووسیٚ: « مەسەلەی نووسنی بیرەوەری و بلاو کردنەوەی، دیاردەیەکی شارستانییە، کە دەلیین شارستانییە،- زیدە بە کورتی- هەموو بوارەکانی ژیان دەگریتەوە. هاو کات تۆمار کردنی بیرەوەری بە شیوەیەکی فراوان و راستگۆیانە، رەنگدانەوەی هەڵوینست و ئاستی رۆشنبیری خودی خاوەن بیرەوەریەکەیە.

لە جیهانی پیشکەوتووی ئەمرۆکەدا، گرنگیکی زۆر بە مەسەلەی نووسینەوەو بلاو کردنەوەی بیرەوەری و یاد داشت دەدریٚ و

کەرستەیەکی دەوڵەمەند لە بارەی لێکۆڵینەوەو نووسینی مێژوویی و نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەری و...هتد دروست دەکات.

لای ئێمەی کورد - زۆریش بە داخەوە - لە ئەنجامی باری نەتەوەیی و سیاسی زندە دژوار، جگە لە وەک مەسەلەیەکی شارستانی و ئەرکی نیشتمانی، زۆر کەم بایەخمان بە تۆمار کردنی بیرەوەری داوە، بگرە زۆریش هەژارین.!! بەڵگەش ئەوەیە، ئەوانەی بیرەوەری خۆیان تا ئێستا نووسیوەتەوە لە پەنجەی دەست تێپەر ناکەن.!! ئەوەی نووسراوەتەوەش - واتا بڵاو کراونەتەوە - لە چوار چێوەیەکی تەسکی حیزبایەتی، یا سیاسی‌دا نووسراونەتەوە.!! کە چی بە پێنچەوانەوە، دەبینین بیرەوەری‌یەکانی نووسەری سیاسی و وەرگێڕی کارامەی ناسراوی کورد ماموستا کەریمی حسامی زۆر بە فراوانی، بگرە هەموو لایەنەکانی خودی ژیانی خۆی ودەروونی گرتۆتە ئامێز، بە ئەندازەی قەبارەی ئەو مەسەلانەش، بیرەوەری‌یەکانی زۆر راستگۆیانە و بێ سڵەمینەوە شتە ورد و گەورەکان بە تاڵ و تفت وشیرینی‌یەوە تۆمار دەکا..!!

بۆیە کە ئەو هەشت بەرگەی بیرەوەری‌یەکانی ماموستا کەریمی حسامی ئەرشیڤێکی دەوڵەمەندی مێژوویی و سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی ژیانی کوردەواری بە گشتی و رەوتی کوردایەتیمان بە تایبەتی و لە وە زیاتر لە بارەی کوردستانی رۆژ هەڵات زندە بە تایبەت و کوردستانی باشور بە گشتی دروست دەکات.

ئەوەی شایانی گوتنە، سەدان نیشتمانپەروەری کورد خاوەن بیرەوەرین و لە مەیدانی کوردایەتی سوار چاک بوونە، بەڵام هاوکات دەوریشیان لە هە لس و کەوت و شکستی بزاڤی کوردایەتیمان هەبوە، جا نایانەوێ راستگۆیانە پێ لە رلستی داگرن، بۆیەکە دەبینین، بە چەندها

بیانووی لاواز ئەو ئەرکە نیشتمانی و کولتوری یە ئەنجام نادەن !! دیارە ئەنجامەکەشی، واتە نووسینەوەی بیرەوەری یەکان، هۆکارێکی دیکە لە بەرەو پێش نە بردنی کوردایەتی دروست دەکات.

لە کۆتایی دا، لە ناخەوە ئاوات دەخوازم، کە تەمەنی ماموستای هێژا کەریمی حسامی درێژ بێ و هەر دەم لەشی ساغ بێت، ئەوەی زووتریشە بەرگەکانی دیکەی بیرەوەری یەکانی بە ئەنجام بگەیێنێ و هەر وەها سیاسەتمەدار و کەڵە روشنبیرەکانمان ئەوانیش دەست بدەنە قەڵەمی راستی و مێشکی نەوەی نوێی کورد، کە زیندە نامە زرۆی مێژووی خەباتن، بە تایبەت ئەم پەنجا ساڵەی دوایی، کە روباری فرمێسک و دۆڵی ژان و رەوتی شکۆمەندی دروست کردوە، رۆشن بکەن. قەڵەمە پاک و تیژەکان هەر دەم شکۆ دار بن. سوپاس. ۹۹۳/۱۲/۱»

نامەی کاک فەردینی قادری:

سەرنجێکی سەرپێی لە بیرەوەریەکانی کاک کەریمی حسامی.

« کاتێک پێنج ساڵ لەمەو بەر یەکەم بەرگی« لە بیرەوەریەکانم» خوێندەوە، لە گەڵ لاپەری نوسراوەکان دەچوومەوە لاجان و سندوس و کا حەمەدی باپیرم(**کاپیتان قادری**) کە دۆست و هاورێیکی نیزیکی کاک کەریم بوە، بە گەنجی دەبینی و لە ژیانی ئەو دەمی جوتیارانی کوردستانی لای خۆمان شارەزا دەبووم. زۆر پێم شتێکی تازە و جێگەی مەراق بوو. بەڵام قەت نەمدەتوانی تەنانەت بیریش لە وە بکەمەوە کە لەو ماوە کورتە دا، هەشت بەرگی دیکە « لە بیرەوەریەکانم» چاپ دەکرێن و لە کتێبخانەی سیاسی و فەرهەنگی گەلی کورد دا، جێگایەکی ئاوا بە نرخ بۆ خۆیان دەکەنەوە.

نرخی بیرەوەریەکانی کاک کەریم نە تەنیا لە روونکردنەوەی زۆر مەسەلەو رووداوی تاریک و باس نەکراو دایە، بەڵکوو لە کردنەوەی

رێگای تازە دایە بۆ تۆمار کردنی رووداوەکانی ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و بۆ پەرە پێدانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردەواری. من دڵنیام کە لە دوا رۆژ دا، زۆر کەس لە نووسەرانی کورد، زەنگاڵی لێ هەڵدەگێشن و بەو رێگایەدا دەیکوتن کە کاک کەریم رچەی شکاندوە. جا چاک یا خەراب، زۆر یا کەم، راست یا درۆ، بە غەرەز یا بێ غەرەز، ئەو کات وەزیفەی هەر کوردێکی کە لە جەرەیانی مەسەلەکاندا بوە، ئەوە دەبێ ئەگەر هێندێ جێگای پێ هەڵ- بێ و باشتر ئاگاداری ئەو رووداوانە بێ، بۆ خەڵکی ساخ کاتەوەو ناتەواویەکان روون بکاتەوە.

بە خۆشیەوە یا بە داخەوە، هەتا ئێستا کەس لە سەر کەم و کوری و ناتەواوی رووداوەکانی ناوەرۆکی ئەو هەشت بەرگەی نە نووسیوە. هەر بۆیەش یەکی وەک من لە سەر راستی و دروست بوونی ناوەرۆکی بیرەوەریەکان سور دەکاتەوە.

بە بروای من کاک کەریم بە نووسینی بێ وچانی خۆی خزمەتێکی مەزنی بە ئەدەب و کولتوری کوردی بە تێکرایی و بە لاوەکانی کوردستان بە تایبەتی کردوە. رەنگە زۆر کەسی ساکار و روکەش، یا خود بە غەرەز رەخنە لەو برواو بۆ چوونە بگرن و بلێن: « ئەوە بۆ خزمەتێکی گەورەیە » پێم خۆشە زۆر بە کورتی لە چەند خاڵاندا، نرخی بیرەوەریەکان روون کەمەوە:

١ -بیرەوەریەکانی کاک کەریم کاتێک بڵاو بوونەوەو دەبنەوە کە زۆربەی ئەو کەسانەی ناویان هاتوە زیندوون و تواناى بیر کردنەوەیان هەیە و قەڵەمیشیان لێ نە شکاندراوە. راستی و دروستی ئەو رووداوانەی «بیرەوەریەکان» تا [illegible] یان دەر نە چوە، بێگومان شتێکی بدیهیە.

٢ - حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی نیزیک پەنجا

ساڵی رابردوودا، لە کوردستانی ئێران دەورێکی گرنگی هەبوە. لە رێگای بیرەوەریەکانی کاک کەریمەوە مرۆڤ باشتر دەتوانێ لە نیزیکەوە بروانێتە هەستەی مەرکەزی ئەو حیزبە و چۆنیەتی بیر کردنەوەی زۆر لەو کەسانەی لە سەر رێگا و ئالو گۆری ئەو حیزبە تەئسیریان هەبوە. هەر وەها پێوەندی حزب لە گەڵ خەڵک و رێکخراو ودەوڵەتی جوراو جور و حیزبە کوردستانیەکانی تا رادەیەکی زۆر بۆ روون دەبێتەوە. لە خوێندنەوەی بیرەوەریەکاندا، پیاو توشی هێندێ مەسەلە دەبێ ئەگەر لە ویندا نەبایە پیاو بە هیچ جۆرێک نەیدەتوانی شارەزایی لە سەریان هەبێ.ئەوانە دەبنە تەجروبە بۆ ئەوەی لە دوا رۆژدا هەڵەکان دوو پات نەکرێنەوە و بارە موسبەتەکانیان بە هێز تر بکرێن. ئەو کەسانەی کە قوڵی دەخوێننەوە و تەجروبەی رابردوان بە کار دەهێنن، دەتوانن موشکیلە و پێوەندیەکانی ناو خۆی حیزب و نەتیجەی بریار و کردەوەکانی رێبەرایەتی لەو ماوە دوور ودرێژەدا، بکەنە وەسیلەیەک بۆ دیتنەوەی رێگای باشتر.

٣ - زاناو نووسەری گەورەی کورد، ماموستا هەژار دەنووسێ:«زۆر لە رۆژ ئاشکراترە پێناسی گەلان لە جیهان، دروشمی نەتەوایەتی، ئامیانی رەگەزایەتی زمانەو بەس.» کاک کەریم لەو هەشت بەرگەدا، ئەگەر هیچی نەکرد بێ زیاتر لە دوو هەزار لاپەرەی بە کوردیەکی پەتی و رەوان و خۆش و بە زمانێکی پاراو نووسیوە. بە پێویستی نازانم باسی گرنگی ئەو بەرهەمە بۆ کتێبخانەی فەقیری کوردی بکەم. بە قە قەولی فارس گوتەنی :« عاقلانرا اشارەای کافیست.»

٤ - لەو چەند ساڵانەدا کاک کەریم بێ پشودان، بێجگە لە نووسینی چەند نامیلکە و وتار و لێکۆڵینەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و وەرگێرانی چەند کتێب بۆ سەر زمانی کوردی، ئەوا ٩ بەرگیشی لە

بیرەوەریەکانی خۆی نووسیوەو چاپ و بلاو کردۆتەوە. ئەم تێکۆشان و نە وێستانە سەر مەشقێکە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ خزمەتێک بە گەل و نیشتمان و یا هەر بە خۆشیان بکەن. زۆر جاران من بیر لە ژیانی کاک کەریمی دەکەمەوە و لە مێشکی خۆمدا ئافەرین بۆ ئەو هەستە دەنێرم کە زیاتر لە چل ساڵ لە رێگای بیر وباوەری خۆیدا بۆ بەختەوەری کورد هەنگاوی هەڵێناوە و قسەی خۆی کردوە و بە نووسراوە یا بە وتار قەت بیرو رای خۆی نەشاردۆتەوە. ئەوەی جێگای سەرنجە رانەوەستان و دڵسۆزی کاک کەریمە، دەنا دیارە ئەویش لەو ماوە درێژەدا، لە وانەیە توشی هەڵەی سیاسی بوو بێ. هەموو کەس بەش بە حاڵی خۆی هەڵەی کردوە و ئەو هەڵانە بە نیسبەت مەقامی ئەو کەسە لە کۆمەڵدا، گرنگی و ساکاریان دیار دەبێ. بەڵام دڵسۆزی و بەرەو پێش چوونی کاک کەریم لە گەڵ زەمان و فوسیل نە بوونی وەک زۆر کەسی تر، جێگای (تحسین) و لێ فێر بوونە، بە تایبەت بۆ لاوانی کورد کە دەبێ هومێدی دوا رۆژی نەتەوەکەیان بن.

٥ - هەر وەک لە هەوەڵەوە باسم کرد، دڵنیام کە ئەو بیرەوەریانە رێگا خۆشکەری زۆر بیرەوەری دیکەن. ئەو دەم کۆ کردنەوەو هەڵسەنگاندن و یەک خستنی ئەو بیرەوەریانە گۆشەیەکی نادیار لە مێژووی خەباتی نەتەوەکەماندا روون دەکەنەوە. کارێکی زۆر پێویست و پیرۆزە هەر چی لە خاکی کوردستان و لە ناو میللەتی کورد و لای هێزە سیاسیەکانی کورد، هەبێ بدۆزرێنەوە و کۆ بکرێنەوە. گەلی کورد ئاخرەکەی هەر مافی سەر بەخۆیی دەستێنێ و دەوڵەتێکی یەک پارچەی نەتەوەیی دادەمەزرێنێ. جا کارم بەوە نە داوە، ١٠ ساڵی تر، یا ١٠٠ ساڵی تر، ئەم ئاواتەی کورد هەر دەگاتە جێ. ئەو کات ماتریاڵی وەکوو بیرەوەریەکانی کاک کەریم و ئەو شتانەی لەم بوارەدا نووسراون،

کەرەسەیەکی بە نرخ دەبن بۆ لێکۆڵینەوەو نووسینی مێژووی سیاسی و کولتوری کوردی. لە کۆتاییدا زۆر سوپاسی کاک کەریم دەکەم بۆ بیرەوەریەکانی و پێم خۆشە وەکو رەخنەیەکی بێ غەرەز ئارەزووی خۆم لە بارێکەوە دەر ببرم. رەخنە لە خۆ گرتن یەکێک لە قورسترین رەفتاری ئینسانە. بەشەر هەموو کاتێک حاڵەتێکی دیفاعی هەیە کە زۆر طبیعیە تەنانەت ئەو کات کە رەخنە لە خۆ دەگرێت. لە بەرگەکانی بیرەوەریەکاندا زۆر کەم توشی رەخنە لە خۆ گرتن دەبین. بۆیە داوا لە کاک کەریم دەکەم کە دوای خەلاس بوونی بیرەوەریەکان بۆ خۆی بە سەریاندا بێتەوە و ئەو جێگایانەی دەزانێ جێگای رەخنەن بە چاوی رەخنە گرتن بیان بینێ و کۆیان کاتەوە. ئەو کارە دەبێتە چرای رێگای زۆر کەسی تر. دیسان داوای سەر کەوتن بۆ کاک کەریم دەکەم لە نووسینی بەرهەمی بە پێزتر و لە خزمەت بە زمان و ئەدەبی کوردی دا.

نوپسالا فەردین قادری.

دەفتەری یاد داشتەکانم

لە بەرگی هەشتەمدا بە کورتی باسی هێندێ پێوەندی و چاو پێکەوتنم کرد لەگەڵ برادەرانی پێشوو، روونم کردەوە کە زۆربەی ئەو برادەرانەی دەیانناسیم و پێوەندی‌یان پێمەوە هەبوو لەسەر ئەو باوەرە بوون پێویستە رێکخراوێکی تازەی کوردی ساز بکرێ. دیارە لە نێو ئەواندا بۆچوونی جیاواز هەبوو. هەر وەک لە نووسینی چەند کەسیان دەردەکەوێ و لە بەرگی هەشتەمدا هێندێ کۆپلەم لێ بلاو کردوونەوەو ناوم نە هێناون، زۆربەیان لایان وابوو کە دامەزراندنی رێکخراوێکی مارکسیستی پێویستەو نابێ چەپی دەبەر کوموونیستیدا هەبێ. براداری دیکەش هەبوون کە سازکردنی رێکخراوێکی کوردی و کوردستانیان پێ باشتر بوو. لە وڵاتیشەوە نامەیان بۆ دەنووسیم کە گۆیا حیزبی سۆسیالیستی کوردستانم دامەزراندوە. تەنانەت رۆژنامەی کەیهانی هەوائی لە یەکێ لە ژمارەکانی خۆیدا نووسیبووی:« فلانکەس حیزبی سوسیالیستی کوردستانی پێک هێناوە.» ئەوانەی لە وڵاتیش لە حیزبی دێموکرات وەلانرابون و یا هاتبوونە دەرێ و خەریک بوون شتێک پێکەوە نێن، بلاویان دەکردەوە کە فلانکەسمان لە گەڵە.

بەلام من بۆخۆم؟ دوای چەند جار دانیشتن و نامە گۆرینەوە لە گەڵ صارمخانی صادق وەزیری، دوای هەڵسەنگاندنی بارودۆخی بزووتنەوەی رزگاریخوازی و رێنوێنیەکانی صارمخان بە تەواوی هاتمە سەر ئەو باوەرە

کە لە ئوروپا و لەم بارو دۆخەدا خەریکی حیزب سازکردن نەبم و تێکۆشانی حیزبایەتی ئوروپا بۆ ئەو برادەرانە بە جێ بێلم کە بەبێ حیزب و سیاسەت ژیانیان دژوارە. بەلام دەمێک بوو بیری دەرکردنی رۆژنامەیەکی سەر بەخۆ، دێموکرات و پێشکەوتو خوازو کوردایەتی رەسەن لە مێشکمدا دەجولایەوە. خوێنەرانی بە رێز لێم ببوورن کە ئێژم (کوردایەتی رەسەن و پێشکەوتو خواز)، چونکە لە سەر ئەو باوەرەم کە زۆر جار لە لایەن زۆر کەسەوە کوردایەتی کراوەتە بازار و لە نێوەرۆکی رەسەن و پێشکەوتوو خوازی خالی کراوە. ئەم وشە پاک و پیرۆزە یاری پێکراوە. بەلام ئێستا شوکر ئەوا کوردایەتی لە پوش و پەلاش‌دێ خاوێن دەکرێتەوە، لە دنیای شوعاروخەیالەوە، دێتە دنیای شعور و واقعیەت. خۆی لەگەل رەوەندی بابەتی سیاسەت و رووداوەکانی جیهان رێک دەخات و هیوای رزگاری و پێک هێنانی کوردستانێکی ئازادو دێموکرات و بەختەوەر لە دلی کوردا بەهێز دەکات.

مەسەلەی دەرکردنی رۆژنامەم لە گەل چەند دۆست و برادەر هێنا بوە گۆرێ، گشتیان هاودەنگ بوون . بەلام دەرکردنی رۆژنامە لە ئوروپا بەر لە هەموو شت پارەی گەرەک بوو. کادری نووسێن و بەرێوە بەری دەویست. تەنیا بە قسە رۆژنامە نەدەکەوتە گەر.

بەر لەوەی بۆ کاری رۆژنامە دەست بەکاربم، دەستم کرد بە نووسینی کتێبی« کۆماری دێموکراتی کوردستان یا خود موختاری». ئەو مەسەلەیە دەمێک بوو بیری منی بە خۆوە خەریک کرد بوو. مەبەست لە نوسینی ئەم کتێبە ئەوە نەبوو کە دروشمی (خودموختاری) ئێستای حیزبی دێموکرات بدەمە بەر نەشتەری رەخنەو (فتوای کوفر) بۆ خۆم ساز بکەم و بەوێ راستی و چەوتی ئەم دروشمە شی بکەمەوە. چونکە ئەم دروشمە لە کونفرانسی سێیەمی حیزبدا پەسند کراوە و خۆشم دەنگم بۆ داوەو لە

سه‌رم نووسیوه. مه‌به‌ستم ئه‌وه بوو که به گوێره‌ی توانا ئه‌وه روون که‌مه‌وه که داخوا ئه‌م کۆمارو ئه‌و حکومه‌ته‌ی که سالی ١٩٤٦ له رۆژهه‌لاتی کوردستان و له مه‌هاباد دامه‌زرا، له باری قه‌واره و ساختار و شکلْ و کرده‌وه‌و ڕێ و شوێنه‌وه کۆماری میللی دیموکرات و سه‌ر به‌خۆ بوو، یا(خود موختار)؟

دیاره ته‌واوی ئه‌و هێز و حیزب و ئه‌و که‌سانه‌ی که به وشه‌ی(کوردستانی سه‌ر به‌خۆ وکۆماری دیموکرات و حکومه‌تی میللی) هه‌لْده‌به‌زنه‌وه‌و له‌رزیان دێتێ و تارمایی مه‌ترسی (ناته‌واوی عه‌رزی ئێران) به‌ری چاویان تاریک ده‌کات، هه‌میشه له باسکردنی جاروبارو به هه‌لکه‌وتی بزووتنه‌وه‌ی ٤٥= ٩٤٦ ی کوردستانی ئێران دا، وشه‌ی نارەسه‌نی خود موختاری به کلکیه‌وه ده‌نێن و ئه‌وه‌نده‌یان دووپات و سه‌ت پات کردته‌وه که مێشکی ڕێبه‌رانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیشیان پێ ئاختیوه و ئه‌وانیش بوونه شه‌ریکی ئه‌م بوختانه به کۆماری دیموکراتی کوردستان و به ناهه‌ق وشه‌ی خودموختاریان کردۆته باو. سه‌یر ئه‌وه‌یه ئه‌و نووسه‌رانه‌ی کوردی به‌شه‌کانی تری کوردستانیش که له سه‌ر کۆماری کوردستان ده‌نووسن، به پێره‌وی له نووسه‌رانی بێگانه‌و له ژێر ته‌ئسیری نووسه‌رانی ئێرانیدا، کۆماری کوردستان به (خود موختار و به کۆماری مه‌هاباد) ناو ده‌به‌ن و هه‌میشه له وشه‌ی (سه‌ر به‌خۆ) ده‌سلْه‌مێنه‌وه.

مه‌سه‌له ئه‌وه‌یه ئه‌وانه‌ی ئێستا داوای خودموختاری له کۆماری ئیسلامی ئێران ده‌که‌ن، ئه‌وه سیاسه‌تی خۆیانه‌و که‌س ناتوانی پێشیان بگرێ. به‌لام هه‌ق نیه ئه‌وان ڕابردووی خه‌باتی میلله‌تی کورد له‌که‌دار بکه‌ن و خۆ بکه‌نه دمراستی خه‌لک و کۆماری کوردستان بکه‌ن به (خود موختار). به تایبه‌ت که هیچ یه‌ک له دمراستانی ئێمرۆی حیزبی

دیموکرات لە دروشم و سیاسەت و شکڵ و قەوارەی حکومەتی میللی کوردستان ئاگادار نین و ئەوەی باسیشی دەکەن لە ئەدەبیاتی شوڤینیزمی ئیرانی و لە حیزبە بە روالەت پێشکەوتوەکانیان وەر گرتوەو ئێستاش بۆ خاتری لالوت نەبوونی(هێزە دیموکراتەکانی ئیرانی)و بۆ خاتری ئیشەلا پێکهاتنی‌بەرە یەک‌لە گەڵ ئەم هێزە (دیموکراتانە) کۆماری دیموکراتی کوردستانیان کردوە بە (خود موختاری) و دەرخواردی خەڵکی دەدەن. لەوەش قەباحەت تر، وەک لە ژمارە ١٨٣ فیوریەی ١٩٩٣ی رۆژنامەی کوردستانی ئورگانی حیزبی‌دیموکرات دا نووسراوە، رۆژی دووی ڕێبەندانیش بە رۆژی میللی نەتەوەی کورد نازانن.

ڕێبەرانی ئێستای حیزبی‌دیموکرات بە هەڵە چوون. چونکە هەر چەندی لارە مل بن و سوێندو تەلاقان بخۆن کە لە خود موختاری بەدەر هیچی دیکەیان ناوێ و (لە هەموو ئیرانیەکیش خۆ پتر بە ئیرانی دەزانن) شوڤینیزمی فارس و ناسیونالیزمی ئیرانی کە تەنانەت لە ناخ و مێشکی هێزی هەرە رەسەن وپێشکەوتووخوازیشدا پەنگی خواردۆتەوە، بروایان پێ ناکەن و هەر بە جیاوازی خوازیان دادەنێن و بۆ چوونیان هەر ئەوە دەبێ کە لە کەیهانی لەندەن و نامەی سەر ناوالەی (جەبهەی ملی ئیران)و نووسینی نووسەر و سیاسیەکانی دیکەی ئیرانی دا رەنگیان داوەتەوە.

من لەو کتێبەدا ویستوومە ئەوە نیشان بدەم کە هەر چەندە لە پرۆگرامی ئەوسای حیزبی دیموکرت داخودموختاری هەبوە، بەلام بە کردەوە پێک هێنانی کۆماروودامەزرانی حکومەتی میللی کوردستان وهەڵکردنی ئالای‌کوردستان و پێک هێنانی لەشکری میللی و نیشان و جلی ئەفسەران و ناولێنانی «ژەنراڵ و مایور و کاپیتان ومبجەر و پۆلکونیک و پۆت پۆلکونیک و بەستنی پەیمان و قەراداد لە گەڵ دەولەتی بێگانە و شەر لە گەڵ حکومەتی ناوەندی، لە گەڵ

خودموختاری نایه‌نه‌وه و گشتیان نیشان و ئاكاری ده‌وله‌تی سه‌ر به‌خۆن له سه‌ر زید و نیشتمانی نه‌ته‌وه‌كه‌ی.كاریشم به‌وه نیه كه هیندێ نووسه‌ری كورد و باڵه‌كانی حیزبی دیموكرات، له باسی كۆماری كوردستاندا ئه‌گه‌ر وشه‌ی قه‌ڵبی خود موختاری به كۆماره‌وه نه لكینن، ئۆخژنیان تایه‌تیٚ و له‌م بواره دا

ره‌گه‌ڵ نووسه‌رانی شوڤینیزمی فارس ده‌كه‌ون.

دیاره سه‌باره‌ت به نه‌بوونی فاكت و به‌ڵگه‌ی پێویست و تیر وپر، لام وایه له نووسینه‌كه‌مدا سه‌رنه‌كه‌وتووم. ئه‌وه‌نده هه‌یه تاقه به‌رهه‌مێكه كه كوردیكی رۆژ هه‌لاتی كوردستان و به‌شدار له بزووتنه‌وه‌ی ساڵه‌كانی ٤٥" ٩٤٦ دا نووسیویه‌تی و كه‌م یا زۆر هیندێ له رووداوه‌كانی خستوونه سه‌ر كاغه‌ز.

جگه له وه نامیلكه‌یه‌كم نوسیبوو به ناوی (كورد و فه‌رهه‌نگی بیگانه) دانه‌یه‌كیشم بۆ كاك سه‌لاحی موهته‌دی نارد بوو. كاك سه‌لاح به هۆی كاك ئه‌میری قازیه‌وه له سه‌ر نامیلكه‌كه نامه‌یه‌كی بۆ نوسیبووم كه به داخه‌وه ئه‌م نامه‌یه‌م لیٚ بزر بوه. به‌لام له سه‌فه‌ری ئه‌م دواییه‌مدا بۆ سۆفیا له نیو كتیب و كورته كاغه‌زاندا نامه‌به‌كم دۆزیه‌وه واده‌ر ده‌كه‌ویٚ له وه‌لامی نامه‌ی كاك سه‌لاح دا نووسیومه. نامه‌یه‌كی كاك سه‌لاحیشم دیته‌وه كه وه‌لامی نووسراه‌كه‌ی منی داوه‌ته‌وه. سه‌باره‌ت به وشه‌ی جوان وشیرینی‌ئه‌ده‌بی كاك سه‌لاحی موهته‌دی، لیره‌دا ، هه‌رتك نوسراوه‌كان بلاو ده‌كه‌مه‌وه.

نامه‌ی خۆم بۆ كاك سه‌لاحی موهته‌دی:

« برای به ریز كاك سه‌لاحی موهته‌دی. رۆژ باش. له گه‌ڵ سلاوێكی برایانه و هیوای ساخ و سلامه‌تیت.

جاریٚ له پیشدا له سه‌ر بۆچوونی تیكراییمان له باره‌ی مه‌زهه‌ب «

الدینە» کەم لێ وەر گرتوویەوەو کاک
«سەلاحی» رووتم پێ خۆشترە، داوای لێ بووردن دەکەم.
بەر لەوە بێمە سەر تەئیبیدی نامەو بیرو راکەت کە لە سەر نووسراوەکەی خۆم دەرت بریوە، دەمەوێ بزانم بۆچی وەک پاکستانت کردوە، نەتویستوە راستەو خۆ نامەم بۆ بنێری و بە رێنوێنی جوان بۆ نوسینی داهاتوو یارمەتیم بدەی؟ هەر چەندە نێو بژایەتی کاک ئەمیرم گەلێک پێ لە شورای ئەمنیەت بە نرخترە.
دەمەوێ عەرزت بکەم (کوردایەتی تۆخی) من شتێکی تازە نیە. لە تەواوی ژیانی سیاسیمدا کوردایەتیم هەر تۆخ بوە. هەر لەداخی بێ بەشی کوردیش تووشی سیاسەت و چەرمە سەری بووم. کاتێ گیرا بووم، سەرهەنگ خواجە نوری بازپورسی سوپای مەهاباد لە پرسیارەکاندا گوتی

- چەند زمانی بێگانە دەزانی ؟
- دوو. دو زمانی بێگانە دەزانم
- بلێ بزانم . خوب‌است کە شما راستشرا میگوئی
- من هەمیشە راستیم گوتوە . من فارسی و تورکی دەزانم .
ئاگری گرت. هەستا سەر پاشوان و نەڕاندی:« مەگەر تۆ ئێرانی نی ؟
»
-بەلێ ئێرانیم. بەلام کوردم و بێجگە لە زمانی خۆم دوو زمانی فارسی و تورکیش دەزانم.
بۆ خۆم پێم وایە کوردایەتیەکەم بۆیە تۆخە، چونکە مارکسیستێکی بە راستیم. لام وایە ئەو کەسانەی خۆ بە مارکسیست و یا کوموونیست دەزانن ئەگەر بەر لە هەموو شت و لە هەموو کەس زیاتر نەتەوەی خۆیان خۆش نەوێ، راست ناکەن، خەلکی دیکەشیان خۆش ناوێ.

ڕەنگە بۆ سەر کەوتنی کورد، نیشتمان پەروەران ڕێگای جیاوازو بۆ چوونی جیاوازیان هەبێ و یا پێ باشتر بێ. ئەوە شتێکی سروشتیە. بەڵام چەند خۆشە کە ئەم ڕێگاو بۆچوونە جیاوازانە هەموویان لە پێناوی وەدەست هێنانی مافی نەتەوەی کورد دا بە کار بگیرێن.

بەشەکەی دیکەی نووسراوەکەت لە سەر(ئیسلامی ڕاستین) بە تەواوی ڕاستە. لە نووسراوەیەک دا بە ناوی «چەند قسەیەک لە گەڵ خەبات» باسی ئیسلامی ڕاستینم کردوە و نیشانم داوە کە (ڕاستین و ناڕاستین) نیە، ئیسلامەکە ئەوەیە کە دەیبینین. ئەگەر لەم نوسراوەدا لە چوار چێوەی داب و نەریتە ناحەزەکانی کۆن دەرنەچووم، لە بەر ئەوە بوە کە ئەوە بە میرات بۆ گەلەکەمان بە جێ ماوە و لام وایە پێویستی بە ڕوون کردنەوە هەیە و بە خەڵک بگوترێ کە ڕابردوەکانمان بە ناهەق هێندێ ڕێو شوێنی نالەباریان بۆ بە جێ هێشتووین. دیارە ئەوەش دەبێ بە پارێز بۆی بچی. من لە سەرەتاوە ئیسلامی ئێستام کوتاوە و نیشانم داوە کە بە ناوی ئیسلام چ لە گەڵ گەلی کورد دەکرێ.

مەبەستی ئەسڵی نوسینەکەش ڕوونکردنەوەی(پێوەندی مەزهەب و سیاسەت) نەبوە. دەنا ڕاست دەفەرمووی ئەگەر بێینە سەر ئەم بارە، هەڵدەگرێ زۆر بە باشی لە باری فەلسەفی و عەوام فریوی و خەڵک خەڵەتێنیەوە ئیسلامی ڕاستین ڕوون بکرێتەوە. لام وایە ڕیش و شاقەڵ و پەر ژەرد ئێستاش بۆ کوردی کلۆڵ و نەخوێندەوار دەوری ناحەزیان هەر ماوە. مەسەلەی (مەلا ئەحمەد و دوکتور خەلیقی)م لە نووسراوەکەدا هێناوەتەوە کە یەکیان دەیگوت :«فەلسەفەی ئیسلام بە مریدی تخۆ بێژە و دوکتور خەلیقیش بانگی بە گوێچکەی ساوایەک دادەخوێند. هەر ئەو ئیدەئالیزمی فەلسەفی و کۆنە پەرستی مەزهەبیە کراوەتە (ئیسلامی سیاسی) و تۆپ و تەیارەو تانگیشی بۆ پتەو کردنی بە کار دێنن. « زندە

خوازی و داگیر کەری و دەست وەشینی» بۆ ئەوەو «گۆشە گیری و شوکرانە بژێری و ژێر چەپۆکیش» بۆ کوردی هەژاری موسوڵمانە.

لام وایە لە کوردستانی خۆمان دا، ئێستاش پاش ئەو هەموو تاوانەی کە ئیسلامی سیاسی لە گەڵ کوردی کردوە، شاقەڵ شۆڕ و سەر کەسک و پەر زەرد لە چاو نووساندنی خەڵکدا بێ تەئسیر نین.

پێش سەفەرم بۆ ئوروپا لە ماڵە ماموستای لام وایە کاک سەعدیش لەوێ بوو، باسێکی گەرم و خۆشمان هەبوو. مەلا حەسەنی هەرکی کە لە دەفتەری ماموستا بوو، گوتی: «چۆن من لام وابوو کاک کەریم کومونیستە دەبێ بکوژرێ، بەلاّم (وەک تۆ دەفەرمووی) خۆ «کوردێکی تۆخە.» گوتم ماموستا باشی تێگەیشتووی. کوموونیستم، هەر بۆیەش کوردێکی بە راستیم.

من ئەو نامیلکەیەم لە کوردستان نووسیبوو. داوام کرد ئینتیشاراتی حیزب بۆم چاپ بکات. مەلا عەولاّی حەپاکی گوتی:« دژی ئیسلامە ئێمە چاپی ناکەین» جا بزانە ، هێشتا پەر زەردی باوی ماوە.

دەی. مەبەست لە نوسینی ئەم چەند دێرە ئەوە بوو کە من وەک تۆ نەکەم و راستەو خۆ بۆت بنووسم هەر چەندە لە بەر نەبوونی ئادریس زەحمەتی نێو بژایەتی هەر کەوتۆتەوە سەر شانی کاک ئەمیری بە رێز.لە خزمەت کاک سەعدی رێزو سلاّوم هەیە. هیوا دارم ساخ و سلامەت و سەر کەوتوو بیبیت . برات کەریم.١١/٩/ ٨٤»

نامەی کاک سەلاّحی موهتەدی:

« برای خۆشەویستی بە رێزم کاک کەریم. ماوەیەک دەبێ کە بەو پەری شادی و شانازی‌یەوە، نامە جوان و گەرم و گورەکەتانم پێگەیشتوە. خۆم خۆش کرد بوو لە نووسین و ناردنی جوابێک کە رووی مەجلیسی

هەبیٚ.! بەلاٚم وادیارە ئەگەر ئەو شەرتە دابنیم - بۆ خۆم و نامەکەم نەک هەر بەشبراو دەبین لە دیداری یاران بەلکو تانەو تاوانی وەلاٚم نەدانەوەشمان دیتە سەر کۆگای گشت سووچی ناکردە و ئەو جار گرێپوچکەکە وا ئالۆز دەبیٚ بە سەت شێخ و مەلا چاک نەبێتەوە. !

دەی کاکە گیان، چۆنی چاکی شوکر ! هیوادارم هەمیشە دلت خۆش و لەشت ساغ و سەرت بەرز بیٚ و لە راست دۆستان هەروا سەمیمی و قالبسوک و دلراگر بی.

ئێمەش لێرە لە گەلٚ بەفرو سەرماو تاریکی پێوە بووین و هەر ئاخ و داخ هەلدەکێشین بۆ تین و تاوی بەر بەرۆچکەی بەر دەرگای حەوزو مزگەوتێک، هەلم و گەرمای سەربانی بە کاگلٚ سواغدراوی تەویلەو باتێک، گەوەرو گەلە خاتێک ! بەلاٚم پێشینان گوتەنی، گەرمێن دوورە بۆ پیاوی هەژار. !

ئایا ئێمەی « برایموکی » کەسیرەی زستانی درێژی دووری و دەربەدەری لە ورەو وزەی خۆمان رادەبینین بە کۆلٚ خۆلە مێش بکێشین تا بەر پالی سپی و ساکاری کوێستانی کوردستان خالبەلەکی تێکەوێ و نەورۆزی کۆچەر، وەک تەبری گەرمێنیٚ، چلە بڕ بکات و بەلێنی « میری مەزن»ی مێژوو بێتە دی و « پەریخانی » ئازادی و رزگاری لە باوەش بگرین؟

تۆ بلێی پۆلە کۆتری بالٚ و پەڕ کراوی ئاشتی و ئەوین بگەنە « بورجی بەلەک» و « خاتوزینی » ئاوات و ئارەزوو لە سەر کەژاوەی شابالاٚن بفرێنن بەرەو پەردەو پەردووی کۆشکە کاولەکەی « کاکەمەمی کوردەواری» ؟

منیش و تۆش دەزانین کە وەلاٚمی ئەم گشت خۆزیاو بریایە لە لای « لاسە شۆڕی » پێشمەرگەیە کە دەستی داوەتە چەک لە چیاو دەخوازیٚ « خەزالی » رەوەک و ئامۆی بەختەوەری و بەرابەری بە « چل پلەی »

خەباتی خویناویدا بە سلامەت سەر خا !

با باسی ئیرەت بۆ بکەم: برادەران هەموویان تاسەت دەکەن و سلاوت دەگەیەنن بە تایبەت کاک سەعد کە هەم سەلام و ئیحترامی هەیە بۆت و هەم دەلی: کاک کەریم عەجەب کلاوێکی لەسەر نام؟! با کلاوی خەزی پاش زستانێ وەک کەپەنکی پاش بارانێ وابێ بەلام چونکە یادگاری یارانە هەر بە ریز و عەزیزە لام و هەر چاوە روانم ! مەلا محەمەدیش چەند رۆژێکە مالی گوێزتۆتەوە بۆ ستوکهۆلم و ئیمان بۆتە پایتەخت نشین. دوو رۆژ لەوە پێش هەموومان لە لای بووین، هەم بۆ پیرۆز بایی جێو رێی تازە و هەم بە بۆنەی رزگار بوونی لە دەست نەخۆشی و نالە !

ئەو بەینانە نازانم نووسراو ودەنگ و باسی « موجاهدین » و حیزبی دێموکراتت پێدەگا و ئاگات لە شەرە دندوکەی جوتە کۆلەکەی شورا هەیە ؟ وەک دەلێن لە ولاتیش توند تێکچوون و بە تەواوی لە بەر یەک ترازاون

سەر کردایەتی حیزبی دێموکرات کە سەر دەمێک بۆ چوونی ناو شورا ملی خۆی رەچەقۆ دەخست و لە سەر موجاهد ورگی خەلکی دەدری و دێموکراسی و خود موختاری دەکردە شاباش و بەرتیل تا فەرمان و فتوای کۆنخایەتی کوردستان لە جومهوری دێموکراتیکی ئیسلامی بستێنێ تازە لێیان کەوتۆتە پرتەو بۆلە و هەلوێست گرتن، ئەویش لەسەر چی؟ موفاوەزات ! بەو شەرتەش جومهوری ئیسلامی رازی بێ و بیکا ! وادیارە لەو سەراوسەرە نوێ‌و سەنگەر کۆرپنەدا زهر طرف کە شود کشتە سود «اسلام» است !

لە قرەی پێشوو، بە دوای رۆیشتنی بەنی سەدردا، دەرکەوت : کە خێزانی بنەمالەی شورا چەندە تەبا بوونە لە ناو خۆیاندا و چەندە دلپاک‌و زمانپاک بوونە بەرامبەر یەکتر، داخوا ئەمجار تەنیا ئالترناتیوی

دیموکراتیکی مومکین چە «استریپ تیزنک » دەکا ؟!

نەمدەویست بچمە ناو باسی سیاسەت، نازانم چۆن بوو تێکەوتم ! ببورە ... دەرۆم و دەیبوێرم !

سەر لە نوێ سەلامم هەیە لە خزمەت خۆتدا و عەرزی احترام بۆ براژنم لە لایەن خۆم و خێزانم گولاڵە، لە گەڵ داوای سەلامەت و بە ختەوەری بۆ هەر تک خۆشەویستەکان و نارەزووی دیدارتان. برات صلاح‌الدین «٨٥/٣/٥»

پەیکێکی ناسراو:

رۆژی ١٩٨٥/٥/٧ م.س.ع لە ڤارنا لە رۆخی دەریای رەشەوە تەلەفونی کردو گوتی :« پتر لە بەر دیتنی تۆ هاتووم. رێگام نادەن بێمە سۆفیا. زۆر پێویستە چاوم پێت بکەوێ. »

گیر نەبووم چوومە ڤارنا و لە هوتێلێک دۆزیمەوە. لە گەڵ دوو کەسی دیکە لە هوتێل بوو. دووشەو لە لایان بووم. باسی گرانی و نارەزائی خەڵک و خۆ پارێزی و بڵاو بوونەوەی تریاک و فێربوونی لاوەکانیان دەکرد و دەیانگوت خەڵک لە شەری نێوان کۆمەڵەو حیزبی دیموکرات لە رادە بەدەر تورەو بێزارە.

رۆژی ٥/٩ / هاڤاڵەکانی گەرانەوەو م.س.ع. مایەوە. دانیشتین و هۆی چاو پێکەوتنی خۆم لێ پرسی. گوتی :

« جەناحێکی رژێم بە کاک .... یان گوتوە ئەگەر ئەوانەی لە حیزبی دیموکرات جیا بوونەوە رێکخراوەیەک پێک بێنن، دەوڵەت لە گەڵ ئەوان

وتو وێژ دەکات و لەوانەیە لە سەر ئەم خاڵانە لە گەڵیان رێک بکەوێ:
- ناسینی کوردستان بە واحیدێکی جوغرافیایی
- خوێندن بە زمانی کوردی لە مەدرەسەکان
- ئازاد کردنی گیراوە سیاسیەکان
- بژاردنی زەرەر و زیانی خەڵک

ئەویش ناردوویەتە کن فەرەیدونی میتران و بیرو رای ئەوی پرسیوە. فەرەیدونیش لە دوای منی ناردوە تا بێم و پرس بە تۆ بکەین و بیرو رای تۆ بزانین. بۆ .... ێنیشی راسپاردوە تا نامەی فلانکەسی نەیە ناتوانین وەلام بدەینەوە. فەرەیدون منی ناردوە تا بیرورای تۆ بزانن و گوتویانە تا نامەی تۆیان بۆ نەچێ وەلام نادەنەوە»

من نامەیەکی درێژم بۆ فەرەیدون نووسی و رامگەیاند:« بە هیچ جور نابێ بروا بە ئاخوندان بکەن. هیچ پێوەندی و وتووێژیان لە گەڵ ساز مەکەن. لە پێکهێنانی حیزب و رێکخراوی تازە دەست رابگرن و کاری وا بە تالوکە ناکرێ. ئەگەر رێگای دیکە بۆ پێوەندی لەگەڵ من بدۆزنەوە باشتر دەبێ..........»

پاشان ۱۵ هەزارتمەنم دایە کە بیدا بە فەرەیدون و حامیدی گەوهەری، هەر چی کردم پارەکەی وەر نەگرت و گوتی من خۆم دەیاندەمێ، ئەگەر جارێکی تر وەلام و خەبەری وانم هێناوە پارەکەت لێ وەر دەگرمەوە.

ئەودەم برادەرێکی بولغاریم هەبوو لە تاران لە باڵیۆزخانەی بولغاری کونسول بوو، نیشانەم دایە کە ئەگەر ویستی بێتەوە بچێ ڤیزای بداتێ.

رۆژی ۹۸۵/۵/۱۲ ناو براو گەرایەوە بۆ تورکیا و منیش گەرامەوە بۆ سۆفیا. کە هاتمەوە نامەی کاک رەحمانی کەریمزادەم بۆ هاتبوو کە ئەو دەم لە پاریس دەیخوێند. ئەمەش نامەی کاک رەحمانی کەریمزادە :

« برای گەورەو خۆشەویستم کاک کەریم

وێرای جوانترین سلاو وریز هیوادارم به وره‌یه‌کی پۆلایین بۆ به‌ر به‌ره‌کانی ده گه‌ڵ ته‌نگ و چه‌له‌مه‌کانی رۆژگار و خه‌بات بۆ ئامانج گه‌یشتنی ئاواتی گه‌له به‌شخوراوه‌که‌مان له تێکۆشان و هه‌وڵدان رانه‌وه‌ستن.

له ناردنی جزوه‌ی تایبه‌تی کونگره‌ی ٦ زۆر سوپاستان ده‌که‌م. به وردی خوێندمه‌وه. واقعیه‌تێکی تاریخي به‌یان ده‌کات به‌لام ده‌بێ بڵێم به داخه‌وه تاڵ.

قه‌ت چاوه‌روان نه‌بووم که حیزبی دێموکرات که ماوه‌ی ٩ ساڵه هه‌وڵی بۆ ده‌ده‌م به ئه‌مرز بگات و وای لی بێت که موباره‌زه‌ی ده‌رون حیزبی قه‌ده‌غه بکرێت و به ئاشکرا دوو ئه‌ندامی د.س. (دوکتور سه‌عیدو مه‌لا عه‌ولا) رابگه‌یێنن ئه‌وانه‌ی دژی کورته باسن جێگایان له حیزبی دێموکرات دا نیه و جێگای هیچ چه‌شنه خه‌باتی نێو حیزبی نه‌ده‌ن. به‌لام له وانه نیه که بتوانن له ئورووپا سیاسه‌تی نێو ولات به‌و شرایطه‌ی که هه‌یه له به‌ر گرن. به‌لام بۆنی دێت و دیاره هێندێک هه‌لپه‌رست و بێ مه‌رام که بۆ پاره وه‌شوێن حیزب که‌وتوون ئیتاعه‌ی ١٠٠٪ ده‌که‌ن.

بۆ خۆتان زۆر شاره‌زا ترن و که‌سانێکی وه‌ک من ته‌جروبه‌مان زۆر که‌م بوو به راستی خه‌ڵکمان نه‌ده‌ناسی. به‌لام به وته‌ی مه‌عروف کباب پخته نگردد مگر بگردیدن. خه‌ریکی فێر بوونێن و دانشگای شورش مرۆڤ فێری شورشگێری ده‌کات. بۆ کۆتایي هێنان به نامه‌که به عه‌رزتان ده‌گه‌یێنم که تا ئه‌و جێگایه بتوانم به خه‌باتی ده‌رون حیزبی خۆم درێژه ده‌ده‌م چون نام هه‌وێ پێم بڵێن به‌زی بوو جێی هێشت. هه‌ر چه‌ن ئه‌وه‌شیان له به‌ر چاوه که هێندێک خۆیان راگرتوه له کونگره‌ی ٧ کورته باس بخه‌نه ژێر سوئال !..... تا نامه‌ی دوایی هه‌ر سه‌ر که‌وتو بن. براتان رحمان. پاریس ١٥/٢/ ٦٤»

تەفسیری بێگانە لە سەر کورد :

ئێوارەی ۹۸۵/۵/۱۲ بەشی فارسی رادیو ئیسرائیل لە تەفسیری خاریجی خۆیدا باسی سیمینارێکی کرد کە لە ئیسرائیل لە سەر شەری ئێران و عیراق پێکهاتبوو. لەو سیمینارەدا چوار مەسەلە باسکرا بوون :

١ - کار کردی شەر لە سەر ئێران
٢ - کار کردی شەر لە سەر کورد
٣ - کار کردی شەر لە سەر عیراق
٤ - کار کردی شەر لە سەر ئیسرائیل

ئەو کەسەی لە سەر مەسەلەی کورد قسەی دەکرد کابرایەک بوو بە ناوی دوکتور «شموڤیلوڤیچ ». لە وتارەکەیدا دەیگوت :« کوردەکان ناتوانن بە قازانجی خۆیان لەم شەرە کەلک وەر گرن. لە نێو کوردەکاندا چەند دەستەیی و پەرش و بڵاوی زۆر هەیە. هێندێکی کەم بۆ سەر بەخۆیی خەبات دەکەن. هێندێک بۆ خود موختاری. هێندێکیان سەر بە رێژیمەکانی ئێران و تورکیاو عیراقن. ناکۆکی بیروڕای سیاسی و ئیدیۆلۆژی لە کوردستانی ئێران بۆتە هۆی شەری برا کوژی لە نێوان کۆمەڵەو حیزبی دیموکرات دا. حکومەتەکانی ئێرانو عیراق هانی کوردەکان دەدەن کە دژی یەکتر شەر بکەن. ئێران یارمەتی بە کوردەکانی عیراق دەکا و عیراقیش یارمەتی دەدا بە کوردەکانی ئێران. ڕێبەرانی کورد ناتوانن بە قازانجی خۆیان لەم شەرە کەلک وەرگرن »

۸۵/۵/۲۵ نامەیەکی موهەندیس ئاریام بۆ هات. لە گەڵ سڵاو و چاک و چۆنی و قسەی خۆش باسی نۆرە هاتنی مەلا عەوڵای کرد بوو بۆ پاریس. وەک دەزانین دوکتور قاسملو بۆ دمچەور کردنی ئەندامانی دەفتەری سیاسی هەر ٦ مانگ یەکێکی بە نۆرە بۆ رابواردن دەنارده پاریس و بۆ ٦ مانگ دەبوونە بەر پرس و نوێنەری حیزبی دێموکرات. موهەندیس ئاریا لەو بوارەدا نووسیبووی :

« برای بە رێز! ماموستا گرینزکیش ماوەی ۲۰ ساڵ هەر لە گەڵ ئێوە بوو. ئێوە پەروەردەتان کرد و دە دەلینگی ئێمەتان بەردا. ئێستا هەر نەک ئاوالانی تازە بەلکو هی کۆنیش وەک خۆت و مەلا رەسول و دوکتور شەتەوی‌و کاک ئەمیریش بە دەستیەوە گیرتان خواردوە. جا وەک کەلاشی مام ئاشەوانی لێ مەکە لەسەر زگی خۆتانی لابەی و لە سەر زگی ئێمەی دابنێی. خوا غەزەب لەوەی گرێ وای لێکرد. پێم وایە تۆش بێگوناح نی.

پرسیبووت لە کوێی دنیا دیتراوە ئەندامانی دەفتەری سیاسی بە نۆرە رەوانەی ئوروپا بکرێن. جا وەڵامەکەی زۆر ساکارە. بە راستی منیش بەم جورە نەمدیوە. بەڵام دەحیزبی دێموکرات دا کە ئێوە ، یانی ئەوانەی کۆنی دانشگای قەلادزێ بناغەو داناوە شتێکی ئاساییە. رەنگە ئێمە خەتای چوار پێنج ساڵی دواییمان لە سەر بێ، ئەویش لە سەر ژێر بینایەکی کۆن و خەراب. بەڵام ئێوە بە تایبەت ئەتۆ دەبوایە ئەو رۆژەت لەبەر چاو بوایە.

با لەوەی گەرێین و کای کۆن بە با کردن هیچ قازانجی نیە. ئێستا دەبێ لە فیکری شتێکی باشترو نوێ دابین، جا نازانم ئەتۆ چۆنی بۆ دەچی ... من هەتا ماوم هەر بە هیوای ئەو شنە بایە دەژیم کە لە وڵاتەوە دێ. لە کاتی خۆیدا ئەوەی لە دەستم بێ دەیکەم بۆ گەلە کلۆڵەکەمان. بە

داخەوە ئەو شێوە حیزبایەتیە میراتی کۆنە بە جێ ماوە. ئەوەش هۆیەکەی ئەوەیە ئیستاش ئەو حیزبە هەر ئەوانە بە رێوەی دەبەن کە پێیان وایە ماوەی ۳۰ ساڵە پاراستوویانە و هەر بە هی خۆیانی دەزانن و بە هاسانیش حازر نین وازی لێ بێنن. هێندێک کەم بوونەوە بەڵام هێندێکی زۆر خەراپیشیان رەگەڵ کەوتوون. بەراستی هەر وەک جەمهوری ئیسلامی تێکەڵاوێکی سەیرە، جارێ ناکرێ بە روونی لێکی دەیەوە. ئەوەی هەڵدەگرین ئەگەر هاتی باسی دەکەین ...» براتان ئاریایی۱۹۸۵/۵/۲۵ »

رۆخی دەریا و حەسانەوە

رۆژی ۳/٦/۹۸۵ لە گەڵ دایکی کەماڵ و شلێری کچم چووینە رۆخی دەریا لەڤارنا و دوو حەوتوو لە ئاسایشگایەکی کومیتەی ناوەندی حیزبی کومونیستی بولـــــکارستان ماینەوە. لە ڤارنا چوومە لای خوێندکارە کوردەکان کە لەو شارەیان دەخوێند. برادەرێکی کوردی لای خۆمان کە پزیشکی دەخوێند چوار بەرگی (جانی شیفتە) شاکاری ئەدەبی (رومن رولان) بە دیاری دامێ. سانەوەو ئیستراحەتەکەم بوو بە دوو بەزانبەر. خوێندنەوەی ئەم شاکارە لەو قەراخ دەریا و لەو کەش و هەوا سازگارەدا، بە جارێک مێشکی حەساند بوومەوە.

لەو سەرو بەندەشدا سیاسەتی دژی ئینسانی و دژی دێموکراسی تودور ژیڤکۆڤ سکرتێری حیزبی کومونیستی بولگاریا لە ئاست تورکەکانی دانیشتووی بولــــکاریا ئابرووی سوسیالیزم و دێموکراسی برد بوو. بە زۆری و بە شەق ناوی تورکەکانیان دەگۆڕی و مستەفایان دەکردە ئیوان و

خستبوویانە ژێر زەخت و گوشارێکی نائینسانی سەددام ئاسایی.
لە رۆخی دەریا دادەنیشتم و خۆم بە رۆمن رۆلاْنەوە خەریک دەکرد.!
ژن‌و پیاوێکیش لە نیزیک ئێمە لە سەر زیخی رادەکشان و جارو بار خۆیان دەئاویٚ داویشت و دەهاتنەوە بەر خۆرە تاو.
رۆژێکیان کابرا کە سەیری منی دەکردو زانی کتێبێکی خەتی عەرەبیم پێیە، لێم هاتە پێش و سلاوی کردو :وتی: « من فلانکەسم و ئەندامی کومیتەی ناوەندیم. دەکریٚ بزانم ئەو کتێبە چیە و ئێوە کێن ؟ »
گوتم ئێمە کوردین و ئەم کتێبەش (جان شیفتە)ی رۆمن رۆلانە.
کە ناوی کوردی بیست قوتبوو. گوتی : « لە کام بەشی کوردستان. ولاتەکەی ئێوە دابەشکراوە. »
- لە کوردستانی ئێران و من فلانکەسم.
دەستی لە دەستم ناو گوتی: « دەتناسم. بەلاْم یەکترمان نەدیوە . دەرفەتێکی باشە. تۆزیٚ باسی کوردستانم بۆ بکە. » لە گەلْ کابرا دام مەزراند و بە درێژی مەسەلەی کورد و بارودۆخی کوردستانم بۆ باسکرد.
گوتی :« دەمەویٚ بیرو رای تۆ لە سەر مەسەلەی تورکەکانی بولگاری و سیاسەتی ئێستامان سەبارەت بەو مەسەلەیە بزانم. دەزانی لە رۆژ ئاوا چ هەلاْیەکی گەورەیان لە سەر ئێمە ساز کردوە؟ »
گوتم : من لێرە میوانم. هیچ بە راستی نازانم دەست لە کاروباری ئێوە وەر بدەم. سیاسەتێکە خۆتان بە رێوە
دەبەن. رەنگە خۆشتان باشتر بزانن چەندە راستە و یا هەلْەیە.
- نا ... پێم خۆشە بیرو رای تۆ بزانم.
- راستی ئەوەیە میللەتی ئێمە لەدەست سیاسەتی شۆڤێنیستی و زالْمانە ئەوەندەی دەردو داخ چێشتوە. ناوی شارو گوندەکانی کوردستانیان گۆڕیوە، شوێنەواری نەتەوەیی کوردیان کوێر کردۆتەوە، خۆشم دژی ئەم

سیاسەتە ئەوەندەم نووسیوە، جگە لە مەحکوم کردنی چیتر ناتوانم بیژم. ئیوە بەم سیاسەتە چەوتە بیانووتان داوەتە دەست رۆژ ئاوا هەلاتان لە سەر ساز بکەن. ئەم سیاسەتە قەت لە گەڵ جەوهەری سوسیالیزم و دیموکراسی نایەتەوە.

- مەسەلەکە لەوە قوڵترە. تورکیا دەیەوێ بە بیانووی بوونی تورک لە بولـکاریا، کارەساتی قبرس لیرە دوو پات کاتەوە.

- بۆ پینە کردنی ئەم سیاسەتە ئەوە بیانوێکی باشە. بەلام من پیم وایە بولـکاریا قبرس نیە. بولـکاریا ئەندامی پەیمانی وەرشۆیە. تورکیا لە ئاست بولگاریا ناتوانێ هیچ بکات.

باسەکەمان کۆتایی هات. تا لەوێ بووم جارو بار یەکترمان دەبینی و دەدواین. هەر لە ڤارنا بووین، کەماڵی کورم تەلەفونی کردو گوتی :« بابی گۆران(حەمەدەمینی سیراجی) تەلەفونی کردوە و گوتوویە بە بابت بیژە لە سوریا چاوەروانی دەکەن.

پیشتر کاتیکی کاک عەزیز محەمەد لە سوفیا بوو، مەسەلەی گۆڤاری (ئاشتی و سوسیالیزم)ی بە کوردی لە گەڵ باسکرد بووم. گوتبووی کە دەیانەوێ ئەم گۆڤارە بە کوردی دەربکەن.

بە کاک عەزیزم گوت: ئەگەر قەرار بێ هەر نووسراوەکانی گۆڤاری (ئاشتی و سوسیالیزمی) پراگی تیدا بلاو بکەنەوە، بۆ خوینەری کورد چیژیکی ئەوتۆی نابێ. بەلام ئەگەر رەنگی کوردی لێ بدرێ و باسی مەسەلەی کورد و رووداوەکانی کوردستان بلاو بکاتەوە، شتیکی باش و پیرۆزدەبێ و خوینەری کوردیش بۆ لای خۆ رادەکیشێ.

کاک عەزیز فەرمووی :« دەمانەوێ لە تەک وتارە سەرەکیەکانی مەسەلە کانی نیو نەتەوەیی، پارسەنگی کوردی‌یەکەی قورستر بکەین. پیمان خۆشە تۆش یارمەتیمان بدەی و بەرپوەی بەری. تۆ سەریکی ئەو

لای بدەو لەگەڵ برادەرانیش قسەی لێ بکەن.

من کە هەوای دەرکردنی رۆژنامەیەکی کوردی بێ لایەن لە سەری دابووم، وەڵامی کاک عەزیزم بە (بەلێ و نا)

هێشتەوە. رۆژی ١٨/٦/ ٨٥ گەراینە بو سوفیا و ماوەی حەسانەوەمان کۆتایی هات.

رۆژی ٢٦/٦/٨٥ کاگ عەزیز لە سوریاوە تەلەفونی کردو گوتی:« پێم باشە سەرێکی ئەو لایە بدەی . »

کاک عەزیزی ماملێ داوەتنامەیەکی بۆ دایکی کەمالی نارد بوو، دەمانویست بچینە پاریس. بریارماندا کە جاری پەکێ بخەین و من سەفەری شام بکەم.

رۆژی ٢٧/٦/ ٨٥ ئەم نامەیەی موهەندیس ئاریا ییم پێگەیشت:

« برای خۆشەویست کاک کەریمی حسامی. سلاوت لێ دەکەم و دەستەکانت دەکوشم..... رەنگە پێت سەیر بێ و لای خۆت بلێی ئەوە چۆنە ئەمن هێشتا وەلامی نامەکەی پێشووم بۆ نەنووسیوە ئەوا نامەیەکی دیکەی دەسەر کردم. بەلام برای بەرێز . بە قەولی فارسان(سلاوی روستائی بی طمع نیست) مەبەست لەو نامەیە ئەوەیە هێرشم بو هاتوە پەنام هێناوە، رەسولی برام لە عیراق وەزعی زۆر شەپریوە لە سەر وەعدەی کاک ئەمیری قازی منداڵەکانیشی کێشاوەتە لای خۆی. بەلام وادیارە هیچی بۆ نەکراوە. هەر چەند لەو سەرو بەندەدا کاک پۆلا و خێزانی و کاک ئەمیری وەزیری و کاک مەلا محمدی مراد رسولی و هێندێکی دیکە وەدەر کەوتوون. بەلام رەسول بە راستی هێرشی بۆ هاتوە لە عیراق هیچ مەیدانی هاتوو چۆیان نیە و جیگەشیان زۆر ناخۆشە. بە راستی ناهومێد بوە. نە کارێک نە داهاتویەک ئەگەر هیچی بۆ نەکەین

دەچێتەوە لای ئیمام. ئەویش لە زیندان هەلاتوە رەنگە وەک ئەوانی دیکە لێی خوش نەبن و ورەی زورانیشی پێ کز دەبی و بە راستی بو خوشم بە سەر شوری دەزانم. جا تکام ئەوەیە کە بە هوی حیزبی کومونیستی عیراق و کاک عەزیز محمد کە ئەتوی خوش دەوی و لە ریگەی وانەوە یارمەتی بدەن بە سوریەدا بینتە ئەلمانی شەرقی لە ویرا دەتوانین بو سوید بوی جێ بە جێ کەین. بە راستی وەک برایەکی دلسوز ئەوەی لە دەستت دێ دریغی مەفەرموو پیشەکی زورتان سوپاس دەکەم. بە داخەوە ئەمن لیرە بو خوم وەزعەکەم تەواو نیە و فەرانسەش گەیوەتە بن کڕ و رێگای کەس نادەن کە هیچ بە توندی خەریکن زورانیش دەر دەکەن. هیوادارم ئەگەر کارێک دەکرێ و پێویستی بە شتیک هەبە پێم راگەیەنی دەنا با پێی راگەیەنم لیرە هیچ ناکرێ و بو خوشی چونی پێ باشە با وابکا. نیدی چی دیکەت سەر نایەشینم. خەبەری ولاتیش دەزانی زور خوش نیە دەرەبەگەکان خەریکن یەکتر دەبرنەوە بەلام لە پێشمەرگەهەژارەکانرا دەستیان پێ کردوە، بو خوت دەزانی قەتیش ناگاتە وان. ئیمەش هەروا چاوەروانی شتێک دەکەین کە جارێ نە خولقاوە. بە ریزو حورمەت و سلاوێکی دیکە چاوەروانی ولام و یارمەتیدانم. براتان ئاریایی ٢٠/٦/٨٥ »

سەفەر بۆ سوریا

نامەی موهەندیس ئاریا کاتێکی باش گەیشت. لە سوریا دەمتوانی ئەو مەسەلە لە گەڵ برادەرانی حیزبی کومونیست باس بکەم و یارمەتیان لێ بخوازم.

رژی ٨٥/٧/٥ بە سواری ئوتوبوس بەرەو ئەستەمبوڵ کەوتمە رێ. لە بولگاریا بلیتی فرۆکەی ئەستەمبوڵ- شام و گەرانەوەم کری. ئوتوبوس کەوتە رێ، دیتم دوو ژن و پیاوی کوردی سوریا و خەڵکی عەفرین پێکەوە دەپەیڤن و قسەکانیان وە شکاکی لای خۆمان دەچن. پرسیارم لێکردن ، گوتیان خەڵکی عەفریێن.

ئەوانیش پرسیاریان کرد: من کوێندەریم.

- کوردم و خەڵکی کوردستانی ئێرانم.

- تە عبدالرحمن ناس دەکەی؟

- عبدالرحمن کی بێ. لە ئێران عبدالرحمن پر هەنە. عبدالشیطانیش زۆرن.

- عبدالرحمن قاسملو.

- ناس ناکەم، لێ ناوێ ویم بیستیە.

- ئەو چما وادەکا. ئەو بۆتە مرۆڤێ عیراقێ، بۆتە ئیشتراکی دوەلی. ئەو شورشی کورد خەرا کرد.

- ئەز تشتێ وا نەزانم. شورشی کوردستانی ئێران دەوام دەکا. چما خەرا بویە؟

- تە کەریمی حسامی ناس دەکەی؟
- بیستومە، بەلام نایناسم
- ئەو نها لە مەنفایە. غەنی بلوریان لە مەنفایە.
- ئەز لە کوردستان دوورم، خەبەری من نینە.

لە ئەستەمبولْ چوومە هوتێل و تەلەفوونم کرد بۆ دەفتەوی حیزبی کومونیست و گوتم سبەی دەگەمە شامی شەریف!

رۆژی دوایی کاتێ گەیشتمە فرۆکەخانەی دیمشق، لە جیاتی برادەرانی حیزبی کومونیستی عیراق، دوکومونیستی ولاتی خۆمان(کاک حەمەمینی سیراجی و کاک ئەویدی موعینی) هاتبوونە فرۆکە خانە. دیار بوو هەر لە لای ئەوانیش جێگایان بۆ دیاری کرد بووم. یەکسەر چووینە ئەو بینایە کە ئەوان لێی دەژیان. دوای ئەوەی کە هاتبوونە پراگ (کۆنگرەی چواریان) هەڵوەشاند بۆوەو چووبوونە نێو حیزبی توده، ئەم دوو برادەرە گەڕابوونەوە کە بچنەوە کوردستان و برادەرانی دیکەش رازی بکەن کە بە قەولی کاک حەمەدەمین (جێگای مارکسیستان نێو حیزبی کومونیستە). بەلام دەرباز نەبوون و لە شام کەوتبوونەوە و ببوونە میوانی حیزبی کومونیستی عیراق و وەک کادرەکانی ئەوان بەرێدەچوون. منیش کە بە میوانی چوو بووم، هەر بۆ سبەبنێ هاتمە ریزی ئەوان. لای نیوە رۆ کاک حەمەدەمین چەند سەد لیرەیەکی سوری بۆ هێنام و گوتی :«ئەوە مەعاشی مانگێکی کادرەکانە و تۆشیان وا حیساب کردوە.

هەر چەندە دەمتوانی بچمە هوتێل و ئەو زیانە لە حیزبی کومونیست نەدەم، بەلام مانەوەی لای ئەوانم پێ لە هوتێل باشتر و خۆشتر بوو. بە تایبەت کە باسی رۆژانی رابردوومان دە کردە دیسیزتی خواردن و خواردنەوەو چێژی تایبەتی هەبوو.

وەک لە بیرم بێ هەوەڵێن باسی سیاسیمان بە رەخنەی من لە

هەڵوێستی جیا بوونەوەیان لە حیزبی دیموکرات و چۆل کردنی مەیدانی خەباتی کوردستان دەستپێکرا. کاک حەمەدەمین هەر وەک جاران بە گوێرەی سونەتی حیزبە سیاسیەکانی کورد و قەولی حیزبی تودەی ئیرانیش پێی وابوو هەر چی کردوویانە (در مجموع) راست بوەو دیفاعی لێدەکرد. بەلام کاک ئەوید تۆزێ بە ئینسافتر بوو، لای وابوو هێندی کارو هەلسورانیان هەلە بوە و ئەدەبا کرابان.

کاک حەمەدەمین نەک هەر ئەوە کە هەلوێستی خۆیانی پێ راست بوو. بەلکو رۆژێکی کە چوو بووینە بازار و دەگەراینەوە زۆر بە شینەیی و لە سەر خۆ دایمەزراندو تیزی جارانی دوو پات کردەوە کە « مارکسیستەکان دەبێ لە حیزبێکی کومونیست دا جێگای خۆیان بگرن » گوتی : « ئیستاش وا باشە تۆش بی‌یە نێو حیزبی تودە، بۆ ئێمە مانا رێگای دیکەمان نیە »

گوتم کاک حەمەدەمین ! بۆ پێچەوانەی ئەوە نەبێ. مارکسیستە کوردەکان بۆ رێکخراوی تایبەتی خۆیان نەبێ و بۆ کومونیستی کورد نەبن؟ من پێم باشترە کوردە مارکسیستەکان رێکخراوی خۆیان هەبێ و بۆ ئەم کارەش تێدەکۆشم. ئیتر وازمان لەم باسە هێنا.

هەر سێکمان لە خانویەکدا دەژیاین. رۆژانە تۆزێ دەگەراین و شەوانەش بە قسەی خۆش راماندەبوارد. شەوانە ئازای بەدەنم وەخرو دەکەوت و تا رۆژ خەوم لێ نەدەکەوت. هەراسان بووم و رۆژێکیان گوتم : برا بیرێک لە وەزعی من بکەنەوە، وا ناژیم. گوتیان با ئەو دۆشەگە هەلگرین و بزانین چی تێدایە؟

کە دۆشەک هەلدەگرین میلیونێک تەختە ئەسپێ بە دۆشەگ و قەرەوێلەوە نوساون. بە رۆژ هیچ دیار نیەو بە شەو وەخۆ دەکەون. دۆشەگ و لێفەمان هەلخست و دەرمانمان کری و ژوورەکەمان پرژاند و

نەجاتیم بوو.

رۆژی ٨/٧/٨٥ کاک عەزیز هاتە لامان. سەفەری دەکرد، گوتی :« من بۆ چەند رۆژێ دەڕۆم. تۆ لە گەڵ هاوڕێ فەخری باسی چۆنیەتی گۆڤارەکە بکەن.

رۆژی ١٠/٧/ دایکی سەلیم(خێزانی کاک کەریم ئەحمەد) بە بۆنەی سەر ساڵی شەهید بوونی سەلیمی کوری داوەتێکی گەورەی ساز کرد بوو. زۆر کەس لە هاوڕێیانی خۆیان و چەند برادەری حیزبی کۆمونیستی سوریای بانگ کرد بوو. بە سوپاسەوە ئەشێ بێژم، ئێمەشی لە بیر نەکرد بوو. لە دانیشتنی ماتەمینەکەدا یەک لە برادەرانی حیزبی کۆمونیست قسەی کرد. پاشان برادەرێکی حیزبی کۆمونیستی سوریاش قسەی خۆی کرد. ئەبو جەنگۆ هاتە سەر باسی حیزبە کوردستانیەکان و کۆ بوونەوەکە گەرم داهات.

منیش بۆ ئەوەی بە جێ نەمێنم لە گەڵ دەربڕینی داخ لە شەهید بوونی تێکۆشەرانی رێگای ئازادی و سوپاس بۆ دایکی سەلیم بۆ بانگکردنی، گوتم :« حیزبی کۆمونیستی عیراق سەبارەت بە هەڵوێست و سیاسەتی راستی لە ئاست مەسەلەی کورد، نەک هەر لە کوردستانی عیراق، بەڵکو لە کوردستانی ئێرانیش رێزو ئیحترامی تایبەتی هەیە. ئێمە مارکسیستەکانی کورد ئینترناسیونالیستی حیزب کۆمونیستەکان لە مەسەلەی کوردا دەبینین .لامان وایە ئەم حیزبە کۆمونیستانەی پشتیوانی لە مەسەلەی کورد و مافە رەواکەی ناکەن، لە ئینترناسیونالیزمیشدا راست نین. »

یەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمونیستی سوریا داوای کرد قسەکانی منی بۆ بکەن بە عەرەبی.

دانیشتنێکی خۆش بوو. کاتێ هاتینە دەر کاک حەمەدەمینی سیراجی

رەخنەیەکی دۆستانەی لە من گرت و گوتی:« نە دەبوایە بیڵێی « ئێمە مارکسیستە کوردە کان» چونکە ئێستا ئەوان پێیان وایە ئێمەش لە گەڵ تۆین و تۆ مەبەستت ئێمەشە. »

گوتم : کاک حەمەدەمین نیگەرانی ئەوەی مەبە. قسەکەی من ئێوە ناگرێتەوە. چونکە من گوتم « مارکسیستە کوردەکان» نەمگوت « کومونیستە کوردەکان». ئێوە ئێستا ئەندامی حیزبی کومونیستن. من باسی مارکسیستەکانم کرد »

رۆژێکیش دوکتور عەلی سلیمان و مریەم خان داوەتیان کردین.ئەو ژن و مێردە کوردە کە هەمیشە لە نێو بزووتنەوەی کوردا تووشی دەر بەدەری بوون، لە وڵاتیش دەمان ناسین ودۆست بووین. دوکتور عەلی نامیلکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی بۆ هێنام (گفتگۆی شورش لە گەڵ میری)

رۆژی ۱۵/۷/ لە مەکتەبی حیزبی کومونیستی عیراق لە گەڵ کاک فەخری باسی گۆڤارەکەمان کرد . ئەو پێی وابوو من بە یەکجاری بۆ هاوکاری گۆڤاری ناو براو هاتووم. هەر واش لە کاک عەزیز تێگەیشتبوو. من گوتم: هاتنی من هەر بۆ سەر دان بوە. هەر لەو کاتەشدا رای خۆم لە بارەی نێوەرۆکی گۆڤارەکە دوو پات کردەوە و پێم گوت :« ئەگەر بتانەوێ لە نێو خوێنەرانی کوردا جێگای خۆی بکاتەوە، پێویستە گۆڤارێکی تەواو کوردی بێ و بۆ کورد بنووسێ.» بریارماندا بۆ یەکەم ژمارە سەر وتاری بۆ بنووسم. دیارە من وتارەکەم نووسی، بەڵام کاتێ هەوەڵین ژمارەم بەدەست گەیشت، دیتم نووسینەکەی من دەستکاری تەواو کراوە و سەرو کلکی رستەو مەبەستەکان پەریون.

شەو ئەبو نەبیل لە رەستورانی قەسر داوەتی کردین. برادەرانی حیزبی کومونیستی سوریا و چەند برادەری خۆیانیش داوەت کرابوون. لە حەساری رەستورانێ لە ژێر دارە لیمۆ و درەختە جوانەکان ولە فێنکایەتی

شەوی دیمشق‌دا شەوێکی فرە خۆشمان بردە سەر.

مەسەلەی خوێندنی شلێری کچم و کاک سیامەکی قازی و جەمیلەی کەریمی- م لە گەڵ برادەرانی حیزبی کومونیست هێنا گۆڕێ کە یارمەتی بدەن لە ڕێگای ئەوانەوە لە بولگاریا بورسیان بۆ وەر بگرن کە بخوێنن. شلێر لە بولگاریا خوێندبووی، دوکتوری زارۆکان بوو. دەیویست اختصاص بکات و ڕێگایان نەدەدا. واتە بورسیان نەدەدایە. برادەران داخوازەکەی منیان وەر گرت و کاگ شێرزاد قازی کە بەر پرسی ئەو کارە بوو، گوتی : «خەبەر بدە ئەوراقەکانیان بنێرن، لە سەر حیسابی خۆمان تەقدیمیان دەکەین.» تەلەفونم بۆ دایکی کەماڵ کرد بە ماموستا دڵزاردا ئەوراقەکانیان بنێرێ. دوای چەند رۆژ ماموستا دڵزار هاتەوە، ئەوراقەکانی هێنا بوون. هەموویانم دا بە کاک شیرزاد و قەولی دا کە بیان نێرێ، تەواو دڵنیا بووم کە کاری خوێندنی هەر سێکان جێ بە جێ دەبێ. تەنانەت خەبەریشم دا بە جەمیلەی کەریمی و سیامەکی قازی کە کارەکەیان تەواوە و دێن بۆ خوێندن.

دوای من کاک حەمەدەمینی سیراجی و ماوەیەک کاک ڕەفیق سابریش وەدوای مەسەلەکە کەوتن و لێ‌یان پرسیەوە. ئاخرەکەی دەرکەوت بەڵێن و قەولی کاک شێرزاد قازی لە بەڵێن و قەولی کومونیستەکانی بولگاری ڕاستتر نەبوو هەرتک هەر درۆیان فەرموو.

رۆژی ۱۷/ ۷/ ۸۵ لە ژوورەکەمان دانیشتبووین، برادەرێکی حیزبی کومونیستی سوریا هات و گوتی:« لە مەکتەبی سیاسی ناردوویانم بە دوای تۆدا. دەخوازن سەریان بدەی.» بە کاک حەمەدەمینم گوت : هەستە با بچین. لە پێشدا گوتی : نایەم. پاشان لە گەڵ نەوید قانیعمان کردو چووینە بارەگای حیزبی کومونیست. کاک ڕەمز شێخۆ لە گەڵ سێ برادەری تری مەکتەبی سیاسی پێشوازیان لێکردین. دانیشتین و باسی

مەسەلەی کورد هاتە گۆری. برادەرانی حیزبی کومونیستی سوریا بە سەرو گوێلاکی حیزبی تودەدا هاتنە خواریٰ و بە توندی رەخنەیان لە کەیانوری گرت سەبارەت بە مەسەلەی کوردستان و دەیانگوت : «هەرچی بە سەر کوردستانی ئێران هاتوە، خەتای کەیانوری بوە. هیچ یەک لە حیزبە کومونیستەکان و یا ولاتانی سوسیالیستی هەلویستی حیزبی تودەیان لە بارەی کوردستانەوە پیٰ راست نەبوە.» بە کاک حەمەدەمینم گوت : ئەوانەش کومونیستن. دەلیٚرە دیفاع لە حیزبی تودە بکە ! دیار بوو بە مەسلەحەتی نەزانی خۆی توشی ئەم دم بەدمەیە بکات و نەچوە نێو باسەکە. دوای سەرو گویٰ کوتانی کەیا نوری رەمز شیٚخو بایداوە سە ر ریٚبەرانی حیزبە کوردییەکان و گوتی :« ئیٚمەش شاشیمان زۆر بوە. پیٚویستە بۆ یەکگرتنی بزووتنەوەی کورد هەول بدەین. » دوای قاوە خواردنەوە رابووین و گەیاندیانینەوە مزلەکەی خۆمان.

رۆژی ۲۰/۷/ فراوینمان لای کاک سامی خوارد و دانیشتنیکی خۆش و یاسیکی بە پیزو چیژمان هەبوو. ئیستا ئیتر هەو پیکەوە بووین. ئەم داوەت و دانیشتنانەش دەست پیکرا بوون. نەمزانی ئەوانەی داوەتیان دەکردین و دەچووینە لایان چۆنمان تیدە گەیشتن. منیان وەک ئەوان بە تودەیی دەزانی، یان ئەوانیان وەک من بە کوردیکی پیشکەوتوو خواز دادەنا. بەلام ئیٚمە خۆمان دەمانزانی کە دۆستی یەکترین و ریٚبازی سیاسیمان جیایە.

۷/۲۱ کاک عەزیز لە سەفەر هاتەوە. دیار بوو ئەبو نەبیل پیی گوتبوو کە فلانکەس بۆ یارمەتی دانی گۆڤارەکە نامینیتەوە و هەر بۆ سەردان هاتوە. کاک عەزیز هاتە لامان، هەستم کرد تۆزیٰ گرژ بوو، چونکە ئەو پیی وابوو کە دەمینمەوە و لە گەلٚ گۆڤارەکە کار دەکەم. پاشان تیم گەیاند کە وا خەریکی دەر کردنی رۆژنامەیەکی کوردیم و

هێندێ هەنگاویشم بۆ هاویشتوون و هیوادارم ئێوەش یارمەتیم بدەن. لام وایە هاورێ عەزیز قەناعەتی هات و گەرانەوەمی لە دڵی گران نەهات.

رۆژی ٢٢/٧/ لای ئێوارێ کاک رەمزۆشێخۆ لە گەڵ دوو ئەندامی سەر کردایەتی حیزبی کومونیستی سوریا هاتنە لامان. دانیشتن و چایان خواردەوە و لای کاک حەمەدەمینیش لە چای بەدەر خۆ چیتر گیر نەدەکەوت.! پاشان ئەبو جەنگۆ منی بانگ کردە ژوورێکی دیکە و پاکەتێکی هێنا دەر و گوتی :« ئەوە پارەیەکی کەمە حیزب بەم بۆنەوە لیرە میوانی بۆ تۆی ناردوە.» لە گەڵ سوپاس خۆ نەدەکرا دەستی کەرەمی رەت کەمەوە. لە رۆیشتندا داوەتیان کردین کە شەوی دوایی بۆ شێو خواردن میوانی ئەوان بین. دوای رۆیشتنی ئەوان پاکەتم هێنا دەرو دیتم شەش هەزار لیرەی سوری‌یە. هەر یەکەی دوو هەزارلیرەم لە پێش دانان و گوتم خەرجی کەن و تۆزێ لە فەقیری وەرنە دەرێ. گوتیان نامانەوێ. ئەو پارەیان بۆ تۆ هێناوەو ئێمە چەند مانگە لیرەین هەر نەشمان دیتون.

گوتم لەو قسانە گەرێن. لە سایەی حیزبی تودەوە، ئێوە لە من فەقیر ترن. پارەمان وەک برایان بەشکرد و من گەلێک سوپاسی برادەرانم کرد. شەوی دوایی چووینە میوانداری باسکراو. هاورێ رەمۆ شێخۆ، برایم بەکرۆ، ئەبو شەهاب، عومەر صباعی هاتبوون و برادەرانی حیزبی کومونیستی عیراقیشیان بانگ کرد بوو. شەوێکی خۆشمان بردە سەر.

لەو کاتەدا دوکتور جەلیلی جەلیل لە شام بوو. شەو لە ماڵی بەیان چوومە لای. لە سەر مەسەلەی کورد و بە تایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستان، باسێکی دوورو درێژمان هەبوو. دوکتور جەلیل بە تەواوی سیاسەت و هەڵوێستی سیاسی دوکتور قاسملوی پێ راست بوو پشتیوانی لێ دەکرد. دەیگوت کورد گەرەک بتوانی لە سیاسەت دا مەلەی بکات.

٧/٢٨ ئێواری کاک عەزیز هاتە لامان و شێوی لە لای ئێمە خوارد و دوای قسەو باسێکی خۆش و زۆر ماڵاوایم لێ خواست کە بەیانی بگەڕێمەوە. سبەی لە گەڵ کاک حەمەدەمین و کاک نەوید چووینە فرۆکە خانەو تا سوار بووم ئەوان هەر لەوێ مانەوە. بە داخەوە لێک هەڵبڕاین و لام وایە یادێکی خۆشمان بۆ یەکتر بە جێ هێشت.

گەڕانەوە بۆ سۆفیا

رۆژی ٨٥/٧/٢٩ لە ئەستەمبوڵ لە فرۆکە دابەزیم و چوومە نێو شار کە بچمە هوتێل، بە هەڵکەوت تووشی صادقخانی زەرزا بووم. ئیتر نەیهێشت بچمە هوتێل و چوینە ماڵی ئەوان دوو رۆژ نەیهێشت سەفەر بکەم . میوانداری و زەحمەتەکانی لە نوسین نایەن. لە ماڵی ئەوان خەبەرم بیست کە سەر گورد عەلیار شەهید کراوە. لە رادە بەدەر خەفەتبار بووم . هەستی برایەتی و پیاوەتی سادقخان و حزمەت و میوانداری خوشکەکانی هەر گیز لە بیر ناچنەوە.

٧/٣١ بە قەتار گەڕامەوە بۆ سوفیا. خەریکی تەواو کردنی کتێبەکەم بووم. بەڵام بۆ لێکۆڵینەوەیەکی خەست پێویستم بە فاکت و بەڵگە هەبوو. پێم وابوو کە دەبێ لە سوڤێت پتر لە هەموو شوێنێک لە سەر کۆماری کوردستان بەڵکە هەبن. ساڵی ١٩٨٢ کاتی سەفەری موسکو، لە گەڵ ئاموزگای رۆژهەڵاتناسی سوڤێت ناشنایەتیم پەیدا کرد بوو. بەم بۆنەوە نامەیەکم بۆ نووسین و داوام لێکردن کە داوەتنامەیەکم بۆ بنێرن بۆ ١٥ رۆژ بچمە موسکو، بەڵکو بتوانم هێندێ بەڵگە بدۆزمەوە. نامەکەم لە

ڕێگای باڵیۆزخانەی سۆڤیەتەوە نارد.

لەو کاتەدا نامەیەکی شیرینی صارمخانی صادق وەزیریم بۆ هات کە بە تاریخی ٨٥/٧/٧ نوسیبووی. صارمخان هەر وەک جاران نامەکەی بە وشەی جوان وشیرینی « برادر ارجمند و عزیزم کاک کریم» دەست پێکرد بوو. دوای دەربڕینی گلەیی کە وەلامی نامەکانی پێشووم نەنوسیوەتەوە، نووسیبووی :

« .... لە بارەی برادەرانەوە هەر چی بیزانم لەو پەڕی پاکی و یەکێتی و ڕاستیدا دەیڵێم و دەینووسم. لە بارەي تۆشەوە بە وردی هەر ئەم شێوەیەم بە کار هێناوە. هەر چەندە زۆر جار بیرو ڕاێنکت هەبوە لە گەڵ بیروراو بۆ چوونی من یەکی نەگرتۆتەوە. بێ ئەوەی قەزاوەتم لەسەر تۆ بگۆرم، تێکۆشاوم مەسەلەکان روون کەمەوە ، لایەنی مەنتیقی بیرو راکانم بۆت بنووسم. لام وایە ئەمە ئەو پەڕی یەکدڵی و ڕاستیەیە. لەم پێوەندی‌یە دایە سەبارەت بەو لاتاوانەي لە نامەکەت دا لە بارەی بۆ چوونی من لە سەر ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات هاویشتوتن، سەر سوڕ مانی خۆم ڕادەگەیەنم. برا گیان‌من چەند جار بیروڕای خۆم لە بارەی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات بە درێژی بۆ تۆ نووسیوە. ئاخر ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات خۆ نەگۆڕاوە. هەر ئەوانەن کە چەند ساڵان تۆش لە گەڵیان لە ڕێبازێکدا بووی و کارت لە گەڵ کردوون. پەسند کردنی شتێکی بە ناوی کورتە باس لە کونگرەی دواییدا ، وەرەسمی خستنی شێوەی بیر کردنەوەو بۆ چوونێکە کە ئەوان پێشتر هەیان بوە. ئەمە شتێکی تازە نیە. ....با واز لە مە بێنین. تەنیا چاوە ڕوانم کە لە بیر خۆت نەبەیەوە من لە دەر برینی بیروڕای سیاسیدا تەنیا لە سەر بناعەی ئوسوڵ دەبزوومەوەو هیچیتر. تا ئێستا ژیان و تەمەنم سەبارەت بەم هەڵوێستە لە دەست داوە. لەم دوایی تەمەنەشدا لەم ڕێگایە لانادەم.

هیوادارم بەڵێنەکەت بەریە سەر و بە دیداری خۆت شادمان کەی ارادتمند صارم‌الدین.»

رۆژی ٨٥/٨/١٥ لە باڵیرز خانەی سۆفیتەوە خەبەریان دامێ کە لە سەرەتای مانگی سێپتامبر بۆ ماوەی ١٥ رۆژ دەتوانی بچیە موسکو، میوانی ئامۆژگای رۆژهەلاتناسی دەبی.

٨/٢٩ عومەری مەحمودی ئازەرو خالید ئاشتابم بەرێکرد بۆ موسکو بۆ خوێندن. ئەمە بەرهەمی تێکۆشانی متواضعانەم بوو کە هەوەڵێن خوێندکاری کوردی ئێرانی بۆ خوێندن لە سۆڤێت وەردە گیران. ساڵی ٧٨ یش دوو کەسیان وەر گرتبوو، بەڵام ئەو دەم دوکتور قاسملو نەیهێشت بچن، دەیگوت لە کوردایەتی دەشۆرێن .(بروانە بەرگی پێنجەمی بیرەوەریەکانم)

رۆژی ٨٥/٨/٣٠ دوکتور تالیب کاکەیی و کاک جەمال رەشید تەلەفونیان کرد بچین لە شوێنێ دانیشین و هێندێ دەردی دڵ بکەین. لە چایخانەیەک دانیشتین و دەستمان کرد بە داخ دەر برین بۆ کوردی لێقەوماو. ئەو دەم بولگاریا ئەو خوێندکارانەی دەر دەکرد کە خوێندنیان تەواو کرد بوو.

لە نێو قساندا دوکتور تالیب گوتی: بۆ مێژوو با شتێکیتان بۆ بگێرمەوە.:« ساڵی ١٩٧٤ بۆ نووسینی نامەی دوکتورام پێویستم بە نوسراوەو بەڵگە هەبوو. چوومە کوردستان و چوومە لای کاک مەسعود بارزانی داوام کرد کە رێگا بدەن لە ئارشیوی پارتی سەیری هێندێ سەنەدو بەڵگە بکەم کە بۆ دوکتوراکەم پێویستن.

کاک مەسعود نامەی نوسی بۆ حەبیب محمد کەریم. ئەویش نامەی نووسی بۆ سەبری بۆتانی. کە چووم ناو براو ئارشیوی پارتی خستە بەر دەستم. لە نێو نووسراوەکاندا چاوم بە نامەیەک کەوت کە دوکتور

عیسمەت شەریف بۆ سەرۆک بارزانی نووسیبوو. عیسمەت شەریف وەک نوێنەری سەرۆک بارزانی دەچێتە واتیکان و چاوی بە کاردینالێک دەکەوێ و داوای یارمەتی لێدەکات. کاردینال لە لایەن واتیکانەوە رادەگەیەنێ و دەڵێ:« ئێمە بە مەرجێک یارمەتی ئێوە دەکەین کە فەوجێک چەکدار لە ئاسوریەکان پێک بێ و سەر بەخۆ بۆ یارمەتی پێشمەرگە شەر بکەن. ئەگەر بزووتنەوەی کوردستان سەر کەوت، ناوچەیەکی ئاسوری نشین لە کوردستان بۆ ئاسوریەکان دیاری بکرێت لەوێدا بژین.» سەرۆک بارزانی وەلاٚم ناداتەوە. قسەکانی دوکتور تالیبم لە دەفتەری یاد داشتەکانم دا نووسیوەتەوە.

٨٥/٨/٢٩ نامەیەکی غەنی بلوریانم پێگەیشت کەوا لێرە دا بلاٚوی دەکەمەوە:

نامەی ٨٥/٨/٢١، بەرێز کاک کەریم. پاش سلاٚو ورێز بۆ جەنابت و خوشکە خەجیج و مندالان ئاواتە خوازی تندروستیتانم گویا سەفەریکی دورو درێژت بۆ لای هاوالان بوە. کاکە مین تەلەفونی کرد وتی سێ هێنو لێرە بوە و گەراوەتەوە گەرەکیەتی سەفەری ئوروپا بکات. ئیتر نازانم رێکەوتوی یانا. من چەند جار تلفونم کرد بەلام نەگەرابویەوە. ئەو رۆژانە کۆلەم کوتراوە. تلفونخانە ئاوەرووتی کردوم. ـ٢٣٤کرونم پارەی تلفون داوە. گۆیا دقیقەی ـ٨ کرونە بو وێ. بۆ جیگای تر فرە ترە. بۆ ئیران ـ١٨ کرونە. نیتر من چیدی زات ناکەم تلفون بکەم. چونکو ئەو مانگە دەبێ بە روژو بم. بریارم دا ئەوسا نامەت بۆ بنوسم و لێک ئاگادار بین. گۆیا لای کاک عەزیز گلەیی بارانت کردووم کە گۆیا خۆم شاردۆتەوە. پیاوی چاک کاتێک لە گەڵ هاورێ لە هوتیل پراگ لێک هەڵبراین تۆ وتت بەیانی ئەگەرێیتەوە. ئیتر خۆ من عیلمی غەیبم نیە بزانم بلیط بۆتو تاجیل دەبێ. تازە تو تلفونی مجلەت لا هەبوو دەبوایە تلفون بکەی من

دەهاتم. دیسان ئەو رۆژە کە لە نیزیک کوتوا تووشی یەک هاتین و چوینە چایخانەکەی سەر روبارەکە تو ئەت وت دیسان دەمینمەوەو قەرارم لە گەلْ دابنیْ. ئیتر بوچ من تاوانبارم لەو بابەتەوە. ئیستا ئەوا من لە بەر تەنیایی و بیکەسی مرو دادەتاشم دەمیکم لا بیت. جا چون بزانیبایە تو هەروا لیرە ماوی بە خەتەرم دەدای. ئیستا ئەوە تلفونی منت لایە هەر کاتیک ریک کەوت بیتە پراگ ئەوا مالْ و حالیکم هەیە تا دلت دەخوازی و پیت دەکریْ لام بە سوپسیشت دەکەم. چونکو غەنیمەتە. ئەوا مجلەیەکی فیدایی اقلیت و بیانیکم هی وان بو ناردی. مجلاتی پارتی عیراقم زورە، بەلام لام وایە پیویستت نەبی لە بەر ئەوە نەم ناردوە. ئیتر هەر سلاو وخوش بی مصطفی سوران. نامەم بەو نیوە و بە ئادریسەکەی مجلە بو بنیرە ئەگەر لازمتان زانی. بەلام من هەر جار هەلکەویْ بو دوعاو سلاویش بیْ هەر نامەیەک دەنووسم. چیروکیکم جاریک خویندەوە کابرایەکی ناشیرین کە کەس خوی لیْ نەدەدا و تەنیا دەژیا لە بەر تەنیایی تووشی سەخلەت و پەژارەیەکی زور دەبیْ تا لە ناکاما بیریک دەکاتەوە. خوی نامە بو خوی دەنوسی بە ناویکی تر مثلابە ناوی ژنیکی ریک و لوس. بە ئادریسی خوی ئەی دا بە پوست و پوستچی هەر جارە نامەکە لە گەلْ نامەی خەلکی تر لە صندوقی پوستی مالی کابرای داویژیْ. ئەویش هەر جارە لە بەر چاوی هاو سایەکانی دەچیتە سەر صندوقەکەو نامەکە دەر دەهینیْ و هەر لەویندەیکاتەوە دەست دەکا بە خویندنەوە. بە دەمیەوە پیدەکەنیْ. کە گویا مەتلەبی زور جالبی تیدایە هەر کاتە بەو جورە خوی دەلاوینیتەوە. منیش گەرەکمە لەم فیلە کەلک وەر گرم

خوم فریو بدەم. مەسەلەی نوسراوەی دایکی ئیشتمان ئەوا دەستم پیکردوە ئەوەی لە بیرمە دەینوسم دیارە تەواو نیە و کورتەیەکە بەلام

ناوی کەسم تیدا نەبردوە چونکو بە داخەوە گشت ئەوانەی لە گەلما شەریکی نومایشەکە بوون بە هیچ و پوچ دەر چوون. هیندیکیان بون بە ساواکی ئیتر هەر باسیان ناکریٰ تەنانەت فەراموش بکرین باشترە . تەنیا ناوی عبدلای نهری کە پارەکە ئەتو خوش لە بەر ئەوە رولی دایکی نیشتمانی هەبوو. پیاویکی کارمند بوو دنگ خوش. ناوی ئەوم بردوە و شیاویەتی. بە راستی ئەو نومایشە ئەشتیکی میژووییە. بەلام بە داخەوە تا ئیستا باسی نەکراوە. خوشم لە بەر بیکاری ئەوا خەریکم شتیک ساز کەمو بیرە وەریەکانم بنوسم. بەلام بە شینەیی و بو پاش مردنم و رزگار بونم. ئەو سا ئەگەر کەسانیک پیویستیان بی بهرەی لیٰ وەر گرن با استفادەی لی بکەن ئەگینا چالی کەن وەک تەرمی خوم. نامەکەم پاش خودا حافیزی دریژە پیدا. بە قەولی منگوران بادانەوە عیب نیە. ئیتر بە دوعا چیتر بانادەمەوە . مصطفی. ٨٥/٨/ ٢١

من بە عادەتی خوم هەمیشە وەلامی نامەکانم داوەتەوە. هیندیٰ جار روونوسی نووسراوەکانی خوم رادەگرت و هیندیٰ جاریش بە پیویستم نەدەزانی. بە داخەوە وەلامی ئەم نامەیەم لا نەماوە. بەلام دیارە وەلامەکەم نووسیوەتەوە چونکە زوری پیٰ نەچوە کە ٨٥/٩/١ دیسان مامە غەنی ئەم نامەیەی خوارەوەی بو ناردووم:

« برای بە ریز کاک کەریم ! روژتان باش. نامەکەت گەیشت. بون ویەرامی «ناسیونالیزمی» پیوە لکا بوو. لە تەمەنی جوانیما کتیبی« مەسەلەی میلی و مستعمراتی» نوسراوەی ئەستالینم خویندوتەوە. لە یەکەم دیری کە دەس پیدەکا دە نووسی:« هەر کەس نەتەوەی خوی خوش نەویٰ ئەنترناسیونالیزم نیە» هەلبەت دەزانی کە ئەستالین پیاویکی گەورەی بزووتنەوەی کومونیستی پاش لینین بوو. وە خزمەتی زور بە نرخی بە کمونیسم کردوە. بەلام لە ئاخری ژیانیا توشی هەلە بوو، پاش

مردنی هەڵەکانیان کوتا بەلاّم زۆر توند بوو. ئەمما تا ئێستاش کەس دەری نەبڕیوە کە لە باری تیئوری زانستیەوە جێگای پرسیارە. چونکو بە ڕێبازی مونمین بوو. کە واتە قسەکەی لەم بارەوە ڕاستە و پڕ بە پێستی من و تۆ و هی وەک ئێمەیە. ئەو کەسانەی ئەوە تێناگەن بێ تاوانن چونکو لەو بارەوە حالی نین. هەڵبەت تۆش وەک من بیروباوەڕی تەسکی وەک کابرای گریتزک پەسند ناکەی. من کاتێک چاوی سیاسیم هەڵبڕیوە بە کوردایەتی ڕوناکی جیهانم بەدی کردوە. هەر بەو بۆنەوەش تێ هەڵدراو بووم. دەشزانم پاش ئەوە کە کۆچی دواییم کرد لە جیهانی تاریکا لێم دەپرسن کە تۆ کێیت؟ لابد کە دەبێ بڵێم کوردم. ئەڵێن دا تێی هەلدەن «جهەنەمیە» ئێستا کاتێک لێرە منداڵی کەسک و سوور وخەپاڵ و قنج و قوز کە بووکەلە بە تالە بووک ڕازاوە بەرێ دەکەم. مەلی بیرم باڵ ئەگرێ بەرەو کوردستان دەفڕێ و چاوم بە منالی پێخواس و ڕەش و ڕوت و دەست و پێ کەمراوی کوردەواری دەکەوێ کوڵی دڵم هەڵدەستێ و پەژارە دام دەگرێ. ئەو کاتە کە لە صفحەی تلویزیونا منالی لە برسا لەڕ و رووتەڵەی قولە ڕەشەکانی ئەفریقا دەبینم دڵ پڕ دەبم، ئاخر من ئینسانم و بە بیرو باوەڕێکی تایبەت. هەر ئەو هەستە توندو تیژە بوو کە ڕای کێشام بەو ڕێبازەدا کە تەنیا ڕێگای گەلانی زۆر لێکراو وچەوساوەیە. هەر بۆیەش کەوتوومە بەر تانەو توانجی ناحەزان. تۆ خۆت بە جورمی چی راونراوی و بە لەونی مەندیل بەسەر و تەق تەقیلە بە پێ پانی جمهوری «ئیسلامی» دراویە بەر تۆمەت. ئاخۆ فەرقی ئەوان لە گەڵ خۆماڵی چیە؟ هەر ڕدینەکەیە ؟ ئەویش بە دەست خۆیانە دەتوانن دوو گەز درێژی کەن. سوێند بەو بێشکەو لای لایەی بە زمانی سک ماکی، کە دایکم لە کۆرپەییا بە ئاهەنگ بە گوییا چرپاندوم. جگە لە هەستی کوردایەتی خاوێن و ڕێگای ڕاستی ڕزگاری گەل چی تر منی لە ڕێزی

لادەران لە ڕێبازی شەهیدی نەمر قازی جیا نەکردەوە. هیچ مرۆڤێک یا حیزب و ڕێکخراوێک نە زاتی هەبوەو هەیەتی من بکاتە داردەست، مەگەر باوەری خۆم بە ڕێبازی لە مێژینەی حیزبی قازی. کاتێک کابرای گرێنۆک لە کەرکوک گەرایەوە و حەوت مادەی گۆرینی بە دیاری هێنا، زانیم لە کامە بەهار بەندی دوژمنا خۆ دەبەستنەوە. حەوت مادەی گۆرین سەودا بە خوێنی لاوانی کوردو سەر بە خوێی حیزب بوو بە قازانجی دوژمنانی گەل. من بەرامبەری وەستام بەلاّم بە داخەوە ئەوانیتر بە تێکرایی چوونە ژێری و گشتیان تاوانبارن. ئەوسا من لە بان هەلّدێرێکا گیرم خوارد بوو، لایەکی بەردەلانێکی پر لە مەترسی دێو ودرنج و ماری ژاراوی، لایەکەی تر ڕوبارێکی خورێن و سەر شێت و پر لە ماسی بێ زەبر. ئەبویا بریار بدەم بە کام لادا خۆم هەلّدێرم. ڕوبارەکەم هەلّبژارد هەر چی بێ ئاو ڕووناکاییە با نەهەنگیشی تیدا بێ. چونکو هومێد بۆ دەربازبوونی تیدا دەبینرا، بەلاّم خەیانەت چارە سەر ناکرێ. دیارە انشقاق لە گشت حیزبێکدا نا پەسندە. بەلاّم مانەوە لە گەلّ خەیانەت و دەستو پەل ئالاّوتن بە خوێنی کورو کیژی کورد بۆ قازانجی دوژمن، لەم زۆر پیسترو تاوانی گرانتر و ناشۆرێتەوە. سەرگوزەشتەکەی کوردستانی عیراقم هاتە بەر چاو وناکامی وانەش هەر ئەوەیە. ئەوەی ئەوانە لە شوێن خۆیانا جێی دەهێلّن هەر خوێن و فرمێسک و جلکی ئالاّوە بە خوێنی گەشی والی پێشمەرگەی دلّپاکە. تانەو توانجی هێندێک ڕوناکبیری دوورە پەرێز کە بە قازانجی کابرای گۆرین لە ژێرەوە دەبزووتنەوە چاری دێت. بەلاّم خۆ فرۆشی و بە کوشت دانی شەست هەزار کورد بە فیرۆ و بۆ ڕێبازی چەوت و دژی گەلیچارە سەر ناکرێ. ئەگەر تائێستاش هەر مابامەوە ئاخری هێر بە دەردی ئێوەو ئەوانیتر دەچووم. بە لاّم بۆ من بە نرخێکی زۆر گرانتر چونکو مەسئولی دووەمی بە سابیقەی حیزب بووم

تاوانم فره گه‌وره‌ترده‌بوو. به داخه‌وه نه‌ته‌وه‌که‌مان به بۆنه‌ی فه‌رهه‌نگی ئیستعماری له باری وریایی سیاسی زۆر له پاشه. دروشمی توندو تیژ و ئیحساساتی باشتریان راکێش ده‌کا تا کو مه‌نتیق و ئوسولْ. ئه‌وه هه‌میشه گرفتاری مێژوویی گه‌له‌که‌مان بوه. هه‌ر بۆیه‌ش هه‌ر که‌س و ناکه‌س به هاسانیْ ده‌توانیْ کاریان تیْ بکا و بۆ رێبازی مه‌به‌ست رایان کێشیْ. ئێستا که من تۆزکالێک حه‌ساومه‌وه هه‌ر به‌و بۆنه‌وه‌یه که سه‌رم له ئاخوری به‌هار به‌ندی سوسیال دیموکراسی دا نیه. گه‌ر چی سه‌ر گوزه‌شته‌ی نه‌ته‌وه‌که‌م خه‌فه‌تبارم ده‌کا. به‌لاْم هاوریْ، زه‌مان قازی‌یه‌کی عادلْه و خه‌لکیش بۆ هه‌میشه فریو نادریْ. که چی پێویسته ئه‌وه‌ش بلْێم ئێمه‌ش تاوانبارین که له ناو حیزبا له جیاتی یه‌کتر گرتن و رێگای چاره بدۆزینه‌وه گۆره پانی ولاْتمان بۆ ئه‌وان خالْی کرد تاکو تیا رمبازێن بکه‌ن و به شێنه‌یی خۆ ته‌یار که‌ن و له ژێره‌وه رای خه‌لک سه‌باره‌ت به ئێمه بگۆرن. ئه‌گه‌ر چی ئه‌وه‌ش هه‌ر سه‌ر ده‌مێکه به لاْم تاوان بوو. ئێستاش ئێمه خانوچکه‌یه‌کی پچوکمان هه‌یه با ئێوه‌ش هه‌و بیْ دوا رۆژ له به‌رایه با ده‌س به‌تالْ و داماو نه‌مێنین ئه‌وه خۆی بۆ دوا رۆژ ده‌بێته قه‌لاْیه‌کی پته‌و و ده‌توانیْ به‌ره‌نگاری رێبازی ناحه‌زان بکا و دۆست و دوژمن به باشی به گه‌لْ بناسێنیْ و رێبازی قازی بژێنێته‌وه،

ئه‌گینا تاوانی دوا رۆژی به دواوه. پێویست نازانم ئه‌و قسانه بۆ تۆ بکه‌م چونکو شاره‌زای ده‌ردی کورده‌واری و ده‌زانی که هه‌ر بیْ ته‌شکیلاتی ئه‌ویش به چه‌شنی زانستی و بیرورای پێشکه‌وتوانه بوه به درێژایی مێژوو پشتی کوردی شکاندوه و هه‌لی ره‌خساندوه بۆ هه‌ر ناکه‌سێک. ئیتر بژی به کامرانی. برات مصطفی ۱۹۸۵/۹/۱۰ »

سەفەر بۆ موسکۆ

ڕۆژی ٢/٩/٨٥ گەیشتمە موسکۆ. لە لایەن ئامۆژگای ڕۆژهەلاتناسی سۆڤیێتەوە یەکێک هاتبوە فرۆکە خانە و چاوە ڕوانم بوو. لە هۆتێل (ڕۆسیا) ژووریان بۆ گرتبووم. ڕۆژی دوایی لە گەڵ چاوساخێک چوومە ئەنستیتو. سەرۆکی ئامۆژگاو یاریدەدەری و کابرایەکی تر کە فارسی دەزانی و ئەمزانی چکارەیە لەوێ بوون. باسی کوردستان و بارودۆخی کورد و وڵاتەکانی داگیر کەری کوردستانمان هێنا گۆڕێ. سەرۆکی ئامۆژگا گوتی:« بە داخەوە لازاریف لێرە نیە. ئەو لە مەسەلەی کورد شارەزایەو دەنووسێ، ئەو دەتوانێ یارمەتیتان بدات.»

گوتم من پێویستم بە هێندێ فاکت و بەڵگە هەیە سەبارەت بە ساڵەکانی ٤٥ - ٤٦ لە سەر کۆماری کوردستان لە مەهاباد. لازاریف لە باری مێژووی کورد کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠ دەنووسێ. ڕاستیەکەی ئەوەیە من لە گەڵ نووسینی ڕۆژ هەڵاتناسەکانی سۆڤێت لە بارەی بزووتنەوەی ساڵەکانی ٤٥ - ٤٦ زۆر موافیق نیم. ئەوان لە چوار چێوەی سیاسەتی دەوڵەتی دا دە نوسن. هەر ئەوەندەش دەنووسن کە کۆماری کورد لە مەهاباد دامەزرا. ئیتر ڕوونی ناکەنەوە چۆن دامەزرا؟ بۆ دامەزرا؟ بۆ وابە هاسانی تێکچوو؟ دەوری سۆڤێت و هاوپەیمانەکان چبوو؟

گوتی :« ئێمە هاوکارێکمان هەیە بە ناوی ژیگالینا. لە سەر کۆماری مەهاباد دەنووسێ. ئەو لێرە نیەو شەشی مانگ دێتەوە. تۆ ئەوەدەم وەرە

ئیره و ئه‌و ده‌توانیٰ یارمه‌تیت بداو به‌ڵگه‌ی پێویستت بۆ په‌یدا کات.»

رۆژی ٨٥/٩/٥ دوکتور به‌شیر براده‌رێکی کوردی سوریا که ماوه‌یه‌کی زۆر بوو له موسکو بوو، له هوتێل (کوسموس) داوه‌تێکی سازکرد بوو، نیزیکه‌ی ده دوازده که‌سی داوه‌ت کرد بوون. دیار بوو کوردایه‌تیه‌که‌ی نه فه‌وتا بوو.! رۆژی دوایی چوومه ئه‌نستیتو و کابرای فارسی زانیش له‌ویٰ بوو. بانگی دوکتور ژیگالینای کرد. ژنێکی رووخۆشی میهره‌بان و باسی کوماری مه‌هابادی دامه‌زراند.

گوتم ئیوه له چوار چێوه‌ی سیاسه‌تی ده‌وڵه‌تیدا له‌م مه‌سه‌له‌یه ده کۆڵنه‌وه. له کاتێکا ئه‌م رووداوه بۆ کورد فره گرنگه‌و پێویستی به شیکردنه‌وه‌ی زیاتر هه‌یه. بۆیه من تکام ئه‌وه‌یه که یاریده‌م بده‌ی له کتێبخانه‌ی لینین هێندیٰ به‌ڵگه‌و نووسراوه‌ی ئه‌و ده‌م بدۆزمه‌وه. گوتم جگه له‌وه ره‌خنه‌یه‌کی دیکه‌م هه‌یه، ئه‌ویش ئه‌وه‌یه ئیوه بزووتنه‌وه‌ی کورد به بزووتنه‌وه‌ی (میلی دیموکراتیک) ناو ده‌ به‌ن. له کاتێکا به بۆ چوونی من بزووتنه‌وه‌ی کورد بزووتنه‌وه‌ی (رزگاریخوازی‌یه) لام وایه قۆناخی ئه‌م دوو بزووتنه وه یه له گه‌ڵ یه‌ک فه‌رقیان هه‌یه. هه‌ر چه‌نده هێندیٰ دیارده‌ی هاوبه‌شیشیان هه‌بیٰ.

گوتی: « وا من شتێکم له سه‌ر کوماری مه‌هاباد نووسیوه. بۆت دێنم تکایه سه‌یرێکی بکه. منیش له کتێبخانه‌ی لینین هه‌وڵ ده‌ده‌م هه‌ر ماتریالێکی وه‌گیر که‌ویٰ بۆت په‌یدا بکه‌م.» ئه‌ویش ملی نه‌دا که خۆم بچمه کتێبخانه‌ی ناوبراو. دوای دوو رۆژ دوکتور ژیگالینا هاته‌وه، نووسراوه‌یه‌کی رۆژنامه‌ی (وه‌ستوک) واته (رۆژ هه‌ڵات)ی چاپی تفلیسی ساڵ ١٩٤٦ ی بۆ هێنا بووم، نووسیبووی :« ئینگلیزه‌کان خه‌ریکن ده‌یانه‌وی ده‌وڵه‌تێکی کوردی سه‌ر به خۆیان له کوردستان ساز بکه‌ن».

ده‌ک گوتم خودا موباره‌کی نه‌کا، بۆ به‌ڵگه‌ی وه‌ده‌ستم که‌وت.!

من سەیری نووسراوەکەی ژیگالینام کرد و هێندێ هەڵەی ناو وشتی ترم بۆ ساخ کردەوە. بەلام ئێستاش نەمزانی بۆ چی ڕێگایان نەدام خۆم بچمە کتێبخانەی لینین و بەڵکوو بەڵگەیەک،نووسراوەیەکێ بدۆزمەوە؟!

ڕۆژی ٨٥/٩/٨ فراوینم لە ماڵی کاک عەزیز محەممەد خوارد. کاک عبداللە پەشێوی شاعیریش هات و دوای خواردن گوتی: « گەلێک لە خوێندکارە کوردەکان وا لە ماڵی ئێمە جاوەڕوانیت دەکەن.»

ڕابووین و چووینە وێندەرێ. هێندێ برادەری خوێندکاری تینووی دەنگ و باسی کوردستان کۆ ببوونەوە. باس و گفتگۆیەکی خۆشمان هەبوو. شەو خۆشکە (ئازا)یەکێ لە کوردەکانی ڕووسیا کە لە موسکۆ دەژیا، میوانداریەکی کوردانەی ساز کرد و چەند کەسی تریشی داوەت کرد بوون، شەوێکی تەواو کوردانەمان بردە سەر. شەو بە تەلیفون لە گەڵ شادرەوان دوکتور ڕەحیمی قازی قسەم کرد. گوتی : « ئەگەر گیر دەبی دێمە موسکۆ. ئارەزووی دیتنت دەکەم» بەداخەوە دەبوایە بگەڕێمەوە و ئەم دیدارەم بە نسیب نەبوو.

ئەو کاتی من لە موسکۆ بووم، دوکتور عەلی و مریەم خانیش بۆ موعالەجە هاتبوونە موسکۆ، لە خەستەخانەیەکی شرۆڵیان دانا بوون. ڕۆژێکیان شوتیەکم کڕی و چوومە سەر دانیان، زۆر نارەحەت بوون، چونکە بە ڕاستی خەستەخانەو موعالەجەکەیان شتێکی وانەبوو.

٨٥/٩/١٤ گەڕامەوە بۆ سۆفیا. کە هاتمەوە نامەی صارمخان و کاک حەمەدەمینی سیراجی و کاک عەزیزی ماملێ و جەمیلەی کەرعی و مەهین و مریەمی زەرزا خوشکی صادقخانی و دوکتور کەماڵ میراودەلی و دوکتور قادری مەحمودزادەم بۆ هاتبوون. دانیشتم دەستم کرد بە نووسینەوەی وەلامی نامەکان و درێژە پێدانی نووسینی کتێبەکەم.

دوای تەواو کردنی نووسینی بە تایپێکی نالەباری فارسی دەستم کرد

بە نووسینەوەی بە زە حمەتێکی زۆر و خەتێکی ناخۆش و هەڵەی زۆر تەراوم کرد. زۆرم هەوڵ دا کە بەڵکوو بتوانم وەک نامیلکەکانی تر لە سۆفیا بە قاچاغی چاپی کەم، بۆم نەلوا. ناچار بۆ چاپکردنی دەبوایە بەرەو ئوروپا بچم. لەو کاتەنامەیەکی پێنج لاپەرەیی صارمخانم بۆ هات کە دیار بوو لە وەلامی نامەی مندا نووسیویەتەوە. لە نامەکەیدا بە دەلیل و برهان روونی کردبۆوە کە لە هەل و مەرجی ئێستادا پێکهێنانی ڕێکخراو وحیزبی تازە کارێکی باش و بە قازانج نیە. بە کورتی ناوێکی پاکی بە دەستی من و کاک ئەمیری داکرد بوو کە چەند جار مەسەلەی پێکهێنانی ڕێکخراوێکمان لە گەل هێنابوە گۆڕێ.

صارمخان لە نامەکەی دا دوای شیکردنەوەی گەلێک باس و مەبەستی نێوانمان نووسیبووی :«......ئەرکی بنەرەتی ئەوەیە کە وابکرێ جوڵانەوەی ئێستا لە سەر پێی خۆی ڕاوەستێ و لە شکان و کەوتن نەجاتی بێت. هەر جموجوڵێکی ببێتە هۆی شکان و کەوتنی بزووتنەوە پێویستە خۆی لێ بپارێزرێ. من قەت شتی وام نەنووسیوە کە بێژم ڕێبەرانی ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان (سازمانهای موجود) دە توانن بزووتنەوە سەر بخەن. من نەک هەر لە نامەی تایبەتی دا بۆ تۆ، بەڵکو لە نوسراوە رەسمی و چاپکراوەکانی خۆم دا و لە هەموو شوێنێ لە ڕێبەرانی ڕێکخراوەکانی ئێستا رەخنەم گرتوە. نووسیومە کە ئەو ڕێکخراوانە لە هەل و مەرجی ئێستا دا لە وزەو توانایان دا نیە ڕێبەرایەتی بزووتنەوە بکەن. تۆ دوای کونگرەی شەش و دەر کردنی چەند کەس گەیشتوویە ئەم ئەتیجەیە، لە کاتێکا من پێش دوو ساڵ و لە پێشتریش کاتی نووسینی گەلاڵەی (شورای شورشگێری سەرانسەری کوردستان) بە رک و راستی ئەوەم باس کردەوەو نووسیومە. جا بەم حاڵە سەیر نیە کە تۆ ئێستا دەڵێی گۆیا من لام وایە ڕێبەرانی ئێستای

رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان دە توانن بزووتنەوە بگەیێننە قۆناخی سەر کەوتن و مەقصود.

تۆ ئێستا ترسی ئەوەت هەیە کە قاسملو بزووتنەوەی کورد بە دەردی جولانەوەی عیراق بەرێت. ئەگەر لە بیرت بێ لە سەرماوەزی ١٣٥٨ی گوێگتەپە، لە کۆ بوونەوەی دەستەی نوێنەرایەتی خەلکی کوردا کە تۆش بەشدار بووی، وریاییم دا بە هەموو رێکخراوەکانی کوردستان کە نەکا بە رێگایەک دا برۆن کە مەلا مستەفا پیێدا رۆیشت. هەر ئەو دەم وەبیرم خستەوە کە هەموو رێکخراوەکانی کوردستان ، بە شێخ عیزالدین و قاسملووچریک و کۆمەڵەوە، بە قەدرایی نیوەی ئیعتیبارو زاکون و شەخسیەتی مەلا مستەفایان نیە..... من ئێژم ئەگەر ئیمرۆ خەڵکی کورد لە کوردستان گوێ دەدەنە قسەکانی رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات یا کۆمەڵە و پشتیوانیان لێ دەکەن، لە بەر ئەوەیە لایان وایە وا بیر دەکەنەوە کە ئەو رێکخراوانە بۆ وەدەست هێنانی مافی نەتەوەیی کورد بەربەرە کانی دەکەن.

ئەگەر کەسێک پەیدا بێ، وا بیر بکاتەوە کە خەڵکی کوردستان جورێکی تر بیر دەکەنەوە، ئەو کەسە دۆستی میللەتی کورد نیە. بەڵکو ئاو بۆ ئاشی دوژمنانی میللەتی کورد، واتە شۆڤێنیەکانی فارس و تورک و عەرەب هەڵدەبەستێ. من بۆ وەبیر هێنانەوەت کاک کەریمی خۆشەویست داستانی تاقمی حەوت کەسەت بە نموونە بۆ دەهێنمەوە. غەنی بلوریان پێشینەی سیاسی لە تۆ زیاتر بوو. لە بواری درێژەی حەپس و زیندانیشدا، وەزعی تایبەتی هەبوو. لە لایەکی ترەوە ئەو لە بنەوە ئەندامی حیزبی تودە بوو. هەر بەو دەلیلەش و لە هەمووی گرنگتر حیزبی تودەو پشتیوانی حیزبی تودەش پشتیوانیان لێکرد. بەڵام بۆ چی ئاوا سوک و زەلیل و مەنفور بوو؟ چونکە خەڵکی کوردستان بە هەستی

غه‌ریزی خۆیان ، زانیان که ئه‌وانه ده‌یانه‌وێ چۆک به به‌ربه‌ره‌کانی دابده‌ن و بزوتنه‌وه‌ی کورد ته‌سلیمی خومه‌ینی بکه‌ن و بیخه‌نه به‌ر ره‌حمه‌تی ئه‌و، هه‌ر وه‌ک ڕێبه‌رایه‌تی حیزبی توده کردی. ئه‌وه‌بوو که نه پێشینه‌ی سیاسی و نه زیندان هیچیان ده فریای نه‌که‌وتن. خه‌ڵکی کورد حوکمی خۆیاندا و له راستی دا ئه‌ویش و جه‌ره‌یانه‌که‌شی خرانه نێو زبڵدانی مێژووه.

ئێستاش هه‌ر وایه. خه‌ڵکی کوردستان هه‌ر بزووتنه‌وه‌یه‌کی که بزانن به‌ر به‌ره‌کانی میللی له به‌رانبه‌ر داگیر که‌راندا کز ده‌کا، ره‌تی ده‌که‌نه‌وه. هه‌ڵه‌و لادانی ڕێبه‌رایه‌تی مه سه‌له‌یه‌کی تره که ده که‌وێته حاشیه‌ی مه‌سه‌له‌ی بنه‌ره‌تی. بۆ ئه‌وه‌ی خه‌ڵک به‌راستی ئه‌وه تێبگه‌ن و له نێوه‌رۆکی حاڵی بن، پێویسته کارێکی گه‌وره‌ی سیاسی و ئیدیولۆژی ده‌ست پێ بکرێ...... ئه‌وه‌ی له باره‌ی هه‌ڵه‌ی حیزبه کومونیسته‌کانی ئیران و تورکیاو عیراق سه‌باره‌ت به کوردستان نووسیوته، مه‌سه‌له‌که فره قوڵترو ریشه دارتره که تۆ باستکردوه. له باره‌ی ره‌گ و ریشه‌ی هه‌ڵه‌و لادانی ئه‌و حیزبانه که نه‌یانتوانیوه له سه‌ر بناخه‌یه‌کی مارکسیستی‌و بۆ چوونی زانستی له باره‌ی مه‌سه‌له‌ی کورده‌وه هه‌ڵوێست بگرن ، قسه زۆره. ئه‌وه خۆی ده‌توانێ رۆژێک ببێته بناخه‌یه‌ک بۆ کاری لێکۆڵینه‌وه‌و شیکردنه‌وه‌ی درێژ و به گه‌لک. به بیروڕای من گرنگترین هۆکاری ئه‌و مه‌سه‌له‌یه ئه‌مه‌یه که ئه‌و که‌سانه‌ی ناوی خۆیان ناوه کومونیست و ڕێبه‌رایه‌تی ڕێکخراوی کومونیستیان گرتۆته ده‌ست، سه‌ره رای هه‌ڵگرتنی درۆشمی شۆرشگێری له تۆرِوداوی خه‌یاڵی ورده بۆرژوازی دا ئه‌سیر و قه‌تیس ماون. کات و زه‌مانێکی زۆری گه‌ره‌که تا خۆیان مشت و ماڵ بکه‌ن و پاک بنه‌وه و به کرده‌وه‌ش نه‌ک هه‌ر به قسه ئه‌م وته‌یه‌ی مارکس تێبگه‌ن که ده‌ڵێ :« میلله‌تێکی ئازاد ناتوانێ میلله‌تێکی تر له زنجیری دیلی و کۆیله‌تی دا رابگرێ». ئه‌م باسه فره دوورو درێژه و مه‌به‌ستیشم

ئەم نووسین و ئاخافتنە عەوام فریوانەو بازاری‌یە نیە کە لە نامیلکەی کورتە باس دا هاتوە. بەڵکو مەبەستم شیکردنەوەی سیاسیە بە شێوەی زانستی و دوزینەوەی رەگ و ریشەی لادان و لادەریە........»

نامەی صارمخانی صادق وەزیری و بۆ چوون و لێکدانەوەکەی ئەوەندە زانستی و دڵسۆزانە بوو، سەرە رای هاندانی برادەرانی دیکە بۆ دروستکردنی رێکخراوەیەکی سیاسی، لای خۆم بریارم دا کە واز لەو کارە بینم و بۆ دەر کردنی رۆژنامەیەکی کوردی سەر بە خۆی دیموکرات و پێشکەوتو خواز بە جیددی دەست بە کار بم. بەلاّم پێتان وایە بە قەولی سەید رەسولی شەهید:« کوردەکە بە جارێک و دوان ئاقلْ دەبێ؟» لانی کەم لە بارەی خۆمەوە وەراست گەراو دەرسم وەر نەگرت و درنگتر تووشی هەڵە بوومەوە. پەلە مەکەن لە داهاتوودا حکایەتەکەی دە خوێننەوە. چونکە لە بیرەوەریەکانم دا، چشتێک پاشقول نادرێ.!

سەفەر بۆ ئورووپا

دوای ئەوەی ناهومێد بووم لە چاپکردنی کتێبەکەم لە بولـگاریا، بریارم دا لەگەڵ خۆم بیبەمە بیرلین یا ستوکهوڵم، بەڵکو بتوانم چاپی بکەم. هەر لەو کاتەشدا سەرێکی بە رێز صادق وەزیری بدەم و مەسەلەی هاوکاری رۆژنامەی لە گەڵ یەکلا بکەم.

رۆژی ۱۰/۱/۸۵ چوومە بیرلینی رۆژ ئاوا. شوێنێکم دەناسی کە ساڵی ۷٦ رۆژنامەی کوردستانم لێ چاپکرد بوو. کە چووم شوێن نەما بوو هیچم بۆ نەکرا. شەو چوومە رەستورانی کوردستان نان بخۆم. چاوم بە

وشه‌ی کوردستان که‌وتبوو، به پیویستم زانی که سه‌یرێکی بکه‌م. که‌ماڵی حه‌بیبی خه‌ڵکی لای خۆمانم ده‌ناسی، دیتم له‌وێ کار ده‌کات. که‌ماڵ لاوێکی قۆزی هێناو پێی ناساندم به ناوی چالاک و خه‌ڵکی کۆیه. دیار بوو چالاک به ناو منی ده‌ناسی. نانێکی باشیان بۆ هێنام و له‌لام دانیشتن. باسی ره‌ستوران وناوه‌که‌م پرسی. گوتیان کوردێکی ئێرانیه و به‌م ناوه ره‌ستورانی کردۆته‌وه. هه‌ر زاڵه‌یان بوو له چنگی که چۆنیان ده چه‌وسێنێته‌وه، جاری وایه به دوو مانگ مه‌عاشه‌که‌یان ناداتێ. ده‌یانگوت سندوقێکی داناوه لێی نووسیوه یارمه‌تی بۆ کوردستان. خه‌ڵک یارمه‌تیه‌کی زۆر ده‌که‌ن، به‌لام راسته بۆ کوردستانه، واته (ره‌ستورانی کوردستان!)

ده‌نگۆی لای خۆمانم وه‌بیر هاته‌وه ده‌یانگوت: یه‌ک له رێبه‌رانی لای ئێمه یارمه‌تی له‌م لاولا وه‌ر ده‌گرت و که لێیان ده‌پرسی ئه‌م یارمه‌تیه بۆ چی‌یه؟ ده‌یگوت بۆ شۆرشه! کوره‌که‌ی نازناوی شورش بوه.!!

چالاک داوای لێکردم که بۆ گۆڤاری (پرشنگ) وتاریان بۆ بنووسم و به لێنی دا که گۆڤاره‌که‌م بۆ بنێرێ. پێوه‌ندیم له گه‌ڵ چالاکی روح سوک و جوامێر به‌رده‌وام بوو، یه‌ک دوو جار کتێبه‌کانیشمی فرۆشت و دۆستایه‌تیمان ئێستاش به‌ر ده‌وامه.

رۆژی ١٢/١٠/٨٥ چوومه لۆزان لای صارمخان. مه‌سه‌له‌ی ده‌ر کردنی رۆژنامه‌م هێنا گۆرێ و گوتم: ئه‌گه‌ر جه‌نابت هاوکاری بکه‌ی ، من موخاریجی ده‌رکردنی رۆژنامه‌یه‌کی دوو حه‌وتوویی یا مانگانه وه‌ستۆی خۆم ده‌گرم. پێشتر له گه‌ل سالاری حه‌یده‌ری و مه‌لا محمدی حزری و کاک ئه‌میری قازی و کاک عه‌زیزی ماملێ و ره‌حمانی حاجی ئه‌حمه‌دی باسی ده‌ر کردنی رۆژنامه‌م کرد بوو، وه‌ک له نامه‌کانیان ده‌رده‌که‌وێ، جگه له کاک ئه‌میر ئه‌وانیتر هانیان ده‌دام که تا زوه ده‌ست به کار بم.

ئەوان لایان وابوو کە رۆژنامە دەر کردن هەر وەک ئاخافتن و پەیڤین هاسانە و بە قسە هەموو شت دەکرێ. منیش پێم وابوو هەر یەکە رابردووێنکی تێکۆشانی سیاسیان هەیە، کاری رۆژنامەش بە بەشێک لە کاری سیاسی دادەنێن. صارمخان گوتی من ئەوانە ناناسم. رۆژنامە کادری شارەزای نووسینی گەرەکە. تۆ ئەشێ لەم بوارەدا زیاتر موتالا بکەی. بۆچوونی صارمخانی لێرەشدا لە لێکدانەوەی من راستتر بوو. هەقی بوو کە لە دوایەدا بۆ منی دەنووسی:« تو مرا با طنابهای پوسیده به ته چاه ئەنداختەی » واتە(منت بە تەنافی رزیو خستۆتە چاڵەوە.)

گوتم دەچم جارێکی تریش دە یاندوێنم،. ئەگەر ئامادەیی خۆیان بە تەواوی نیشان دا، وا هەموومان لە پاریس کۆ دەبینەوەو بەرنامە و ئایین نامە بۆ رۆژنامە دیاری دەکەین و دەست بە کار دەبین.

صارم خان بە بۆنەی ٤٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکرات پەیامێکی بۆ حیزب نارد بوو، بەلام ئەوان بلاویان نەکرد بۆوە. یاسمان کرد کە لە هەوەڵین ژمارەی رۆژنامەکەدا پەیامەکەی ئەو بلاو کەینەوە. صارمخان قەولی هاوکاری داو بەلام لە سەر هەلسەنگاندنی هاوکاران پێی داگرت و شەرتێکی دیکەشی دانا کە من بتوانم ئەنجامی بدەم ، لە کاتێکا لە دەسەلاتی مندا نەبوو.

رۆژی ١٣/ ١٠ چوومە پاریس، لە گەڵ کاک عەزیزی مامڵێ خەریکی ئامادە کردنی کتێبەکە بووین کاک عەزیز سەر خەتەکانی نووسی و خوشکە سیمینی ئیفتیخاری زەحمەتی کێشا سەر خەتی ئینگلیزی‌یەکەی نووسی و زۆری پێوە ماندوو بوو، گەلێک سوپاسی هەرتک لایان دەکەم.

کاکە حەمەی فەرشچی بنکەیەکی زیراکس و فۆتۆ کۆپی دانابوو، کتێبەکەی لێ وەرگرتم و دەستی کرد بە لە چاپدانی و ۳۰۰ دانەی بۆ چاپکردم. کاگ عەزیزی مامڵێش تا تەواو بوونی یارمەتی دا. کاتی

ویستم پارەی چاپی بدەمێ، هەرچی کردم وەری نەگرت. داخی ئەوەم ناچێ کە لە کتێبەکەم نە نووسرا: « لە سەر حیسابی کاکە حەمەی فەرشچی چا پکراوە. » بێجگە لە سوپاس چیترم لە دەست نایە کە قەرەبۆی پیاوەتی و جوامێری کاکە حەمە و زەحمەت و پێوە ماندوو بوونی کاک عەزیزی مامڵێ بکاتەوە.

لە گەڵ کاک عەزیز باسی رۆژنامەمان کرد کە پێشتریش ئامادەیی خۆی راگەیاند بوو. بریارماندا بچینە ئەڵمانی لە گەڵ رەحمانی حاجی ئەحمەدیش قسە بکەین.

١٨/١/٨٥. چووینە کۆلن و میوانی دوکتور ناسوی بووین. رۆژی دوایی چووینە بۆن سەردانی ئیقبالی حاجی کە تازە لە کوردستانەوە هاتبوو. لەوێ من چوومە زیارەتی جەنابی شێخی کەسگەسکێ(کاک سەید تەهای کەمالیزادە) من لە گەڵ ئەوان ناسیاری کۆنم هەبوو. لە عیراق لە گەڵ براکانی دۆستایەتیم خۆشبوو. لە ئێران دوای شۆرش دیسان لە گەڵ کاک تاهیر و کورەکانی دۆستایەتیم هەبوو، بێجگە لە وانە لە هەموان ، شێخ و کورەکانی دەربەدەری دەستی حکومەتی ئیسلامی ئێران بوون. کەوابوو من بچمە بۆن و نەچمە سەردانی ئەو شەرتی دۆستایەتی و بۆ چوونی راستی سیاسی نیە. هەر چەند هێندێ مێشک بەستەلکی فەریکە سیاسی رەخنەیان لێ دەگرتم کە چووم سەری شێخم داوە.! دانەیەکم لە کتێبەکەی خۆم پێشکێش کرد زۆری پێ خۆشبوو. دانەیەکیشم لە کتێبەکەم بۆ کاک تاهیری کوری نارد. کاک تاهیر دوای ماوەیەک لە بارەی کتێبەکەم ئەم نامەی خوارەوەی بۆ نارد بووم.

نامەی کاک تاهیر بە فارسی بوو، بە کوردی بلاوی دەکەمەوە.:

« حضور محترم و ارجمند کاک کریم. با عرض سلام و تشکر از ارسال نامه وکتاب ارزشمندتان امیداست سلامت بوده و درخدمت بردم

کردستان موفق باشید...... ناوی کتێبەکەتان (کۆماری دیموکراتی کوردستان یا خود موختاری) دەستبەجێ مرۆڤ تووشی بیر کردنەوە دەکات کە کام ناو و کام داخواز لە بار تر و نیزیکترن لە راستی و لە سەر کەوتن. ئێمە دەزانین کە بیری خود موختاری دوای شەری یەکەمی دنیا گر کە ئیستعماری بەریتانی قاچی گەیشتە ئیمپراتوری عوسمانی هاتە گۆرێ تا لەم رێگایەوە دژی پێکهاتنی دەوڵەتی سەر بەخۆی کوردستان بوەستێ. کە وابوو داخوا گەلاڵەی خود موختاری پێرەوی نیە لە پرۆگرامی ئیستعمار گەران؟ تازە لە ماوەی خەباتی میللەتی کورد بۆ وەدەست هینانی ئەم مافە کەمەش، هەمیشە تاوانی جیاوازی خوازی‌یان بۆ هەڵبەستووین. واتە بۆ داگیر کەران خود موختاری و سەر بەخۆیی هەر یەک واتای هەیە و یەک‌وەلام. ئێمە جگە لە زیانی گیان و ماڵ چیترمان لەم ویستە دەست نەکەوتوە. ئە گەر بکرێ‌جەبهەی دەرەوەی خۆمان بە هێز بکەین و لە نێو خەڵکی ئازادیخوازی جیهان و دەوڵەتانی ئازادیخوازدا دۆستی بە راستی پەیدا بکەین، گەلاڵەی سەر بەخۆیی کوردستان لە واقعیەت نیزیکترە. ئەگەر مەسەلەی نەتەوەیی خۆمان لە رەوتێکی نێو خۆیی بکەینە مەسەلەیەکی نێو نەتەوەیی، لە وانەیە گەلێک حکومەت پشتمان بگرن. کاتێکی بیابانگەرێ سەحرا بە ئایین و رەگەز و زمانو خاکی هاو بەش لە گەڵ مەراکش داوای سەر بەخۆیی دەکەن، زۆرانیش لێ‌یان قبوڵ دەکەن، ئێمە بە کولتور و قەومیەت و ئایین و زمان و وڵاتی جیاوازەوە، بۆ چی هەقمان نیە داوای سەر بەخۆیی بکەین.؟ من لام وایە کاتێکی ئێمە دەڵێین خود موختاری بۆ کوردستان و دێموکراسی بۆ ئێران، رێگایەکی هەڵەمان گرتۆتە بەر. چونکو لە وڵاتێکی دێموکراسی‌نەبێ، خود موختاری قەت نابێ. کوتە کاغەزێکە، هەموو کاتێ دەتوانن هەڵی وەشێننەوە. بەڵام ئەگەر بمانەوێ لە پێشدا دێموکراسی

هه‌بێ، ئه‌م کاره ده‌بێ به به‌شداری ته‌واوی خه‌ڵکی ئه‌م ولاته بێ، نه‌ک ته‌نیا خه‌ڵکی کورد به حاڵه‌تی ویرانبوونی ماڵ و ولات بۆی ده‌ست به کار بن. تازه ئه‌گه‌ر حکومه‌تیشیان کز کرد و یا خستیان ئاغاگه‌لی ره‌جه‌وی و شاپور به‌ختیار و مه‌ده‌نی و ره‌زاشای دووه‌م و ئایه‌تولا حه‌کیم ته‌شریف بینن و مه‌سه‌له‌ی کوردستان حه‌واڵه‌ی مه‌جلیسی یاسا دانان بکه‌ن که هه‌ر له ئیستاوه ته‌کلیف مه‌علومه. تازه ئه‌وانه کامیان له حکومه‌ته داگیر که‌ره‌کانی ئیستا باشترن که رێگا بۆ گه‌رانه‌وه‌ی ئه‌وان خۆش بکه‌ین. که وابوو کاتێ ناتوانین له‌م رێگایه‌وه ته دیموکراسی بۆ ئیران بینین و نه خود موختاری بۆ کوردستان، لاوانی خۆمان بۆ چی به خۆرایی به کوشت بده‌ین. باشتره شانسی خۆمان به فیداکاری له نێو گه‌لانی جیهاندا تاقی که‌ینه‌وه. رێگایه‌کی دیکه به منداڵه‌کانمان نیشان بده‌ین. ئه‌وه‌نده‌ش برای فارس و برای عه‌ره‌ب و برای تورک دوو پات نه‌که‌ینه‌وه و منداڵه‌کانی خۆمان فریو نه‌ده‌ین. داوای لێ بوردن ده‌که‌م که ئه‌م مه‌سه‌لانه دینمه گۆرێ. گوتنی زۆر هه‌نه. هه‌ر چۆنێک بێ کتیبه‌که‌ت پر بایه‌. شتی وای تێدایه له کتێبه‌کانی تردا باس نه‌کراوه. به‌لام سه‌رنج راکێشه که ئه‌و کاره‌سات و به‌لایانه‌ی له کۆماری مه‌هاباد، هاتنه پێش، له‌و ساڵانه‌شدا دوو پات کرانه‌وه‌و ده‌رسمان له مێژوو وه‌ر نه‌گرت. ... درێژه به قسه‌کانم ناده‌م و به سلاوی خالیسانه‌ی براکانم نووسراوه‌که‌م کۆتایی پێ دینم.
برات تاهیر ١٥ ژانویه.»

١٩/ ١٠/ ٨٥ له گه‌ڵ کاک عه‌زیزی ماملێ چووینه برێمن و میوانی حاجی ئه‌حمه‌دی بووین. سێ رۆژی خۆشمان رابوارد و له‌سه‌ر ده‌ر کردنی رۆژنامه دواین و رێک که‌وتین . کاک عه‌زیز به‌جێ ما خه‌ریک بوو ماشین بکرێ، منیش رۆژی ٢٣/ ١٠ سواری قه‌تار بووم به‌ره‌و سوید. له ئه‌لمان له‌و شوێنه که قه‌تار به‌ره‌و دانمارک ده‌چێته نێو پاپۆر، پولیسی

ئەڵمان دابەزاندم، چونکە ڤیزای ترانزیتم نەبوو. پاپۆر و قەتار رۆیشتن و منیان بردە پۆلیسخانە. بەینێک وەستام، سەرۆکی پۆلیس هاتەوە، سەیری پاسپۆرتەکەمی کردو گوتی برۆ.

بەڵام بۆ کوێ برۆم. قەتاری من رۆیشتبوو، بە جێ مابووم. چاوەروان بووم، پاپۆرێکی دیکە هات. بەڵام جگە لە ماشێنی سواری و باری قەتاری تێدا نەبوو کە بلیت بکرم و بچمە دانمارک. لە نێو پاپۆرەکەدا پیرێژنێک دوکانی هەبوو. جانتاو کتێبەکانم لە لای ئەو داناو هەر چۆنێک بوو بە ئینگلیزێکی سەرو گوێ شکاو تێمگەیاند کە دە چمە سوێدو قەتارەکەم رۆیشتوە و بلیتەکەم نیشان دا. گەیشتینە لەنگەرگاو خەڵک دادەبەزی. پیرێژن لێم بوو بە خدری زیندەی مێ. جاری وا هەیە پیرێژن ئەگەر وەگیر کەوێ خێری خوایە! جانتای هەڵگرت و کەوتە پێشم بۆ قاتی ژێر پاپۆر کە پڕ بوو لە ماشێن و گشتیان دە چوونە دانمارک. گەرا کابرایەکی ئەڵمانی دیتەوە سواری بێنزێکی نوێ و بە تەنیا. نازانم چی پێگوت و چی لێکرد، کابرای رازی کرد بمگەیێنێتە دانمارک. کابرا سەیرێکی کتێبەکانی کرد جانتاو کتێبی خستنە نێو ماشێن، پیرێژنم لە ئامێزێ گرت و ماڵاوایم لێ کردو سوار بووم. لە رێگا بە ئینگلیزی پرسیاری لێکردم، گوتم کوردم و ئەم کتێبەشم لە سەر کوردستان نووسیوە. کابرا ئاگاداری وەزعی ئێران و شەری کوردستان و حەرەکەی بارزانیش بوو. دە پرسیارانی گرتبووم ، زۆر بە کوڵی دەمتوانی بە ئینگلیزیەکی قوڕ وەڵامی بدەمەوە. خواو راستان گەیشتینە دانمارک و لە دەست پرسیاری کابرا رزگار بووم. لە پێش ئێزگەی قەتار دابەزاندم. دیتم خەڵکێکی زۆر کۆ بوونەوە چاوە روانی قەتارن. هەر ئەو قەتارەی من جێگام تێدا گرتبوو گەیشتێ، سوار بووم و لە جێی خۆم لێی نوستم تا ستۆکهۆلم. دوکتور جەمشیدی حەیدەری و مەلا محەممەدی خزری چاوە

روانم بورن.

رۆژی ۲۵/ ۱. کاک ئەمیری قازی هاتە لام و باسی دەرکردنی رۆژنامەم هێنا گۆری. کاک ئەمیر گوتی:

« رۆژنامەی بیٚ تەشکیلات هیچ ناهینیٚ. باشترە حیزبێک ساز بکەین بە بیروڕای جیاواز و بۆ چوونی جوراو جور، بەلاْم حیزبێکی کورستانی بیٚ. » من دوای نامەی صارمخان و هەلْسەنگاندنی بارودۆخی ئوروپا، لە سەر واز هێنان لە سازکردنی حیزب لە ئوروپا ساخ بیوومەوە. وام دانا بوو جاریٚ رۆژ نامەیەک بلاو بکەمەوەو بزانم لە نێو کوردەکانی کوردستانی ئێران دەنگدانەوەی چۆن دەبیٚ و چەندە لە دەوری کۆ دەبنەوە ؟!

دەستمان کرد بە بلاْو کردنەوەی کتێبەکە(کۆماری دێموکراتی کوردستان یا خود موختاری). برادەرانی (پێشەنگ) دەیانویست کتێبەکە بکەن بە کرمانجی بەو شەرتەی ئێمە یارمەتیان بدەین. لە گەلْ مرادی سکرتێری (پێشەنگ) رێک کەوتین کە ئەوان کتێبەکەی من بکەن بە کرمانجی و بۆ خۆیان بیفرۆشن. لە بەرانبەردا بەرگی یەکەمی بیرەوەریەکانم بۆ من چاپ بکەن.

لە سەر ئەم رێک کەوتنە بە یارمەتی تەواوی مەلا محەمەدی خزری کتێبەکەیان کرد بە کرمانجی و هەزار نوسخەیان لیٚ چاپ کردو فرۆشتیان. قەرار بوو ۵۰ دانە بدەن بە خۆم نەیاندا. سەرە رای ئەو هەموو زەحمەت و یارمەتیەی کە مەلا محەمەد کێشا بووی و یارمەتی دابوون کە بیکەنە کرمانجی، هەر ناویشیان نە نووسی و سوپاسێکشیان نەکرد. پاشان بەرگی یەکی بیرەوەریەکانی منیان چاپ کرد و لە هەزار دانە ۳۰۰ دانەیان بۆ من هێنا. کاتیٚ بە مرادم گوت:« کوانیٚ ئێمە قەول و قەرارێکمان هەبوو، بریار وابوو ئەمەیان بۆ من چاپ کەن.» لە وەلاْمدا گوتی: « ئاخر ئێمە حیزبین پارە ژبۆ مە پتر پێویستە »! هیچم نەگوت.

ئەوەندەیە ماناو ئاماجی ئەم چەشنە حیزبایەتیەم پتر بۆ روون بۆوە. !!
رۆژی ٣/١١/ ٩٨٥ برادەرانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لقی سوید، سیمینارێکیان بۆ باس و لێکۆڵینەوەی کتێبەکەی من ساز کرد. گەلێک لە برادەرانی کوردی دانیشتووی سوید ئامادە بوون و لە باس و لێکدانەوەی کتێبەکەدا بەشداریان کرد. کتێبەکە باش فرۆشرا. پێویست بوو چاپی کەمەوە. برادەرێکی کوردی عیراق و شەیدای کوردایەتی کاک فەرهاد عبدالقادر بە لێنی دا ٥٠٠ نوسخەم بۆ چاپ کاتەوە بە ٣٥٠٠ کرون. پاش ماوەیەک چوو بوو فۆتۆ کۆپی کرد بوو، رەسمەکانی رەش هەڵگیرا بوو، ئەوەندەی هەبوو لەوەندیشی کردبوو.!

رۆژنامەی سەر دەمی نوێ

دوای ئەوەی کە بە تەواوی ساخ بوومەوە کە رۆژنامەیەکی کوردی سەر بە خۆ و کوردستانی دەر بکەم، بە یارمەتی کاک کەریم سەنجاری تایپێکی فارسی کوردی و لاتینیم بە رادان دا. لە گەڵ کاک ئەمیر و سالار و مەلا محمد بریارماندا بچینە پاریس و لە وێ لە گەڵ صادق وەزیری و حاجی ئەحمەدی و عەزیزی ماملێ کۆ بینەوە و بەرنامە و رێبازو شوێن و جێگای دەر کردنیشی دیاری بکەین. کاک ئەمیر گوتی من بە فرۆکە دێم. من و سالارو مەلا محەمەد سواری قەتار بووین بۆ برلین. کاک عەزیزی ماملێ داوەتنامەی بۆ دایکی کەمالی ناردبوو بچێتە پاریس. دامان نابوو بێتە برلین و پێکەوە بچین. بەلام نە من و نەئەو ڤیزای ترانزیتی برلین - پاریسمان وەر نەگرتبوو. دایکی کەمالی هاتە

برلین و ئێوارەی ٨/١١/٨٥ هەموومان سواری قەتار بووین بۆ پاریس. لە سنوری ئەلمانی رۆژ ئاوا پۆلیسی ئەلمان بە شێوەیەکی وەحشیانە من و دایکی کەماڵی دابەزاند و ئەوان رۆیشتن. دە ژوورێکی ساردو سڕیان کردین تا لای بەیانی قەتارێک هات دەچوو برلین، سواریان کردین و تاو هەڵات لە برلین دابەزین. چووینە ماڵی کاک هوشیاری ئیمامی. لە رادە بەدەر پێمانەوە ماندوو بوو. ئێستاش دایکی کەماڵی هەر باسی میوانداری و زەحمەت و دڵسۆزی خۆی و خێزانی دەکا و سوپاسیان دەکەین.

رۆژی ١٠/١١/ ئێمە گەراینەوە سۆفیا و ئیتر من ئاگام لە کۆ بوونەوەی پاریس و بریار و پرۆگرامیان برا و بێ خەبەر مامەوە. دوای ماوەیەک نامەی مەلا محەممەدی خزریم بۆ هات کە ٢/١١/ ٨٥ نووسیبووی. بە پێویستی نازانم دەقی نامەکە بلاو بکەمەوە. بە گوێرەی عادەتی خۆم نامەوێ ئەم شتانە بلاو بکرێنەوە کە بینە هۆی دڵیەشی و ناکۆکی نێو برادەران. دنیایەکیش لە قسەو قسەلۆکی پاشملەی پێرێژنانە بێزارم. بە لام بۆ روون بوونەوە بەرهەمی کۆ بوونەوەی پاریس، پێویستە گەشتێک بە نێو نامەکەیدا بکەم:

مەلا محەممەد نووسیبووی : «...... کاکە گیان دیارە ئێمە چووینە پاریس. لە گەڵ کاک صارم و برادەران دانیشتین. دیارە کاک صارم شتەکەی هێنا گۆرێ و بە درێژی باسی کرد. برادەران بە تێکرایی رایان لە سەر دەر بری. دیارە کاک ئەمیر نەزەری تایبەتی خۆی هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە تووسەر وهەیئەتی تحریریەی رۆژنامەکە تەنیا کوردە ئێرانیەکان بن. کوردەکانی بەشی ناوچەکانی تر تێیدا بەشدار نەبن. ئەو نەزەرە بە تێکرایی رەت کرایەوە. پێمان وابوو دەبێ رۆژنامە هی کوردستان بێ و هەموو کوردێکی خاوەن سەلاحیەت تێیدا بەشداری

بکات.......... ئەوە بوو بە کورتی هێندێک لە وتو وێژی ناو خۆ سەبارەت بە کاروباری رۆژنامە. پێم وایە سەر کەوتوانە گەڕاوینەوە. جا چاوەڕوانی ناکامی ئەو دانیشتنەو دەرچوونی رۆژنامەکە دەکەم. هەر چەندە بڕیاری قەتعی درا، بەلاّم نەبوونی تۆ وەک کەلێنێکی گەورە بەر چاو دەکەوت. چونکە پێم وایە بە تەواوی رای لە سەر دەر نەچوو کە لە کوێ بێ و کەنگێ دەست بە کار دەبێ. کاک صارمم زۆر بە جیدی و بە پری هاتە بەر چاو. زۆرم هومێد پێ‌یە. پێشم وایە دەبێ زیاتر تەماسی دەگەڵ بگری و زیاتر دڵی خۆش کەی. پێم وایە باش ئەوەیە هەر چی زووتر شتەکەی بۆ پێک بێنی. ئەوە نەزەری منە .... بڕیار درا کاک حاجی بێتە لای تۆ و شتەکانت پێ بڵێ. روکنی ئەساسی ئەو کارە بۆ خۆت بووی بە داخەوە تۆش لەوێ نەبووی دیارە تا ئێستا چاوت بە حاجی کەوتوە، تەماسیشت لە گەڵ کاک صارم گرتوە. جا پێم خۆشە هەر چی زووتر نەزەری خۆتم هەر چی هەیە و دەکرێ بۆ بنووسی......
هاورێی چوکتان خضری. ١٩٨٥/١١/٢. »

دیارە حاجی قەت نەهات کە شتەکانم پێ بڵێ، وەک مەلا محەمەد نووسیبووی. بە دوای نامەی مەلا محەمەدی دا نامەیەکی دوکتور جەمشیدم بۆ هات ، نووسیبووی :

« .... دوای گەڕانەوەی مەلا محەمەد باسی ئەوەی بۆ کردم کە لە پاریس چ بڕیارێک وەرگیراوە دەر بارەی دەرهێنانی رۆژنامەیەکی کوردی بە ناوی (ئاگری). جێگای خۆشی‌یە کە ئێمەی کوردیش بتوانین کاری وا بکەین کە خزمەتی مەسەلەی گەلەکەمانی تێدا رەچاو بکرێت. ناوی چەند کەسێکی باسکرد کە بەشداری دەکەن لە رۆژنامەدا. زۆر سوپاستان دەکەم کە منیشتان دەست نیشان کردوە. بەشداری کردن لە نووسین بۆ رۆژنامە جیاوازی هەیە لە گەڵ ئەوەی مرۆ ئەندامی‌دەستەی نووسەران بێت. ئەگەر

مه‌به‌ست له وه‌دایه که‌وه ک‌نووسه‌رێک به‌شداری بکه‌م و جارویاروتارێک ئاماده بکه‌م، ئه‌وه بێگومان که‌مته‌ر خه‌می ناکه‌م. به‌لأم ئه‌گه‌ر ئه‌ندامی ده‌سته‌ی نووسه‌ران بم، ئه‌رکی تایبه‌تی له سه‌ر شانی ده‌سته‌ی نووسه‌رانه. پێویسته به‌شداری ته‌واو بکه‌م له هه‌موو کاره‌کانی رۆژنامه و دیاری کردنی رێره‌وی سیاسی.... »

جگه له‌وه دوکتور پێشنیاری کردبوو که له ئه‌نوه‌ر قادر جاف بگێرینه‌وه که له ده‌سته‌ی نووسه‌راندا به‌شدار بێت. منیش به‌ر له دوکتور جه‌مشید به شاره‌زاییکی که له عیراقه‌وه له سه‌ر کاک ئه‌نوه‌رم هه‌بوو، دامنابوو که له کۆبوونه‌وه‌ی پاریس پێشنیاری بکه‌م. لام وایه پێشتر له سه‌فه‌ری موسکویش به ته‌لیفون شتێکی ئاوام له گه‌ڵ باسکرد بوو. به‌لأم کاتی دوکتور جه‌مشید پێشنیاره‌که‌ی پێ راگه‌یاند بوو، کاک ئه‌نوه‌ر له وه‌لأم داگوتبووی:«جا ئه‌گه‌ر بمه‌وێ له « سه‌ر ده‌می نوێ» دا بنووسم، بۆ لێره له «پراڤدا»ی سوڤیتی‌دا نانووسم.»! کاک ئه‌نوه‌ر به هه‌ر مه‌به‌ستێک ئه‌وه‌ی گوتبێ هه‌ر پێم خۆشبوو. چونکه « سه‌رده‌می نوێ» ی کوردی هێنا بوه ریزی

« پراڤدا »ی سوڤیتی. !

به دوای نامه‌ی دوکتور جه‌مشیدی حه‌یده‌ری‌دا، نامه‌ی یازده‌ی نوامبری صارمخانم پێگه‌یشت. صارمخان دوای ئه‌حوالپرسی نوسیبووی :
«.... له گه‌ڵ براده‌ران کاک ئه‌مير، کاک عه‌زیز، کاک حاجی، کاک سالارو کاک مه‌لا محه‌مه‌د کۆبوویته‌وه و له سه‌ر وه رێنخستنی رۆژنامه له چوار چێوه‌ی دیفاع له مه‌سه‌له‌ی کوردستان و دیفاع له دیاریکردنی مافی چاره نووس بۆ میلله‌تی کورد و له قاودانی زوڵم و سته‌م له گه‌لی کورد له هه‌ر چوار پارچه‌ی کوردستان و پرو پاگانده بۆ کاری به‌ر به‌ره‌کانی گه‌یشتینه یه‌ک. له‌م خالأنه‌ی خواره‌وه‌شدا به‌م جوره گه‌یشتینه نه‌تیجه:

١ - لە بارەی جێگای دەفتەر و چۆنیەتی و ئەژمارەی کادرەکان باسێکی زۆر کرا. ئاخرەکەی چونکە نەمانتوانی ئە تیجیەیەکی تەواو وەر بگرین، بەم جورە کارەکە کۆتایی هات:

ئا - قەرار درا کاک عەزیزو کاک حاجی بۆ شوێنێ دەر کردنی رۆژنامە و کادرەکان لە پاریس یا لە برلین موتالا بکەن و لە بارەی خەرج و پێداویستەکانی لانی کەم بۆ شەش مانگ لێکی بدەنەوە و تا ١٥ رۆژ راپۆرتی کارەکەیان بۆ من بنێرنەوە.

بێ - هەر وەها کاک ئەمیرو کاک سالار بۆیان دیاری کرا کە لە سوید موتالا بکەن و دەرەتانی کار لە بەر چاو بگرن و ئەوانیش راپۆرتی خۆیان بدەنەوە.

٢ -پاش باسێکی زۆر ئەم کەسانەی خوارەوە بۆ دەستەی نووسەرانی رۆژنامە دەست نیشان کران:

« کاک عەزیز، کاک رەحمانی حاجی ئەحمەدی، کاک ئەمیر، کاک سالاری حەیدەری، کاک مەلا محەممەدی خضری، کاک کەریمی حسامی، کاک کەمال میراودلی، رەفیق سابیر، عبدالا پەشێو، دوکتور جەمشید حەیدەری، مصطفی دوزگین، سەرداری خەلکی تورکیا، برایم احمد، دوکتور کمال فوئاد، کاک حوسێنی سەعیدی. »

ئەو هاوالانەی ئامادە بوون موافەقەتیان کرد و وە ئەستۆی خۆیان گرت کە هەر یەکە لە گەل ئەو هاڤالانەی کە لە کۆبوونەوە نەبوون پێوەندی بگرن و بەرنامەی رۆژنامەیان بۆ روون بکەنەوە و ئامادەییان بە بوون یا نەبوون گوزاریش بدەن.

هەر وەها بریار درا کە بەم جورە پێوەندی لە گەل ئەو کەسانە بگیری کە لە کۆ بوونەوەدا ئامادە نەبوون.

الف - کاک ئەمیر لە گەل برایان دوکتور کمال فوئاد و کاک

حوسینی سه‌عیدی

ب - کاک مه‌لا محه‌مه‌د له گه‌ڵ مصطفی دوز کین و دوکتور جه‌مشید حه‌یده‌ری

ج - کاک ره‌حمانی حاجی ئه‌حمه‌دی له گه‌ڵ سه‌رداری خه‌ڵکی تورکیا

د - کاک که‌ریمی حسامی له گه‌ڵ برایان کمال میراودلی، رفیق سابیر، عبدالله په‌شیو، برایم احمد.

که‌وابوو کاک که‌ریم تۆ له گه‌ڵ ئه‌م چوار که‌سه پێوه‌ند بگره و نه‌زه‌ری نهایی ئه‌وان گوزارش بده.

٣ - مه‌تڵه‌بی نیوه‌رۆکی رۆژنامه، که من له ٨ خاڵدا خوێندمه‌وه په‌سند کرا.

٤ - کاک عه‌زیزی مامڵێ به مه‌سئولی ماڵی دیاری کرا که له ژێر چاوه‌دێری شه‌خسی مندا خه‌رجی بکات.

٥ - ئه‌گه‌ر ئه‌و که‌سه‌ی قه‌رار بوو له لای تۆوه بێته کن من و نه‌یه‌ت، هاوکاری من له باره‌ی رۆژنامه‌وه له چوار چێوه‌یه‌کی ته‌نگه به‌ردا ده‌بێ.....»

نامه‌ی صارمخان و بریاره‌کانی کۆبوونه‌وه‌م سه‌یر هاتنه به‌ر چاو. پێم وابوو قسه‌و باسه‌کان هه‌روا له سه‌ر هه‌وا کراون و بریاره‌کانیش بێ هه‌ڵسه‌نگاندنی ده‌ره‌تان و توانا دراون.

جاری صارمخان ناو وئه‌رکی هه‌موو ده‌سته‌ی نووسه‌رانی بۆ نووسیبووم، به لاّم ناوی خۆی نه‌نوسیبوو. هێندێ براده‌ریان دوور به دوور بۆ ده‌سته‌ی نووسه‌ران دیاری کرد بوو که هه‌ر یه‌که له ولاّتێک ده‌ژیان، هیچ پێوه‌ندی سیاسی و ره‌فاقه‌تیکی توند و هاوکاری رۆژنامه گه‌ریان پێکه‌وه نه‌بوه. بۆ نموونه: ماموستا برایم ئه‌حمه‌د، یا دوکتور کمال فوئادو یا دوکتور کماڵ میراودلی که هه‌ر یه‌که له بواری سیاسی و کۆمه‌لاّیه‌تی و

زانستی‌یەوە کار و شوغلی خۆیان هەبوو نەدەکرا بێنَ لە گەڵ رۆژنامەیەکی بێ ناو وتیشان هاو کاری بکەن. لە هەمووی گرنگتر مەسەلەی دابینکردنی موخاریجی دەر چوونی رۆژنامە باسی نەکرابوو. دیارە من بە صارمخانم گوتبوو خەرجی دەرچوونی رۆژنامە دابین دەکەم، بەلاّم ئیتر ئەو خەرجەی کە صارمخان نەخشەی بۆ کێشابوو، کادر و کارمەندو ئیدارە و دەفتەر، ئەویش لە ئوروپا، تە نیا بە دەولەت و یا شەریکەیەکی گەورەو یا حیزبێکی پارە زۆری کوردی دابین دەکرا. من بۆ خۆم وام دانابوو کە کارو تێکۆشانی دەر کردنی رۆژنامە بۆ هاوکارانی رۆژنامە بەشێک دەبێ لە تێکۆشانی سیاسی نیشتمانی و بە گوێرەی تواناش خەرجی پێویست لە بەر چاو دەگیرێ. ئیتر هەر گیز بیرم لە دانی مەعاش و کارمەندو ئیدارە نەدەکردەوە. جگە لەوەش هیچ یەک لە بەشدارانی کۆبوونەوەی پاریس نەیانگوتبوو کە کاری نووسین و رۆژنامە گەریمان لە دەست نایە.

لە سوفیا مامەوە چاوە روان بووم تا بزانم بریاری کۆبوونەوەی پاریس چی لێ شین دەبێ. تا لە ٨٥/١٢/٢٣ ئەم نامەیەی صارمخانم بۆ هات کە نووسیبووی :

« ...... بە دوای دانیشتنی ٩/و.١/١١/٩٨٥ لە پاریس و بە گوێرەی بریارێکی تێکرایی کە درا، دەبوایە برادەران لە بواری موخاریجی رۆژنامە و جێگای موتالاّ بکەن و نەتیجەش رابکەیەنن. بریار درابوو کاک عەزیز و کاک حاجی راپۆرتێک ئامادە بکەن. کاک ئەمیر و کاک سالار و مەلامحەممەدیش بە گوێرەی لێکدانەوەی خۆیان راپۆرتێک بنێرن. نەتیجەی بیرورای هاورێیان بەم جورەیە :

١ - نەزەری کاک ئەمیری بە گوێرەی نامەی ٨٥/١١/١٧ ئاوایە :
موخاریجی گشتی ٣تا٤ هەزار ژمارە، کرێی ئاپارتمان و مەعاشی چوار

کەسان مانگێ ٢١ هەزار کرۆنی سوێدیە. ١٠ هەزار کرۆنیش پێشەکی بۆ کەرستەو کەل و پەلی وەتاغ ر ژوور و شتی تر پێویستە.
تایپێکی سێ زمانی کوردی، فارسی و عەرەبیش بە ١١هەزار کرۆنە. لە بواری چاپ و کاغەز لە سوێد گیرو گرفت نیە. پاش چەند مانگ دەکرێ سەدی ٥٠ی موخاریجی رۆژنامە لە دەولەت وەر بگیرێ.
٢ -بە گوێرەی لێکدانەوەی کاک حاجی ئەحمەدی وەک لە نامەکانیدا هاتوە، خەرجی رۆژنامە لە سێ شاری ئەڵمان بەم جۆرەیە:
برێمن مانگێ ١٣٧٠ مارکی ئەڵمانی
برلین مانگێ ٩٦٦٠ مارکی ئەڵمانی
کۆلن مانگێ ١٠٧٠٠ مارکی ئەڵمانی
لە ئەڵمان کەسیش نیە کاری رۆژنامە بکات مەگەر مەلا محەمەد بێتە ئەڵمان
بۆ تایپیش لە ئەڵمان کەس وەگیر ناکەوێ (بۆ قسەکردن خەڵک زۆرە)!
٣ - کاک سالاری حەیدەری و مەلا محەمەد بە گوێرەی نامەی ٨٥/١٢/١٤ نەزەریان ئەوەیە کە رۆژنامەکە لە برلین چاپ بکرێ باشترە.!
٤ - بیرورای کاک عەزیز و کاک حاجی ئەمەیە کە پاریس شوێنی دەر چوونی رۆژنامەکە بێت. کرێی موخاریج بۆ چاپی ١٠٠٠ ژمارە و مەعاشی چوار کەس و کرێ خانوو لە پاریس ٤٢٢٠٠ فرانگی فرانسەیە لە مانگدا. بۆ چاپی ٢٠٠٠ ژمارەش دەبێ ٣٧٠٠٠ فرانگ لە بەر چاو بگیرێ......»
لەو لێکدانەوەو وکیسە هەڵدرونە هەر سەر سام مام و هەر لەو رۆژەدا نامەیەکم بۆ صارمخان نووسی و لەو هەموو بیروکراسی و نامە پەراتی و ساوەساوە گلەییم کرد و هەر وەها هاتنی فەریدونی میتران و

حامیدی گەوهەریشم بۆ نووسی کە چووم لە ئەستەمبوڵ سەرم داون.
صارمخان لە ۱۹۸٦/۱/۱ نامەیەکی بۆ نووسیبووم کەوا بەشێکی
ئەو بە فارسی بڵاو دەکەمەوە:

«......درمورد مسافرت اخیرتان مطالبی نوشته‌اید که برایم بسیار روشن کننده‌است. من بارها گفته‌و نوشته‌ام، با خروج این رفقا از کردستان مخالفم. حال که ازآنجا بیرون آمده‌اند، بهتراست در ترکیه بمانند که خیلی از کردستان و مسائل آن دور نباشند. آمدن به اروپا جز آنکه آنانرا تبدیل به افراد منفی باف و احیانا پر مدعا و کم مایه‌کند حاصلی ندارد. (لە سەر یەک ئەو بۆ چوونەی چەندە وەراست گەراوە) اگر به نظریات من ارجی میگذارید به این رفقا توصیه کنید که در همانجا بمانند و بگونه‌ای با مسائل کردستان و جریانات در تماس باشند. اگر قرار باشد کمک مالی به آنها بشود باز ارزش دارد. در خصوص مطالبی که درخصوص روزنامه نوشته‌اید لازم‌است اختصارا یادآوری کنم که علاقه شدید شما به‌اینکه درهر حال باید کاری کرد و نباید دست روی دست گذاشت نه تنها خوب، بلکه قابل تقدیراست. از فردی که سراسر عمرشرا وقف مبارزه کرده جز این انتظار دیگری نباید داشت، ولی تلاش و جدیت و مبارزه در حد مقدوراست و امکانات تنها منحصر به نوشتن روزنامه نیست. مثلا کاری که شما در مورد جزوه کورته باس کرده، یا کتابی که اخیرا انتشار داده‌اید، هر یک به نوبه خود شایان تقدیراست. ولی وقتی خواستیم روزنامه‌را انتشار دهیم، واقعا باید به محتوای آن توجه کامل داشت. اینجا دیگر مسئله این نیست که بقول فارسها کاچی به از هیچی است. رزنامه واقعا باید از هر لحاظ پرمایه و پر محتوا باشد تا آن منظوری که شما بآن اشاره کرده‌اید بتواند تامین گردد........»

من ۸٦/۱/۹ وەڵامی نامەی صارمخانم دابۆوە، دیار بوو بە دەستی

نە گەیشتبوو. یەک لە خاسیەتە جوانەکانی صارمخان ئەوە بوو کە نەک هەر وەلامی نامەکانی وەدوا نەدەخست، بەلکوو ئەگەر نامەی منی درنگ بە دەست گەیشتبایە نامەیەکی دیکەی دەنووسی. ئەوە بوو کە لە ۹۸٦/۱/۲. ئەم نامەیەی خوارەوەی بۆ نارد بووم:

دوای ئەحوالپرسی و خەبەری نەساخی وریای کوری نوسیبووی : « .... در مورد روزنامە و برخورد رفقا مطالب نوشتە بودید. در نامە قبلی نوشتە بودم کە من بخوبی نگرانیهای شمارا درک میکنم ولی باید بە واقعیات توجە کرد و بنای کاررا بر واقع بینی گذاشت. رفقائی کە در جلسە مشاورە حظور داشتند نامەی کە اصل آنرا برای شما فرستادە بودم، برای همە آنان ارسال داشتە بودم. فقط بطور اصولی کاک عزیز جواب داد و گفت کە چە مطالبی را بعهدە میگیرد. کاک سالار اصلا جواب نداد، ملا محمد نامە نوشتە بود و تعهدی نکردە بود. کاک حاجی هم همین طور. من درعین حال کە علاقە مندی و عجلە شمارا کە ناشی از علاقەاست تمجید میکنم، با توجە باینکە بنای کاررا بر احتیاط میگذارم. تأخیر۱۵ روز یا یکماە را چندان مهم نمیدانم. من هم با نظر شما موافقم کە برادرانی کە متعهد انجام وظیفەای میشوند باید انجام این وظیفەرا صرفا یک کار بمعنی اشتغال ندانستە بلکە آنرا نوعی فعالیت سیاسی مناسب با شرایط خودشان و اوضاع و احوال فعلی بدانند. اگر اینطور باشد تا حدودی اشکالات کمتر میشود .... از وعدەایکە برای سرکشی دادەاید منشکرم امیدوارم هر چە زودتر عملی گردد...»

وەک لێکم دایەوە سەبرو تێبینی صارمخان و هیچ لە خۆ نە گرتنی برادەرانی بەشداری کۆ بوونەوەی پاریس بۆ دەر کردنی رۆژنامە، دەبێتە هۆی پوچەڵ بوونەوەی تێکۆشانم. بریارم دا بە لای صارمخاندا بچمە سوید و دەست بە کاری رۆژنامە بم. بە تایبەت کە ملامحەمەد بۆی

نووسیبووم کە تایپەکە ی کڕاو وەرگیراوەتەوە و خۆشی خەریکە فێری تایپ کردن دەبێ.

ڕۆژی ٩٨٦/١/٢٤ بە قەتار بەرەو لوزان کەوتمە ڕێ. لە بیلگراد جێگای خەوم گرت و لە گەڵ چوار کەسی خەڵکی ئەلبانی و دانیشتوی لوزان کەوتمە کوپەیەکی قەتار. شەو درنگ گەیشتینە لوزان. گوتیان بەو شەوە تۆ ماڵی برادەرەکەت نادۆزیەوە، شەو لە لای ئێمە بە. بەفر باریبوو، هەوایەکی سارد. گوتم بەم درنگە و بەفرو سەرمایە صارمخان ئەزیەت نەدەم، لای وان مامەوە. شەو هێندێ دۆست و برادەریان هاتن، تا درنگ دانیشتن و خواردن و خواردنەوەیان ساز کرد و پاشان گوتیان تۆ تەنیا لەم ماڵە بمێنەوە و بنوو، تا بەیانی ئێمە دێین و دە تگەێنینە ماڵی برادەرەکەت.

کاتێ ئەوان ڕۆیشتن تەلیفونم کرد بۆ صارمخان و گوتم وا لێرەم، بەلاّم نازانم لە کوێم. لە گەڵ چەند کەسی ئەلبانی بووم، لە ماڵی خۆیان گلیان دامەوە. شوێنەکە نازانم. ئەوان ڕۆیشتوون و ئێستا من بە تەنیا لە ماڵێکم.

صارمخان نارەحەت بوو، گوتی : « چۆن تۆ کاری وات کردوە. تەلەفونەکە ژمارەی چەندە. ؟» ژمارەی تەلیفونەکە نەنووسرا بوو، گوتم ، دیار نیە و نازانم. سبەی تەلیفونت بۆ دەکەم. هەستم کرد نیگەرانە و بەلاّم هیچیش نەدەکرا. بەیانی رابووم، چاوەڕوان بووم تا سەعاتی ١١ نەهاتن. دوای سەعاتی ١١تەلیفونم کرد بۆ صارمخان و گوتم هێشتا کەسیان پەیدا نەبوە. گوتی وا ئێستا خەریک بووم تەلیفون بۆ پۆلیس بکەم. من وا دەڕۆم بۆ ئیزگەی قەتارو تۆ بێرە وێ.

ئەڵبانی پەیدا بوون. نان و چایان ساز کردو سواری ماشینیان کردم بۆ ئیزگەی قەتار، صارمخان چاوە ڕوان بوو.

دوو رۆژان له‌وێ بووم و چه‌ند جارم دووپات کرده‌وه که سه‌ر وتار و مه‌قاله‌ی دیکه بنووسێ له گه‌ڵ خۆمیان به‌رم و بچم ده‌ست به‌کار بم. هیچی نه‌نووسی. گوتم من بۆیه هاتووم بچم خه‌ریکی ده‌ر کردنی رۆژنامه بم. چاوه روان ده‌بم تۆ بۆم بنووسی و بۆم بنێری. هه‌ستم کرد فره سارده له تێوه چونی رۆژنامه. چونکه ئه‌و وه‌ک له یه‌کێ له نامه‌کانی دا نووسیبووی، مه‌رجێکی دانابوو که به ده‌ست من نه‌بوو، پێوه‌ندیشی به ده‌ر کردنی رۆژنامه‌وه نه‌بوو.

له گه‌ڵ ئه‌وه‌ش به دڵ ده‌مویست و ئاواتم بوو که هاوکاری رۆژنامه که بکات و به‌ر پرسیه‌تی نووسین بگرێته ئه‌ستۆ. شاره‌زای قه‌ڵه‌م و لێزانی و لێهاتوویی ئه‌و بووم و ئاشنایه‌تی سالآنی په‌نجاشم له بیر مابوو. هه‌ر چه‌ند له کۆنگره‌ی چواری حیزبی دێموکراتدا، ئه‌وه‌نده‌ی به رێبه‌رایه‌تی حیزبی دێموکرات هه‌ڵا گوت، قاسملووی له خۆ بایی کرد بوو.

رۆژی ۸٦/۱/۲٦ چوومه پاریس، کاک عه‌زیزی ماملێ-ش هیچی نه نووسیبوو. له کۆبوونه‌وه‌ی پاریس کاک عه‌زیز کرا بوو به مه‌سئولی ماڵی. هێندێکم پاره لای به جێ هێشت و چوومه برێن لای حاجی. ناوبراوم رازی کرد که له گه‌ڵ من بێته سوید و ده‌ست به کاری رۆژنامه بێن. هیچ نه‌شم ده‌زانی له کاری رۆژنامه گه‌ریدا چی له ده‌ست دێت یان نا رۆژی ۸٦/۲/۱ سالارو مه‌لا محه‌مه‌دو حاجی ئه‌حمه‌دی و دوکتور جه‌مشید و مسته‌فا دوز گێن دانیشتین له سه‌ر دیاری کردن و نووسینی وتاره‌کانی هه‌وه‌ڵین ژماره باسمان کرد و بۆ سه‌ر وتاریش چاوه‌روانی مه‌قاله‌ی صارمخان بووین. مه‌سه‌له‌ی تایپکردنی وتاره‌کان جێگای باسبوو. مه‌لا محمد چوو بوو له سه‌ر حیسابی رۆژنامه ۱۲۰۰ کرونی دابوو که فێری تایپکردن بێ. فێری لاتینی ببوو، ئه‌ویش زۆر به کۆڵه‌واری. ناچار تایپکردنیش که‌وته سه‌ر شانی خۆم و رۆژی وابوو

تەراوی رۆژ تایپم دەکرد. حاجی ئەحمەدی جارویار دەهات دروسیٚ دێر لێی وەر دەگرتم، ئەویش هەر کۆلْ بوو، کاری وای نەکرد بوو. بەلام چاک بروٚ بە قسەی خۆش و مەسەلە گێرانەوە سەری گەرم دەکردین. لە کۆبوونەوەی یەکەم دا دەر کەوت بێجگە لە دوکتور جەمشید و مستەفا دوزگێن برادەرانی تر توانای نوسینیان نیە. چاوە روانی وتارەکانی صارمخانی بووین نەهاتن. من لام وابوو بە بیٚ وتاری صارمخانیش ئێمە دەبیٚ رۆژنامەکە دەر کەین با کرچ و کاڵیش بیٚ بەرەبەرە فێر دەبین. سالارو حاجی و مەلامحەممەد دەیانگوت بیٚ وتاری صارمخان درکردنی باش نیە. لام وایە ئەمە ئیختلافی سەرەکیمان بوو. ئەمەش لەوە سەر چاوەی دەگرت کە ئەو برادەرانە قەتیان کاری سەر بە خۆ نەکرد بوو، توانای راپەراندنی کاری ئەو تۆیان نەبوو، دەبوایە بە قەولی کاک عەزیزی مامڵیٚ :(یەکێک مەعموریەتیان بداتیٚ).!

٨٦/٢/١٢ تەلەفونم بۆ صارمخان کرد و گلەییم لێکرد کە تا ئێستا وتاری بۆ نەناردووین. دیسان بەڵێنی دا. وتارەکانی دیکەمان ئامادە کردن و هێندی کاری فۆتۆ کۆپیمان هەبوو سالار لە جیٚ کارەکەی خۆی جی بەجێی کرد و لە بەر بیٚ سەر وتاری و نەهاتنی وتاری صارمخان دامابووین. من لە سەر ئەوە سور بووم کە رۆژنامە بدەین بە چاپ، حاجی و مەلا محمد موخالیف بوون و رایان گرتبوو.

ئاخرەکەی رۆژی ٨٦/٢/٢٥ دوو وتاری صارمخان بە فارسی و وەر گێراوەیەکی عەزیزی مامڵیٚ گەیشتن و ئەم نامەی خوارەوەی صارمخانیشیان لەگەڵبوو:

« برادەری گرامی و ارجمند کاک کریم. با سلام و تجدید ارادت دومین نامەتان با پست اکسپرس رسید. از سلامتی شما شادمان و از تلاشی بیٚ وقفە کە برای روزنامە بخرج میدهید بنوبە خود سپاسگذارم.

باختصار نظراتم را می نویسم:

۱ - همانطور که بارها کتبا و شفاها یادآوری کرده‌ام کار روزنامه وقتی سامان می گیرد که چند کادر تمام وقت داشته باشد. محل مناسب و وسایل اولیه مورد نیاز تهیه گردد.

۲ - ممکن‌است با فیداکاری و زحمت شما یکی دو شماره راه بیاندازید. اما این نه درست‌است و نه می تواند سر انجامی داشته باشد.

۳ - رفقا هر یک تعهد کرده بودند که با افرادی بمنظور مشارکت در کار نوشتن مذاکره کنند. آن تعهدات کجا رفته‌است.

٤ - من صورت مندرجات روزنامه‌را به همه دوستان داده‌ام. هر یک باید به تناسب ذوق و استعدادشان یکی از مطالبرا انتخاب کنند. ودر باره‌آن مقاله تهیه کنند. یا رپرتاژ و خبر و غیره. صحیح نیست که من تعیین کنم که چه کسی در چه زمینه‌ای مقاله بنویسد.

۵ - دو مقاله تهیه کردم لفا همراه مقاله کاک عزیز و نوشته‌خیری خودتان ارسال میشود .... »

دوای نامەی صارمخان کە کورت کراوەتەوە، خەریکی ماشین کردنی وتارەکانی ئەو بووم. تەلیفونم کرد بۆ کاک حەمید نەورۆز کە بۆ دۆزینەوەی چاپخانەیەک یارمەتیمان بدات. پێویستە گەلێک سوپاسی بکەم کە یارمەتی زۆری داین. من دەبوایە وێرای تایپکردن سەر وتاری یەکەمین ژمارەش بکەم بە کوردی کە صارمخان بە فارسی نووسیبوو. لە کۆبوونەوەی پاریس ئامانج و ناوەرۆکی رۆژنامەکە بەم جۆرە پەسند کرا بوو:

۱ - سەر وتار

۲ - دەنگو باسی بەربەرەکانی هێزە کوردستانیەکانی سەر گۆرەپانی خەبات کە دژی رێژیمە داگیرکەرەکان شەر دەکەن. بلاو کردنەوەی بلاوۆکی

ئەم حیزب و رێکخراوانە.

٣ - بارو دۆخی بەشەکانی کوردستان و بڵاو کردنەوەی دەنگ و باس و لە قاودانی جنایەتی رژێمە داگیر کەرەکانی کوردستان

٤ - دەنگە و باسی بارودۆخی کوردە ئاوارەکان لە هەر شوێنێ دەستمان پێ رابگات

٥ - زیندوو کردنەوەی یادی قارەمانانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان وباسی خەبات و بەر بەرەکانی و تێکۆشانی سیاسی یان

٦ - وتاری نووسراو یا وەر گەراو لە بارەی خەباتی دژی ئیستعماری و کەلک وەر گرتن لە ئەزمونی خەباتی نەتەوەکانی تر

٧ - بەشی ئەدەبی چیرۆک و شیعر و پەخشان

٨ - وەرگیراوە لە چاپەمەنیەکانی کوردی و بێگانە

ئامانج و ئارمانی رۆژنامەی (سەر دەمی نوێ) لە سەر وتاری یێکەم ژمارەدا ، دوای ئاورِ دانەوە لە کولتور و مێژوو و خەبات و بەربەرەکانی نەتەوەی کورد بەم جۆرەی خوارەوە دیاری کرابوو :

« ... بڵاو کردنەوەی ئەم رۆژنامەیە هەوەڵێن هەنگاوی نووسەرە کانیەتی بۆ بە جێ گەیاندنی ئەم ئەرکە نیشتمانی و ئینسانیە. لاپەرەکانی ئەم رۆژنامەیە گشت لایەنی ژیانی تاڵ و داخداری رۆژانەی خەڵکی کوردستان بە بێ غەرەز و بە راستی بڵاو دەکەنەوە.

رۆژنامەی « سەر دەمی نوێ» بۆ هیچ ئیدیۆ لۆژێکی تایبەت پروپاگاندە ناکات. هەر لەو کاتەشدا بیرو باوەری پێشکەوتوخوازانە و بەشەر دۆستانە رێز لێ دەگرێ و لە گەڵ کۆنە پەرستی لە هەموو قالب و شکڵ و شێوەیەکدا خەبات دەکات و شەرِیەتی. بە شێوەیەکی لە ئاشتی نەهاتوو لە گەڵ تەبلیغاتی کۆنە پەرستی و گومان بڵاو کەرەوە بەر بەرەکانی دەکات.

له لاپه‌ره‌کانی ئه‌م روژنامه‌یه‌دا، بو لیک ده‌ر کردنی سیاسی و ده‌سته به‌ندی حیزب و رنکخراوه کوردیه‌کان جیگایه‌ک نیه.

« سه‌رده‌می نوێ » له کیشه‌ی نیو حیزب و رنکخراوه‌کاندا، دیفاع له هیچ حیزب و ده‌سته‌و رنکخراوه‌یه‌ک ناکات. مه‌گه‌ر ئه‌و دیفاعه مافی ره‌وای هاو به‌شی ته‌واوی خه‌ڵکی کوردستان بگریته‌وه. به لاَم هه‌ر له‌و کاته‌شدا به بیٚ به‌زه‌یی و به شیوه‌ی مه‌نتیقی ئه‌م کرده‌وه‌و هه‌ڵونستانه ده‌کوتیٚ و له قاویان ده‌دا که کوسپ بخه‌نه سه‌ر رنگای مافه ره‌واکانی نه‌ته‌وه‌ی کورد، جا له لایه‌ن هه‌ر که‌سیکه‌وه بیٚ.

روژنامه‌ی « سه‌رده‌می نوێ » لایه‌نگری شیلگیری سه‌قامگرتوویی دیموکراسیه له کوردستاندا و له مافی گه‌لانی دانیشتووی ئیران و عیراق و تورکیا بو گه‌یشتن به ته‌واوی ئازادیه‌کان و مافه مرؤڤایه‌تیه‌کان دیفاع ده‌کات. گومانی له‌وه‌دا نیه که ریز گرتن له‌م مافانه و له ئازادیه دیموکراتیه‌کان له گشت بارنکه‌وه باشترین ده‌سته به‌ری پاراستنی سه‌ر به‌خویی نیشتمانی یه.

روژ نامه‌ی « سه‌ر ده‌می نوێ » به گه‌رمی برایه‌تی گه‌لانی کورد و تورک و فارس و عه‌ره‌ب و که مایه‌تیه‌کانی تر لایه‌نگری ده‌کا و دژی ده‌نگو و پرو پاگانده‌ی ژاراوی ره‌گه‌ز په‌رستانه وناسیونالیزمی هه‌ڵه‌شه‌و وشکه رو خه‌بات ده‌کا. ئیمه ده‌ستی برایانه‌ی حیزب‌و رنکخراوه پیشکه‌وتخوازه‌کانی ئه‌م ولاَتانه ده‌کوشین و به گویره‌ی توانا له ئامانجه ره‌وا و ئینسانیه‌کانیان دیفاع ده‌که‌ین. دوست و دوژمنی جولاَنه‌وه‌ی رزگاریخوازی کورد ده ناسینن. هه‌قانیه‌تی مه‌سه‌له‌ی نه‌ته‌وه‌ی ۲۰ میلیونی کورد که وه‌ک هه‌موو نه‌ته‌وه‌یه‌ک مافی دیاریکردنی چاره‌نووسی به ده‌ستی خوی هه‌یه، روون ده‌که‌ینه‌وه. نووسراوه‌ی چاپه مه‌نیه‌کانی جیهان له سه‌ر وه‌زعی مه‌سه‌له‌ی کورد، ئه‌وه‌نده‌ی پیوه‌ندی به بردنه پیش

و روونکردنەوەی جولانەوەی رزگاریخوازی کورد هەبی‌بلاو دەکەینەوە.»

رۆژی ٤/٣/٩٨٦ بە یارمەتی کاک حەمید نەورۆز رۆژنامەکەمان لە ١٦ لاپەرەدا، دا بە چاپخانەیەک بە رەش بۆمان چاپ کات. کاتێ وەرمان گرتەوە وەک لاتینی لە چەپەرا دەست پێکرا بوو. زۆر ناخۆش بوو. جگە لەوە کاغەزەکەی کاغەزی رۆژنامە نەبوو. بەلام تازە هیچ نەدەکرا. هەوەڵی کار و ناشارەزا. لە دوای سالارمان نارد کە بێ دانیشێن لە گەم و کوری رۆژنامەو هەڵەکاغان بکۆلینەوە، نەهات و ئێستاش نەهات.! ئەوانەی لە سوید دەژیان و شارەزای داب و شوێنی سوید بوو، لایان وابوو ئەگەر رۆژنامەیەک بە رەسمی لەسوید تۆمار بکرێ، دوای شەش ژمارە دەر چوون بە رێک و پێکی لە لایەن شورای کولتوری سویدی‌یەوە یارمەتی پێدەکرێ. بەو شەرتە خاوەن ئیمتیازەکە لە سوید بژی، واتە ئیقامەی سویدی هەبێ. ئەودەم من ئیقامەم نەبوو، وەک توریست لە سوید بووم. مەلا محەمەد سویدی نەدەزانی و نەخۆشیش بوو. بە ناچار هاتینە سەر ئەو باوەرە کە بە ناوی دوکتور جەمشیدی حەیدەری ئیجازەی دەرکردنی رۆژنامەی « سەر دەمی نوێ » وەر بگرین. چوونە شوێنی پێویست، ٥٠٠ کرۆنم داو دوکتور جەمشید بوو بە خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی « سەردەمی نوێ ».

پێویستە وەبیری خەمەوە لە کۆبوونەوەی پاریس ناوی « ئاگری » یان بۆ رۆژنامە لە بەر چاو گرتبوو. لە ئاخر سەفەردا کە دەچووم بۆ سوید، باسی ناوی رۆژنامەمان کرد. صارمخان گوتی بۆ ناوی رۆژنامەکە «زەمانی نوێ »م پێ باشترە، بە کوردی دە بێتە چی؟ گوتم : زۆر جوانە، دەبێتە « سەر دەمی نوێ ». کە چوومە سوید برادەرانی سویدیش پێیان باشبوو پەسندیان کرد.

دوای بلاو کردنەوەی هەوەڵین ژمارەی رۆژنامە بەم کەم و کوری‌یە، من

پاسپۆرته‌که‌م ماوه‌ی ئیعتیباری ته‌واو ده‌بوو، ده‌بوایه ڕێگای درێژ کردنه‌وه‌ی بدۆزمه‌وه. پێویست بوو بچمه‌وه سۆفیا. یه‌ک دوو وتارمان ئاماده کرد و حاجی ئه‌حمه‌دیش گوتی منیش سه‌رێکی ئه‌لمان ده‌ده‌م و دوایه ده‌گه‌ڕێمه‌وه بۆ سوید.

ڕۆژی ۸٦/۳/۱٠ له گه‌ڵ حاجی که‌وتینه ڕێ، له بیرلین پاره‌یه‌کم دا به حاجی و ڕۆژی ۱۲/۳/ گه‌یشتمه‌وه سۆفیا، دیتم دوو نامه‌ی صادق وه‌زیری-م بۆ هاتوون. **صارم خان له نامه‌ی (۸٦/۳/۱۱) پیستی ئه سفه‌ندی ٦٤» که‌وا هه‌ر به فارسی بلأوی ده‌که‌مه‌وه نوسیبووی:**

«.... برادر ارجمند و گرامی کاک کریم. نامه مورخه ۸٦/۳/۵ که از سوید ارسال داشته بودید رسید. هنوز از کاک حاجی خبری نداشته‌ام. نمیدانم در سوید مانده یا به المان بر گشته‌است. نظر من این‌است که این برادران برای این کار ها باید تربیت شوند. رفقا تا کنون فقط حرف زده‌اند. هیچگاه کار جدی نکرده‌اند. باید فکری کرد که این جریان عوض شود.من و شما معلوم نیست تاکی زنده بمانیم. این رفقا باید بهر ترتیب جای قدمارا بگیرند. با تمام اینها هنوز من نمیدانم حاجی نظر خودرا چرا اعلام نکرده‌است. همین الان که ساعت ده‌و نیم‌است، کاک عزیز از پاریس تلفون میکند گویا کاک حاجی بایشان تلفون کرده و معلوم میشود که برای همیشه سویدرا ترک کرده‌است و نمیخواهد با روزنامه همکاری کند!

کاک کریم عزیزا وقتی که من با همه اصرار میگفتم که باید تشکیلات جدی داد و اشخاص را واقعا استخدام کرد برای این بود. الان از همه کسانی که شما اسم بردید کسی باقی نمانده جز ملا محمد بیچاره که لابد او هم در رو دربایستی‌است !

من هیچگاه تا این اندازه خوش خیال و خوش باور نبوده‌ام که با این

طنابهای پوسیده به ته چاه بروم و آبروی خودرا بریزم. از کاک عزیز خواهش کردم اگر میتواند برای چاپ شماره دوم به سوید برود. نمیدانم چ خواهد شد. بهر حال مسئولیت همه این جریاناترا من از شخص شما می بینم که با وجود آشنائی چندین ساله با این اشخاص فریبب خوردهاید و کار جدیرا با وعدههای میان تهی مشتبه ساختهاید. اکنون دیگر خود دانید با این ترتیب من حاضر به همکاری نخواهم بود. همین و همین...برادرت صارمالدین»

صارمخان لەوەدا بە تەواوی هەقی بوو. لەگەڵ تەنافی رزیو کەوتبوە چاڵ و منیش فریوم خوارد بوو، وەک خۆی دەنووسێ. بەڵام من بە ئابرو چوونم نەدەزانی. لام وابوو پێویستە درێژە بە کار بدەین و هەڵەکان راست کەینەوە .

لە نامەی دووەم دا کە دوای پێنج رۆژ نارد بووی، نوسیبووی: «...... پاش ۹ رۆژ رۆژنامەکەم پێگەیشت. لە پێشدا بیروڕای خۆمت بۆ دەنووسم :

١ - کاغەزی رۆژنامەکە باش نیە و دەبێ کاغەزەکە بگۆردرێ.

٢ - پیتەکان درشتن و بۆ کتێب دەبن. دەبێ ورد تر بن تا جێگای زیاتریش بێتەوە.

٣ - هەڵەی چاپی زۆرە. وتارە فارسیەکە هەڵەی زۆرە.

٤ - وەر گەراوەی سەر وتار وادیارە پڕ بە پێستی نیە.

٥ - وتارە فارسیەکەی من دەبێ دەقەکەی چاپ بکرێ. ئەگەر پێویست بوو وەرگەڕاوە کوردیەکەش لە هەمان لاپەرەدا بێ. کە وابوو سەر وتاری ژمارە دووەمیش هەر دەبێ بە فارسی بێ.

٦ - نازانم بۆ چی لە چەپەوە دەست پێکراوە، واتە ئاوەژو کراوەتەوە.

٧ - نەخشەکەی زۆر خەراپە، وادیارە نەخشە کێشی باشمان نیە.

بۆ کاک عەزیزم نووسیبوو کە بۆ چاپی ژمارە دوو بچێتە سوید. نازانم چوە یان نا. کاک حاجی تەلیفونی بۆ کردم و لە بارەی خۆیەوە چەند قسەی کرد و قەولی دا شەمۆ یا یەک شەمۆ بێتە لای من، بە داخەوە نەهات و تەلەفوونیشی نەکرد. هەر چۆنێک بێ رۆژنامەکە ئەوە نیە کە من گەرەکم بوو. من نازانم کێ دەستەی نوسەرانی وە ئەستۆ گرتوە. لە تۆ و لە کاک عەزیز بەدەر لە گەڵ کێ قسە بکەم. برای خۆشەویست ئاوایە بەرهەمی تاڵوکەی تۆ. دەزانی کە بە راستی حەیسیەتی شەخسیم کەوتۆتە مەترسیەوە.... بیست و پنجم اسفند ٦٤»

سەبارەت بە نەبوونی پاسپۆرت، لە سۆفیا مامەوەر رۆژنامە بە سەر مەلامحەممەدو دوکتور جەمشیدی دا کەوتەوە. سارمخان وەک لە نامەکەی دا دەنووسێ مەعمووریەت دەدا بە کاک عەزیزی مامڵێ کە بۆ یارمەتی دانی ژمارە دووەم بچێتە سوید. کارم بە وەنیە کە لەم هاتو چۆیەدا من لە بەر صەرفە جویی بۆ خەرجی رۆژنامە یەک جاریش سواری فرۆکە نەبووم و هەر بە قەتار هاتوو چۆم کردوە، کاک عەزیز کە بە قسەی خۆی : مەعموریەتی وەر گرتبوو، بە فرۆکە بە خەرجی ٨٨٦ دۆلار لە سەر حیسابی(خەنجەر لە کایە) دە چێتە سوید. لە گەرانەوەدا راپۆرتێک بۆ سارمخان دەنووسێ و تەواوی دیزەو گۆزەی رەشی کەم و کوری رۆژنامە لە سەری مندا دەشکێنێ و گۆیا چونکە من لە گەڵ رۆژنامەکەدا خەڵک لێی دە پرنگێنەوە، لە کاتێکا تازە یەک ژمارە دەرچوو بوو. لە سەر بناخەی راپۆرتی کاک عەزیز کە ئێستاش نازانم بۆ چی ئەوەی کرد بوو، سارمخان زۆر بە دڵگیری و بە تورەیی نامەیەکی نووسیبوو خەتاو تاوانی « درنگی گەیاندنی پۆست و هەڵەی چاپی و خەراپی کاغەز و نەخشەی خەراپ و هەموو شتێکی هاویشتبوە سەر ئەستۆی من و لە ئاخریشدا ئەمری کردبوو: « فەورەن بگەیە لۆزان» بە راستی لە نووسینی نامەی

صارمخان سەرم سور ما. لە هەمووش سەیرتر نووسیبووی:« راپۆرتی کاک عەزیز نەزەری هەموو برادەرانە» تازە بۆم دەرکەوت کە صارمخان راست دەکا کە دەنووسێ:« سەرە رای ناسینی چەند ساڵەی ئەوان فریوت خواردوە.» پاسپۆرتم نەبوو دەنا سەبارەت بە ڕێزم بۆ صارمخان فەورەن دە چوومە لوزان. کە نەمتوانی، ناچار وەڵامی نامەکەم دایەوە و نووسیم تا ئەو دەستەی نووسەرانە هەموویان کۆ نەبنەوەو خەتاو تاوانەکانی من دیاری نەکەن، لەگەڵ ئەوانە هاوکاری ناکەم.

نامەی من بۆ صارمخان، ٨٦/٣/٢٣:

« ...پاش سلاو وئیحترام.... نامەوێ بە درێژی بچمە نێو باس و سەرت بێشێنم. نەزەری جەنابت بە تەواوی راستە و مەسئولیەتی تەواوی ئەم کارە بێ جێیە(کە هەوڵم داوە ئیمکانی دەرچوونی رۆژنامەیەکی کرردی پێشکەوتو خواز وە دەست بێنم و بە خەیاڵی خۆم لە م رێگایەوە خزمەتێکی پچوک بە جولانەوەی کورد و زمانەکەی بکەم) لە ئەستۆی منە.

مە سئولیەتی ئەوەشم لە ئەستۆیە کە وەک دەفەرمووی فریوی قسەو ئیشالی ئەو کەسانەم خواردوە. لەم بارەوە داوای لێبووردن دەکەم. بەڵام ئەگەر رۆژێک نامەکانی کاک عەزیز و سالا ر و حاجی و مەلا محەمەدت نیشان بدەم کە لەم بارەوە چی‌یان بۆ نوسیوم و چۆن فشاریان بۆ هێناوم. گومانم نیە دەم بەخشی.

بەڵام یەکجار لەوە بە داخم کە نووسیوتە بە بەشداری و یا نووسینی وتارێک بۆ رۆژنامەو یا کۆ بوونەوەیەک لە پاریس لە گەڵ ئەم کەسانە(ئابروت چوە)، نامەکەشت بە ئولتیماتوم« اکنون دیگر خود دانید. بابن ترتیب من حاضر بهمکاری نخواهم بود همین وهمین» کۆتایی پێ هێناوە.

هاورێی بەرێزا من ئیحترامێکی لە رادە بەدەر بۆ تۆ قایل بووم. وەک

نوسیوتە دیارە من فریوم خواردوەو بووم بە هۆی ئەوە کە جەنابت « با این طنابهای پوسیدە بە تە چاە بروی و آبروی خودا را بریزی» لەوەش زۆر معذرت دەخوازم و هیوا دارم عەفوم بکەی.

لە سەر ئەم حالەشەوە پێم خۆشە ئەوەت عەرز بکەم کە من نەدەرچوونی رۆژنامە و نە کەم و کوری کە باست کردوون و نە بێ وەعدەیی و واز وازی ئەم برادەرانە، هیچیان بۆ خۆم بە ئابرو چوون نازانم. نەک هەر ئەوە بەڵکو شانازیشی پێوە دەکەم کە سەرەرای ئەو هەموو ناتەواویە توانیومانە رۆژنامەیەک دەربکەین کە لە چاپەمەنی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان خوێنەری زیاترە.

من زۆرم هەوڵ داوە کە ئیمکانی دەر چوونی رۆژنامەیەک وەدەست بێنم کە لە وەزعی ئیمرزی جولانەوەی رزگاریخوازی کوردا ربنیازێکی پێشکەوتو خوازانەی هەبێ. جابا حاجی و سالاریش هاوکاری نەکەن، درێژە بە تێکۆشانی خۆم هەر دەدەم. با ١٢ لاپەرە نەبێ، ٨ لا پەرە بێ. با ١٥ رۆژ نەبێ، مانگانە بێ. مرۆڤ چی لەتوانا دا هەبێ ئەوەی دەکات. ئەم کەم و کوریەی کە ئێستا هەیە لام وایە نامێنێ، ئەگەر هەشبێ ئابروومی پێ ناچێ. کاتێ بە ئابرو چوونی دەزانم کە دژی جولانەوەی میللەتەکەم شتێک بنووسم، یا هەنگاوێک هەڵێنم. یا لە گەڵ دوژمنانی میللەتەکەم ساخت و پاخت و هاوکاریم هەبێ و بە زیانی میللەتە بەشخوراوەکەم بجوڵێمەوە.

ئێستا بەوە نارەحەتم کە تۆم نارەحەت کردوە و تووشی ئەم کارەساتە بووی کە بە « ئابرو چوونی دەزانی ».

ئەوەش بۆ من دەرسێکی دیکە بوو. حاجی کە لە گەڵ من گەرایەوە قەولی دا پاش دوو رۆژ بچێتەوە سوید. داوای ١٠٠٠ دۆلار مانگانەی دەکرد. خۆ ئەگەر لە بواری رۆژنامە گەریدا هیچی لە دەست هاتبایە،

دیسان شتێک بوو، بەلام گوتم بچوو لە گەلٚ صارمخان باسی بکە. بۆ ئاگاداریت لەو مانگەدا کە حاجی لە گەلٚ من لە سوید بوە، بێنجگە لە موخاریجی خواردن و هاتو چۆی نێو شار، ...۲۰ کرۆنی نەغد لە مەلا محەمەد وەر گرتوە. ...۳ دۆلاری لە من وەر گرتوە. ۱۲۵ دولار کرێی سەفەری بوە، ئەمدەویست باسی ئەوانە بکەم بەلام بۆ ئاگاداریت لە موخاریجی رۆژنامە بە پێویستم زانی. من لە هەوەڵەوە بە تۆم گوت کە بۆ ئەم کارە مرۆ دەبێ هەستێکی خزمەت بە نیشتمانیشی هەبێ، نەک هەر مەعاش وەر گرتن. ئێستا کە ئەوە نابیندرێ دیسان هەر خۆم بە خەتا بار دەزانم. لە وەلامی نامەی بیست و پێنجی ئەسفەندا هیچ نانووسم ئەواتەی نووسیوتن هەموو راستن و نامەوێ پتر سەرت بێشێنم ....ئەگەر مە سەلەی پاسپۆرتەکەم بۆ عیلاج بکرێ، دەچمەوە سوید و لە گەلٚ هەموو ناتەواویەک کاری رۆژنامە درێژە پێدەدەم. هیوا داریشم ئەوەندەی زیان بە شەخسیەتی تۆ نەگات، رێنوێنیمان بکەی و لە فیکرو قەلەم و رێنوێنی جەنابت بە قازانجی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد کەلک وەر بگرین.»
برات کەریم ۹۸٦/۳/۲۳ »

من پێم خۆشبوو ئەم فەرمانەی صارمحان ئەنجام بدەم و «فەورەن بچمە لوزان»، بە لام بێ پاسپۆرت سەفەر نەدەکرا. بە ناچار رۆژنامە کەوتبوە سەر شانی مەلا محمدو دوکتور جەمشیدی. دوای ئەوەی پاسپۆرتەکەم عیلاجی کرا و هاتەوە دەستم ، گەرامەوە بۆ سوید و دیسان لە ماڵی ملا محەمەدی مامەمەوە. صارمخانیش سەرەرای تورە بوونی وتاری دەناردن و ئێمەش نووسراوەکانی خۆمان بۆ دەنارد و چاوی لێ دە کردن. هەر چۆنێک بێ ئێستا ئیتر رۆژنامە کەوتبوە کار و کاک ناسری ئیبراهیمیش خوای تەعالا و دوکتور کەمال عەلی گەیاند بوویان، وەک تایپیستێکی شارەزاو روح سوک و لاوێکی دڵسۆزی کوردو نیشتمانپەروەر، بۆ

تاپیكردن یارمه‌تی ده‌داین‌و ژماره پێنجی رۆژنامه‌شمان دابوو به چاپ، له پر نامه‌یه‌كی صارمخان هات كه به تاریخی نوزدهم تیر ماه ١٣٦٥(١٩٨٦/٧/١٠) بۆ عه‌زیزی مامله‌ و مه‌لا محه‌مه‌دی نوسیبوو، گوتبووی « ...... وه‌ک ئه‌ندامی ده‌سته‌ی نووسه‌ران هه‌ر ئێوه ماون. كه وابوو ئه‌م رۆژنامه‌یه به‌م شێوه‌ی ئێستا ناتوانێ درێژه به ژیانی خۆی بدات. ناوی ئه‌و رۆژنامه‌یه من پێشنیارم كردوه. كه وابوو ئه گه‌ر كه‌سێكی دیكه ویستی رۆژنامه ده‌ر بكا، ده‌بێ ناوێكی دیكه‌ی لێ بنێ، ده‌نا ده‌سته‌ی نوسه‌ران و به تایبه‌ت من كه سه‌ر نووسه‌ر بووم مافی ئه‌وه‌ی هه‌یه به‌یانی له سه‌ر ده‌ر بكات. دیاره ئه‌وه‌ش به قازانجی ئه‌و كه‌سانه نیه كه بیانه‌وێ رۆژنامه ده‌ر بكه‌ن. تكاتان لێ ده‌كه‌م كه : یه‌كه‌م حیسابی راستی ئه‌و پێنج ژماره‌یه ئاماده رابگرن كه له كاتی خۆی دا چاپ و بلاْو بكرێته‌وه. دووه‌م ئارشیوو پێشینه رابگرن و به باشیش پارێزگاری لێ بكه‌ن تا ئه‌گه‌ر رۆژێک و رۆژگارێک ده‌ره‌تانی بلاْو كردنه‌وه‌ی رۆژنامه هه‌بوو، له به‌ر ده‌ستمان بێت. سێ‌یه‌م ماشینی نوسین و كه‌ل و په‌لی كڕاو بۆ رۆژنامه ئاماده به كار و بیپارێزن. دوو هه‌زار دولاریشم قه‌رز كردوه داومه به مه‌سئولی مالی، خۆم ده‌یده‌مه‌وه...... » دیاره روونوسی نامه‌كه‌ی بۆ منیش نارد بوو.(دوو هه‌زار دۆلاره‌كه‌شی كه دابوو به مه‌سئولی مالی له منیان وه‌ر گرته‌وه).

ده‌بوایه چبكه‌م؟ نامه‌یه‌كی چه‌ند لاپه‌ره‌ییم بۆ صارمخان نووسی و له ئاخری نامه‌كه‌ش دا نووسیم: « ده بوایه دوو پێشمه‌رگه‌ش بنێری ئه‌و تایپ و گه‌ل و په‌لی نووسین‌و شتی رۆژنامه كه من به پاره‌ی خۆم كڕیومن، ده‌ستیان به سه‌ر دابگری..... » سه‌رم سوڕ مابوو، بیرم كرده‌وه دیاره ئه‌وه خاسیه‌تی كورده. كابرا با حقوقی و قازی عه‌دلیه‌ش بێ، هه‌وای زۆرداری و داگیر كردنی له سه‌ری‌دا هه‌ر هه‌یه. به داخه‌وه دوای

ئەو نامەیە صارمخان نەک هەر لە هاوکاری لە گەڵ رۆژنامە وازی هێنا، بەڵکوو هەموو پێوەندییکیشی لە گەڵ من پچراند. هۆی بنەرەتیش وەنەبێ کەم و کوری کاری رۆژنامە و نامەی عەزیزی ماملێ بوو بێت. هۆیەکەی دەگەرێتەوە بۆ ویستێکی صارمخان کە داوای لە من کرد بوو ئەنجامی بدەم، لە کاتێکا هیچ لە دەستی من نەدەهات و کارێک نەبوو کە بتوانم رایپەرێنم. هەر وەک پێشتر لە نامەی (دوشنبە یازدهم نوامبر ١٩٨٥ دا بۆی نووسیبووم "« اگر ان کسی ک قرار بود از طرف شما نزد من بیاید نیاید و کار اصلی سروسامان نگیرد همکاری من در مورد روزنامه نیز در چهار چوب محدودی خواهد بود... » دیارە ئەم داخوازەی پێک نەهاتوە و نامەی کاک عەزیزی ماملی-ی کردبوە بیانوو بۆ کشانەوە لە هاوکاری رۆژنامەی (سەردەمی نوی) بە شێوەیەکی کە لەئەو چاوە روان نەدەکرا.

دیسان ماڵی مەلا محەمەدی خضری ئاوەدان بێ، نازانم چۆن بوو ئەو فەرمانەی صارمخانی رانەپەراند و دەستی بە سەر شتەکاندا نەگرت. بەڵام بە دوای نامەی صارمخاندا، مەلامحەمەد لە ١٩٨٦/٧/٣. دا، ئەم نامەیەی خوارەوەی بۆ صادق وەزیری نووسی:

« زۆر بە رێز کاک صارم خان

وێرای سڵاو وئیحترام داوای ساخیو سەر کەوتنتان بۆ دەکەم و هیوادارم خۆش و بە کەیف بن. سڵاوی تایبەتیم هەیە بۆ خانمێ و کاک وریا.

بە رێز ئەوە لە سەر داوای جەنابتان سورت حیسابی رۆژنامەی « سەر دەمی نوێ »م ناردە خزمەتتان. لە رۆژی هەوەڵەوەرا کە تایپ کراوە تا دەر چوونی ژمارە ٥ و پێچانەوەی و بەری کردنی بە تەواوی بەم جورەیە !

١ ئه‌و پاره‌ی من وه‌رم گرتوه بۆ خه‌رجی رۆژنامه هه‌تا رۆژی ١٩٨٦/٧/٢٣ بۆته ٧٤٩٥٧ کرون، ئه‌مه به پاره‌ی سویدی بۆته ئه‌وه‌نده.

٢ - خه‌رجی رۆژنامه به کرینی ٢ تایپ و ته‌لیفون و پۆست و چاپ و بوونی کاک حاجی لیره‌و خۆم بۆته ٧٢٦٥. کرون. (بۆ یاد ئاوه‌ریتان له‌م پاره‌یه ٩٤٠٠ کرۆن من خه‌رجم کردوه. پاره‌ی ته‌لیفونیش هه‌تا ٦/٢٥/ دراوه.)

٣ - له جه‌معی ئه‌و پاره‌یه ٣٥٤٩٩ کرون له کاک که‌ریم وه‌ر گرتوه، یاقی تر دیاره له مه‌سئولی مالی کاک عه‌زیز وه‌ر گیراوه.

ئه‌مه بوو به کورتی سوره‌ت حیسابی رۆژ نامه‌ی « سه‌ر ده‌می نوێ » و هه‌ر کاتی به پێویستت زانی ده‌فته‌ره‌که ی حیساب بۆتان ده‌نیرم دیاره ده‌فته‌ره‌که تۆزێک گه‌وره‌یه. حیسابی ژماره ٦ من نایکه‌م ئه‌وه لیره‌دا حیسابه‌که ده‌ده‌مه‌وه به کاک که‌ریم. ئیتر جارێکی ده‌سته‌کا نتان ده‌کوشم و سه‌ر که‌وتوو بن.برای چوک و موخلیس محمد خضری . ١٩٨٦/٧/٣ »

نامه‌ی مه‌لا محه‌مه‌دی له راستیدا جوابکردنی من بوو. به‌لام دانم به جه‌رگی خۆم داگرت و خه‌ریکی ته‌واو کردنی ژماره ٦ ی رۆژنامه‌که بووم تا رۆژی ٨٦/٨/٤ مه‌لا محه‌مه‌د نامه‌یه‌کی دیکه‌ی بۆ نوسیم و گوتبووی :« چیتر هاوکاری رۆژنامه ناکه‌م و مانگێ ٣ هه‌زار کرۆنیش وه‌ر ناگرم. » نامه‌که‌ی وێدام و منی به ته‌نیا به‌جێ هێشت و چوه کن کاک عومه‌ری کوری کاک سه‌ید حه‌سه‌نی هاشمی. (راست ئه‌و کاره‌ی من و خیزانم له سۆفیا به ته‌خۆشی له گه‌ڵ مه‌لا محه‌مه‌د مان کرد بوو)!!

ئیتر مانه‌وه‌م له‌وێ نه‌ده‌کرا. رۆژی ٨/١٣/ ٥٠٠ دۆلارم بۆ هه‌قی ته‌لیفون دایه، ١٥٠٠ کرۆنم هه‌قی ١٥ رۆژان و ١٤٠٠ کرۆنم هه‌ق خواردنی خۆم دایه‌و هه‌ر ئه‌و رۆژه کاک که‌ریم سه‌نجاری هه‌ر وه‌ک پیاوه‌تی و یارمه‌تی جارانی له‌گه‌لم هات، تایپ و (دیاره هه‌ر یه‌ک

تایپیش) کەل و پەلی نووسین و شتی رۆژنامەی لە ماڵی مەلا محەمەدی خزری‌یەوە بۆ هێنامە ماڵی کاک فەهد گەردەوانی . ماڵەکەی فەهد کە تاقە ژوورێک بوو، بوو بە ماڵ و دەفتەری رۆژنامەو جێگای کار و میوانخانەش.

دوای واز هێنانی مەلا محەمەدی ئەم نامەیەی کاک عەزیزی ماملی-م بۆ هات :

« برای بە رێز کاک کەریم. لە پاش سلاو ، سلامەتی و سەر کەوتنتان ئاوات دەخوازم. لە پاش وتو وێژی تە لیفونی ئەوا ئێستا لیستی خەرجەکان و داهاتەکان بەو شێوەیە بە عەرزتان دەگەیەنم.

داهات:

١ - جارێک بۆ خۆتان مەبلەغی چوار هەزار دولارتان لە پاریس تەحویل داوم.

٢ - مەبلەغی هەزارو پێنج سەد دولارتان حەواڵەی دوکتور ئاسو کردوم کە ئەوانیش پێیان گەیاندوم.

٣ مەبلەغی دوو هەزار دولار برای بەرێزمان کاک صارم بۆ خۆی لە گیرفانی خۆیان بۆ دەر چوونی رۆژنامە لە ئیختیاری ناوم.

ئێستا خەرجەکانی رۆژنامەکانی ژمارە ١و٢و٣و٤ بەو شێوەیە رادەگەیەنم"

١ - جارێک مەبلەغی / . ٨٥ دولار(5892ff)م بۆ کرینی ماشینی تایپ بۆ مەلا محەمەد لە سوید ناردوە.

٢ - ئەو کاتە لە سوید بووم مەبلەغی . . ١٨ دولارم تەحویلی کاک مەلا محەمەد داوە.

٣ - لە پاش گەرانەوەم لە سوید جارێک مەبلەغی . . ١٧ دولار، جارێکی دیکە مەبلەغی . . ١٢ دولارم هەر بۆ کاک مەلا محەمەد بە رێ

کردوە.

٤ - مەبلەغی /٨٣٧ دولار مەخاریجی سەفەرو هات و چۆ و مەخاریجی پۆستی خۆم بوە.

٥ - دیارە هەزار فرانک لە ژمارە حیسابی بانک دا هەر مەوجودە.

٦ - تا ئیستا هیچ پارەیەک بەو ژمارە حیسابە واریز نەکراوە.

بەو جورە داهاتیکی کە بۆ من وەک مەسئولی مالی هەبوو، بوتە مەبلەغی /٧٥٠٠ دولار، مەخاریج بوتە/٦٣٨٧دولار. بۆ ئەوە کە بتوانم پارەی برای خۆشەویستمان کاک صارم دابین بکەمەوە تکا دەکەم مەبلەغی ٨٨٧ دولار بۆ من بنیرن. فوتو کوپی ئەو نوسراوە بۆ برای بەریزمان کاک صارم و کاک مەلامحمد یش دەنیرم. جاریکی دیکە ریزو سلاو براتان عەزیز ١٩٨٦/٨/١١»

بەم جورەو بە کورتی بیٔ ئەوەی حیسابیکیش لە گەلٔ ئەم درو مەسئولەی مالی بکەمەوە، ئەوانەی بۆ دەرکردنی رۆژنامە و ساز کردنی حیزب هانیان دەدام، وازیان هینا . بەلاٌم رۆژنامە بیٔ ئەوان دەستەو ئەژنۆ دانەما. ئیستا ئیتر وردە وردە لە نیو روناکبیرانی کوردا جیگای خۆی کرد بۆوە. وەک پیمان گوترا بوو کە گویا شورای فەرهەنگی سوید دوای دەر چوونی چەند ژمارە رۆژنامە یارمەتی دەکات، ئیمەش بەو هیوایە دوای دەر چوونی ٦ ژمارە، داوای یارمەتیمان کرد. بەلاٌم رۆژنامەکەی ئیمە زۆر زوو لە لایەن کاک فەرهاد شاکەلییەوە ناسینرا، ناو براو لە ژمارە ١و٢ی گۆڤاری (سویدی کوردی)مانگی یونی ٩٨٦ کە بە زمانی سویدی دەر دەچوو، نوسیبووی: « سەر دەمی نویٔ رۆژنامەیەکی سیاسییە. لە لایەن لایەنیکی نە ناسراوەوە بە دوو زاراوی کوردی خوارو و سەروو لە گەلٔ وتاری فارسیدەردە چیٔ. رۆژ نامەیەکی سوسیالیستییە و شەقلٔ و نیشانی رۆژ هەلاٌت(شەرق)ی پیوەیە» .دیارە

لە ولاتی سۆسیال دیموکراسی - شدا کە بە قسەی(کاک سالار عەزیز «سۆسیال دیموکراتیش لوتکەی دیموکراسیەت وشارستانی و داد پەروەریە» (بروانە کوردستانی نوێ ژمارە ۲۷٤)یارمەتی بەرۆژنامەیەکی «سیاسی» نەکرێ کە «سۆسیالیستی» بێ و «شەقل و نیشانی رۆژ هەلات - شەرقی» پێوە بێ. ئێمە ماوەی پێنج سال، ٥٤ ژمارەمان دەر کرد و چوار جەریش داوای یارمەتیمان کرد، جوابێن نەداینەوە. دیار بوو کەوتبووینە لیستەی رەش.

پێش ئەوەی باسی رۆژنامەی « سەر دەمی نوێ» تەواو بکەم، سەبارەت بەوەی دەر کردنی «سەر دەمی نوێ» بە بەشێکی پچوکی تێکۆشانی سیاسی و کولتوری خۆم دەزانم لە ئاوارەییدا و ئەرکی سەر نووسەری رۆژنامەکەو دابینکردنی بودجەی رۆژنامەکەشم لە سەر شان بوە، دەمەوێ ئەختێ پتری باس بکەم.

رەنگە زۆر روون بێ کە دەر کردنی رۆژنامەیەکی کوردی لە ئوروپا، بە تایبەت کە سەر بەخۆ و بێ لایەن بێ‌و دوور لە شەرە شەقی رێکخراوە کوردستانیەکان، چەندە دژوارە. ئێمە لەو ماوەیەدا نیزیکەی ۱٦۰ دانەمان لە هەر ژمارەیەک بۆ کوردەکانی ئوروپای رۆژ ئاوا و ئەمریکاو کانادا دەنارد. لە ٦ -۷ کەس زیاتر لەو ماوەیەدا یەک کەس تەنانەت پارەی پۆستەکەشی بۆ نەناردووین. لە هەر ژمارە ۱۸۰ دانەمان بۆ کوردەکانی دانیشتووی ولاتانی سۆسیالیستی پێشوو دەنارد، یەک کەس تەنانەت کتێبێکیشی بۆ نەناردووین. بۆ ئیران و پاکستان و ..هەر وەها. هیچ یەک لە حیزبە سیاسیەکانی کوردی نەک هەر یارمەتیان بە «سەر دەمی نوێ» نەکردوە کە رۆژنامەیەکی کوردی بوو، لاپەرەکانی خۆی بۆ مەسەلەی کورد تەرخان کردبو، بەلکوو وێدەچوو تەحریمیشیان کرد بێ. جا کە یارمەتی نەدەدرا هیچ، بەلکو قورسایێکی زۆریشی خستبوە سەر بیر و

مێشكی زۆر كه‌سه‌وه كه : «ئه‌م رۆژنامه‌یه به چی ده‌ر ده چێ، پاره‌یان له كوێ بوو، كێ یارمه‌تیان پێده‌كات ؟» و ئه‌م به‌یت و باوانه‌ی كه پتر له هه‌موو شتێك زۆر كه‌سی بێكاری كورد خۆی پێوه خه‌ریك ده‌كه‌ن. ئیتر بیریش له‌وه ناكه‌نه‌وه كه رۆژنامه چ ده‌نووسێ و له خزمه‌ت كام ئامانج و رێباز دایه. یا خۆ كه سێكی بخوازێ كارێك بكا و به تایبه‌ت ئامانجی خزمه‌ت به نیشتمان بێ، ده‌توانی كه‌رسته‌و ئامراز و وه‌سیله‌ی كار و تێكۆشانه‌كه‌شی په‌یدا بكات. مه‌رج ئه‌وه‌یه كار و ئامانجه‌كه پاك و پیرۆز بێ.

ئێمه زۆر جاران داوامان له رووناكبیر و نووسه‌رانی كورد ده‌كرد كه به شداری له نوسین و به‌رێوه بردنی « سه‌ر ده‌می نوێ» دا بكه‌ن. كاك خه‌بات عارف و كاك فه‌رهاد عبدالكه‌ریم رایانگه‌یاند بوو كه ئاماده‌ن ببنه ئه‌ندامی ده‌سته‌ی نووسه‌ران. زۆرمان به دڵ بوو. رۆژی ٨٦/١١/٢٢ هاتنه ماڵی دوكتور جه‌مشیدی كه ئێستا ببوه ماڵی منیش، بۆ ئه‌وه‌ی له سه‌ر چۆنیه‌تی به‌شداری و نێوه‌رۆكی رۆژنامه بدوێین.

كاك خه‌بات گوتی:« ئێمه بۆ به‌شداری مه‌رجێكمان هه‌یه. ئه‌ویش ئه‌وه‌یه كه لاپه‌ری رۆژنامه ئه‌شێ ئازاد بێ. هه‌ر كه‌س هه‌ر چی بخوازێ و به قه‌ڵه‌می دابێ، ده‌بێ بێ سانسور بڵاو بكرێته‌وه. كێ چی ده‌وێ با تێیدا

بنووسێ.» گوتم رۆژنامه‌كه له سه‌ره‌تای ده‌ستپێكیه‌وه رێ و شوێنێكی بۆ خۆی دیاری كردوه. لام وایه له‌م چوار چێوه‌یه‌دا هه‌موو كه‌س ده‌توانێ تێیدا بنووسێ. به‌ڵام رۆژنامه‌یه‌كی كوردی ناتوانێ ببێته كاولی بێ ده‌روازه و یا بكرێته مه‌یدانی شه‌ره قڕ ر په‌لاماردانی ئه‌م و ئه‌و. ئێمه به‌ر له هه‌موو شت ده‌بێ بزانین رۆڵه‌ی كام میلله‌تین؟ نه‌ته‌وه‌كه‌مان له چ بارو دۆخێك دایه.؟ بزووتنه‌وه‌ی رزگاریخوازی گه‌لمان

لە چ قۆناخێک دایە.؟ ئێمە بۆ چی و لە سەر چی دەر بەدەر بووین.؟ ئەرکی سەر شانمان لە دەرەوەی ولات چییە.؟ بەرەلایی نووسین چ خزمەتێک بە مەسەلەی ئیمرۆی کورد دەکات؟.

دوکتور جەمشیدیش لەو بوارەداهێندێ لایەنی ئەرکی ئیمرۆی رۆژنامە گەری کوردی روون کردەوە. کاک خەبات و کاک فەرهاد بە داخەوە لە گەڵ بۆ چوونی ئێمە رێک نەبوون و بەشداریەکەیان سەری نەگرت و رۆژنامە لە ئەستۆی من و دوکتور جەمشید دا مایەوە. راستە کارێکی ئاوا بۆ دوو کەس هاسان نیە، بەلام نامەو نووسراوەی برادەران و خوێنەرانی رۆژنامە و یارمەتی کاک ناسری ئیبراهیمی زیاتر لەسەر تێکۆشان پێگیری دە کردین.

بە قەولی کاک حەمەدەمینی سیراجی :« بۆ زیاد کردنی ٢-٣ لاپەری کتێبەکە» کورتەی نووسراودی هێندێ لە دۆست و برادەر و خوێنەران لە سەر «رۆژنامەی سەردەمی نوێ» بلاو دەکەمەوە:

نامەی کاک رەحیمی قادری ٨٦/٦/١١:« .... بەر لە هەموو شتێک دەرچوونی «سەردەمی نوێ» بە جەنابتان و هەموو بەرنوو بەرانی ئەو رۆژ نامەیە پیرۆز بایی دەڵێم. هیوا دارم ببێتە ناوندی هەموو روناکبیرێکی دڵسۆزی گەلی هەژاری کورد و هەر وەها هەنگاوێک بێ بۆ رێکخستن و سیستماتیک کردنی تیئوری پێشکەوتنخوازانە لە ناو ریزەکانی گەلی کوردەواریدا و لە نهایەت دا ببێتە رێکخراوەیەکی پێشکەوتوو موسەلەح بە بیرو باوەری نەجاتی بەشەر لە ژێر زوڵم و چەوسانەوە. گەلی هەژاری کوردیش لەم رێگایەوە بە ئامانجی نهایی خۆی بگات. جارێکی تریش پیرۆز باییتان لێ دەکەم.»

نامەی دوکتور جەمیل شەرەف ٨٧/٣/٢٧: « ....نووسراوەکانی سەردەمی نوێم بە دڵن. دەر کردنی شتێکی باشە. دبارە باشتر کردنی

پاره‌ی زۆر ده‌وێت. بیرو راکانی ناو سه‌رده‌می نوێ که پێشکه‌وتو خواز و کوردایه‌تی لێ ده‌وه‌رێ به دڵی منه. بڵاو کراوه‌ی گه‌لێک جور له ئوورپا به کوردی یا به زمانی تر ده‌ر ده‌چن، سه‌ر ده‌می نوێ له ریزی پێشه‌وه‌یا داده‌نێم......»

نامه‌ی کاک ناسری تورکمه چی ۹۸٦/۷/۸ : « ..... به پێویستم زانی هێندێک باسی رۆژنامه‌ی سه‌رده‌می نوێ بکه‌م. ئه‌وه‌نده ده‌ڵێم که ده‌رکردنی رۆژنامه‌یه‌کی ئه و تۆ جێگای شانازی به‌خته‌وه‌ری بۆ هه‌مو شورشگێرێکه و کاری وا له ده‌ست هه‌موو که‌س نایه.! بەم هۆیه‌وه به پێویست ده‌زانم پیرۆز بایی خزمتان عه‌رز بکه‌م و داوای سه‌ر که‌وتنتان بۆ بکه‌م . هێندێک خصوسیاتی سه‌ر ده‌می نوێ که له هه‌وه‌ل نیگادا سه‌رنجی خوێنه‌ ڕاده‌کێشێ، بریتین له :

١ - « سه‌رده‌می نوێ» به حه‌ق (وه‌ک ناوه‌که‌ی)بازتابی رۆژگارێکی نوێیه ! چونکو دایره‌ی دیدو روانینی زۆر به‌ر بڵاوترو له باره‌ی زانیاریشه‌وه غه‌نی تره له رۆژنامه‌کانی مه‌وجود، ده‌کرێ پیاو بڵێ سه‌رده‌می نوێ رۆژنامه‌یه‌کی چه‌ند بوعدییه !

٢ - به هۆی ئه‌وه‌ی که سه‌رده‌می نوێ وابه‌سته‌گی سیاسی، رێکخراوه‌یی نییه، ده‌توانی له مه‌حدودیه‌تی سیاسی ئیده‌ئولۆژی دور بێت.

٣ - سه‌رده‌می نوێ مه‌حدود به زمانێکی تایبه‌تی نیه و کاراکتێرێکی ئینترناسیونالی هه‌یه. ئه‌م خاڵه گرنگه هه‌م له چه‌ند زمانی رۆژنامه‌که‌دا به‌ر چاو ده‌که‌وێت وهه‌م له ئانالیزو بۆ چون بۆ مسائیلی سیاسیش دا،

گیرو گرفتی جولانه‌وه‌ی گه‌لانی ئێران و گه‌لی کورد به تایبه‌ت له سه‌تحێکی زۆر وه‌سیعتردا به‌ر ره‌سی ده‌کا.

٤ - به‌ر خوردی نه‌زه‌رات و عه‌قاید به روونی به‌ر چاو ده‌که‌وێت که نیشانه‌ی رعایه‌تی ئوسولی دێموکراسی و پوڵیتیسیته و نه‌بوونی

ئینحیسار تەڵەبی‌یە.......»

نامەی صادقخانی زەرزا: « کاک کەریمی بە ریزو خۆشە ویست ...... چەند رۆژ پێش چاوم بە رۆژنامەکەت کەوت. بۆ هەوەڵ جار متوجه بووم کە ناوی جەنابتی لە سەر بوو. ویستم پر بەدڵ پیرۆز بایی نەوشت لێ بکەم چون بە راستی پێم وایە یەکێک لە باشترین هەنگاوەکانە بۆ خزمەت بە تاریخ و ئەدەبی کوردی و موبارەزەی ئێستای میللەتی کورد. هەر چەند کە پیاو ئەو ئینتزارەشی لە شەخسیەتی جەنابت هەر هەیە کە سەرە رای ئەو هەموو ناکۆکیانەش کە بۆیان هێنایە پێش، هەروا سوڕ و سوڕ تر بی لە سەر ئامانج و رێباز و موبارەزە.......»

نامەی خدر ۸۹/۹/۱٤: دوای سلاو..... لە سەر ناوەرۆکی سەردەمی نوێ...بە راستی بابەتی چاکی تێدایە. بە تایبەتی هەڵوێست گرتن لە سەر روداوەکانی چین، کەم و کوری ولاتانی سوسیالیستی بێ ئەوەی کە پیاو لاسای دام و دەزگای غەربیەکان بکاتەوە. هەروەها هەول دان بۆ ئینترناسیونالیزە کردنی مەسەلەی کورد. بە راستی دەستتان خۆشبێ و قەڵەمتان بەر دەوام.....»

نامەی کاک تاهیری کەمالیزادە:« بە ریز و خۆشەویست کاک کەریم...... ئومیدوارم سەردەمی نوێ قەدەمێکی نوێ بێت بۆ پێشەوە بە وە بەر چاو گرتنی تەجروبیاتی کۆن ونوێ بۆ یەک گرتن و سەر کەوتن. وادیارە سەردەمی نوێ دەیهەوێت بێ لایەنی خۆی بپارێزێ کە ئەوە هەنگاوێکی نوێیە. وا بە باش دەزانم کە مەتالیبی چوکتری تێدا بگونجێ سەرنج راکێشترو باشترە......»

نامەی کاک هیوا ئەحمەد :« بە ریز دەستەی نووسەرانی سەردەمی نوێ. ئەمجارەش هاوری لە گەڵ کاروانی سلاوان و چەپکێک گوڵی سوور بۆ « سەردەمی نوێ » و ئیوەی ئازیزان داوای ساخ و سلامەتی و

سه‌ركه‌وتنتان بۆ ده‌كه‌م. به له دایكبوونی سه‌رده‌می نویٰ لام وایه مێژووی رۆژنامه گه‌ری گه‌له‌كه‌مان ده‌وله‌مه‌ند تر بوو بۆ په‌ره پێدانی زمان‌و فه‌رهه‌نگی كوردی و زیندوو كردنه‌وه‌ی، بۆ پێگه‌یاندنی خوێنه‌رانی كورد له سه‌ر رووداو ودیارده‌كان و ناساندنی تاوه‌رۆكی راسته قینه‌ی دوژمنان ودۆستانی له كه‌ولی دۆست داو به‌لاٰم دوژمن. هه‌ر وه‌ها بردنه‌سه‌ری زانیاری خوێنه‌ران، به تایبه‌ت له روانگه‌ی زانستیه‌وه ده توانیٰ ده‌وری باش بگێریٰ و جێگای هیوایه.

راستی ئه‌وه‌یه نه خوێنده‌واری و تزم بوونی راده‌ی زانیاری، به تایبه‌ت زانیاری سیاسی چوار ده‌وره‌ی گه‌له‌كه‌مانی ته‌نیوه. ئه‌وه‌نده‌ی بزانم روناكبیرانی كورد به تایبه‌ت خوێندكارانی كورد له ده‌ره‌وه‌ی ولاٰت تا راده‌یه‌كی زۆر تینوی فێر بونن و به شوێن سه‌ر چاوه‌دا ده‌گه‌رێن. ئێستا كه سه‌رده‌می نویٰ ئه‌م ئه‌ركه گرانه‌ی خستۆته سه‌ر شان، ره‌نگه بتوانیٰ تا راده‌یه‌ك تینویه‌تی لاوانی كورد بشكێنیٰ......»

نامه‌ی كاك ده‌وه‌ن : « برایانی ده‌سته‌ی نووسه‌رانی به رێز سلاٰوێكی گه‌رم

كه لاپه‌ره‌كانی «سه‌رده‌می نویٰ» ده خوێنمه‌وه، به راستی خۆشیه‌كی ته‌زوو به‌خشم به جه‌سته‌ی دادیٰ و به‌ر چاوم روون ده‌بێته‌وه. ئه‌وه‌ش هه‌ر له به‌ر ئه‌وه‌ی كه ئامانج و هیوای به‌رزو پیرۆز له رێبازه‌كه‌ی دا به‌دی ده‌كه‌م. كه هه‌ر له كزه بای فێنكی پاش برینی هه‌ورازه سه‌خته‌كانی ولاٰتی خۆمان ده‌چیٰ. هه‌ستی بیٰ په‌رده‌یی پیرۆزی كوردی تێدا ده‌ر ده‌برد‌ریٰ. له سنووری ناوچه‌گه‌ری و ئیقلیم چیه‌تی تیٰ ده‌په‌ریٰ و سنوره ده‌ستكرده‌كان تێك ده‌دا و ئاواتی‌هه‌ره بلێندی نه‌ته‌وه‌ی كورد ده‌خاته روو. باسی كوردستان وه‌ك یه‌ك ولاٰت ده‌كا و وه‌ك ولاٰتی یه‌ك نه‌ته‌وه ده‌رده‌كانی ده‌ستنیشان ده‌كاو هه‌تونیان بۆ داده‌نیٰ. خۆ « سه‌ر ده‌می نویٰ » تاقه

رۆژنامە نیە کە بە زمانی کوردی چاپ و بڵاو بکرێتەوە. بەڵام رەنگە تاکە رۆژ نامەیەک بێ سەر بە خۆیی حیزبایەتی هەبێ و بێ لایەنی بەرانبەر حیزبە سیاسیەکانی کوردستان پاراست بێ و ئەم ئەرکە نەتەوەییە پیرۆزەی لە ئەستۆ گرتبێ و بەو جۆرە لایەنگری مە سەلەی میللەتەکەمان بێ......»

نامەی پێشمەرگەکانی پارتی دێموکراتی کوردستانی عیراق ، لقی چواری سلیمانی : « .... کاتێک ماندوو شەکەت و برسی لە شەری (خوا کورک) گەرایتەوە ژمارە ۳۱ - گەلاوێژی ۱۹۸۸ ی رۆژ نامەی سەردەمی نوێ مان بە دەست گەیشت، چاوی روون کردینەوە، شەکەتی لە بیر بردینەوە و رۆژنامەکەتان بێ وەستان وەک دیاریەکی جوان ئەم دەسەو دەستی دەکرد.

پاش ئەوەی زادەی بیری فراوانتان بوو بە میوانی ئازیزمان، لێی تێر نەدەبووین، باوەریشمان وایە کە تێکۆشانی بێ وچانی ئێمەی پێشمەرگە لە کوردستانی نا ئاوەدانی خاپور و وێرانکراو، وێرای هەوڵدانی بێ وەستانی دڵسۆزانی وەک ئێوە دەبنە تەواو کەری یەکتر بۆ هێنانە کایەی بیری نوێ و سەر دەمی نوێ و مرۆڤی نوێ و لە ئەنجامیشدا کوردستانی ئاوەدانی نوێ.......»

نامەی کاک هاوار توفیق: «...... یەکەم جارە «سەردەمی نوێ» دەگاتە دەستم. زۆر سوپاستان دەکەم. خۆشحاڵی خۆم دەر دەبرم بەرانبەر نوسینە جوانەکانتان کە دەروونی هەموو چەوساوەکانی کورد تیمار دەکات. نووسینەکانتان راستی روو داوەکان و زوڵم و زۆری رژێمە کان و ماڵ وێرانی گەلی کوردمان لە کوردستانی بەش بەشکراو دا دەخاتە روو.......»

دوای پێوەندی لە گەڵ روناکبیرو نووسەرانی کورد و داوا کردن بۆ

بەشداری لە دەستەی نووسەراندا، رۆژی ٨/ ١/ ٩٨٩ کاک رفیق سابیر و کاک سەلام عبدالله ، حاجی مەمز و کاک حەمە سەعید حەسەن و کاک خەبات عارف و دوکتور جەمشید لە ماڵی ئێمە کۆ بووینەوە تا لە نێوە رۆک و رێبازی رۆژنامەکە بکۆڵینەوەو دەستەی نووسەرانی تازە دابمەزرێنین و هاوکاری بکەین. پاش باسێکی زۆر کاک حەمە سەعید حەسەن و کاک خەبات لە گەڵ رێبازی دیموکراسی رۆژ نامەکە موافیق نەبوون و هاو کاریان نەکرد. دەستەی نووسەران ئەم پێنج کەسەی دیکە پێک هات و تا ژمارە ٥٤ی مانگی سیپتامبری ١٩٩٠ رۆژنامە بەر دەوام بوو. لەم ماوەیەدا برادەرانی دەستەی نووسەران یەکجار کۆ بوونەوەیان کرد و هەر یەکەش ٥٠٠ کرۆنیان لە بودجەی رۆژنامە بۆ خەرجی رێگا وەر گرت و ئیتر لە نووسین زیاتر کاری دیکەیان نەبوو. دوای ژمارە ٥٤ لە گەڵ دوکتور جەمشید کە هەموو ئەرک و زەحمەتی رۆژنامەمان لە سەر شان بوو، پاش لێکدانەوەیەکی ورد، گەیشتینە ئەم ئاکامە کە درێژە پێدانی رۆژنامە لە تواناماندا نیە و بە ناچار دەبێ بوەستێ. جا دەرد هەر ئەوە نەبوو کە رۆژنامەکە دوای پێنج ساڵ رادەوەستێ، ناخۆش ئەوە بوو کە ئەم سێ برادەرەی تری ئەندامیدەستەی نووسەران هەر تاقەجارێکیش نەیان پرسی ئەرێ ئەم رۆژنامەیەی لە خوامان دەویست وتارێکی تێدا بڵاو بکەینەوە ، چی بە سەر هات، بۆ راوەستا؟ دەڵێن کورد ئەگەر بزنە گروێنکیشی لێ بزر بێ، لێی دە پرسێتەوە، ئەوان ئەوەشیان نەکرد. تۆ بڵێی ئەمە خسوسیاتی هەموو کۆمەڵی کوردەواری بێت ؟!

لە کۆتایی کورتە باسی دەرچوون و وێستانی رۆژنامەی سەر دەمی نوێ دا، وەک سەر نووسەر و پێکهێنەری رۆژنامە کە، بە ئەرکی خۆمی دەزانم پر بەدڵ سوپاسی زەحمەت و یارمەتیەکانی کاک رزگار عبدالله، کاک ناسری ئیبراهیمی، کاک مومتاز، کاک حەمید نەوروز، کاک

حەنەفی، کاک مستەفا دوزگین، کاک دوکتور مەجید جەعفەر، کاک محەمەد بەکرز، کاک فەهد گەردەوانی، کاک عبداللەی کوردستان پریس، کاک کەریم سەنجاری، کاک محفوظ مایی، کاک کەمال میراودەلی ، کاک محەمەد توفیق ، کاک دوکتور تالیب کاکەیی، کاک دوکتور محەمەد کەریم شکاکی وهاوسەری بە ریز و خۆشەویستم (دایکی کەماڵ) بکەم، کە هەر یەکەیان بە نۆرەی خۆیان و بە گوێرەی توانا لەم ماوەیەدا بۆ کاری رۆژنامە یارمەتیان داوین. هەر وەها بێجگە لە دەر برینی سۆپاسێکی پڕ بەدڵ پێنووسەکەم لە توانای دا نیە کە قەرەبوی هەڵوێستی برایەتی و پیاوەتی و پێوە ماندوو بوونی دوکتور جەمشید و فەهد بکات، کە بێجگە لە کاری رۆژنامەی لە ئاست من نیشانیان داوە. بە تایبەت خزمەت و پێوە ماندو بوونی لودمیلای خیزانی دوکتور جەمشید هەر باسی ناکرێ و بە سوپاس پڕ نابێتەوەو لە بیر ناکرێ»

گەڕانەوە بۆ سەر دەفتەری یاد داشتەکانم

۹۸۵/۱۱/۲۹ دوکتور ئاسۆ لە ئەڵمانەوە خەبەری دامێ کە فەریدونی میتران و حامیدی گەوهەری هاتوونەدەر و گەیشتوونە ئەستەمبول و چاوە روانن کە تەلەفونیان لێ بکەی. بۆ شەوی دوایی تەلیفونم کرد، داوایان کرد کە بچم سەریان بدەم. خەریکی ڤیزا وەر گرتن بووم، دوکتور ئاسۆ گوتی:« لێرەوە ناتوانم پارەیان بۆ بنێرم، تکایە . . ۱۵ دۆلاریان بۆ بەرە، من لێرە دەیدەمەوە. رۆژی ۱۲/۱۲/ ۸۵ چوومە ئەستەمبوڵ و تا رۆژی ۲۳ لایان بووم. نارد بوویان کە ژن و منداڵیشیان بێن. لە باسی سیاسەت

و هەڵوێست و تێکۆشانی دوارۆژ دا، بۆم دەر کەوت کە مەیلیان بەلای حیزبی تودەدا توندە و خۆیان لە سەر ئەو ڕێبازە ساخ کردۆتەوە. بەلاّم دلە لەرزێکیشیان هەر هەیە. من رۆژی ۱۲/۲۳/ گەرامەوە بۆ سوفیا.

ساڵی تازەی زایینی (۱۹۸٦)

شەوی سەر ساڵی تازەی زایینی‌مان لە گەڵ کاک رفیق سابیر و کاک نەوبدی موعینی بردە سەر و باسی سیاسی و بارو دۆخی داخدارو شپرزەی کوردستانیشمان تێکەڵ بە ئاهەنگی سەر ساڵ دەکرد.

۸٦/۲/۱٦ نامەیەکی کاک رەحیمی قادریم بۆ هات کە لە ئەسپانیاوە نووسیبووی. نازانم ئاردیسی منی چۆن دەست کەوتبوو. کاک رەحیم کادرێکی ناوچەی سەردەشت و وابزانم ئەندامی کومیتەی شارستانیش بوو. نامەی ئەو برادەرانە کە دەهات لە لایەک شاد دەبووم کە هەستی برایەتی و هاوکاری دەردەبڕن و بە دوای شوێنم دا دەگەڕێن و نامەم بۆ دەنووسن. لە لایەکی دیکە جەرگم ژانی دەکرد کە ئەم کورە فیداکار و تێکۆشەرانە بە ناچاری ئاوارەی هەندەران دەبن و نیشتمان و خەبات بە جێ دێڵن. بە پێچەوانەی نووسینی ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات، من ئەوانەم بە ترسەنۆک و بەزیو نە دەزانی.

کاک رەحیمی قادری نووسیبوی : «..... سلاوێکی جوان وشیرین لە ولاتێکی غەریب و دوور لە خۆشەویستانی ئازیز. دوور لە شنەو خوناوەو گوڵ و گوڵزار و شاخ و چیا و کوێستان و پیدەشتی کوردستان. دوور لە نازو عیشوەی تایبەتی کیژانی مەڵبەندە قارەمانەکەمان، دوور لە گوڕ و

تینی کاکی پێشمەرگەی فیداکار و پاش سلاوێکی زۆر، پڕ بە دڵ داوای سەرکەوتنت بۆ دەکەم و لە دوورەوە بە تاسەوە لە ئامێزت دەگرم.

هیوادارم ئەرکی ئینسانی و نیشتمانی خۆتان لە پێناو بەرژەوەندی گەلدا هەڵبگری، تا بەڵکوو کاروانی وەستاوی ڕێگای سەر بەرزی و بەختیاری بە هەموو لایەکمان بە منزڵگای خۆی بگەیەنین و نەهێڵین ئاگری هەڵگیرساوی خەباتی بێ وچان بکوژێتەوە و خۆڵە مێشی هەڵپەرستی و دوا کەوتوویی بە سەریدا بکەوێت. هەیوا دارم هەر وەک پێشوو هیچ کەندو کۆسپێک ساردت نەکاتەوە و تۆزی قەلسی لە سەر ناوچاوانت نەبێ و زار بە پێکەنین بۆ ڕزگاری گەلە بەشخوراوەکەمان تێ بکۆشی. بەڵێ کاک کەریمی خۆشەویست! زۆر لە مێژ بوو پێوە بووم نامەتان بۆ بنێرم. بەلام نەمدەزانی چ بنووسم و باسی چ بکەم؟ چاوە ڕوان بووم کە هەواڵی تازەو گەرم بە دەستم بگەن، جا ئەو دەم نامەتان بۆ بنێرم. بە کورتی ئەم هەوالانەت بۆ دەنووسم ....»

شەوی ٨٦/٢/٢٨ دوکتور ناجی کوتلای تێکۆشەرێکی کوردستانی تورکیا هاتە لام. هەوەلجار بوو ئەو برادەرەم دە بینی. مرۆڤێکی تێگەیشتووی خاوەن بیرو باوەڕێکی پاک و خاوێن. باسی بارو دۆخی کوردستانمان هێنا گۆڕێ. دوکتور ناجی دەیگوت:« حیزبە کوردەکانی کوردستانی تورکیا لە سەر ئەوە مل بە ملەیانە کە کامیان پتر کومونیستەو پارتی کرێکارانە. لە کاتێکا باشترە حیزبی دێموکرات و گەلی بن . لە کوردستان خەبات بە ناوی کومونیستی و مارکسیستی دژوارە»

بۆچوونی دوکتور گەلێک ڕاست بوو. دروستکردنی حیزبی مارکسیستی یا خۆ ڕانان بە مارکسیزم ببوە نەخۆشی و زۆر کەس و ڕێکخراوی ئەو تۆ هەبون کە بڕواشیان پێ نەبوو، دەیانویست خۆ بە

مارکسیست نیشان بده‌ن.

داوان نابوو رۆژی ۸٦/۳/۱ بۆ سه‌ردانێکی کاک سه‌عدی ره‌حمه‌تی بچینه ئوپسالا. به تایبه‌ت که من به ڵێنی خۆم برد بوه سه‌ر و کلاوێکی خه‌زی نایابی روسیم بۆ هێنا بوو، که (له سه‌ری بنێم!) به‌یانی زوو دوکتور جه‌مشید ته‌لیفونی کرد و گوتی :« ئولوف پالمه کوژراوه.» خه‌به‌رێکی ناخۆش بوو. به لاّم ئێمه سه‌فه‌ری خۆمان په‌ک نه‌خست و میوانی کاک سه‌لاحی بووین و رۆژێکی خۆشمان رابوارد. کاک سه‌عدی ره‌حمه‌تیش ته‌شریفی هات. کلاوم دایه، به‌لاّم بۆم له سه‌ری نه‌نرا.!

دوکتور که‌مال میراوده‌لی ۸٦ /۲/۱ ته‌لیفونی کرد و گوتی: « مه‌ڵبه‌ندی کوردی له له‌نده‌ن به یارمه‌تی « جی - ئیل - ئیس» قه‌راره نه‌ورۆز بکات. ناوی تۆشمان نوسیوه که به‌شداری بکه‌ی و له سه‌ر بارو دۆخی ئیمرۆی کوردستان وتارت هه‌بێ.

رۆژی ۸٦/۳/۱۲ گه‌رامه‌وه بۆ سۆفیا ئه‌م نامه‌یه‌ی دوکتور که‌مال میراوده‌لی - م بۆ هاتبوو که به ئینگلیزی بۆ من و ره‌فیق سابیری نووسیبوو:

Mr karim hisami 7.3.1986

Ratiq sabir
Complex Tolstoy Bloc 33 V.A
Sofia 122o Bulghnia
Dear Mr. Hisami
Sabir

I am pleased to invite you, on behalf of the Mangement Committee to participate in Nswroz Festival by qivinq a cultural seminar.

I hope you wil arrive in london befor 20.3.1986.
lookinq forwand to seeinq you.

K.M.Rasul Chairmen

بەداخەوە لە بەر نەبوونی پاسپورت نەمتواتی بەشداری بکەم.

دوای چاپکردنی کتێبەکەم(کۆماری دیموکراتی کوردستان یا خود موختاری) **نوسخەیەکم بۆ دوکتور مارف خەزنەدار نارد بوو. دوکتور لە ۸٦ /۳/۷ ئەم نامەیەی بۆ نوسیبووم :**

« بۆ برای بەڕێز ماموستا حیسامی   رۆژتان باش

هەواڵتان دە پرسم. هیوام وایە لە خۆشی دابن سلاوی خۆم و منداڵەکان بۆ دایکی منداڵان و خۆشیان . نامە خنجیلانە کەی رۆژی ۹۸٦/۲/٤ لە گەڵ کتێبە بە نرخەکەتان بە دەستم گەیشتن، زۆر سوپاستان دەکەم. بە تایبەت بەش بە حاڵی خۆم کەلکێکی تەواوم لێ وەر گرت، بە تایبەتی لەو بەشانەی کە باسی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی دەکەن کە دەورێکی باڵایان بوە لەو سەر دەمەدا بۆ وشیار کردنەوەی خەڵکی. دەستتان خۆش بێ و خوا بەر خوردارتان بکا بۆ خزمەتی کولتوری نەتەوەکەمان کە بەشێکی گرنگە بۆ روون کردنەوەی چارە نوسی دوا رۆژمان.

داواتان کرد بوو بیروڕای خۆم دەر ببرم، بەم جورە دەڵێم: کارێکی باشە و زانیاری تازەی تێدایە و دەبێتە سەر

چاوێکی گرنگ بۆ نووسینەوەی مێژووی راستە قینەی ئەو قۆناغەی نەتەوەکەمان . لە گەڵ ئەوەشدا دوو تێبینیم هەیە:یەکەمیان، دەوری سۆڤیێت و راستی ئەو دەورە ڕوون نەکراوەتەوە لە بابەت مەسەلەی کۆماری کوردستانەوە. رەنگە ئەمە سیاسی بێ و کارێکی ناسک بێ و درکاندنی ئێستا کەلکێکی ئەو توی نەبێ. بەلام لە دوارۆژدا دەبێ رەچاوی ئەوە بکرێ. دووەمیان مەسەلەی باقیرۆف - ئەوەندەی من لێی دەزانم و لە ئازربایجانی سۆڤیەت بیستوومە - ئەگەر لەو رۆژگارەدا خاینی حیزب و میللەتی خۆش نەبوایە، هەڵس و کەوتی بەرانبەر بە کورد

هه‌ر ئه‌وه ده‌بوو که بوو. ئیتر ئیمه نابیٚ ته‌نیا له به‌ر ئه‌وه جنێوی پیٚ بده‌ین چونکه خاینی‌حیزب و میلله‌تی خۆی بوو. کاکی برا ئیوه له من باشتر ده‌زانن ئه‌و په‌ری چه‌پی ئه‌و میلله‌تانه‌ی ئیمه ده چه‌وسیننه‌وه له گه‌ڵ ئه‌رمه‌ن و ئازربایجانیش، ئیمه به پیاوی خۆیان داده‌نین، ده‌بیٚ ئه‌وان ئوتۆنۆمیمان بده‌نیٚ، ئه‌مه‌ش زیاتر له به‌ر ئه‌وه‌یه خۆیان به ئیمپراتور پیشان بده‌ن.

دوو باره سوپاستان ده‌که‌مه‌وه، له دوا رۆژدا له نووسینی تازه‌تان بیٚ به‌شم مه‌که‌ن. هیوام وایه به خۆشی و شادی بژین ..براتان.١٩٨٦/٣/٧ »

نه‌ورۆزی ١٩٨٦

به‌یانی که له خه‌و رابووم، نه‌ورۆزی کوردستانم هاته‌وه بیر. بارودۆخی وڵات، وه‌زعی ئاواره‌و ده‌ر به‌ده‌ر و لیقه‌وماوانی کورد، هه‌ست و بیر و میشکی داگرتم. مات ببوم و چوو بوومه نیو ده‌ریای خه‌م و په‌ژاره‌وه. دایکی که‌ماڵ بانگی کردم:

- ئه‌وه چی‌یه؟ بۆ وا مات بووی . لای خۆ نه‌ورۆزه.!

- راسته نه‌ورۆزه. به‌ڵام بیر له نه‌ورۆزی کوردستان و له برسی و ئاواره‌ی کورد ده‌که‌مه‌وه.

- بیر له چی ده‌که‌یه‌وه‌یه ؟ چت بۆ ده‌کریٚ؟ خوا غه‌زه‌ب له خومه‌ینی و له سه‌دامی گریٚ. چاک نیه دوو براده‌ری کوردی عیراق و ئیران دین نه‌ورۆزمان له گه‌ڵ ده‌که‌ن.

کاک ره‌فیق و کاک نه‌وید هاتن و ئاوامان پیشوازی له نه‌ورۆز کرد.

رۆژی ٨٦/٣/٣٠ کاک عه‌زیز محه‌مه‌د هاتبوه سوفیا. ته‌لیفونی کردو له منداڵه‌کانی پرسی و ژماره‌ی ژووره‌که‌ی دامیٚ له هوتیل و گوتی پیم خۆشه بتبینم، دوایه ته‌لیفونت لیٚ ده‌که‌مه‌وه.

رۆژی دوایی تەلیفونی کرد و چوومە لای. باسی رۆژنامەی سەردەمی نوێمان کردو داوام لێکرد کە رێگای یارمەتیمان بۆ بدۆزێتەوەو رێنوێنیمان بکات.

پاشان فەرمووی مەرزۆ، پێکەوە لێرە نانی دەخۆین و بڕیارە یەکێ لە مەسئولەکانی بولگاری بێتە لام، تۆش لێرە بە بەڵکوو دوو قسان فرێدەی.

کابرای بولگاری هات و لە سەر نانی مەسەلەی کوردمان هێنا گۆڕێ.

کابرا گوتی: « ئێستا تەبلیغاتی بولگاری زۆر باسی مەسەلەی کورد دەکات. »

گوتم بەڵێ راستە. بەلاٚم لە روانگەی دەزگای تەبلیغاتی بولگاریەوە کورد هەر لە تورکیا هەیە و هەر باسی ئەوێش دەکات. ئەدی کوردەکانی ئێران و عێراق؟ من ئەم سیاسەتە زۆر بە راست نازانم.

پاشان هاورێ عەزیز بە یەواشی و بە روونی کەوتە سەر روونکردنەوەی مەسەلەی کورد و بارودۆخی کوردستان وگوتی لامان وایە ولاٚتانی سوسیالیستی لەم مەسەلەیەدا پێویستە هەڵوێست بگرن.

٨٦/٤/١ لە کومیتەی ناوەندی حیزبی کومونیستی بولگاریاوە تەلیفونیان کرد و گوتیان :« رەفیق رەمز شێخز لێرەیەو دەیەوێ چاوی پێت بکەوێ. چووم لە گەڵ ئەبو جەنگز دانیشتین و داوەتم کردن لە گەڵ کاک عەزیز شەو میوانمان بن.

ئێوارەی ٨٦/٤/٣ کاک عەزیز و کاک رەمز شێخز سەر بەرزیان کردین. رەفیق سابیر و ئەویدی موعینی - ش بەشدار بوون و شەوێکی کوردانەمان بردە سەر و لە بیر ناچێتەوە.

رۆژی ٩٨٦/٤/٢٠ لە ئێرانەوە خەبەری داخداری کۆچی دوایی شاعیری ناوداری کورد « هێمن » یان پێ راگەیاندم. وای. وای لەم هەواڵە ناخۆش و تاڵ و جەرگبڕە.! وای لەو زیانەی لە ئەدەب و کولتوری کوردی

کەوت. بە راستی لە ماڵی ئێمە بوو بەتازیە. هێمن نەک هەر وەک ناسیار و هاو خەبات، بەڵکوو دۆستی بە راستی خانەوادەیی ئێمە بوو. بە خەتی خۆی تاریک و روونی پێشکێش بە دایکی کەماڵ کردبوو، پشتی رەسمی بە یادگار بۆ شلێری کچم نوسیبوو. لە سۆفیا کەماڵی دەبردە سورانەوەو شەو درنگ وە ماڵێ دەکەوتنەوە. ئاخرین نامەی بۆ من کە لە (یادی هێمن) دا چاپم کردوە، رادەی دۆستایەتی ئێمە نیشان دەدات. داخی گران لە هێمن دیدار ئاخرەت بووین. رۆژنامەی « سەردەمی نوێ» لە ژمارە دوو دا، هەواڵیدڵتەزێنی کۆچی دوایی هێمنی بڵاو کردەوە. لە ژمارەکانی دواییشدا هەر خەبەرێکی لە سەر هێمن پێمان گەیشت بڵاو کرایەوە. لە گۆڤاری(پەیڤی) چاپی لەندەندا، وتاری من بەم بۆنەوە بڵاو کرایەوە.

رۆژی ٨٦/٥/٧ لە فرۆکەخانەی سۆفیاوە بانگیان کرد و گوتیان:« هێندێ کورد بە خاووخێزانەوە هاتوون، نە پاسپۆرتیان هەیەو نە بلێت. تۆ دەناسن، وەرە بزانین کێن و چکارەن.

کە چووم ساسانم دەناسی کادرێکی حیزبی دێموکرات بوو. لە گەڵ دوو خانەوادەی تری کورد بە ژن و منداڵەوە لە عیراق دەر کەوتبوون و لە فرۆکە خانەی سوفیا گوتبوویان دە چینە نە ڵمان، بە لام نە پاسپۆرتمان هەیە و نە بلێت.!

بە پۆلیسم گوت : دەیانناسم، ئینسانی باشن و بریار وایە لە ئەڵمانەوە بلێتی فرۆکەیان بۆ بنێرن و دەچنە ئەڵمان. رێگایان بدەن بێنە دەرێ. میوانی من دەبن تا بلێتیان بۆ دێت. جاری وا هەیە پۆلیسی چاکیش هەڵدەکەوێ. ئادریس و تەلیفونی منی وەر گرت و هاتینە دەرو چووینە ماڵی ئێمە. هەر چی بوو نان و چایەکی دەروێشانەمان هەبوو، بەلام بە داخەوە بۆ ٦-٧ کەس جێگای خەومان نەبوو. هوتێلێکی هەرزانمان پەیدا

کرد و دوای دوو رۆژ بە خۆشیەوە بەرێم کردن. لام وایە ۱۲۰ لیرەی بولگاریان پێ بوو، نەدەکرا بیبەنە دەرێ، لای منیان بە جێ هێشت. تا ئێستاش نەکراوە بیان دەمەوە مەگەر لە قیامەت حیسابم لە گەڵ بکەن.!!

رۆژی ۹۸٦/٦/۱۷ پاسپۆرتەکەم وەگیر کەوتەوە، ڤیزای ئەڵمانم وەر گرت و چوومە بیرلین و لە وێشەوە بە قەتار چوومەوە ستۆکهۆڵم و میوانی مەلا محەمەدی خزری بووم.

۰٦/۳/ ماموستا مەلا عومەری عەسری هاتە لامان. دیدارێکی خۆشبوو. باسی ژیانی ناخۆشی کوردە ئاوارەکانی بۆ کردم کە لە عیراق مابوونەوەو لیقەوماو بوون. ئەندام و کادری حیزبی دیموکرات کە لە « کارێزە» عیراق برسی و بێکار کەوتوونەوە.

۸٦/۷/۹ هونەرمەندی دەنگخۆش و شاعیر و نوسەر ناسری رەزازی داوەتی کردم. دیارە ئەوە هەر جاری یەکەم نەبوو، بەڵام ئەم جارەیان کاک بهروزی کورد ئەحمەدی، کۆنە کادر و کۆنە ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتیشی میوان بوو. کاک بهروز قرە داخدار بوو لە کەم و کوری نێو حیزبی دیموکرت ، باش بە سەرو کوێلاکی مەسئولەکاندا هاتە خوار. بەشی هەرە زۆری ئەو رەخنانەم بیستبوو، دەمزانین. بەڵام شتێکی بۆ باسکردم، هەر ئەودەم لە دەفتەری یاد داشتەکانمدا نووسیمەوە .

کاک بهروز گوتی : « پێشمەرگەیەک لە مەیدانی شەردا کەڕ ببوو. دوکتورگەلی خەستەخانەی حیزب گوتبوویان لێرە چاری ناکرێ و ئەشێ بینێرنە دەرەوە. ماموستا مەلا عەولا کە جێگری سکرتێر بوو ،گوتی : « درۆ دەکا. کەڕ نیە. بە قەستی خۆی کەڕ کردوە. بچن لە بن گوێچکەی ناوی دایک و بابی بێنن، بزانن چۆن وەدەنگ دێت»

۸٦/۷/۱۲ نامەی کاک ناسری تورکمە چی - م بۆ هات. کاک ناسر

دوای سلاو وهه‌لسه‌نگاندنی « سه‌رده‌می نوێ» كه له به‌شی « سه‌ر ده‌م» دا باسم كردوه نوسیبووی :« .... ماوه‌ی چوار ساله له ئه‌لمانی رۆژئاوام، زمانی ئه‌لمانی فێر بووم. ئێستا له تیرمی چواره‌می علومی سیاسی و كۆمه‌لناسی دام. ماوه‌یه‌كی زۆره هه‌و ل ده‌ده‌م بۆ ده‌رس خوێندن بچمه ولاتانی سۆسیالیستی. به‌داخه‌وه سه‌ری نه‌گرت و ئه‌وا ماوه‌ی دوومانگ ده‌بێ مه‌داریكه‌كانم بۆ كاك حاجی ئه‌حمه‌دی ناردوه كه بۆ ئێوه‌ی بنێر ێت، چونكه من ئادریسی ئێوه‌م نه‌بوو. دیاره ئه‌م ده‌ویست كه له هه‌وه‌ل نامه‌م دا باسی ئه‌وه بكه‌م، به‌لام مه‌جبورم و هه‌ر بۆیه‌ش تكا له ئێوه ده‌كه‌م به گوێره‌ی توانا یارمه‌تیم بده‌ن، به‌لكو بتوانم بورسێك بۆ ولاتانی سۆسیالیستی وه‌ر بگرم.... زۆر سوپاسی ئێوه ده‌كه‌م ئه‌گه‌ر له‌م باره‌یه‌وه یارمه‌تیم بده‌ن. ده‌گه‌ل كاك حاجی له‌م باره‌وه دواوم، ئه‌ویش ئه‌زه‌ری ئه‌وه‌یه كه ئێوه ده‌توانن كاری وا بكه‌ن. ... ئیتر سوپاس.. چوكه‌ت ناسری تكمه چی. »

دیاره ئه‌وه هه‌و ناسری تكمه چی نه‌بوو كه داوای ده‌كرد له ولاتانی سوسیالیستی بورسی بۆ وه‌ر گرم. به ده‌یان نامه‌م بۆ هاتوه له لایه‌ن كورده‌كانی لای خۆمان كه چوو بوونه رۆژ ئاوا تا بورسیان بۆ وه‌ر گرم، دیاره پێوه‌ندی و نامه نوسینیشیان هه‌ر بۆیه بوو كه رێگای خوێندنیان بۆ بكه‌مه‌وه، ده‌نا هه‌ر وه‌ك خه‌لكی ولاتێكیش نه‌بێن وابوو !

٨٦/٧/١٤ كاك خالیدی عه‌زیزی كه تازه گه‌یشتبوه سوید هاته لام. تۆزێ باسی حیزبی دێموكرات و هاتنه ده‌ری خۆی كرد له حیزب و هێندی پرسیاری له سه‌ر ولاتانی سوسیالیستی كۆن كرد و گوتی : « نه‌زه‌رت چیه؟ پێت وانیه وه‌ختی نه‌هاتبێ بیر له ساز كردنی رێكخراوه‌یه‌كی تازه بكرێته‌وه ؟ »

گوتم : كاك خالید تۆ تازه گه‌یشتوویه سوید. جاری تۆزێ بحه‌سێوه.

خەڵکی بناسە. تاسینی ئێرە لە گەڵ وڵات فەرقی زۆرە. من پێم وایە ئەگەر پێنج کەس پەیدا بن تا سەر لەسەر قسەو بیروڕای خۆیان پتەو بن، رەنگە پیاو بتوانێ بیر لە شتێکی وا بکاتەوە. لام وایە یەک دوو جاری دیکە ئەم رایەم لە گەڵ کاک خالیدی تیکرار کردۆتەوە.

رۆژی ۸٦/۷/۱۹ کاک ئەمیری قازی تەلیفونی کرد و گوتی : «موهەندیس ئاریا لێرەیە، پێم خۆشە بێی بچین قاوەیەکی لە گەڵ بخۆینەوە. هەستام چووم، عەلی کەریمی بۆ شەو نەیهێشت بڕۆین و میوانداری کرد. کاک ئەمیر و موهەندیس ئاریا و رەسولی ئاریا و کورەکانی و حوسێنی کەریمی، تا رۆژ نەخەوتین و باس هەر باسی هەڵە و کەمو کوڕیەکانی حیزبی دێموکرات بوو. ئاخرەکەی عەلی کەریمی قسێکی هەق و رەقی لە مستی نابن. گوتی : « کاک ئەمیر ئەم قسەو بۆ چوونانە گشتیان باری شەخسی‌یان هەیە. ئێوە تا لە نێو ئەو حیزبە بوون ، بێدەنگ بوون و هیچتان نەدەگوت. ئێستا باسی ئەو هەموو کەم و کوڕیە دەکەن. خۆ ئەوانە تازە نین، هەر ئەوەی رابردون و هیچ نە گۆڕاون. »

تۆزێکیش بە سەرو گوێلاکی « سەر دەمی نوێ» دا هاتنە خوارێ کە رۆژنامەی روت بە کاری هیچ نایە و با بکرێتە ئۆرگانی رێکخراوەیەکی تازە. شەوێکی خۆشمان بێ خەو بە قسەو یادی رۆژانی رابردوو بردە سەر.

۹۸٦/۸/۷ تەلیفونم بۆ سالاری حەیدەری کرد و گوتم: « کاک سەعید کونستانی دەمێکە مالی هاتوە و پێویستە سەرێکی بدەم، بەلام شارەزا نیم. بە تەمام سبەی ئێوارێ هەستم بێمە لای ئێوە و بەیانی شەمو پێکەوە بچین. گوتی : « زۆر باشە ئێوارێ تەلیفونت لێ‌دەکەمەوە. »

بەڵێ راستی کرد. تەلیفونی لێکردم و گوتی: « برادەرێکمان لە ئوپسالایە، ژنەکەی فەرانسیە، لە حەوتووی رابردۆوە، داوەتی کرد بووین

که سبه‌ی بچینه لایان و بریاره بچین سه‌ریان بده‌ین.»

ده‌ی! من بریاری خۆم دابوو که بچم. مه‌لا محه‌مه‌دیش ئیتر وازی له هاوکاری رۆژنامه هێنا بوو، نه‌ک هه‌ر له گه‌ڵم نه‌ده‌هات، به‌ڵکوو له ماڵیش دا به سه‌ر باری ده‌زانیم.

رۆژی ٨٦/٧/٩ که ده‌مویست برۆم بۆ (فاگشتا) سه‌ردانی کاک سه‌عید، به‌یانی کاک ئه‌میری قازی ته‌لیفونی کرد و گوتی: «وا له ئیزگه‌ی قه‌تارم. له پاریسه‌وه دێمه‌وه. ناتوانم بێمه ماڵی مه‌لا محه‌مه‌دی و پێم خۆشه‌چاوم پێت بکه‌وێ. داخوا ده‌توانی بێی قاوه‌یه‌ک لێره بخۆینه‌وه؟»

رابووم چووم. دانیشتین قاوه‌مان خوارده‌وه و مه‌سه‌له‌ی ته‌لیفونی سالارم بۆ گێرایه‌وه. کاک ئه‌میر تاوێک مات بوو، پاشان گوتی: «نه‌مزانیوه سالار براده‌ری وای هه‌بێ له ئویسالاو ژنیشی فه‌ره‌نسی بێ. جا ئه‌و درۆیه بۆ چی؟ راوه‌سته دوو رۆژی دیکه پێکه‌وه ده‌چین.»

کاک ئه‌میر رۆیشت و من ئیتر نه‌چوومه‌وه ماڵێ، بلێتم کری و سواری قه‌تار بووم و له فاگشتا دابه‌زیم. ئادریسم پێ بوو، تاکسیم بانگ کردو له به‌ر ده‌رگای ماڵی کاک سه‌عید دابه‌زیم و کوتو پڕ و له ناخافڵ له ده‌رگام دا. که وه‌ژوور که‌وتم دیتم کاک سه‌عدی ره‌حمه‌تی و ماموستا مه‌لا عومه‌ر و کاک سه‌لاحی موهته‌دی و سالاری حه‌یده‌ری و ژنه‌که‌ی له‌وێ دانیشتوون. هه‌موویان هه‌ستان و به گه‌رمی به‌خێر هاتنیان کرد. سالارو ژنه‌که‌ی بزرکان و ره‌نگێکی ئاره‌قاویان هێناو تا ئه‌و ماوه‌یه‌ی رۆیشتن، دیوار وه‌ده‌نگ هاتبێ، سالار ده‌نگی له به‌ر نه‌هاته ده‌ر. به‌رگی یه‌که‌می بیره‌وه‌ریه‌کانم بۆ کاک سه‌عید برد بوو، کرا به باسی مه‌جلیس و ته‌ماشا کردنی.

ئه‌وان رۆیشتن و من دوو رۆژ مامه‌وه. سه‌رێکی کاک خالیدی عه‌زیزیم

دا کە ئەویش لەوێ بوو. وتارێکم نووسیبوو بە ناوی «مافی دیاریکردی چارە نووس و بۆ چوونی جیاواز» پێم خۆش بوو بە فارسیش لە «سەردەمی نوێ» دا بلاو بکرێتەوە. دام بە کاک خالیدی عەزیزی و تکام لێکرد کە بەلکوو بۆمان بکا بە فارسی. بە خوای پاش مانگێکی وتارەکەی دابۆوە بە کاک سەعیدی و گوتبووی پێم ناکرێ. درنگتر هەر ئەم وتارەم بۆ کاک بیهرووزی کورد ئەحمەدی نارد، گەلێک سوپاسی دەکەم، کرد بووی بەفارسی و بۆی ناردبوومەوە.

دوو رۆژان لەوێ بووم لە گەلْ کاک سەعیدی چووینە نورنبرۆ. هەوالنووسێکی رۆژنامەی شار هات وتوویژی لە گەلْ کردم. من بە ناوێکی تر ئەو دەم لە سوید بووم و بە هەوالدەرەکەم گوت، ناوی خۆم مەنووسە.

کاک سەید گوتی:« کە وابوو ناتواتین وتو وێژەکە بلاو کەینەوە. لە گەلْ کاک سەعیدی کاک سەید تەهای گەیلانی زادەشمان هەلگرت و چووینە سەردانی کاک رەسولی ئاریا و کاک محەممەدی قادری کە تازە هاتبوون و لە (لاکسۆ) لە کەمپی پەنا بەران دا بوون. ئەو رۆژە بەرنامەیەکی کولتوورییان هەبوو، شایی و هەلپەرکێکی خۆشمان کرد.

شەو لە مالی کاک رەسولی میوانداریی‌یەکی کوردانە ساز کرا. لام وایە غەنی غەنیپوور رەحمانی سۆفیش هاتن و یەک دوو برادەری دیکەش کۆبوونەوە. من چەند دانە رۆژنامەی سەردەمی نوێ و کتێبی کۆماری کوردستانم پێ بوو، چەند دانەیەکیان کرین. کاک رەسولی ئاریا دەیگوت :« ئەشەد و بیلا رۆژنامە فرۆشتن بۆ تۆ عەیبە. تۆ دەبێ خەرێک بی حیزبێک ساز کەی. کادرەکانی ولات چاویان لە تۆیە، لەسەر تۆ دەستیان راگرتوە.!» بە کورتی ئەو شەوە تا لای بەیانی نەخەوتین و هەر قسەو باس و بیرورا دەر برینی بێ مالیات و هەر کەسەش بە دلخوازی خۆی لە ئاشێکی لێ دەکرد.!

٨/١٢/ دایكی كه‌ماڵ ته‌لیفونی كرد و گوتی :« سمایلی برام هاتوه و پێویسته بیبه‌وه.، دوای ئه‌وه‌ی له ماڵی مه‌لا محه‌مه‌د گواستمه‌وه، سواری قه‌تار بووم بۆ بیرلین و له ویشه‌وه به فرۆكه چوومه‌وه سۆفیا و تا ٨٦/٩/١ له گه‌ڵ كاك سمایلی ژنبرام له بولگاریا رۆژمان برده سه‌ر.

كه چوومه‌وه سۆفیا ئه‌م نامه‌یه‌ی خواره‌وه‌م له لایه‌ن غه‌نی بلوریانه‌وه بۆهاتبوو:

«.. به‌ڕێز كاك كه‌ریم! رۆژ باش به هیوای ساخی خۆت و خێزان به تایبه‌ت خوشكه خه‌جیجم. بیستوومه دیسان به‌ره‌و ده‌وری دنیا داكشاوی، خێری تێدا بێ. كاكی برا له لای «گۆرینه‌كه» بم چوێنه با ئێمه‌ش خولێك بده‌ین خۆ كافر نابی! له به‌ر بێ ده‌سه‌لاتی و كلۆلی زاتم نیه ته‌لیفونت بۆ بكه‌م. ئه‌وا كاك سه‌عیدم ده نان و شێرێژی گرتوه هه‌ر وه‌ها زاڵه‌یه‌تی. تۆش له به‌ر زه‌به‌ندی پاره نازانی چی بكه‌ی. مه‌سه‌له‌كه‌ی لای خۆمانه ده‌ڵێن: هێنده‌ی رۆن هه‌یه نازانێ چی پێ بكا، هه‌مووی له ....هه‌ڵده‌سوێ. مێژووه‌كه‌ی تازه‌تم خوێنده‌وه، باسی منیشی تێدا بوو، به پارێز ه‌وه نێوی بابت هێناوم. كارت راست بێ یه‌س نیه وه‌ك كاكی «صارم» راسته‌و خۆ بابت نه......م. ئه‌وا منیش هێنه‌كه‌ی خۆم نیوه چڵ كردوه، به خوا هه‌ر كه‌سه‌ی به باتمانی خۆی، نێوی بابی دێنم. مافێكی ره‌وایه. له سابلاغی قه‌دیم كابرایه‌ك هه‌بوو به ناوی كاك مینه و كورێكی خوارو خێچیش به ناوی «حێلاری»- « حه‌مبالی به‌ڵه‌د» هه‌بوو. یانی حه‌مباڵی قه‌رتاڵه. گۆشت و سه‌وزی و كه‌ل و په‌لی ته‌واوی به قرانێك بۆ خه‌ڵك ده برده‌وه ماڵێ. فه‌قیرو هه‌ژاران توانایان نه‌بوو مناڵه‌كانیان بخه‌نه به‌ر خوێندن حه‌ماڵیان پێ ده‌كردن. به‌ڵكو پاروه نانێك بۆ خێزان په‌یدا بكه‌ن. ساڵ ساڵی ١٣١٤ یه. سێلاوێكی به گور و گرمه سابلاغی داگرتبوو، لافاو گشت بازاری هاڕیبوو. شتومه‌كی دوكانانی

پەرش و بلاو کرد بوو. مرۆڤی وەک کاک مینە «نەدار» قۆلیان هەلمالی بوو کە گۆیا خزمەت بە «دارا» بکەن. بە سەوەتان کێشەیان دەکرد بۆ مالی خۆیان. کاک مینە لەو بارەوە بە کار بوو. حێلاری مێر مندالیش بە قەرتالە پچوکە کەی خەریکی ئەو فێلە بوو. کاک مینە تێی خوڕی و گوتی : هەی سەگبابی بیژوو ئەوا خەریکی چیت؟ قەرتالەت پڕ کردوە بۆ کوێ؟

حیلاری لەو لاوە گوتی: هەی سەگباب بۆ خۆتی، تۆ وا بە سەوەتان رادەگوێزی، من بە قەرتالە. کاکی برا خەلکان ئەوا ئێستا بە بەرمیل بابی هەژارانی کوردەواری د......ن ! ئێمە هەر هاوارمان کرد هەی تەی کەی ئامان. بە لام کەس نیە نێوی بابی ئەوان بێنێ. لە مێژوەکەتا لانی کەم هەر سەگبابێکت پێ گوتبان دیسان هەر شتێک بوو. کاکی صارم لە پەیامەکەی دا بۆلەیەکی کردوە « بووکێ لە گەلْ تۆمە، خەسوو گوێت لێ بێ» پلاری تور داوە بەلام گشت لایەکی دەگرێتەوە. وەک شیعرەکانی حافظ بۆ فالْ هەر کەسە مانایەکی دلْخوازی لێ دەداتەوە. رۆژنامەی « سەردەمی نوی» م چەند ژمارە چەنگ کەوتوە بەلام دوو تەقەیە و دو دمە! وەک تریبوونی ئازاد وایە. بە هیوام بخرێتە سەر رێبازی یەک دەم ئەوەی کە خۆت دەیزانی. بەلام کوردیەکەی جوانە و سووکە تازانجێکی بۆ پەز تێدایە. بە هیوای قورس کردنی. ئەوانەم بۆ سەوەتا نوسیوە و ئەو ریس و گوریسەم بۆ مەبەستێک رستوە: نیازم بە مێژوکەی رەحمان هەیە بۆ میقات کردنی ئاکاری ئەو رۆژی لە گەلْ هی دوێکەی ! بە ئەمانەت. پاشان وێنەی قاضی محمد و هی‌تر و هی مامۆستای کۆچ کردوو هێمن و بارزانی و فۆتۆ کۆپی نامەکەی خۆم کە بۆم ناردبووی. ئەوەکەی ناوی ستالینی تیایە چونکو من ئەو چەشنە نامانە کۆ دەکەمەوە. بە داخەوە مینۆتی نامەکەم دیار نیە ئەم دۆزیوەتەوە و جا نازانم دەستم دەگری یان

نا؟ ئەگەر هەناردت بیانده بە کاک سەعید چونکو کۆنە هەوار جێ دەهێڵم و هەواری تازەشم نادیارە. خۆت دەزانی لای ئێمە شەرع قوڵە دەبێ بە پارێز یۆی بچی. بەڵام دەزانم خۆم لە تۆ و لە «گۆرینەکە» پێ حاشار نادرێ بۆم لە بنی کولەکە دەدەن و لێفە لە سەر هەتیوان لادەدەن. بەڵام خۆم پێشەکی جێگامت بۆ روون دەکەمەوە ئەگەر لە سێدارەیان دام تۆ خۆش و دیدار بۆ ئاخرەت. ئیتر بژیت. برات غەنی ٥ اوت ٢٩٨٦ کەس نەزان »

له رێکەوتی ١٩٨٦/٩/١. لە وەڵامی نامەی مامە غەنی دا ئەم نامەیەی خوارەوەم بۆ نارد :

« برای بەرێزو خۆشەویستم مامە رۆژ باش! دەستەکانت دەکوشم. چەند دەقیقە نوکی قەلەمەکەم راگرت بۆ ئەوە تا بزانم نامە بۆ کێ بنووسم؟ ناوی کێ بێنم؟ ساخ نەبوومەوە. ئەم وێرا. ئاخر لای ئێوە ئەساسی کار نهێنی‌یە. نهێنی کاری بە خۆرایی، خۆ شاردنەوە لە هەموو کەس. لە بیر بردنەوەی دۆست و هاورێ، بۆ چی؟ بۆ ئەوە چونکە لەم فنندڵ قێڵە بەدەر، چی دیکە لە گۆڕێ دا نیە. کاک حەمەدەمین وەستای ئەو شتانەیە. تۆش شوکور وا لە وانی ترت گرتۆتەوە. شوکر بە هەواری تازەی خۆت نازانی و نابێ منیش پێی بزانم. خێری تێدا بێ.

دەڵێن فەتەلی شا خاسیەتی ئەوەبوە، هەر کەس چوو بێتە لای، دەبوایە گونچکەی وەبن پەپاخی داو دیار نەبن. خەبەری شکانی عەبباس میرزای بۆ دێت کە لە بەر لەشکری رووس شکاوە. یەک لە شازادەکان بە تەتەر هاواری شکانی بۆ دێنێ کە شا یارمەتی بۆ عەبباس میرزا بنێرێ. شا دەڵێ بێ‌تەشریفات با بێتە ژوور. شازادە دەگاتێ و لە بیری دەچێ کە گونچکان وەبن پەپاخی بدات و بیان شارێتەوە. دە چێتە ژوور و نامەی عەبباس میرزای دەدا بە شا. فەتەلی شا دوو دێران دەخوێنێتەوە،

سەر هەڵدینێ دە بینێ شازادە گۆێچکەی بە دەرەوەن. تورە دەبێ و نامەی عەبباس میرزا بە عەرزی دادەدا و دەڵێ:« واوا لێکراو، تۆ نازانی لە کن من نابێ گوێچکەت دیار بێ.!

شازادە چەپۆکێک بە پەپاخەکەی دادەداو دەڵێ:« من ئەوا گوێچکەم شاردنەوە، بزانم عەبباس میرزا لە دەست روسان نەجاتی دەبێ ؟ !»

گاکە! ئێوەش خۆتان وەشێرن، یا بتان شێرنەوە، بزانم لە ئێران شۆرشی سوسیالیستی دەکرێ؟! ئەوەندەم ئەو راوە رێویە دیوە لێی بێزار بووم. بە لای منەوە ئەم رێبەرانە بە قەولی کاک حەسەنی رەحمەتی تەنیا راوی سەر کاغەز دەزانن. هەل و مەرجی وڵات و روحیەی خەڵک ناناسن. تۆ بۆ شاردنەوە نابی، ئەگەر تێبگەن تۆ دەبێ لە نێوەراستی مەعرەکە بی، وەک خوخولە بسوڕێیەوە، لە گەڵ هەموو کەس و ناکەس ملاقات بکەی، بەڵام نایانەوێ، ناڵێم نازانن، دەڵێم ناخوازن. نایانەوێ تەنانەت خۆشت بە « هەواری تازەت بزانی.» من ئەو «شەرع قولی‌یە» بە بێ شەرعی دادەنێم!

لە لای کلکیەوە بە وەڵامی نامەکەت دا هاتووم. دەی بەر لە هەموو شت سلامەتیت ئاوات خوازم.. کاکی خۆم لام وایە لە نوسینەکەم دا بێ ئینسافیم نەکردوە. دەبوایە ناوت بێنم، باسی جولانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بێ ناوی تۆ ناتەواوە. ئەم ویستوە بە ناتەواوی تەواوی بکەم. بەڵام دەتووسی:« لانی کەم هەر سەگبابێکت پێ گوتبان» کاکی خۆم من باسی رابردوم کردوە، بۆیە نەدەکرا بە سەگبابیش ناویان بێتە نێو ناوان. هەر چەند لە پێشەکی دا پلارێکم وەشاندوە. ئەوەش زیاتر ئێوە ئێستا بە « رێبەری جولانەوەی کوردیان» دەزانن و بە چرا بە دوایاندا دەگەرێن بیاندۆزنەوە تا قسەتان لە گەڵ بکەن و واریدی «مذاکرە» بن و من سەگبابیان پێ بڵێم ؟! من بەشی خۆم گوتومە. لێکۆڵینەوەو تایبەتی

کۆنگره‌ی شه‌ش که‌م نین که له سه‌رم نوسیون. ئێوه ئێستا ده‌تانه‌وێ له گه‌ڵیان رێک که‌ونه وه، راست له‌و کاته‌دا که به ئاشکرا که‌وتوونه ئامێزی ئه‌ولا. ره‌نگه ئه‌وه هه‌مووی به سیاسه‌ت دابنرێ! موباره‌که !!

هیوادارم ئێوه چڵه‌که‌ت ته‌واو بکه‌ی و که‌سیش وه‌پاش خۆت نه‌ده‌ی. من ئه‌وه به‌رگی یه‌که‌می بیره‌وه‌ریه‌کانت بۆ ده‌نێرم. له به‌رگی ۲و۳و٤ دا، نه‌ک هه‌ر ناوی باب، ناوی باپیری زۆر که‌سیش هاتوه.

« سه‌ر ده‌می نوێ » لام وایه خۆی ساخ ده‌کاته‌وه. به قه‌ولی کاک صارم له چنگ « ته نافی رزیو » نه‌جاتی بوه. ئه‌ویشم له رێگای ئێوه‌دا، دانا. ئێستا خۆم خه‌ریکم و به ده‌ستیه‌وه پێوه بووم . هه‌ر چۆنێک بێ درێژه به ده‌رچوونی ده‌درێ. به خوای جارو بار پلاریش ده‌وه‌شێن. له پلار وه‌شاندن ناترسێم، له‌وه‌ی ناترسێم ده‌رم بکه‌ن، خۆشم ناشارمه‌وه.

له باره‌ی کتێب و عه‌کس ئه‌وا هه‌رچی هه‌مه و نیمه بۆت ده‌نێرم. کتێب و وێنه هیچه، هه‌ر چی پێویستت بێ تکایه بۆم بنووسه. به‌لاّم وریا به هه‌ر به هۆی واسیته‌بێ، نه‌ک خوا نه‌خواسته شوێنی هه‌وارت هه‌ڵبگرم په‌کی شۆرشی سوسیالیستی بکه‌وێ! نامه‌که‌تم لا ماوه. به‌لاّم لێره فۆتۆ کۆپی زه‌حمه‌ته. درنگتر فۆتۆ کۆپی ده‌که‌م و ئه‌ویشت بۆ ده‌نێرمه‌وه.

خه‌جیج عه‌رزی سلاّوی هه‌یه. عه‌جایب له‌و خۆشاردنه‌وه‌یه توره‌یه و باسی بابی زۆر که‌س ده‌کات. ده‌ڵێ مامه له عه‌جه‌مان و له کاک حه‌مه‌ده‌مینی فێر بوه.!

خه‌به‌رو ده‌نگ و باسی ولاّتیشت بۆ نانووسم، چونکه ده بێته بێ عه‌ده‌بی، «حیزب» پتر ئاگاداری وه‌زعی ولاّت و به تایبه‌ت کوردستانه! زۆری له سه‌ر رۆیشتم. هیوا دارم به سلاّمه‌تی ژیانێکی خۆش به‌ریه سه‌ر. برات که‌ریم. ۸٦/۹/۱ »

نه‌بوونی سه‌قامگرتوویم له شوێنێ، زۆر جار تاوانی ولاّم نه‌دانه‌وه‌و یا

درنگ ولاٚم دانەوەی دۆست و برادەرانی دەخستمە سەر شانی. نامەیان بۆ دەناردم بۆ بولگاریا، بەلاٚم من لە سوید بووم زۆر درنگ دەگەیشتە دەستم.

دۆستی بەرێز دوکتور کەمالْ میراودلی لە ۸٦/۸/۱۸ ئەم نامەیەی خوارەوەی بۆ نارد بووم :

« بۆ برای بەرێز و هێژا کاک کەریمی حسامی.

سلاٚوێکی برایانەو روناکبیرانە :

لە پێناوی چەسپاندنی رێبازی دیموکراتیانە و پێشکەوتخوازانەی گۆڤاری (پەیڤ) و بەرز بوونەوەی ئاستی بلاٚو بوونەوەی لە نێو جەماوەر دا.

لە بەر ئەوەی پەیڤ تەنیا پشتی بە هاوکاری نووسەران و روناکبیراتی دلسۆزی گەلەکەمان بەستوەو، لە بەر ئەوەی بە چاوی رێز و قەدر زانینەوە سەیری دەوری بە رێزتان دەکەین، داوا لە بە رێزتان دەکەین موافەقەت بفەرموون ببنە هاوکاری پەیڤ و ناوتان لە (دەستەی پشتگیری)دا - هیئه التعضید - دا بنوسرێ.

تکایە بە زووترین کات وەلاٚمان بدەنەوە. لە گەلْ سوپاس و رێزماندا.

براتان کەمالْ میراودلی سەر نووسەری گۆڤاری پەیڤ »

وەلاٚمی نامەی دوکتور کەمالْ میراودەلی-م دایەوەو بە شانازیەوە هاوکاری خۆم راگەیاند و لە دوارۆژ دا وتاریشم بۆ نارد. کاتی لە سوید بووم، بەرگی یەکەمی بیرەوەریەکانم بۆ شاعیرو نووسەری بەرێز، **ماموستا محەمەد رەسول هاوار نارد بوو**، ماموستا لە ۸٦/۸/۲۵ ئەم نامەیەی خوارەوەی بۆ نارد بووم :

« لندن ۱۹۸٦/۸/۲۵

برای بە رێز و خۆشەویستم ماموستا کریم.

ئەم کاتەتان باش. ئومید ئەکەم باش بن. کتیبە بە نرخەکەتان کە بە پوستەدا بۆتان نارد بوم پیم گەیشت و سوپاسیکی زور بی پایانت ئەکەم. بە راستی لە گەڵ ئەو سەر قالیەی کە هەمە و خوم بە چەند شتیکی دورو دریژەوە خەریک کردوە، کە سەرەتای کتیبەکەتم دەست پیکرد ئەوەی راستی بێ ئەم توانی وازی لی بینم هەتا هەمویم بە سی چوار وچان خویندەوەو تەواو کرد. دەست و پینوسەکەتان خوش بە راستی کاریکی زور بە جێ تان کرد. نوسینەکە جگە لەوەی کە بیرەوەریەکی ژیانی خوتانەو شیوەی ژیانی کومەلایەتی کوردستانی ئیرانتان دەست نیشان کردوە لە سەر دەمیکی تایبەتی‌دا کە بریتیە لە ماوەی ژیانتان لە مندالیەوە هەتا سەردەمی سالی ١٩٥٧، جگە لەوە بریتیە لە روونکردنەوەو دەس نیشانکردنی روویەکی ژیانی کومەلایەتی و سیاسی کوردستانی ئیران وەکو باسیکی میژوویی زور گرنگە و بروا ناکەم کەسی تر تاقەتی ئەوەی هەبو بێ ئەو شتانە هەر وەکو خوی تومار بکا وئەمرۆ هەمووی بخاتە روو.

لە کوردستانی عیراق هەر وەکو شوینەکانی تری کوردستان ژیانی کۆمەلایەتی دوا کەوتو بوە و پرە لە کونەوەری بەلام ئەوەی راستی بێ ئەوەی ئیوە باستان کردوە دەر بارەی تاوانی دەرەبەگ و دەسەلاتی دەرەبەگ چەوساندنەوەی رەش و روت و بەشخوراوی بێ زەوی و زار کە هەر سالەی سال لە شوینیکدا لە ژیر سایەی ئاغاو دەرەبەگیکی چەوسینەردا ژیاوە تا رادەیەک لە کوردستانی عیراق لاواز بوو کەم بووە مەگەر لە هەندێ شوینی وەکو ناوچەی پژدەرو ئاکویان یا لە هەندی شوینی تری جور بە جور لە سنوری دەسەلاتیکی کەمتری ئاغاو بەگ و دەرەبەگدا ئەو چەوساندنەوەیە بینرا بیت... بیگومان خەباتی چینایەتی کە هیشتا هەر ماوە و بەر دەوامە و دەرەبەگ بنە بر نەبوە و ریشە کیش

نەکراوە بە تەواوەتی پیویستیەکی تەواوی نەتەوەی کوردە وەکو هەنگاوی پیشەوەی رزگار بوون، رووداوەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان و هەرەس هینانو سەر نەکەوتنی هەمو شورشەکانی کوردستان بە شیکی زوري نەگەرنتەوە بۆ ئەوەي کە زوربەي ئەو شورشانە سەر کردایەتی بە دەس دەرەبەگەوە بوە و رەش و روت حسابی بۆ نەکراوە. بۆیە هەمیشە لە ریٍرەوی تێکۆشاندا ئەو خەبات و شورشانە تووشی هەرەس هینانو روو چوون بوە، باسیکی دورو دریژ دەربارەی دەوری دەرەبەگ لە سەر شانی شارەزا و میژوو نوسەکانمانە... بە راستی ئەوەی ئیوە کەلینیکی ئیکجار گەورە ی پر کردەوە لە دەس نیشانکردنی قوناغیک لە قوناغەکانی خەباتی چینایەتی لە بەشێکی کوردستانی گەورەدا کە بریتیە لە کوردستانی ئیران. جاریکی تریش دەستتان خوش و ئومید ئەکەم زنجیرەی دووەمیش هەر بەو جورە تەواو ببیت و بگاتە دەست خوێندەواراتی کورد........ باسەکەی منیش توزیک سەر یەشەی لیٌ پەیدا بوەو دەبیٌ چونکە بە داخەوە ئیمە هەر وا فیر بوین کە ئەبیٌ هەر ستایشی ئەم و ئەو بکەین و چاو لە هەلەو چەوتیەکان بنوقینین و هەمو شتیک دیزە بە دەرخونە بکریت کە وا بزانم وەختی ئەوە هاتوە وەچەی نویٌ رچەی ئەو بەستەڵەکە بشکینن و فیری ئەوە بیت راست و رەوان و بیٌ پیچ و پەنا هەمو شتیک بڵیٌ و بنووسی و بیخاتە روو. بە ئومیدی ئەوەی جاریکی تر یەکتر ببینینەوە لیرە داوای سەر کەوتنتان ئەکەم روحەکەم .براتان - هاوار »

برادەرێکم لە کوردستانی ئێرانەوە داوای لێکرد بووم کە نوسراوەکانی خۆمی بۆ بنێرم. بەو شەرتەی ناوی خۆمیان لە سەر بسڕمەوە. لە پڕ لە ٨٦/٩/١٦ دا، تیلگرافێکم پێگەیشت، بە لاتینی و بە کرمانجی ژوورو نووسیبووی :

« خاڵە گیان ! هیچم بۆ مەنێرە، هیچ...شەبکە توندە ... »

لە بەرانبەر ئەوەدا کاک عەزیزی نژادیان هاتبوە سۆفیاو ئێمەشی بە سەر کردەوە و سەری داین. بەڵێنی دا لە گەرانەوەدا، کتێبی «سرزمین زردشت، تاریخ رضائیه » م بۆ بنێرێ کە زۆرم پێویست بوو. پاش ماوەیەکی زۆر کتێبی ناوبراوم پێگەیشت. لە گەڵ ئەوەی هەمیشە سوپاسی دەکەم، دایکی کەماڵی هەر دەڵێ :« ئەوە یەکەم کەس بوو، شوکر بەڵێنی خۆی بردە سەر، جێگای پێ زانینە . »

رۆژی ۸٦/۹/۲۱ کاک کەماڵ میراودلی لە لەندەنەوە تەلیفونی کرد کە بۆ سیمینارێک لە سەر « مافی دیاریکردنی چارە نووس» بچمە لەندەن. بە داخەوە نەمتوانی، چونکە رۆژنامەکە بە تەنیا بە سەر دوکتور جەمشیدا مابۆوە .

گەرانەوە بۆ سوید

رۆژی ۹/۲۲ خوا حافیزیم لە منداڵەکان کردو بەرەو سوید سواری فرۆکە بووم تا بیرلین و لەوێشەوە بە قەتار بۆ سوید. رۆژی ۹/۲٤/ بەیانی فەهد لە ئیزگەی قەتار چاوەروانم بوو.

دوای چەند رۆژ نامەی ئەکادیمی کوردیەم بۆ هات کە بۆ کۆبوونەوەی فراوان بانگ کرا بووم. **دوکتور کمال فوئاد لە گەڵ چەند زاناو کەسایەتی کورد، شتێکی بە نای «ئەکادیمی کوردی» لە ئەڵمان پێکەوە نابوو**، هەر چەندە هیچ بەرهەمیشی دەر نەکەوت. لە ۱۹۸٦/۹/۲۲ ئەم نامەیەی خوارەوەیان بۆ نارد بووم. :

Akademya kundi
c/o Reso
pf 3219
4030 Ratinqen 3
Hejmar 3
Dusseldorf, 22.9.1986

Bray berez k.Hussami
Pas slaw
biburin lewey ke esta namey roji 21.7.1986 tan bo enerin.Lemduwayie da edresi eweman be dest qeyst. Her leqel em nameye da namey jimare 2 tan bo enerin.Ewendeypewendiy be Akademiy kurdi u kobunewey frawanewe heye lew du nameye da nusrawe. Zor pexoshal ebin be besdarbuni ewes leqelmanda. Tikaye le kateki zu da le welami XOtan aqadarman bfermun Leqel rez u supasi qerm da .
Bratan Le bati Destey Bereweber :amal Fuad.

بە داخەوە نەمتوانی بەشداری کۆبوونەوەکە بکەم و ئەم نامەیەم لە وەڵامدا بۆ نووسینەوە. :

« بۆ دەستەی بە ڕێوە بەری ئەکادیمی کوردی - بە ڕێز

برایانی بە ڕێز: لە گەڵ سڵاوێکی گەرم بەر لە هەموو شت بە بۆنەی دانانی ئەم هەنگاوە پیرۆزەوە پڕ بە دڵ پیرۆز باییتان لێدەکەم.

بێگومان ئەم هەنگاوەی ئێوە بۆ پەرە پێدان و گەشەکردنی زمان و ئەدەب و هونەر و مێژووی گەلەکەمان بە تایبەت لەم کاتە ناسکەی

خه‌باتی نه‌ته‌وه‌که‌ماندا، به کارێکی گه‌وره‌و به خزمه‌تێکی به‌رز داده‌نرێ.
به داخه‌وه نامه‌ی ٨٦/٧/٢١ و نامه‌ی ١٩٨٦/٩/٢٢ی ئێوه پێش دوو رۆژ به ده‌ستم گه‌یشتن. وێرای سوپاس گه‌لێک به شانازیم ده‌زانی که له‌و کۆبوونه‌وه یه نرخه‌دا به‌شدار بم. به‌لاْم داخی گرانم له به‌ر نه‌بوونی ڤیزای ئه‌لمانیا که زۆریشم هه‌ول بۆدا، نه‌متوانی به‌شداری بکه‌م. پێم خۆشه پێتان رابگه‌یه‌نم که به گوێره‌ی توانا بۆ هه‌موو خزمه‌ت و یارمه‌تی و پشتگیریه‌کی ئه‌کادیمی ئاماده‌م. بۆ هه‌نگاوی یه‌که‌م ئه‌وه ته‌واوی ژماره‌کانی رۆژنامه‌ی « سه‌ر ده‌می نوێ » له گه‌لْ دوو نووسراوه‌ی خۆم « کۆماری دیموکراتی کوردستان یا خود موختاری» و به‌رگی یه‌که‌می« بیره‌وه‌ریه‌کانم » به کتێبخانه‌ی ئه‌کادیمی پێشکێش ده‌که‌م.
سه‌ر که‌وتنتان له‌م کاره به نرخه‌دا ئاواته خوازم براتان که‌ریمی حسامی
٨/ .١/ ١٩٨٦ »

داوای په‌نا به‌ری له سوید

مالْ له بولگاریا و رۆژنامه له سوید و گیرو گرفتی پاسپۆرت و ڤیزا و ئه‌و هه‌موو هاتو چۆیه ده‌ری نه‌ده‌هێناو فره دژوار بوو. لام وایه کاک ئه‌میری قازیش یه‌ک دوو جار گوتی : « بۆ داوای مانه‌وه ناکه‌ی، هه‌م له باری ژیان و هه‌م له باری پاسپۆرته‌وه ئاسوده ده‌بی.» براده‌ری دیکه‌ش هه‌ر له‌م بواره‌دا وایان پێ باشبوو. بریارم دا بچمه پولیس و داوای په‌نا به‌ری بکه‌م.
رۆژی ١٩٨٦/٩/٣. له گه‌ل نه‌هدی براده‌ر چووینه پولیس،

بلاتکێتیکمان پڕ کردەوەو دامان. دوای دوو سەعات پۆلیس بانگی کردین و فەهد گوتی ئەوە خاڵمەو لە ستوکهۆلم لە کن من دەژی. ئیتر پێویست نەبوو بمنێرنە کەمپ و لاگر. هەر ئەو رۆژە نامەیەکی دامی بۆ سوسیال و رەگەڵ خێڵی ئاوارەگانی ولات و چاو لە دەستانی یارەگای سوسیال کەوتم. دیارە داوا کردنی پەنا بەری تا قبولکردن فەرقێکی هەیەو ماوەیەک دەخایەنی. من تەنیا بەم داوا کردنە هیچ بارێکم لە سەر مالی فەهدو دوکتور جەمشید سوک نەکرد و جارێ هەر لە لای ئەوان مامەوە.

کۆمەڵەی کولتوری کوردستان لە شاری گۆتێبورگ یوتوبۆری)، یک دوو جار بە راسپاردەو تەلیفون داوای کرد بوو کە بۆ باسێک لە سەر مەسەلەی کورد بچمە ئەو شارە. ئامادەیی خۆم نیشاندا، هەر کاتی ئەوان ئامادە بن.

رۆژی ۲۷/ . ۱ / ۱۹۸٦ ئەم نامەیەی خوارەوەیان بۆ نارد بووم:

« بە رێز ماموستا کەریمی حیسامی. سلاو وریز و خۆشەویستی .

لە سەرەتای نامەدا سوپاسێکی پڕ بە دڵتان ئەکەین بۆ دەر برینی رەزامەندیتان بۆ گێرانی کۆرێک سەبارەت بە رەوشی ئێستای کوردستان. لە رۆژی شەممەی رێکەوتی ۱/۱۱/۹۸٦ لە شاری گوتنبرگ.

کۆمەڵەکەمان لە هەوڵدانی بەر دەوام دایە بۆ کۆ کردنەوەو گفتگو کردن لە گەڵ زانایان و شارەزایانی نەتەوەکەمان و بێگانان بە مەبەستی تیشکی زانستانە خستنە سەر مەسەلەی گەلەکەمان و مشت ومڕێکی دێموکراسیانە لە سەر بکات. سەبارەت بەو هۆیە کە قبولْ کردنتان بۆ گێرانی کۆرێکی وەها لە ئاستی زانستی بەرزدا لە لایەن کۆمەڵەمان وهاورێکانیەوە بە گەرمی پێشوازی لیْ ئەکرێت و جێگەیەکی بڵندو مەزنی لامان هەیە. وێرای ئەویش هیوادارین ئەم هەنگاوە پڕ نرخەی ئێوە سەرەتای چەندین هەنگاوی بەر دەوام بێت لەم بوارەدا و پاشان بتوانین

چەندین کەسی تر بۆ هەمان مەبەست لێرە کۆ بکەینەوە. هیوادارین کە زاناو پیاوانی سیاسی دیکەی کورد هەر وەک ئێوە چۆن دڵسۆزانە هاتنە پێشەوە ئەوانیش بە هەمان دەستور دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ بکەن. دوا وشەمان ئەوەیە ئێمە بە دڵێکی پڕ ڕێز و فراوانەوە بە خێر هاتنتان دەکەین و هیوادارین کە سەر کەوتوو بیت لە ژیانداو ئاواتی سەر فرازی بۆ گەلە چەوساوەکەمان لە یاد ناکەین. اسماعیل شریف لێپرساوی کۆمەڵە . »

ڕۆژی ٣١/ ١٠/ ٨٦ لە گەڵ دوکتور جەمشید بەرەو گۆتوبورگ، سواری قەتار بووین. ئێوارە گەیشتین. برادەرانی کۆمەڵە چاوە ڕوان بوون. شەو دوکتور فوئاد میوانداری کرد و شەوێکی خۆشمان بردە سەر.

شەمۆ ١/١١/ کۆرەکە دەستیپێکرد. کوردەکانی ئەم شارە بەشی زۆریان هاتبوون. سەر خەت و نیوەڕۆکی باسەکە بریتی بوو لە : « ڕەوتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە قۆناخی ئێستادا. » لێکۆلینەوە و ئاخافتنەکەی من نیزیکەی دوو سەعاتی خایاند. پرسیار و وەڵامی زۆر و جۆراو جۆری دۆستانە و دیموکراسیانە بەرێوە چووون. دەقی وتارەکەم کە لەسەر نەوار پیادە کراوە لێرەدا بلاوی دەکەمەوەو لە ڕۆژنامەی ژمارە ١١و١٢ی « سەردەمی نوی» شدا بلاو کراوەتەوە.

سیمینار لەسەر« ڕەوتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە قوناخی ئێستادا »

« لە پێشدا سوپاسی برادەرانی کۆمەڵەی ئێرە دەکەم کە بانگیان کردووم بۆ دانیشتنێکی برایانەو یەکتر ناسین و گۆرینەوەی بیرورا. هەر وەها سوپاسی ئەو برادەر و هاورێ و هاو ونیشتمانانەش دەکەم کە وا بە ڕۆژی شەمۆ هاتوونە ئێرە. چونکە ڕۆژی شەمۆ لەم ولاّتانە بۆ خەڵک

دەرفەتێکە بحەسێتەوەو بگەڕێ و پشوێک بدات. وەک لە پێشدا باسکراوە، لەم کۆبوونەوەیەدا، «ڕەوتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە قۆناخی ئێستادا» مەبەستی بنەڕەتیکۆبوونەوەکەمانە. لام وایە بۆ هەموو کوردێک چ ئەوانەی لە گۆزرە پانی خەباتدان و چ ئەوانەی ئاوارەی هەندەران بوون و لە دەر بەدەریدا دەژین، ڕەنگە گرنگترین مەسەلە بێت. دیارە لەم بارەوە زۆر قسە کراوە، جا بۆیە مرۆ دڵنیا نیە ئەوەی کە باسی دەکات، بە تەواوی جێی خۆی بگرێت، یا بتوانێ وەک پێویستە مەسەلەکان شی بکاتەوە. چونکە لە سەر مەسەلەی ڕزگاریخوازی کورد، زۆر شت بێژراوەو بیرو ڕای جیاواز دەر براون. لە چەپی چەپەوە بگرە تا ئەو پەڕی ڕاست، تاک و تاقم و دەستەی جیاواز بە کەیفی خۆیان بیرو ڕایان دەر بریوە و نووسیویانە. بەڵام دیسان هەر چەندی باسی ئەو مەسەلەیە بکرێ هێشتا هەر کەمە. دیارە ناتوانم بڵێم لەم باسەدا هەموو بیرورا وەک یەک دەبن و ئەوەی دەگوترێ بە دڵی هەموو کەس دەبێ، ئەوەندە هەیە هێندێ شتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە و فێری ئەوەش دەبین بە دڵێکی فراوانەوە گوێ لە یەکتر بگرین و بیروڕای خۆشمان بە ڕاشکاوی دەر ببڕین. یا وەک وەزعێکی بە داخەوە لە کوردستان پێک هاتوە، لە سەر ناکۆکی بیرورا لە دەرەوەش تووشی ناخۆشی و تەنانەت یەکتر کوشتنیش نەبین. ئەوە لە نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردا، زۆر جێگای داخە کە لە سەر ناکۆکی بیرو باوەڕ، دەر کردن لە حیزب و بوختان و حەپسکردن و تەنانەت کوشتنیش بۆتە باو. ئەمە دیاردەیەکی فرە دزێوە بزووتنەوەی کوردی گرتۆتەوە و شوێنەواری دێموکراسی لە نێو حیزبەکاندا کوێر کردۆتەوە.

بە بیروڕای من لە نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (ب.ڕ.خ.ک) لە قۆناخی ئێستادا دوو دیاردەی جیاواز خۆ دەنوێنن کە دژی یەکترن.

ئەمە لە فەلسەفەشدا هەیە کە دوو دیاردەی دژ بە یەکتر پێکەوە دەژین.
دیاردەی یەکەمیان بریتی‌یە لە پەرە گرتن و گەشە کردنی ب.ر.خ.ک لە سەرانسەری کوردستاندا. وشیاری کۆمەلانی خەلک، بە تایبەت زەحمەتکێشانی گوندی کە زۆربەی دانیشتوانی کوردستانن و باری قورس و دژواری بزووتنەوەی ئێستای کوردستانیان لە سەر شانیە. جگە لەوان بورژوازی شارو رووناکبیرانی شۆرشگێر هەر یەکە بە نۆرەی خۆیان لە نێو بزووتنەوەدا دەوری خۆیان هەیە.
دیاردەی دووهەم قەیرانی بزووتنەوەی ئێستای کوردستانە کە بە شکلی جوراو جور خۆ دەنوێنێ. لە لایەک پەرە گرتن و پێشکەوتنە، چوونە سەری پلەی خەبات و وشیاری کۆمەلانی خەلکی کوردە، لە لایەکی تر ئەم قەبرانەیە کە داوێن گیری جولانەوە بوە و لە گەل دیاردەی ئەکەمیان رێک ناکەوێ. ئێستا بە کورتی باسی دیاردەی یەکەم دەکەین. گرنگی ئەم قۆناخە لە وەدایە کە لە هەموو پارچەکانی کوردستانی دابەشکراو، هەستی نەتەوایەتی بە چەشنێکی بێ وێنە بوژاوەتەوە. بەشی هەرە زۆری خەلکی کورد کە لە ٢٠ میلیۆن زیاترە، بە شێوەی جور بە جور هاتوونە ریزی خەبات و تێکۆشان. دیارە نابێ پێمان وابێ کە خەبات هەر ئەوەیە دەست بدەیە چەک و وەشاخی کەوی. بە لکوو ئەوانەی لە شارو گوند دەژین، یارمەتی دەدەن، دەنووسن، پێشمەرگە دەحاوێننەوە، نانیان بۆ دەبەن، خەبەر و هەڤالیان پێ دەگەیێنن، یا ئەوانەی لە سەر خەبات توشی دەر بە دەری بوون و دلسۆزی خۆیان بۆ بزوتنەوە پاراستوە، هەموویان و هەر یەک بە شێوەیەک لە خەبات بەشدارن. بە لای منەوە ویشکە رۆیی و بەر چاو تەنگیە ئەگەر تەنیا ئەو کەسانە بە خەباتگێر حیساب بکەین کە چەکیان دەست داوەتێ ولە چیا دەژین. راستە ئەوان دەوری گرنگ و

سەرەکیان هەیە، بەلاَم دەبیْ وای دابنیێن کە نەتەوەکەمان بە گشتی لە خەباتی ئەمرۆدا بەشداری دەکات و دەیەویْ بە شەقامیْک دا بروا و بگاتە ئەم قۆناخە کە بە لای منەوە دیاری کردنی مافی چارە نووسە.
گرنگیەکی تری خەباتی ئیمرۆی میللەتەکەمان لەوە دایە کە بۆ نەهێشتنی زولم و زۆری و چەوسانەوە و بۆ وەدەست هێنانی ئازادی و دیموکراسی، لە گەلْ خەباتی دژی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستی تیْکەلْ بوە. ئەمە خۆی دیادەیەکی پیرۆزە لە نیو ب.ر.خ.ک دا. هەر چەندە هێندیْ هەورازو نشیو لە سیاسەتی بزووتنەوەدا دەبینریْ، بەلاَم لە سەر یەک پارسەنگی شۆرشگێرانە و پێشکەوتنخوازی و دژی ئیمپریالیستی قورسترە.

لە سەر دەمی ئەمرۆی جیهاندا جولانەوەی رزگاریخوازی گەلان بە کوردیشەوە لە چوار چێوەی نەتەوەیی و نیو نەتەوەییدا هەلْدەداو بەرەو پێش دەچیْ. ئیمرۆ هیچ بزووتنەوەیەک لە چوار چێوەی بەر تەنگی نەتەوەییدا قەتیس نەکراوە. لە بواری نیو نەتەوەییدا بە شکلْی خەبات دژی ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستی و بۆ ئاشتی جیهانی خۆ دەنوێنیْ. لە بواری نەتەوەییدا خەباتی دژی کۆنە پەرستی و پاشماوەی دەرەبەگایەتی و پەرە پێدانی بیرو باوەری پێشکەوتو خوازانەو وەدەستهێنانی مافی رەوای نەتەوایەتی کردۆتە ریْبازی خۆ.

بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەشێکە لە جولاْنەوەی گەلان دژی ئیمپریالیزم و کولۆنیالیزم. ئەو ئامانجە لە پرۆگرامی حیزبە کوردیەکاندا بە جوانی دیارە. پرۆ گرامی هەموو حیزبە کورد و کوردستانیەکان، کەم بازۆر خەباتی دژی ئیمپریالیزم و نە هێشتنی دیکتاتوری و چەوسانەوە و خەبات بۆ دیموکراسی و تەنانەت سوسیالیزمیشیان بە ریْبازی خۆ داناوە. هێندیْ لە حیزبە کوردیەکان لەوەش توندتر دەرۆن و جاری وا هەیە

دەستی حیزبە کومونیستەکانیش لە پشتەوە دەبەستن.

بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە هەل و مەرجی ئیمرۆی جیهاندا خەباتی نەتەوەیەکی بندەست و بەشخوراوە. هەر بۆیەش ناوەرۆکی دیموکرات و پێشکەوتوو خوازانەی هەیە و ئامانجی رزگاری و گەیشتن بە مافی ئینسانیە.

ئیمە نابێ لەوە بترسێین کە لێرەدا وتە بە نرخەکەی لینین وەبیر خەینەوە کە لە شیکردنەوەی خەباتی نەتەوەییدا دەیگوت:« ئەوانە خەباتێکن کە ئامانجیان پێگەیشتنی میللەتی زۆر لێکراوە بە سەر بەخۆیی سیاسی و بۆ دامەزراندنی دەولەتی نەتەوەیی. » لام وایە ئەو حوکمە بۆ بزووتنەوەی نەتەوەی کوردیش راستە و لە جێی خۆیەتی. کورد چی دەوێ؟ کورد دەیەوێ وەک گشت نەتەوەکانی سەر روی زەوی سەر بەست و ئازاد بژی. ئەوەش مافی خۆیەتی. ئەگەر سەیری ئەخشەی جوغرافیا بکەین، هیچ نەتەوەیەک نیە وەک کورد بە حەشیمەتێکی ۲۵میلیونی، ولاتی دابەش کرابێ و لە هەمرو مافێک بێ بەشبێ. کاتێکی کورد باسی دیاریکردنی مافی چارە نووس دەکات، نابێ لەوە بترسێ کە پێی بلێن ناسیونالیستە. ناسیونالیزمی میللەتی کورد پێشکەوتو خوازە و نایەوێ زولم لە کەس بکات. دەیەوێ وەک میللەتانی تر بە سەر بەستی بژی.

ب.ر.خ.ک لە هەل و مەرجێکی ئەو تۆی جیهانی دا پەرە دەگرێ کە سیستمی کولونیالی لە بەر یەک هەلوەشاوە و نەتەوەکان یەک لە دوای یەک زنجیری کۆیلەتی ئیستیعمار لە ملی خۆیان دا دەمالن و بە هێزی سوسیالیزمی جیهانی پشت ئەستوورن. جولانەوەی کوردیش ناتوانێ لەم رەوەندە جیا بێ. هەر ئیستا دەبینین کە بزووتنەوەی کوردستان لە گەل هێزە پێشکەوتو خوازەکانی جیهان و دراوسێ لە پێوەندی دایە.

یەکێ لە خەسڵەت و ناکاری پەسند و پیرۆزی بزووتنەوەی کوردستان بەردەوامی و نەوەستان ونەپسانەوە یەتی.

ئەمە خۆی مەسەلەیەکی زۆر گرنگە. ئەگەر سەیری لاپەری مێژوو بکەین کورد هەمیشە لە خەبات دابوە. بەلاّم سەر دەمێک توند و چالاک رۆیشتوە، پاشان ئەگەر تووشی نسکۆ و شکان هاتوە، هیلاک بوە، وەستاوە، دوای ماوە یەک دیسان رابۆتەوە. بەلاّم لەم سەر دەمەدا، لە راپەرینی شێخ مەحمودەوە بگرین کە کورد یەکەم نەتەوە بوە لە رۆژ هەلاتی ناوەراست دژی ئیستیعماری ئینگلیز چەکی دەست داوەتێ و تا ئیمرۆ خەباتی نەپساوەتەوە. دیارە ڤیتنامیش ماوەیەکی زۆر شەری کرد. کاتێ لە هوشی مین یان پرسی: ئەگەر لە گەلْ فەرانسە نەگەیشتیانە یەک چیتان دەکرد؟ لە وەلاّم دا دەلێ:« ۳۰ سالْ شەر مان کرد. ۳۰ سالی دیکەش شەرمان دەکرد.» بە راستی خەباتی کوردیش توند یا سوک لەو کاتەوە نەپساوەتەوە. بە تایبەت لە سەر دەمی شەری دووەمی دنیا گر و دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد کە بە لای منەوە دامەزرانی کۆماری کوردستان ۱۹٤٦ دەبێ بە سەر دەمی مێژووی نوێی کوردستان بێتە بژارتن. لەو کاتەوە گۆرانێک بە سەر خەباتی رزگاریخوازی کوردا هاتوە. حیزبی میللی و دێموکرات پێک هاتوون و رێبەرایەتیان گرتۆتە دەست. سەرە رای کەندو کۆسپی دژوار خەبات بەر دەوام بوە و بە خۆشیەوە دەتوانم بێژم ئێستا گەیوەتە پلەیەکی بەرز. دوژمنانی گەلی کورد لەو ماوەیەدا بۆ سەر کوتکردنی خەباتی نەتەوایەتی کورد دەستیان لە هیچ جنایەتێک نە گێراوەتەوە. جگە لە کوشتار و قر کردن ، چەکی فێلْ و دوو بەرەکی نانەوەو فریو دانیشیان بە کار هێناوە.

ئەگەر لە ساڵەکانی ٤٣-٤٥ لە بارزان و لە کوردستانی ئێران خەباتی

چەکداری هەبوە، ئێستا جگە لە سوریا، بزووتنەوەی شورشگێری گەلی کورد بەر بلاو تر هەموو بەشەکانی کوردستانی تەنیوەتەوە. بە قەولی خالید بەکتاش کە دەلێ :« بزووتنەوەی رزگاریخوازی میللەتی ۲۰ میلیونی کورد گەیوەتە رادەیەک نە دۆست و نە دوژمن ناتوانن پشت گوێی خەن و حیسابی بۆ نەکەن.» بە راستی ب.ر.خ.ک ئێستا لەم پلەیە دایە.

مەسەلەیەکی دیکە هەیە کە زۆر جار لە گەڵ برادەرانی کورد و غەیری کورد تووشی هاتووم. ئەویش ئەوەیە کە ئەوانەی خاوەن بیروران، بۆ هەموو خەبات و جولانەوەیەک و بۆ هەموو قۆناخێک، مەسەلەی خەباتی چینایەتی وەک ئەسلێک دەخەنە پێش هەموو شتێک. بەلای منەوە ئەم ئەسلە ئەگەر لە بناخەوە راست بێ، لە بۆ هێندێ جولانەوەو لە هێندێ قۆناخ و هەل و مەرجی تایبەتیدا راست و لە جێی خۆی نیە. لە خەباتی نیشتمانی نەتەوەی بەشخوراودا، مەسەلەی نەتەوایەتی دێتە پێش و لە پلەی یەکەمدا دەبێ. ئێستا زۆر جار ب.ر.خ.ک بەوە تاوانبار دەکرێ کە تەنیا لایەنی نەتەوەیی گرتوە و خەباتی چینایەتی وەلا ناوە. رەنگە ئەم بۆ چوونە زۆر تەواو نەبێ. چونکە خەبات بۆ ئازادی و سەر بەستی خۆی بەشێکە لە خەباتی چینایەتی. وەپێش خستن و وەدوا خستنی هەر کام لەو خەباتە، دەگەرێتەوە بۆ هەل و مەرجی خەبات و چۆنیەتی ژیانی ئەم میللەتە و رادەی ئازادی و ژێر دەستی و ...هتد

رەنگە هەر لە بەر ئەوەش بێ کە حیزبە کومونیستەکان لە کوردستانی دابەشکراودا، لە ب.ر.خ.ک پشتیوانی دەکەن. چونکە خەباتی میللەتی کورد بۆ ئازادی، بەشێکە لە خەباتی چینایەتی. ئەم باسە پێویستی بە شیکردنەوەو روونکردنەوەی پتری زانستی هەیە. بە داخەوە لە سەر

ناوەرۆک و شکڵی پێوەندی‌یە کۆمەلایەتیەکانی ب.ر.خ.ک زۆر کەم نووسراوە و کەم شیکراوەتەوە. حیزبەکانی گۆرە پانی خەبات پتر گرنگیان بە پروپاگاندە و هاندان و ئاژیتاسیون داوە تا بە شیکردنەوەی زانستی مەسەلەی کورد.

- لە کاتێکا باسی لایەنە لە بارەکانی بزووتنەوەی ئیمرۆی کوردستان دەکەین، ناکرێ دیاردە ناحەزەکانی نێو بزووتنەوە بخەینە پشت گوێ و بە سەریدا تێپەرین.

وەک گوتمان سەرە رای ناوەرۆکی پێشکەوتو خوازانەی ب.ر.خ.ک، ئەو قەیرانەی باسمان کرد هەموو بەشەکانی کوردستانی گرتۆتەوە و ئەمەش لە گەڵ دیاردەی پێشکەوتوخوازانەی بزووتنەوە لە ناکۆکی دایە. دوژمنانی نەتەوەی کورد ، حکومەتە دیکتاتور و شۆڤێنیستەکان، لە پێک هێنانی ئەم قەیران و ئاڵۆزی نێو بزووتنەوەدا دەستیان هەیە و دەیانەوێ هەر بەر دەوام بێ. ئەم ناکۆکی و ناتەباییە وەلام دەری ناوەرۆکی پێشکەوتو خوازانەی کورد نیە کە خەڵک چاوە روانیەتی و زەحمەتکێشانی کورد لە پێناوی دا فیدا کاری دەکەن. نەک هەر وەلام دەری ئەو نیە، بەڵکوو لە گەڵ ناوەرۆکی پرۆگرامی حیزبەکانیش نایەتەوە. حیزبە سیاسیەکانی کورد بە تێکرایی لە پرۆگرامدا باسی نەهێشتنی چەوسانەوە و دێموکراسی و دیاریکردنی مافی چارە نووس دەکەن. هێندێکیان سوسیالیزمیش دە گەنە ئامانج و مارکسیزمیش دەکەنە رێبازی تێکۆشانیان. جا بەم حاڵە، ناتەبایی فیکری و سەلیقە بۆ چی دەبێ ببێتە هۆی یەکتر کوشتن و شەری برا کوژی ؟ ئەوە ناتەباییەکی گەورەیە لە نێو بزووتنەوەدا. زەحمەتکێشانی کورد کە هێزی بنەرەتی جولانەوەن، هەقیانە بیر لەوە بکەنەوە کە ئەم کێشە و شەری برا کوژی‌یە لە سەر چی‌یە؟ داخوا ئەوە خزمەت بە رزگاری کوردستان

ده‌کات.؟ ئه‌م ناکۆکی و شه‌ری برا کوژیه گه‌یوه‌ته راده‌یه‌ک که هه‌موو تیکۆشه‌رێکی روشنبیری کورد بخاته شک و گومانه‌وه. کورد له دابه‌شکردنی کوردستان له لایه‌ن ئیمپریالیست و ئیستیعماره‌وه هاواریه‌تی و داخ ده‌خوات، که چی ئیستا رێبه‌رانی حیزبه سیاسیه‌کانی کورد که گۆیا بۆ ئازادی کوردستان خه‌بات ده‌که‌ن، به کرده‌وه جارێکی تر کوردستانیان دابه‌شکردوه. کردوویانه‌ته بادینی و سورانی و خوارو وسه‌رو، هه‌ر حیزبه‌ی پارچه‌یه‌کی خستۆته ژێر ده‌سه‌لات و به ملکی خۆی ده‌زانێ. ئه‌مه یه‌ک له‌و دیارده دزێو ودژی گه‌لیانه‌یه له بزووتنه‌وه‌ی ئیمرۆی کوردستاندا. باسی حیزب دروستکردن و رێکخراوان بکه‌ین. له‌م سالانه‌ی دواییدا له کوردستان حیزب وه‌ک کارگ هه‌لده‌توقن. ده‌بینی نێوه نێوه چه‌ند که‌س له حیزبێک جیا ده‌بنه‌وه و ناوێک له خۆ ده‌نێن.
ئه‌گه‌ر ئێمه له کۆمه‌لێکی دیموکرات و ئازاد دا ژیا باین و له کوردستاندا رێو شوێنێکی دیموکراسی ره‌چاو کرا بایه، ره‌نگ بوو ساز کردنی ئه‌و هه‌موو حیزب و رێکخراوانه زیانیان به بزووتنه‌وه‌ی کورد نه گه‌یاند بایه و له‌وانه بوو یارمه‌تیان به بردنه‌سه‌ری پله‌ی وشیاری و کولتوری گه‌ل کردبایه. به‌لام تاقیکردنه‌وه نیشانی داوه که له هه‌ل و مه‌رجی ئیمرۆی کوردستاندا، ئه‌م له‌تبوون و جیا بوونه‌وه به قازانج نیه و خزمه‌ت به یه‌کێتی و پته‌و بوونی ریزه‌کانی بزووتنه‌وه ناکات. له هه‌مووی خه‌راپتر ناکۆکی بیرو باوه‌ر و جیا بوونه‌وه ده‌بێته هۆی دوژمنایه‌تی و شه‌ری برا کوژی و هاتنه خواری پرستیژی جولانه‌وه‌ی رزگارخوازیش. ره‌نگه له هه‌موو دنیادا ناکۆکی بیرورا له نێو حیزبه‌کاندا هه‌بێ و بگاته جیا بوونه‌وه‌ش، به لام ناگاته شه‌ر و یه‌کتر کوشتن وه‌ک له کوردستاندا هه‌یه.

به‌لای منه‌وه هۆی سه‌ره‌کی ئه‌م دیارده دزێوه، پێشێل کردنی

دیموکراسی و نەبوونی ئازادی بیر ورایە لە نێو حیزبەکاندا. دەبینین زۆر کەس لە تێکۆشەران، تەنیا بە تاوانی دەر بڕینی بیرورای جیاواز دەکەونە بەر تاوان و تۆمەت و حەپس کردن و دەر کردن و تەنانەت کوشتنیش. لە نێو بزووتنەوەی ئیمرۆی کوردا، ڕێز بۆ دیموکراسی دانانرێت.

لە بواری ئیدەئۆلۆژی و بیرو باوەرەوە.

ئیمرۆ لە نێو ب.ر.خ.ک دا حیزب و ڕێکخراوی جۆر بە جۆر، بە بیرو باوەری جیاوازەوە لە خەبات دا بەشدارن. دیارە هەر یەک لەو حیزب و ڕێکخراوانە ئامانج و بەرژەوەندی تایبەتی چینایەتی خۆشیان هەیە. بەلاّم لە سەر یەک بە لای منەوە بیرو باوەری ڕیشکی بەر چاو تەنگ لە نێو ب.ر.خ.ک دا، دەورێکی ئەو توی نیە. ڕەنگە کەسانی تەک و توکی ئەو تۆ هەبن، بەلاّم ب.ر.خ.ک ناسیونالیزمی بەر چاو تەنگ نیە. ناسیونالیزمی پێشکەوتو خوازی میللی و دیموکراتە. ئەوەش جەوهەرێکی پاک و پیرۆزی بزووتنەوەی کوردستانە. نەک هەر ئەوە، بەلْکوو ڕێبازی سوسیالیستیش لە بزووتنەوەی کوردا خۆ دەنوێنێ، هەر چەندە جاروبار هەلْوێستی ئانتی سوسیالیزم و چاو داگرتن لە سوسیال دیموکراسی و لە حکومەتانی ڕۆژ ئاوا لە لای تاک و توکی ڕێبەرانەوە دیاری دەدا، بەلاّم ئەمە ڕێبازی سەرەکی بزووتنەوە نیە. سەیری چاپەمەنی حیزب و ڕێکخراوەکان بکەین، لایەنگری لە سوسیالیزم و پشتیوانی لە خەباتی گەلانی بندەست بەشی سەرەکی لاپەرەکان دادەگرن. لە سەر ئەوەشەوە هێندێ لە ڕێبەرانی ئەم حیزبانە لە گەلْ هێزە دیموکراتیەکانی ئەم ولاّتانەی کە کوردستانیان پێوە لکێنراوە توشی ناکۆکی دەبن. بە لای منەوە ئەوەش لە بەرژەوەندی ب.ر.خ.ک نیە. ئەزموونی ولاّتانی تری جیهان بە دەستەوەیە. بە بڕوای من چینی

کرێکاری ئەم ولأتانە دۆست و پشتیوانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردن. هەر چەندە لە کات و مەرجی جیاوازدا، حیزبە کومونیستەکانیش سەبارەت بە مەسەلەی میللی تووشی هەڵەو چەوتی بوون، بەلأم بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد باشترە بە چاوی رەخنە و دۆستانە بروانێتە ئەم هەلأنە، نەک بە چاوی دوژمنانە. چونکە بە بیٚ هاوکاری و پشتیوانی حیزبە کومونیستەکان و چینی کرێکاری ئەم ولأتانە بزوتنەوەی کوردستان زەحمەتە بگاتە ئامانج و سەر بکەوێت. لای دیکەی ئەو مەسەلەیەش هەر راستە. خەباتی چینی کرێکاریش لەم ولأتانەدا بە بیٚ یاریکاری و پشتیوانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد ناتوانیٚ سەر بکەویٚ. مارکس هێشتا لە سەر دەمی خۆیدا یەکێتی خەباتی رزگاریخوازی و خەباتی چینایەتی چینی کرێکاری بە مەرجی سەر کەوتن دادەنا. لە شیکردنەوەی مەسەلەی ئیرلەندەو هندوستاندا دەیگوت: « چینی کرێکاری ئەم ولأتانە ئەگەر پشتیوانی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەکات، خۆشی ناتوانیٚ سەر کەوێت. »

بە داخەوە لە کوردستان ئەم سیاسەتە زۆر روون و سابیت نیە. تاقیکردنەوەی ٤٠ ساڵ خەبات رەنگە ئەوەی فێر کرد بێ کە دوژمنایەتی حیزبە کومونیستەکان بە قازانجی بزوتنەوەی کورد نیە.

مەسەلەیەکی تر کە بۆ باسکردن دەبیٚ، ستراتیژی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردە، کە هێشتا روون نیە و ساخ نە کراوەتەوە. ئەم ساخ نەبوونەوە بۆتە هۆی ئەوە کە مەسەلەی کورد نەیتوانیوە وەک مەسەلەی میللەتێکی ٢٥ میلیۆنی، بچێتە نێو بیروڕای گشتی جیهانی و بکرێتە مەسەلەیەکی نێو نەتەوەیی. ئەمەش خۆی یەک لە کەم و کوریەکانی بزوتنەوەیە. حیزبە سیاسیەکانی کورد لە سیاسەت و کردەوەدا، هەمیشە بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتیان خستۆتە پێش بەرژەوەندی گشتی

نەتەوەیی. لە گەڵ هەر دەوڵەت و هێزێکی بێگانە قسە دەکرێ و گازەندە دەکرێ کە بۆ چی یارمەتی بە بزوتنەوەی کورد ناکەن، لە وەڵام دا دەڵێن:« کێ نوێنەری راستە قینەی میللەتی کوردە؟ جاری ئێوە خۆتان ساخ نەبوونەوە کە چیتان دەوێ.» دیارە ئەوە بەو مانایە نیە کە هەڵوێستی ئەم هێز و دەوڵەتانە راستە، بە لام واقعیەتیش ئەوەیە کە ستراتیژیەکی یەک گرتو لە خەباتی رزگاریخوازی کوردا نەهاتۆتە کایەوە. هەر بۆیەش مەسەلەی کورد، وەک مەسەلەیەکی نێو خۆی ئەم ولاتانە چاو لێدەکرێ. کاتێ ئێمە لە چوار چێوەی ولاتێکدا، داوای خود موختاری دەکەین، ئیتر ئەوە دەبێتە مەسەلەیەکی نێو خۆی ئەم ولاتە.
بە راستی ئەگەر دێموکراسی لەم ولاتەدا هەبێ، هیچ پێویست ناکا، بۆ خود موختاری ٤٠-٥٠ هەزار کەس بە کوشت بدەی. خود موختاری چی دەوێ؟ هەر ئەوە نیە کە داوا دەکات لە جیاتی عەجەمێکی تارانی، یا کوردێکی مەهابادی بکرێتە فەرمانداری مەهاباد. ئێستا عەجەمێکیان کردۆتە فەرمانداری مەهاباد، لە زەمانی شا دا، جێگری فەرمانداری نەغەدە بوە. یا کابرایەکی تورکی نەغەدەیان کردۆتە رەئیسی فەرهەنگی مەهاباد، لە کاتێکا لە مەهاباد هەزار کەسی لەو لێهاتوو تر هەیە. بە تاوانی ئەم ویستە رەوایە دەمانکوژن و بە بیانووی ئەوەی کە مەسەلەی نێو خۆییە، کەس دژی جنایەتی ئەم حکومەتانە وەدەنگ نایە. لەم پێوەندیە دایە کە مەسەلەی کورد نەبۆتە مەسەلەیەکی جیهانی و بیرورای گشتی گەلانی جیهانی بە خۆوە خەریک نەکردوە.
رەنگە ئەگەر باسی ئەوە بکرێ، خەڵکی واهەبێ بێژن ئەو هێزانەی لە مەیدانی خەبات دان، خۆیان دەزانن چدەکەن و چ سیاسەتێک بە رێوە دەبەن. ئەوە راستە، ئەوان بە گوێرەی بۆ چوونی خۆیان دەجوڵێنەوەو کەسیش گوێ ناداتە ئەوە کە لە ئورۆپا ئێمە چ دەڵێین و چۆن بیر

ده‌که‌ینه‌وه. به‌لام ئه‌م مه‌سه‌له‌یه پیوه‌ندی به چاره نووسی نه‌ته‌وه‌که‌مانه‌وه هه‌یه. هه‌موو که‌س مافی ئه‌وه‌ی هه‌یه و ده‌بێ بیری لێ بکاته‌وه و بیرورای خۆشی ده‌ر بیرێ. ڕێبه‌رانی ئیستای بزوتنه‌وه‌ی کورد که‌یفی خۆیانه ده‌ڵێن چی و چده‌که‌ن. به‌لام واقعیه‌ت ئه‌وه‌یه که ئه‌م سیاسه‌ته تا ئیستا به‌رهه‌مێکی نه‌بوه و هیچی بۆ کورد به دیاری نه‌هیناوه. به رای من زۆر بوونی حیزب و ڕێکخراو هه‌ق نیه ببیته کۆسپی دانانی ستراتیژی هاو به‌شی مه‌سه‌له‌ی کورد. ئه‌گه‌ر سه‌یری فه‌له‌ستین بکه‌ین، ئه‌وانیش چه‌ند حیزب و ڕێکخراوی جیاوازیان هه‌یه، به‌لام له یه‌ک ڕێکخراوه‌دا گه‌یشتوونه یه‌ک ویاسر عه‌ره‌فاتێکیشیان داناوه به‌ناوی فه‌له‌ستین ده‌په‌یفێ و ده سووڕێته‌وه. له نێو خۆدا ناکۆکیشیان هه‌یه.

جێگای ڕامانه، ڕێبه‌راتی بزوتنه‌وه‌ی ڕزگاریخوازی کورد بۆ چی نه‌یانتوانیوه هه‌نگاوێکی ئاوا باوێژن.؟ به رای من حیزبه سیاسیه‌کانی کوردیش ده‌توانن له گه‌ڵ پاراستنی سیاسه‌تی تاکتیکی خۆیان به گوێره‌ی هه‌ل و مه‌رجی ولات، کومیته‌یه‌کی کوردستانیش به ڕاوێژ و هاوکاری هه‌موان له ده‌ره‌وه‌ی ولات پێک بێنن و پشتی بگرن و ده‌وره‌تانی تێکۆشان بۆ پێک بێنن و ئه‌و کومیته‌یه به ناوی نه‌ته‌وه‌ی کورد قسه بکات و له مه‌یدانی جیهانیدا به ناوی نوێنه‌ری کورد بناسرێنرێت. کومیته‌یه‌کی ئاوا مه‌سه‌له‌ی کورد له چوار چێوه‌ی ناوه‌کی ئه‌م ولاتانه دێنێته ده‌ر و ده‌یکاته مه‌سه‌له‌ی جیهانی نه‌ته‌وه‌یه‌کی ۲۵ میلیونی دابه‌شکراوی به‌شخوراو.

نه‌بوونی هاوکاری و یه‌کێنه‌تی خه‌بات و ناڕوونی ستراتیژی، بۆته هۆی ئه‌وه زۆر جار له بزوتنه‌وه‌ی کوردا ، ستراتیژی فیدای تاکتیک کراوه، نان به نرخی ڕۆژ خوراوه. دۆست و دوژمن لێک جیا نه‌کراوه‌ته‌وه. ئه‌م جوره

سیاسەتەش زیانی کەمی بە جولانەوەی کورد نەگەیاندوە. نەبوونی یەکێتی و هاوکاری نێوان حیزب و ڕێبەرە سیاسیەکانی کورد، کاری کردۆتە سەر بیرو تێکۆشانی هەزاران کوردی ئاوارە لە دەرەوەی وڵاتیش. داخ و پەژارەی ناکۆکی نێوان هێزە سیاسیەکانی کورد، بۆتە سەر باری قورسی ژیانی دەر بەدەری و دووره وڵاتی کوردەکانی دەرەوەی وڵات. کوردێک کە دەبینێ لە نێوان دوو هێزی سیاسی کوردا، شەری برا کوژی هەیەو لە هەر تک لا هەر رۆڵەی کوردە دەکوژرێ. چۆن جەرگی ناسووتێ و ژیانی لێ تاڵ نابێ؟

ناکۆکی نێوان هێزە سیاسیەکانی وڵات لە نێو کوردەکانی دەرەوەشدا، دوو بەرەکی و ناتەبایی پێک هێناوە، ئەم مەسەلانە هەر چەندی باسیان بکرێ و شی بکرێنەوە پێویستەو جێگای خۆیەتی. کوردەکانی دەرەوەی وڵات دەتوانن بە هاوکاری و برایەتی لە سیمینار و کۆبوونەواندا بەشداری بکەن و بیر ورای گەلاڵە کراوی خۆیان لە بارەی نەهێشتنی ناکۆکی و دوژمنایەتی بە هێزە سیاسیەکانی وڵات رابگەیەنن.

ئیتر پتر سەرتان نایەشێنم و لە گەڵ سوپاس داوام ئەوەیە برادەران لە لێکۆڵینەوەی قسەکانم و لە باس و پرسیاراندا بەشداری بکەن .»

بێجگە لە بەرێوە چوونی کۆڕ و میوانداری برادەرانی کۆمەڵە، دیدارێکی خۆش لەماڵی کاک نەریمانی خەڵکی خوارووی کوردستان ڕوویدا. ئەو برادەرە لە رومانیا خوێند بووی، کچێکی رومانی هێنا بوو. ئەو ژنە دەتگوت لە سولەیمانیەوە هاتوە. کوردی‌یەکی رەوان و شیرین دەپەیڤی. میوان بە خێر هێنان و نان و چێشت ساز کردنی . ڕاست دابی کوردەواری، پیاو دڵی دەگەشایەوە. لە وەش جوانتر، کوڕێکی پچوکی جوانی خنجیلانەیان هەبوو، بە کوردی و رومانی و سویدی قسەی دەکرد. دوو رۆژ لەو شارە ماینەوە. دوکتور فوئادیش لەو پەری جوامێری

و برایەتیدا پێمانەوەماندوو بوو، خزمەتی کردین. سوپاسی هەموانیان دەکەم.

یازدەی مانگی نوامبری ۹۸٦ هەواڵی رێک کەوتنی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستانمان پێگەیشت. هەواڵێکی خۆش و شادی هێنەر بوو. هەنگاوێکی گرنگ و پیرۆز بوو کە شەری براگوژی چەند ساڵەی لەخواررووی کوردستان کۆتایی پێ دەهێنا. لە ژمارە ۱۱ی رۆژنامەی « سەردەمی نوێ » دا، بەم بۆنەوە لە ژێر سەر خەتی :« بەرەو یەکێتیەکی گشتی و کوردستانی » وتارێکم بلاْو کردەوە.

رۆژی ۱۱/۲٤/ پۆلیسی ستوکهولم بۆ پرسیار لە سەر داوای پەنا بەری بانگی کردم. برادەرێکی کوردی کرمانجیان بۆ دیلمانج هێنا بوو. ئەو منی دەناسی، بەلاْم من ئەم دیبوو، نەمدەناسی. پیرێژنێکی درێژ دادری پۆلیس پرسیاری دەکرد. هەر من دەمویست بە کورتی وەلاْمی بدەمەوە، ئەو درێژەی پێدەدا. تا پرسی :« بۆ لە حیزبی دیموکرت دا نەماوی، هۆی ناکۆکیتان چیبوە؟

گوتم ئەوە پێوەندی بە تۆوە نیە. ئەمە مەسەلەی نێو خۆی حیزبە و پێوەندی بە مەسەلەی پەنا بەریەوە نیە. پێم سەیرە پرسیاری وا دەکەی» ئیتر لە سەری نەرۆی. برادەری کرمانج گوتی :«بەرسیفێ تە توند بوو»

کۆمەڵەی کولتوری کوردستان جارێکی تر ئاهەنگێکی سەری ساڵی ساز کرد بوو، دیسان داوەتیان کردین و بلیتی رێگایان کریبوو، لە گەڵ دوکتور جەمشیدو تاسری رەزازێ چووین،. شەوی ۱۱/۲۸ لە سالۆنێکی گەورە ئاهەنگێکی خۆشیان ساز کرد. داوایان لە من کرد کە چەند وتەیەک بێژم. چووم لە گەڵ پیرز بایی یەک دوو قسەشم کرد. نامەیەکی ئەندامەتی ئیفتخاری کۆمەڵەو دەستە گوڵێکی جوانیان بۆ

هینام. سوپاسی هەستی برایەتیان دەکەم. دوکتور جەمشیدیشیان بە ئەندامی ئیفتخاری وەر گرت. ئاهەنگ تا شەو درنگانێک بە گۆرانی خۆشی ناسر و شایی و هەڵپەرکێ بە رێوە چوو. رۆژی دوایی گەراینەوە بۆ ستوکهولم.

دوای ئامادە کردنی هێندێ وتار بۆ رۆژنامە بریارم دا بچمەوە سوفیاو سەری ساڵی تازەی زایینی لە گەڵ منداڵەکانم بەرمە سەر. پاسپۆرتێکی وام هەبوو کە بۆ سوید ڤیزای نەدەویست و دەمتوانی چاوەروانی قبوڵکردنی پولیس نەبم. رۆژی ٨٦/١٢/١٥ لە گەڵ دوکتور جەمشیدو فەهد چووینە ئیزگەی قەتار کە بڕۆم. راست چەند دەقیقە پێش وەرێکەوتنی قەتار، تەماشام کرد بلیتم لە بیر چوە. تازە هیچ نەدەکرا. فەهد چو بوو ٣بابۆڵەی کڕیبوون کە بیانخۆین. دە تایلونی وەرگیرا بوون. دەستم دا بەشەکەی خۆم و بێ ئەوەی سەیری نایلۆنی بکەم وەبەرم دا. فەهد گوتی : « کورە نایلۆنە نایلۆن. دە ئەوەش لە بیرەوەریەکانت دا بنووسە » گوتم دەینووسم، جا ئەوا بە لێنی خۆم بردە سەر و نووسیم.

رۆژی ٨٦/١٢/١٨ گەیشتمەوە سوفیا و لە گەڵ منداڵەکان چاوە روانی هاتنی ساڵی تازە بووین بزانین چیمان بە دیاری بۆ دێنێ ؟ !

مامە غەنی داوای کرد بوو کە فوتو کۆپی نامەیەکی بۆ بنێرمەوە کە لە دنیای ئیمرۆدا باسی ستالینی تێدا کرد بوو. (ستالینەکەشی وەک فارسان بە «ئەستالین» نوسیبوو» . ٨٦ /١٢/٢٢ ئەم نامەیەی خوارەوەم بۆ نووسی و دام بە نەویدی موعینی بۆی بنێرێ :

« هاورێی بە رێز و خۆشەویست و بێ هێلانە، کاک مستەفا رۆژ باش !

دەستەکانت دەکوشم، بەر لە هەموو شت ساخ و سلامەتیت ئاواتە خوازم. لە بەر ئەوەی بە هیلانەکەت نازانم، دیارە سەبارەت بە چوونە

پیشی کاری شۆرشگێری نامەویٚ سوراخی هێلانەکەت بگرم! چونکە بە مەزەبی لای ئێوە خۆ شاردنەوە لە دۆست و هاو بیر و لە کۆڕ و کۆمەڵ دەبیتە هۆی سەر کەوتنی شۆرشی« ملی دیموکراتیک» و بەرەو (سوسیالیزمیش) دەچیٚ. منیش ئاواتم هەر ئەوەیە. جا بۆیە لە ڕێگای واسیتەوە ئەم نامەیەت بۆ دەنێرم. نوسیبووت ڕوونوسی ئەو نامەت بۆ بنێرمەوە کە لە کاتی خۆیدا بۆت نووسیبووم. ئەوە ئەم ئەرکەش بەجیٚ دەگەیێنم و ڕوو نووسی نامەکەشتان بۆ دەنێرمەوە. کە جارێکی تر تەماشای نامەکەم کرد لە دێری یەکەم دا باسی نامەیەکی منت کردوە کە « بۆن و بەرامەی ناسیونالیزمی » پێوە دیار بوە. هەر بە دیتنی ئەم دێرە ناسیونالیزمەکەم گوڵی کرد. ئەگەر لەو زەمانەدا کوردی قور بەسەر نەبێتە « ناسیونالیزمی مترقی و دیموکرات » ئەدی چ بکات؟

با چەند نموونەیەکت بۆ باس بکەم. کوردە گۆیا پێشکەوتخوازەکان بە گشتی چاویان بڕیوەتە بە خێر « حیزبە کومونیستەکانی ئێران و عیراق و تورکیا. ناهەقیش نین، چونکە لایان وایە کومونیستەکان دەبیٚ پارێزەری راستە قینەی گەلانی بەشخوراو بن. بەڵام لە کردەوەدا چۆنە؟

لە سەر وتاری ژمارە هەشتی رۆژنامەی سەر دەمی نوێ‌دا، بە ناو ونیشانی« میللەتی لە بیر کراو» باسی کۆبوونەوەی موسکو کراوە. لەو کۆبوونەوەیەدا کومونیستەکانی ئەو سیٚ وڵاتەش بەشدار بوون. بەڵام داخوا بەسەر زمانی کەسیاندا هاتوە کە بڵیٚ: وا میللەتێکی ۲۰ میلیۆنی هەیە و بۆ مانەوەی خۆی خەبات دەکات و بە سیٚ حکومەتی کۆنەپەرست دەیکوتن و خەریکن لە بەینی بەرەن و با بە خێری خۆ تان هەر ئەوەندە بڵێن کە مەیانکوژن ؟!

لە دانمارک کۆبوونەوەی ئاشتی هەبوە. رۆژنامەی مەردوم و ئەکسەریەت، بە بەشدار بوونی کنگرەی ئاشتی خۆیان هەڵکێشاوە.

بریارنامەکان باسی هەموو دنیایان تێدایە، بەلام داخوا ناوی کورد کە میللەتێکی بێ بەش لە هەموو مافێکە، لە کولەکەی تەریشدا دیار بوە.؟ وەزعەکە ئاوایە، جا بۆ کورد هەقی تیە ببێتە پاچی ئەرمەنی؟ بە قەولی رەحمەتی کاک حەسەنی قزلجی:« ئەوانە کە ئێستا تەنیا بە باسکردن دەتوانن خەلک بۆ لای خۆیان راکێشن و نایکەن، دەسەلاتیشیان نیە جا وەرە بۆ ئەو رۆژەی کە دەسەلاتیان بکەوێتە دەست»

سەردەمێک بەوەیان دەترساندین کە بوونی دوو حیزبی کومونیست لە ولاتێکدا بە شەرع دروست نیە. کۆمەلەی کومونیستی کوردستانمان هەلوەشاند و بە ناوی حیزبی دیموکراتی بێ بەرنامە بووین بە دەروێش. ئێستا دە بینین لە چەند ولاتی دنیادا دوو حیزبی کومونیست هەن و لە لایەن ولاتانی سوسیالیستیشەوە بە رەسمی ناسراون و هیچیش نەقەوماوە. کومونیستی کورد ئەگەر سەر بەخۆ کومونیست بێ کوفرە! بە لای منەوە رابردووی خەباتی ئێمە، لێنەهاتوویی ئێمە تیشان دەدات. ئەگەر کومونیستە کوردەکان شەهامەتی پێکهێنانی رێکخراوی کومونیستی یان هەبایە، رێگا بۆ هەلپەرست و ناسیونالیستی وشکەرۆ وحوقە بازان ئاوالە نەدەکراوە. ئێستا لە ژێر پێ نانی پرنسیبی کومونیستی یە کە خەلک دەکاتە ناسیونالیست و خەرابتریش. هەر کوردە هەر چی بیکات کوفرە و ناسیونالیستەو کۆنەپەرست!

خەلک بە ناوی کومونیستی هەزار هەلەو خوارە خوارە دەکات و کەسیش دەنگی لەبەر دەر نایە. جارێک کابرا دەکەن بە خاین، بە نۆکەری ناتۆ، بە دژی انقلاب، دوایە دەیکەنەوە بە رێبەری جولانەوەو بە چرا بە دوای دا دەگەرێن کە بیدۆزنەوەو قسەیان لە گەل بکات.!

مارکسیزم عیلمە، زانستە، بە گوێرەی هەل و مەرجی رۆژ و ولات ئەشێ بەکار بهێنرێ. بەلام نە بۆ کورد، تا ، مارکسیستی کورد ئەشێ

هه‌و ده‌رویش بیٰ، چی پیٰ ده‌لیٚن ده‌بیٰ گویٰ بداتیٰ و تاوا بکات.

من له گه‌لٚ تۆ ئاوا ده‌ردی دلٚ ده‌که‌م، نامه‌ویٰ له گه‌لٚ ده‌رویٚشان ئه‌م باسه بیٚنمه گۆریٰ. موباره‌که...هه‌ر که‌س خۆی ده‌زانی ریٚگای حه‌سانه‌وه چۆن بدۆزیٚته‌وه.

ئیٚستا بۆته باو. ئه‌وانه‌ی له کوردستان حیزبی کۆمونیستیان به هیچ ده‌زانی و بۆ خود موختاری خۆیان فیدا ده‌کرد، بۆ ئه‌وه‌ی بحه‌سیٚنه‌وه‌و ناویٚکیان له سه‌ر بیٰ و بۆ دوا رۆژیش خۆیان به شتیٚکه‌وه به‌ستبیٚته‌وه، له ئورۆپا

بۆ ئه‌وه‌ی خۆ به ریٚکخراوه کۆمونیسته‌کانه‌وه هه‌لأوه‌سن، ملی خۆیان ده‌شکیٚنن، گۆیا بوونه کۆمونیست !!

قسه زۆرن. با وازی لیٰ بیٚنین. نازانم « سه‌رده‌می نویٰ» ده‌گاته ده‌ستت یان نا؟ ئه‌گه‌ر نه‌گات، خه‌تام نیه، حوکمی شه‌رع هیٚلانه‌ی تۆی له خه‌لٚک شاردۆته‌وه، هیچ ناکریٰ. خۆشی و سلأمه‌تیت ئاواتمه. برات گه‌ریم.٩٨٦/١٢/٢٢ ».

سالٚ ١٩٨٧

شه‌وی سه‌ر سالٚیٰ تازه‌مان له که‌ش و هه‌وایه‌کی ساکاری خۆمالٚی دا برده سه‌ر. منداڵه‌کانیش له به‌ر خاتری ئیٚمه نه‌چوونه ده‌ریٰ. رۆژی هه‌وه‌لٚی سالٚی تازه براده‌ریٚکی کوردی لای خۆمان ته‌لیفونی کرد و گوتی:« کوردی ئیرانم. به تور هاتوومه سوفیا و له هوتیٚل خیٚموس دابه‌زیوم، گه‌ره‌کمه بتبینم. که چووم نه‌مناسی. نازانم ته‌لیفون منی چۆن په‌یدا کرد بوو،

دەیویست لە بولگاریا یارمەتی بدەم بچێتە ئوروپا. بە داخەوە چم لە دەست نەهات. نازانم گەڕایەوە بۆ تورکیا، یان دەربازی ئورپا بوو.

برادەرانی گۆڤاری کوردی « ئاشتی و سوسیالیسم » داوایان لێکرد بووم کە وتاریان بۆ بنووسم. خەریکی ئامادە کردنی وتار بۆ ئەوان بووم، تووشی نەخۆشی پشت ییشە هاتم. بە هاتوو چۆی دوکتور و نووسینی وتار بۆ رۆژنامە و ناردینیان بۆ دوکتور جەمشید رۆژم دەبردە سەر.

۹۸۷/۱/۲۵ چوومە بالیوز خانەی ئەلمان ڤیزا وەر بگرم و بە قەتار بچمەوە سوید. ڤیزایان نەدامێ. بە ناچاری بۆ هەوەلین جار بە فرۆکە چوومە وە سوید.

۸۷/۲/۵ کتێبی (یادی هێمن)-م لە چاپخانە وەرگرتەوە و دەستم کرد بە نووسینی بەرگی دووەمی بیرەوەریەکانم. **غەنی بلوریان رێکەوتی ۸۷/۲/۱۸ ئەم نامەیەی خوارەوەی بۆ نارد بووم :**

« هاورێی بە رێزو خۆشەویست کاک کەریم. پاش رۆژ باش بە هیوام سەر کەوتوو بی. بۆ ناردنی کتێبی مێژوو بیرەوەریەکانی خۆت و وێنەی شەهیدان و روو نووسی نامەکەی خۆم زۆر سوپاست دەکەم. نامەیەکی پڕ دەردو گلەیی لە گەڵیاندا بوو. دیارە ناتوانم بڵێم گلەییەکانت خۆی نیە بە هیوام رۆژێک بێت گشت ئەوانەی ئاواتی پێشکەوتخوازانەی راستینە بێتە دی. بەڵام شتێکی ترم بۆ هاتوە بەیانی (راپە رین) وتەکانی و ناوەرۆکی بەیانەکە لە گەڵ نامەکەی تۆ بۆرە خزمایەتیەکیان هەبوو. تێ‌ی خێر بێ.

کاکی برا نووسیبووت دەبا وەک جێگای تر لە ئێرانیش دوو حیزبی کمونیستی تیا بیت، خۆ باشە، بەلام لە ئیران چ زۆرە حیزبی کومونیست. لە شەش و حەوت تێ پڕیوە. بەلام لە بەیانەکەدا چەند خالی تیا بوو پێویستە بیری خەمەوە. یەکەم نەراست و نە«چەپ» دیارە خوا بدا راست نیە بەلام چەپە. ئەویش خراوەتە ناو گیومە «چەپ» یانی راپەرین لەو

چه‌په مافه‌وقی چه‌پ نیه ئه‌وه‌ش خۆی هه‌ر باشه. تیا بوو که که‌وتوونه بیری پێک هێنانی‌سازمانی شیوه مارکسی که زانایی سیاسی چینه نه‌داره‌کان به‌رنه بان و بته‌کێنن له بیری وه‌ک هی کابرای گرینوک و ته‌نگ و ته‌سک.

ئه‌وه‌ش هه‌ر خێره. به‌لام جیا له باوه‌ری به تیئوری زانستی داخوازی کردوه که ده‌بێ له گه‌ڵ خه‌ڵکه‌کانی تری ئێران یه‌ک بگرن و وێکڕا بۆ روخاندنی رێژیمی ته‌ق ته‌قیله و ردێن ده‌س یه‌ک بن چونکو ده‌ستی ته‌نیا ته‌ی نایه. باوه‌ڕێکی له‌باره. هیچ یه‌ک له رێکخراو وخه‌ڵکه‌کان ناتوانن ته‌نیا هیچ بکه‌ن. به‌لام خالێکی تیا بوو بۆنی خۆشی لێ نه‌ده‌هات ئه‌ویش تیروری پیاوی چه‌په‌ڵه. خۆت ده‌زانی ماموستای گه‌وره لینین‌ئه‌و کاره‌ی لا په‌سند نه‌بوه به لای منیشه‌وه ریسوا کردنی ئه‌و مرۆڤانه له ترور زۆر باشتره چونکو ترور رزگاری ده‌کا به‌لام افشا کردن و رسوا کردن بۆ ئه‌به‌د ره‌نجی ئه‌دا. بۆ ئه‌مه ته‌جروبه‌ی تاریخی هه‌ر له ولاتی خۆماندا فره‌یه جا بو ئه‌وه له گه‌ڵ ئه‌و به‌شه که ده‌بێ له گه‌ڵ خه‌ڵکه‌کانی تر یه‌ک بگرن، هاو ده‌نگ بن، کورته‌یه‌ک له شیعرێکی نیمایوشیج ده‌نووسم که به کوردیش وه‌رم گیراوه‌ته‌وه به راستی‌له ناو ولاتی ئێمه دا بایه‌خی پێ نه‌دراوه یه‌که‌م که‌وتنه سه‌ر بیری سازمان دانی چین و خه‌ڵک به شیوه‌ی زانستی، دووهه‌م به گوێ چرپاندنی‌ئه‌و باوه‌ره که ته‌نیا رێگای رزگاری گه‌ل ته‌یار بوونی سازمانه‌که به بیرو باوه‌ری تیئوری زانستیه و یه‌ک گرتن له گه‌ڵ خه‌ڵکه‌کانی ئیرانه. رۆژێک له زیندان کابرایه‌کی کوردی دوکتوری خۆ به زل زان ده‌ی گوت حه‌مبالی قارسیش کوردی چه‌وساندۆته‌وه و ده‌ی چه‌وسێنێته‌وه. هه‌ر ئه‌و کابرایه بوو که ۵ صفحه‌ی نظرات نووسی بۆ رێبه‌رایه‌تی کورده‌کانی گه‌رمێن و خطی بۆ دیاری کرد بوون دیاره نظراته‌که ساواک نوسیبووی و دابووی به ئه‌و به ناوی خۆی و

بەشێک لە زیندانیان ڕەوانەی کات ڕوژێک باسی ئەوە دەکەین. ئەوا شیعرەکە. سەر دێرەکەی ئەوەیە:

« فریاد می زنم - فریاد می زنم »
من تاقە دەستم بێ تەقەم
ئەم لافاوە چون وشکەوەکەم؟
هاوارمە، چارەم دژە
نیشتوتە گڵ لۆتکەکەم
روونە مەبەستم لە وتەم
من تاقە دەستم بێ تەقەم
من، دەستی من یاریدە خوازی دەستی وەیە
*****
هاوارم ئەگەر خینکاوە لە ئەوکا
یان دەنگم بە گوڕ
بۆ رزگاری خۆم و وەیە
لە چریکە نەدەم - لە چریکە نەدەم.

لە مەر رۆژنامەکەت بەراستی ئاواتمە دوا بەدوای یەک بە دەستم بگا لانی کەم دەبێتە هۆی ئەوە کوردی لێ فێر بم و لە بیرم نەچێتەوە جا نازانم چ پارەیەک بۆ ئابونە بنێرم جیا لە پارەی ئێرە چی ترم نیە دەزانی کە ئێستا گەڕاوەمەتەوە کۆنە چاڵ و نیشتە جێ دەبم بەڵام هەروا بێ لانە و هێلانەیەکم نیە باشە ناوت ناوم مامەی بێ هێلانە. بەڵام بڕیارە تا دوو مانگی تر هێلانەم هەبێ گەر چی شەبکە هەروا توندە بەڵام قیرو سیا ئادریسەکەمت بۆ دەنێرم. بەڵام ئێستا هەروا لە ئوتێلە گۆڕینەکەم. بەڵام ئەگەر ئادریسەکەم بۆ لە بنی کوولەکە نەدەی باشە. ئەگەر دنیایە کەسێک ویستی بیرم بکا بە هۆی خۆتەوە نامەم بۆ بنووسی چونکو

ئەدریسی دوایيم بە هەمو کەس نادەم کاکی برا جاروبار خۆشاردنەوەش جزوی کاری سازمانی‌یه ده تۆش هیندێک فێری بەو تی‌تو لێک له ئیمه دادره بۆ پەز زیانی نیه بەلام ئیتر نه له پیاوی باش که چی جاروبار پیاو توش دەبیٚ چار نیه.

ئیتر هەر بژی برات غەنی ۱۸/۲/۸۷ »

۱/۳/۹۷۸ ئەم نامەیەی خوارەوەم لە وەلاٚمی نامەی غەنی بلوریاندا نوسیەوەوبۆم‌نارد :

« هاورێی بەرێز و خۆشەویست مامە غەنی رۆژ باش !

بە گەرمي دەستەکانت دەکوشم. ئاواتم ساخ و سلاٚمەتیتە. ئاواتم ئەوەیە ئەو جاریش بچیەوە نێو میللەتەکەت ونێو خاو وخێزانی بیٚ مراد و قەت خۆشی نەدیتووت.

نامەکەت بە راستی شادی کردم. راست یا خوار بریارم دابوو، بە نەویدیشم گوتبوو تا نامەم بۆ نەنووسی و بە هێلانەت نەزانم هیچت بۆ نانووسم. کارم بەوە نیە شەبکە توندە یان نا ، هێندەم ئەو گۆلمەزانە دیوە و دیتوومە بۆ هێندیٚ کەس شەبکە توندە و هەر لەو کاتەو لەو کورەشدا، بۆ کەسێکی دیکە هەر توند نەبوە بەرەلاٚیێک بوە هەر باسی ناکریٚ.

دەی ... کەیفی خۆیانە ! بەلاٚم تۆ نابیٚ لە خەلٚک وون بی، بە تایبەت لە من ! ئەوە بۆ کاک حەمەدەمین دەبیٚ. ئەشەدو بیلا پڕ بە پێستیەتی. دەتوانیٚ خۆ وەشێریٚ و قەت کەس پێی نەزانیٚ. منیش لە جێگای خۆی خۆ شاردنەوەم پیٚ باشە و بە باشیشی دەزانم. بەلاٚم نەک ئاوا کە خۆم لە هاوریٚ و برام بشارمەوە، ئەویش لە ئوروپا کە هیچ مەسەلەیەکی وا لە گۆریٚ دانیە کە بۆ پەز زیانی هەبیٚ .

با بێمە سەر وردە شتی تر : بۆ چی هەر بەوەی کە بەیانی (راپەرین)م بۆ داوی بە نەوید هەستت کرد کە لە گەلٚ نامەی من خزمایەتیان هەیە

؟ لە ولاتەوە بۆیان نارد بووم، منیش بۆ ئەوەی ئێوە چاوتان پێ بکەوێ، ئەم شاردەوەو دام بە ئەوید. ئێستا بە مەزەبی لای ئێوە دەبایە ئەم دابا بەکەس، ئەوەک بلێن: چۆن لە گەلٚ ولات پێوەندیت هەیە؟! من ئەو بەیانەم پێ شتێک نەبوو. هەموو نیشانەی کولٚ دەر بڕینێکی بە پەلەو بە خەیالی تۆلە سەندنەوە و ناو لە خۆ نانە. جا بۆ بەد بەختی یا خۆشبەختی هەر کوردێکی لای خۆمان شتێک بلاو کاتەوە، یان خۆی بە ئانقەست، یان خەلکی دیکە ناوی منی بە دواوە دەنێن. مرضیە هاتبوو بە تەلیفوون لە برادەرێکی حیزبی کومونیستی عیراقی دەپرسی: « ئەرێ راستە دەلێن کاک کەریم حیزبی کومونیستی دامەزراندوە ؟ »

یان رۆژنامەی گەیهانی هەوائی چاپی تاران دەنووسێ : کەریمی حسامی حیزبی سوسیالیستی داناوە. یان لە عیراق ئەوانەی بۆ دامەزراندنی حیزبێکی تازە تێدەکۆشن، دەلێن : کەریمی حسامیمان لە گەلە ! منیش بێ خەبەر و بە نووسینی رۆژنامەوە خەریکم. تا ئێستا هەر خەلکی لاپەرەسەن ئەوەیان بلاو کردۆتەوە، ئێستا ئەم هەستە بۆ ئێوەش پەیدا بوە. ئاخری خێر بێ ! جا من «راپەرین»م پێ نە چەپەو نە راست. کۆ بوونەوەیەکە بۆ دەر بڕینی دەردو داخ پێک هاتوە و لە حەیفی قاسملو ئەوەیان نووسیوە. بالە چەکدارەکەیان کەریم خالدار بوو کە وا ئێستا لە هولەندە.

لە بارەی حیزبی کومونیست لە ئێران یا لە کوردستان

مامە گیان ئەوە باسێکی قوولٚ و درێژە. من باسی ئێران ناکەم. ئەو شەش حەوت حیزبەی تۆ باسیان دەکەی لە دوان بەدەر ئەوانیتر بە حیزبی کومونیست نازانم. هەر کەس و سازمانێکی دژی سوسیالیزمی مەوجود بێ، بە کومونیستی نازانم. دیارە حیزبی تودە سەبارەت بە ئیدەئولوژی و بیرو باوەری مارکسیستی بە حیزبی کومونیستی ئیرانی دەزانم. ئەگینا لە

بواری کردەوەو ئاکار و هەڵسورانی ، بە قەدرایی داشانمەجید ڕەخنەم لێی هەیە. قسەی کابرای مەنگورت لە بیرە : کابرا برای مرد بوو. هاتە سەر تەرمەکەی. :وتی : « هەر چەندی چاوم بەو قەدو باڵایەت دەکەوێ، برامی و کزەم لە جەرگی دێ ، بەڵام هەر چەندی بیر لە عەمەلانت دە گەمەوە ، ئی منت دەعەمەلان. »!

بەڵام کوردەواریەکە ! مامە گیان !:«بە درماندگی در جهان پشت من - نە خارد کسی جز سرانگشت من »

خۆت باش دەزانی مارکسیزمیش وەک هەموو زانستێک لە گۆران و بەرەو پێش چوون دایە. پێویستە لە گەڵ هەل و مەرج تەتبیق بکرێ. مەسەلەی نەتەوایەتی یەکێ لە مەسەلە گرێپوچکەکانی کۆمەڵایەتیە. تازە لینینێک بۆ کەس زیندوو نابێتەوە. ئەو میللەتەی کە خۆی بۆ چارە سەر کردنی ماف و مەسەلەی خۆی تەبزوێ و ڕانەسێ، هەر وا لە بن دەستیدا دەمێنێتەوە.

بۆ چی خۆمان فریو بدەین؟ مەسەلەی سلۆڤاکی و چیک، دوای ۲۰ ساڵ سوسیالیزم دەبێ دەرسێکی گەورە بێ. تەقیەوە بە فیدراسیون نەجاتی بوو. بولگارستانی دیمیتروڤ کە یەکێ لە حیزبە کومونیستە ڕەسەنەکانە، پاش ٤٠ ساڵ سوسیالیزم تازە بەشەق ناوی تورکان دەگۆرێ و ئەوەی نەتا تورک لە گەڵ کورد کردی، بەسەریان دێنێ.

کومونیستی فارسیش بە قەولی کاک حەسەنی قزلجی هێشتا هیچ دەسەلاتی نیە و هەر قسەو کاغەزی هەیە، لە چوار چێوەی« تەواویەتی عەرزی ئێران »دا ، دەت بەستێتەوە و بەم کارە هەموو تیز و بۆ چوونەکانی لینینی مەزن سەبارەت بە دیاریکردنی ماقی چارە نووس، دە خاتە ژێر پوستاڵەوە. جا ئەگەر دەسەلاتی هەبێ، بە سەری زمانیش باسی مافی چارە نووس بکەی بە کافرت دەزانێ و بە شەقان دەتکوژێ.

جا بۆیە دەڵێم مارکسیستە کوردەکان بۆ دەبێ غیرەتی ئەوەیان نەبێ کە حیزب و سازمانی مارکسیستی خۆیان لە کوردستاندا، هەبێ و دۆستی حیزبە کومونیستەکانی سەرانسەری ولاتیش بن؟ خەباتی گشتی لێک گرێ بدەن و هەل و مەرجی کوردستان لە بەر چاو بگرن و رێگا نەدەن بورژوازی و سوسیال دیموکرات و گێدە و گودە ، دەست بە سەر چارە نووسی خەڵک دا بگرن. ؟!

بە بڕوای من ئەو کوردانەی بە بیانووی ئەوەی کە گۆیا (مارکسیستین) لە دەرەوە رەگەڵ رێکخراوە ئێرانیەکان دەکەون، رێگایەکی باشیان بۆ خۆ پێوە هەلاوەسین و تەمبەلی و خۆ شاردنەوە لە تێکۆشانی سیاسی دۆزیوەتەوە. ئەوانە ناتوانن هیچ تەئسیرێکیان لە خەباتی رزگاریخوازی کوردستاندا هەبێ. پێت سەیر نەبێ کە دەنووسم : (خەباتی رزگاریخوازی) چونکە لە لای ئێوە بە لای ئەم زاراوە زانستیە راستەدا ناچن. تەنیا ئەگەر بە هەڵکەوت ناوی کورد بێنن، «بە جنبش ملی» ناو دەبەن. هەر وەک کۆمەڵە سەر دەمێک بە « جنبش مقاومت»ی ناو دەبرد کە زۆر غەیرە عیلمی‌یە. پێرار لە موسکو لە گەڵ لازاریف و دوکتور ژیگالینا لە ئەنستیتوی رۆژ هەلات ناسی ئەم باسەم هەبوو. بە خۆشیەوە ئەوەی ئەم ساڵ لە سەر کورد نووسراوە، بە « جولانەوەی رزگاریخوازی کورد » ناوی هاتوە.

حیزبە کومونیستەکانی ئیران لە چوار چێوەی سەرانسەریەوە دەرواننە مەسەلەکە. ئەمە لایەکی راستە، بەلام لایەنی تایبەتیشی هەیە کە خۆی لێ دەبوێرن و یان لە بیریان دەچێتەوە. باشە بە نەزەری تۆ « دووی رێبەندانی کوردستان» بۆیە نابێ حیزبی کومونیستی ئێران بە نوکی قەڵەمیش بێ یادی بکات؟ بەلام داخوا رۆژنامەی مەردوم، دێڕێکی لە سەر نووسی؟ ئەوە بە خێر کومونیستی کورد لە رێبەرایەتی حیزبی تودە

دا هه‌ن !

جگه له وه چونكه كورده ماركسیسته‌كان رێكخراوی خۆیان نیه، حیزبه كومونیسته‌كه‌ش نه‌یتوانیوه له نێو كورداندا نفوز بكات، ناچار راست له‌و كاته‌دا كه بزووتنه‌وه‌ی كورد بۆ ئامێزی سوسیال دیموكراسی و رۆژ ئاوا راده‌كێشن، حیزبی توده تازه حیزبی دیموكرات به رێبه‌ری جولانه‌وه‌ی كورد ده‌ناسێ.

به‌لام یارز به وه رازی نابێ و هه‌ر ئێستا له مانگی ژانویه‌دا، له گه‌ڵ ئه‌وه‌ش كه باسی به‌ره‌ی یه‌كگرتوو ده‌كات، هێرش بۆ سه‌ر حیزبی توده‌و ده‌سته‌ی حه‌وت كه‌سی زیندوو ده‌كاته‌وه.

له سه‌ر یه‌ك گرتن له گه‌ڵ خه‌ڵكه‌كانی ئێران نه‌زه‌ری تۆ راسته، به بێ رێك خستنی خه‌باتی گشتی هیچ ناكرێ و هیچ جولانه‌وه‌یه‌ك سه‌ر ناكه‌وێ. به‌لام ده‌ردی من ئه‌وه‌یه كه سازمانی ماركسیستی واقیعی كورد له‌م یه‌كگرتن و رێكخستنه‌دا ده‌وری هه‌بێ. چونكه حیزبه بورژوازیه‌كانی كورد نایكه‌ن. ئه‌وان له گه‌ڵ كومونیستان یه‌ك ناگرن. ئه‌وان ستراتیژی‌یان فیدای تاكتیك كردوه و خه‌ڵكێكی زۆریشیان به دوای خۆیاندا راكێشاوه. به بۆ چوونی من ئه‌گه‌ر رێكخراوی ماركسیستی كورد له كوردستان هه‌بان و له ئاست مه‌سه‌له‌ی كورد به باشی جولابانه‌وه، ئه‌وان نه‌یانده‌توانی زه‌حمه‌تكێشانی كوردستان ئه‌وه‌نده بۆ لای خۆیان راكێشن.

مامه گیان ! بمانه‌وێ و نه‌مانه‌وێ هه‌ستی نه‌ته‌وایه‌تی به هێزه. به تایبه‌ت بۆ كورد كه له هه‌موو مافێك بێ به‌شه. تێگه‌یشتنی سیاسیش له كوردستان نزمه. كابرا ناچێ ره‌گه‌ڵ حیزبه كومونیستێك ناكه‌وێ كه ناوی « عیراق یا ئیرانی » له خۆ ناوه. ناچار به داوی زره كوردایه‌تیه‌وه ده‌بێ.

قسه‌ی نیما راسته. ده‌ستێك به ته‌نیا ده‌نگی نایه. من هه‌ر بۆیه

رەخنە لە کوردە مارکسیستەکان دەگرم، چونکە نەیانتوانیوە چەند دەست کۆ بکەنەوە و خۆیان بە هێز بکەن و جا ئەو دەم لە گەڵ هێزە پێشکەوتخوازەکانی ئێران دانیشن. من رەگەڵ کەوتنی تاقە کەسەم هەر پێ دەستی تاقە کە دەنگی نیە. پاشان ئەو دەستەش بە برین چێ کە خەریکی پشت خوراندنی نەتەوەکەی خۆی نەبێ. من وا لە مارکسیزم گەیشتووم. هیچ تیئوری داتاشینێک بە ناوی مارکسیزم ناتوانێ قانیعم بکات ئەگەر بۆ رزگاری کورد نەبێ.

رۆژنامەم بۆ ناردی. مەقالەی « میللەتی لە بیر کراو » بخوێنەوە، جا وەک مارکسیستێک مەسووتێ و هەڵوێستی مارکسیانەش بدۆزەوە. بۆ کوردستان لە « کالیدۆنیای تازە » ژێر دەستتر و بەد بەخت تر نیە؟ بەلام کەس باسی ناکات. خۆ نوێنەری حیزبە کومونیستەکانی « عیراق و ئێران و تورکیاش » تەشریفیان هەبوە . کومونیستی میللەتی گەورە باست ناکات. حیزبی بورژوازی و ناسیونالیستی کورد بە قورێت دا دەبات. بە لای منەوە لەم نێوەدا، مارکسیستە کوردەکان تاوانبارن !

دەرد زۆرە. بە نووسین و بە قسە چاری ناکرێ. وەک خۆت نووسیووتە : « هەر کەس بۆ خۆی خانوچکەیەکی دیوەتەوە » . خانوو دۆزراوەتەوە بەلام ئەوەش حاڵی میللەتی کوردە .!

دەی با بەس بێ. جا عەیب نیە باسی پوڵی ئابوونەی رۆژنامە دەکەی ؟ من بە نەویدم گوتبوو چۆن هێندێ پارەت بۆ بنێرم؟ خولاً بکا هێلانەت دیار بێ، رۆژنامەو شتی دیکەشت بۆ دەنێرم. ١٧ و ١٨ی ئەپریل لە وانەیە بێمە پراگ. بۆیە هەر لە ئێستاوە پێت رادەگەیێنم کە خۆ شاردنەوەت لە بەر چاو بێت، نەوەکو خوا نەخواستە لە شەقام توشت بم، بە تایبەت ئەگەر لە گەڵ کاکە مینە بێ !! لە بنی کولەکە نادەم. هەر چەندە پێم خۆشە زۆر کەس بتبینێ. بۆیە وا بەدرێژی بۆت دەنووسم،

بێکاری، تا خۆتی پێوە بخافڵێنی.

کاکەی چوار دیواری قوڵە ئاغایەک بوو نە خوێندەوار، نەخشەیەکی گەورەی جوغرافیای لە دیواری وەتاغەکەی هەڵواسیبوو. لێیان پرسی: کاکە خۆ تۆ خوێندەوار نی، ئەم نەخشەیەت بۆ هەڵواسیوە؟

گوتی : « بۆ هیچ ئەگەر عەجەم هاتن با خۆی پێوە خەریک کەن »!
نووسراوەکەی منیش هەر باشە، ماوەیەک خۆی پێوە خەریک دەکەی. قسە تەواو نابن. بە بۆنەی سەرساڵی کۆچی دوایی ماموستا هێمن نامیلکەیەکم نووسیوە، هیوا دارم زوو چاپ بکرێ و بۆت بنێرم. بە لاَم با ئەو پرسیارەشت لێ بکەم: هێمن بۆیە نەدەبوو ئێوە لە سەری بنووسن ؟ شاعیری گەورەی کورد، نەدەبوایە حیزبی تودەو ئەکسەریەت لە سەری بنووسن ؟ خۆ لە نووسەرو شاعیری فارس نەدەماوە کە سەر ناکەنەوە یادیان دەکەن . دەبوایە ئێوە کە بەو دەردەتان برد، شتێکی لەسەر بنووسن. دەرد زۆرە و بە فەلسەفە هێنانەوەش چار ناکرێ.

قەرار بوو دەست بە نووسین بکەی و ناوی یابی زۆر کەسیش بێنی. نازانم چت کردوە. تکات لێ دەکەم خەریک بە بیرەوەریەکانت بنووسە. من بەرگی چوار و پێنجیشم نووسیوە، هیچ شتێکم وە پاش نەداوە. جا کەی چاپ دەکرێن خوا دەزانێ. بۆ پراگ هەر دێم. تکایە بۆم بنووسە چت بۆ بێنم لەم وڵاتە سوسیاڵ دێموکراتە! هەموو شت زۆرە و ئیمکانیشم هەیە.

ئەم رۆژانە کابرایەک پرسیبووی: « کاک کەریم ئەو پوڵەی لە کوێ بوو، رۆژنامەی پێ دەردەکات »؟

گوتم چل ساڵە لە خەبات و تێکۆشان دام، تازە دەتوانم رۆژنامەیەک دەر بکەم و بە خێریش بڵاوی کەمەوە. خەڵکی دیکە بیست ساڵیش تێکۆشانیان نەبوە، لە ئورزپاو ئەمریکا خاوەنی کۆشک و تەلار و بنیات

و هەیت و هوتن. بۆ لەوان ناپرسن؟

با چیتر سەرت نەیەشێنم. جارێکی دیکەش سلامەتیت ئاواتمە. بە خۆشی بژی برات کەریم. ۱/۳/۹۷۸»

بە دوای نامەی مندا، مامە غەنی ڕێکەوتی ۹ و ۸۷/۳/۱۰ دوو نامەی بۆ نارد بووم کە بە دوای یەکدا گەیشتن.

منیش وا هەر بە دوای یەکدا بلاویان دەکەمەوە.:

نامەی ۸۷/۳/۹ : « برای بە ڕێز کاک کەریم.

پاش چاک و خۆشی بە ئاواتی سەر کەوتن. سوپاس سەبارەت بە ناردنی رۆژنامەی سەردەمی نوێ کە بۆتە هاوالی تەنیاییم ئیتر دلنیام کە کوردیم لە بیر نلچێتەوە. دیارە دەزانی زیدە لە ۲۰ نەفەرێک وا لە لای کاک رەحیمی قازین. دوو جار چوومە لایان داوای رۆژنامەی سەردەمی نوێ یان دەکرد. باش بوو کە دەستم کەوت هەر خۆم تەواوم کرد ژمارە بە ژمارە دوو بە دوو بۆیان رەوانە دەکەم. لە مەر ڕاپەڕین دیارە دەبێ بزانی من لە گەل تو دا جاروبار بۆ تەشقی زار گالتە دەکەم ئە گینا دەزانم سەرت بەوانەو هی ترەوە بەند نیە. فیلەکەش کە ئیتر هیچ. ئیستا لەوە پاش خۆ دەبوێرم نەک بکەومە ژێر بومبا بارانت چونکو لە لاپەڕەی نامیلکەکە وریات کردومەوە کە خەریکی وەبەر دەسرێژم دەی.«نەمەنەی» هی خۆتم، بم پارێزە. تەنیا دەستی بێ هێلاتەم. بەلام ئەگەر لاوە کوردەکان بە هەر چەشنێک بۆ لای بیرو باوەری تۆو من و هی وەک ئێمە رابکێشرێن جا با صد دەر صد وەک یەک نەچین لانی کەم ۹۹ درصد یەک رەنگ دەبین کە بو دوا ڕۆژ هەر باشترە لە بیری کۆن.

خۆت زۆر باش دەزانی ڕێگای رزگاری گەلان بە کام لا دایە. ئەوانەی جارێ تۆزکالێک بە پارێز بۆ مەسەلەی کورد دەچن رۆژنێک وەغیرەت دێن جێگای نیگەرانی نیە لە ئەنجاما سامیان دەشکێ. بەلام گشت کەس

ده‌بیٰ ئه‌وه بزانیٰ كه هه‌ر مروڤیک له پێشدا ده‌بیٰ ناو ونیشانی هه‌بیٰ جا دوایه بیرو باوه‌ر. ئیتر هه‌ر بژی به هیوام ناردنی سه‌رده‌می نویٰ به‌ر ده‌وام بێت و نه‌پسێته‌وه. مناله‌كان چاوه روانن. هیوای سه‌ر كه‌وتن. برات غه‌نی. »

نامه‌ی . ۱/۳/۹۸۷ ی مامه غه‌نی :

« كاكه كه‌ریم گیان روژ باش. به ئاواتم سالی تازه‌ت پیروز بیٰ و به‌ختیار بی. له وه كه دێیت بو پراگ زورم پێخوشه‌و كون و كاژێرێک نه بوو خوی تیا وه‌شێرم. به قه‌ولی هه‌زار گوته‌نی« هه‌ر كه تورکێک گوتی چه‌كێن دالی - كونه مشكێک تیه له وان خالی » به‌لام من كونه مشكیشم گیر نه‌كه‌وت، به‌یانی خه‌ریک بووم بچمه تالاری چێشت خوری به‌ر چایی بخوم. ئێستا دانه‌سه‌كنا بووم نامه‌كه‌ی تویان دامه ده‌ست و هه‌لم سه‌نگاند زانیم بومی تێدایه. چونكو چاوه‌روانی بومبا بارانت بووم. به په‌له پاروم روهێنشت و رام كرده هوده‌كه و عه‌ینه‌كم كرده چاو و مثنویه‌كه‌تم خوێنده‌وه. كه چی روژێک له مه‌و به‌ر نامه‌یه‌كم بو نووسیبووی كه پێشه بره‌ت لیٰ بكه‌م نه‌م ئه‌نگێوی. به‌لام نه‌ی گرت ده‌ستت پێش خستبوو.

له مه‌ر دیاری نووسیبووت. سوتفه من كات ژمێرێكم له كابل بو هێنا بووی خه‌ریک بووم بوتی روانه بكه‌م تێكم نابوو به‌لام كه نامه‌كه‌تم پێگه‌یشت كه دێیته ئێره وازم لیٰ هێنا و پێویستم نه‌زانی ره‌وانه‌ی بكه‌م ئه‌وا خوت دێیت. ده‌لێن له‌م ولاته بورژوازیه چشت وا له كولانان هه‌لرژاوه كه واته هێنێک چه‌پره‌كه رادیویه‌ک بدوزه‌وه له گه‌ل خوتا بیهێنه خێرت ده‌گاتیٰ چونكو لێره هه‌ر مه‌وجی بلند و وه‌سط هه‌یه و پاره‌ش قاته. ئه‌گه‌ر نه‌ش گونجا به قه‌ولی سنه‌یی گه‌ل، وێلی كه. به‌لام له مه‌ر ره‌خنه‌كانت. هاوریٰ ناتوانم جیا له قبولیان چیتر بێژم. به‌لام به هیوام ئه‌و

عەجەمە رەشكانە دوا رۆژیان خێر بێ. سەبارەت بە رێكخراوەی كۆمونیستی لە كوردەواری خۆ زۆر باشە بەلام پیاو دەبێ زۆر وریای كوڵكە مەلاو قوڵە شێخ و شاڵ شینی گەوج و هەژاری قور وەسەری نەخوێندەوار بێت ئەگینا بە كێوتا دەبەن. بە لای منەوە لاوی روناک بیری ئەو دەور وزەمانەی كوردەواری دەبێ چی تر گێرەیان لە مانگ دا نە گەرێ و هەرد وەبینن. زەمانە گۆراوە و بیری كۆن باوی نەماوە. دەبێ ئەدەبیات و شیعر و نوسراوە بگۆردرێ و فەرهەنگی نوێ بدرێ بە خەڵک. بەلاّم هی راستە قینە نەک وەكو هی آقای خالدآقا كە كورد نابێ ئیتر باسی مەرحەلە بكات دەبێ بفرێ بۆ قولەی قاف. كاكی برا هەر حیزب و سازمانێک تاكتیک و ستراتیژی مەرحەلەیان هەیە كە لەو رێبازەدا هەر دەسكەوتێک غەنیمەتە چون دەبێ خۆی لێ ببوێرێ. ئێستا تیئوری سینە بورژوازیەكان بوونە میرات گری ماركس و پەند دەدەن بە گەلانی ئەفریقا و دەڵێن كاكی خۆم ماركس بۆ گەیشتن بە سوسیالیزم، سەرمایەداری بە قوناخی هەوەڵ داناوە. كەوا بو ئەفریقا دەبێ بەو قوناخەدا تێ پەرێ، كاک خالدیش دەڵێ مرحلە هیچ وەپەرە حەوا دانی بە خێری بە كەس دا نەناوە. اللا خۆی نەبێ جا نازانم ئەو لە كام خێزانی عزیزیە - عزیزی زورن ئەگەر دیبوكری بێت ئیتر پاڵ لی بدەوە. بەلاّم ئەگەر هەر لە ئێستاوە بیر زانی و ماركسیستی لە ناو گەلا بلاّو بكرێتەوە كارێكی باشە و ستراتیژی تهائیش ئەگەر بووتری گوناح نیە بەلام نفی ستراتیژی و تاكتیكی مرحلەی كاری پیاوی ساكاری غەیرە سیاسیە. بیرو رای من و تو لێک دوور نیە و میقاتە بەلام دەگونجێ هەر یەكە بە شوێنێكا تا رۆژێک بگەینە یەكتر. بەلاّم ئیتر ئەوانەی لە ركی كابرابەک یا بە مەزەنەی رۆژ بیان هەوێ چالاكیبنوێنن هیچی تیا نیە. ئەو رێبازە پیاوی ماقول و گران و سەنگینی گەرەكە كە رابردوی باش و خاوێنیان

هەبێ و ئەگینا مەرامەکەشی نا لەبار پێشان دەدرێ و خەڵک دەپرێگێنتەوە. دەگەڵ هەر گیدەو گودەیەک بەو رێبازەدا رۆیشتن حەل نیە و پیاو خۆ ناحەز دەکات هەلبەت مەبەست لەوە نابێ ئەوە بیر بکرێتەوە گاڵتەی ئەم و ئەوە خۆت دەزانی چی دەڵێم. کرمانجێکی رووتی رابردوو خاوێنی، هەزار روناک بیری چەپەڵ دێنی. بەم چەشنە ئێمە دەتوانین بیری وەها خاوێن بە رێنە ناو خەڵک ئیتر خۆت وەستای چت بۆ بنووسم. بە هیوام زووتر چاوم پێت شاد بێ. هەر بژی بە سەر بەرزی.برات غەنی ۱۰/۳»

۸۷/۳/۲٤ کتێبی (یادی هێمن)م لە چاپخانە وەرگرتەوە و بە چەشنێکی هەراو بلاو کرایەوە. لە ولاتیشەوە چەند کەس داوایان کرد کە بۆیان بنێرم.

کۆنگرەی ۱۹ی کۆمەڵەی خوێند کارانی کورد لە ئوروپا

کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئوروپا، دوای ناکۆکی نێو خۆی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق بوو بە دوو لەت. بەشێکی سەر بە پارتی مایەوە و بەشێکیشی بە ناوی ئاکسا و سەر بە یەکێتی نیشتمانی تێکۆشانی خۆی جیا کردەوە. دوای شکانی شۆرشی کوردستانی عیراق ۱۹۷۵، حیزبی کومونیستی عیراقیش بەشێکی لە خوێند کارە کوردەکانی ئوروپا کۆ کردەوەو بە ناوی « کۆمەڵەی خوێند کارانی کورد لە ئوروپا مەرکەزی پراگ» تێکۆشانی درێژە پێدا. خوێند کارانی سەر بە پارتیش هەر بەم ناوە، بەلام (مەرکەزی بیرلین) مانەوە. ماوەیەک درنگتر پارتی

«گەل» واتە جەماعەتی کاک سامی، کۆمەڵەی (خوێند کار و لاوان) یان بە ناوی (یوکسی) دامەزراند. پاسوکیش ڕێکخراوی خوێند کار و لاوانی خۆی هەبوو بەناوی (سوکسە). بە کورتی کۆمەڵەی یەکگرتووی خوێند کارانی کورد لە نێوان پێنج ڕێکخراوی سیاسی کوردستان و عیراق دا، لەت و پەت کرا و هیچ وزەیەکی تێکۆشانی بابەتی نەما و نەیتوانی هیچ تینێک وەبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بنێ لە ولات دا، خوێند کارە کوردەکانی بەشەکانی تری کوردستانیش لە نێو ئەم چەند بەشەدا بلاو ببوون و لەم بەلاو مەینەتە خۆیان پێ نەپارێزرا. ناکۆکی نێوان هێزە سیاسیەکانی کوردستان کۆمەڵەی خوێند کارانیشی لە ئوروپا گرتەوە.

دەستەی بە ڕێوە بەرایەتی گشتی کۆمەڵەی خوێند کاران (K.S.S.E) مەرکەزی پراگ لە ٩٧٨/١/١٨ بە هۆی ئەم نامەی خوارەوە لێی گیرا بوومەوە کە لە کۆنگرەی ١٩ دا بەشداری بکەم.

نامەی دەستەی بە ڕێوە بەری گشتی : پراگ ١٩٨٧/١/١٨

بۆ بە ڕێز کاک کەریمی حسامی

سلاوێکی شۆرشگێرانە. بە ناوی دەستەی بە ڕێوە بەرایەتی کۆمەڵەمان، کۆمەڵی خوێند کارانی کورد لە ئوروپا، جوانترین سلاوت ئاراستە دەکەین و هیوای سەر کەوتنت بۆ دەخوازین.

براو هاورێی بە ڕێزمان : کۆمەڵەکەمان لەم کاتە ناسکەدا کە ڕێرەوی تێکۆشانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و ڕۆژ هەلاتی ناوە ڕاست و باری جیهانی، لە بارێکی ئالۆز دا دەڕوات، کۆنگرەی (١٩) هەمینی خۆی لە ڕۆژی

١٦-١٩٨٧/٤/١٩ لە چێکو سلو ڤاکیا دەگرێت. ئێمە زۆر پێ خۆشحالین وەکوو ناسراو وئەدیب و نووسەرێکی کورد بەشداری لە کۆنگرەکەماندا بکەی. هەر وەها پڕ بە دڵ بە خێر هاتنت دەکەین.

هیوادارین بە زووترین کات زانیاری تەواو دەر بارەی پاسپۆرتی خۆت بۆمان رەوان بکەی تا کو ڤیزات بۆ بنێرین. لە گەڵ جوانترین رێز و سلاوەمان. دەستەی بە رێوە بەرایەتی گشتی کۆمەلەی خوێند کارانی کورد لە ئوروپا »

رۆژی ٨٧/٤/٣ لە سویدەوە بەرەو بولگاریا کەوتمە رێ بەو نیازە کە لە سۆفیاوە لە گەڵ دایکی کەماڵ پێکەوە بچینە پراگ. ئێمە لە پراگ دۆستی یەکماڵ و باشمان هەبوون و نەدەبووینە سەر باری کۆمەڵە.

لە سۆفیا ڤیزای چیک و مەجار و یوگوسلاڤیامان وەر گرت و رۆژی ٨٧/٤/١٣ بە قەتار کەوتینە رێ. رۆژی دوایی یەکسەر چووینە پراگ لە ماڵی برادەرێکمان دابەزین کە پێکەوە لە مەدرەسەی حیزب خوێندبوومان و هەر وەک ماڵی خۆمان وابوو.

رۆژی ٨٧/٤/١٦ سواری ئوتوبوسیان کردین و بردیانین بۆ « سلاپسکا پژێهراد » واتە(ئاو بەندی سلاپسکا) .٤ کیلو میتر لە دەرەوەی شاری پراگ، جێگا و شوێنی کۆ بوونەوەو حەسانەوەو خواردنیان بۆ .٨ کەس دیاری و تەرخان کرد بوو. میوانداریەکی پیاوانەیان کرد. نیزیکەی .٨ کەس خوێندکار و میوان هاتبوون. غەنی بلوریانیش داوەت کرا بوو. نامەو تیلگرافی زۆر بۆ کونگرە هاتبوون و خوێنرانەوە. لە گەڵ سوپاس بۆ هەڵسورێنەرانی کۆنگرە، داوا لە من کرا کە وتاری پیرۆز بایی خۆم پێشکێش بکەم.دەقی وتارەکەم لە ژمارە ١٦ی بانەمەری ٩١٨٧ی رۆژنامەی « سەردەمی نوێ » دا چاپکراوە، وا لێرەشدا بلاوی دەکەمەوە :

« خوشک و برایانی بە رێزا
خوێندکارانی خۆشەویست !

زۆر بە شانازی دەزانم کە لە کۆنگرەی ١٩ی کۆمەڵەی خوێند کارانی

کوردا بەشدار دەبم. دەمەوێ بەم بۆنەوە پڕ بە دڵ پیرۆز بایبتان لێ بکەم. هیوادارم کۆنگرەکەتان بە سەر کەوتنەوە تەواو بێ.

هاورێ یانی بە رێز !

کۆنگرەی ئێوە لە هەل و مەرجی ناسک و دژواری کوردستان و خەباتی رزگاریخوازی گەلەکەماندا دەبەسترێ. هەر بۆیەش ئەم هەل و مەرجە ناسک و دژوارە ئەرکێکی قورس و گرنگ دەخاتە سەر شانی خوێند کاران و لاوانی کورد لە دەرەوەی وڵات.

بەر لە هەموو شت لاوی کورد کە بە ویستی خۆی، یا لەبەر هەل و مەرجی نا لەبار وڵاتی بە جێ هێشتوە، دەبێ بۆ فێر بوون و زانست هەوڵ بداو پلەی زانیاری خۆی بگەیێنێتە رادەیەک کە لە دوا رۆژ دا بتوانێ خزمەت بە نیشتمان و میللەتەکەی بکات. لە گەڵ ئەم ئەرکە واجبە، ئەرکێکی دیکەش دەکەوێتە سەر شانی لاوان و خوێند کارانی کورد لە دەرەوەی وڵات، ئەویش بریتیە لە ناساندنی خەباتی ئیمرۆی میللەتەکەمان، ناساندنی مێژوو وکولتور و ئەدەبی نەتەوەکەمان بە گەلانی جیهان. پێویستە هەوڵ بدەن سەرنجی بیرو رای گشتی گەلانی ئوروپا بۆ مەسەلەی کورد، بۆ خەباتی رزگاریخوازی، بۆ وەدەست هێنانی مافی چارە نووس رابکێشن.

هەموومان دەزانین کە نەتەوەکەمان کەو تۆتە بەر پەلاماری دڕندانەو وەحشیانەی حکومەتە شۆڤێنی و کۆنە پەرستەکانی ئیران و عیراق و تورکیا. لە قاودانی سیاسەتی قەلاچۆ کردنی گەلی کورد و ریسوا کردنی ئەو رژێمە خوێنخۆرانە ئەرکێکی دیکەی سەر شانی خوێند کاران و لاوانی کوردە.

دیارە بە جێ گەیاندنی ئەم ئەرکە پیرۆزانە بەر لە هەموو شت پێویستی بە یەکێتی و رێکخستنی هێزی بە تەوژمی خوێند کاران و لاوان

هەیە. پێویستە هەوڵ بدرێ رێکخراوە خوێند کاری‌یەکانی کورد یەک بگرن. نەک هەر ئەوە بەڵکوو هاوا کاری لە گەڵ خوێند کارانی دیموکرات و پێشکەوتو خوازی ئەم وڵاتانە کە کوردستانیان بەسەر دا دابەش کراوە ئەرکێکی پێویست و پیرۆزە. پێوەندی لە گەڵ رێکخراوە دیموکراتیەکانی خوێند کاری ئورووپا، بە تایبەت لە گەڵ یەکێتی خوێندکارانی جیهانی دابین بکرێ. پێوەندی گرتن لە گەڵ ئەم رێکخراوە جیهانیە و هەوڵدان بۆ ئەوە کە خوێند کارانی کورد لە ئورووپا بە هەموو دەستەو رێکخراوە جیاوازەکانەوە لە کۆمەڵەیەکدا یەک بگرن وببن بە ئەندام لە یەکێتی خوێند کارانی جیهانی دا، هەنگاوێکی پیرۆزەو یارمەتیە بە جوڵانەوەی خوێند کارانی کورد لە هەموو بارێکەوە.

هاوڕێیانی بە رێز!

خەباتی رزگاریخوازی میللەتەکەمان بە قۆناخێکی دژواردا تێدەپەرێ. دوژمنانی گەلی کورد، دوژمنانی ئازادی و مرۆڤایەتی لە هەموو لاوە بە شێوەی جۆر بە جۆر بۆ لێدان و سەر کوتکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد وەخۆ کەوتوون. ئەگەر لە لایەک راستەو خۆ بۆمباران و قەلاّ چۆ کردنی کوردیان کردۆتە سیاسەتی رۆژانەی خۆیان، لە لایەکی دیکەوە سیاسەتی فێڵ و دەغز وفریویان گرتۆتە بەر و گۆیا دڵسۆز و خەمخۆری کوردن و یارمەتی دەکەن. دەیانەوێ لەم رێگایەوە جارێکی دیکە دەستی کورد بە زاخا کەن و تۆی ناکۆکی و دوو بەرەکی لە نێو کوردا بچێنن و خەباتی رەواو فیداکاری گەلەکەمان بە بادا بدەن. لەم بارو دۆخە دایە کە وریایی و تێکۆشانی خوێندکاران و لاوان دە بێتە ئەرکێکی پێویست. زەحمەتکێشانی وڵاتەکەمان کە لە ژێر پەلاماری دوژمندا بەر بەرە کانێ دەکەن، بە هەق چاویان دەبرنە هەڵوێست و خەبات و بۆ چوونی رۆڵە کانیان لە دەرەوەی وڵات.گومانم لە وەدا نیە کە کۆمەڵەی خوێند کارانی

کورد لە ئورووپا دەتوانێ و دەبێ هێزی خوێند کاران و لاوانی کورد لە ڕچەو ڕێبازێکی پێشکەوتوخوازانەدا کۆ بکاتەوە و لەم ڕێگایەوە یارمەتی پێویست بە جوولانەوەی ڕزگاریخوازی میللەتەکەمان بگە یەنێت.
سەر کەوێ خەبات و تێکۆشانی یەکگرتووی خوێند کاران و لاوانی کورد لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵات .»
بۆ ئاخری کونگرە دوو سیمینار دیاری کرا بوون. یەکیان دوکتور جەمشید لە بواری ئەدەبی کوردیدا بەرێوەی برد. یەکیشیان بۆ من دیاری کرا بوو کە لە ژێر ناوی« **ئەرکی لاوان و خوێند کاران لە قۆناخی ئێستا دا** » باسم کرد و دەقی وتارە کەم لە ژمارە ١٧ی مانگی جۆزەردانی ساڵی ٩٨٧ی ڕۆژ نامەی « سەر دەمی نوێ » دا چاپکراوە.
مامە غەنیش بە درێژی قسەی کرد و ڕایگەیاند و گوتی :« وتارەکەی من بە ناوی غەنی بلوریان وەک کوردێک بڵاو بکەنەوە، نەک وەک ئەندامی حیزبی تودە. ئەوەی دەیڵێم بیروڕای خۆمە و پێوەندی بە سیاسەتی حیزبی تودەوە نیە.» کۆنگرە بە تێکڕایی دەنگ هێندێ بڕیاری گرنگی پەسند کردن وەک:
- تێکۆشان بۆ یەکگرتنەوەی کۆمەڵەی خوێند کارانی کورد.
- پشتیوانی لە بزووتنەوەی چەکداری لە کوردستان و یارمەتی بە جوولانەوە.
- پشتیوانی لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بۆ وەدەست هێنانی مافی ڕەوا، بە مافی دیاریکردنی چارە نووسەوە.
- پشتیوانی لە تێکۆشانی حیزبە کوردیەکان بۆ ڕێک کەوتن و خەباتی هاو بەش و نەهێشتنی ناکۆکی و دوو بەرەکی
- مەحکوم کردنی سیاسەتی شۆڤێنیستی و ئازارو ئەشکنجەی

کوردەکان و راگواستنیان.
- مەحکوم کردنی شەری ئیران و عیراق
- مەحکوم کردنی رژیمە دیکتاتورەکانی ئیران و تورکیا و عیراق سەبارەت بە پەلامار دانی کوردستان و کوشتار و راونانی کوردەکان
- مەحکوم کردنی ئەو رژیمە دیکتاتور و کۆنەپەرستانەی کە کورد دە چەوسیننەوە.
- پشتیوانی لە خەباتی گەلی عەرەبی فەلەستین و گەلیک بریاری دیکە.

ئیمە سێ رۆژ دوای کۆنگرە لە پراگ لە ماڵی برادەرەکەمان ماینەوە. رۆژی ٢٤/٤/ هاتینە بوداپیست و میوانی کاک جەلال بووین و رۆژی دوایی گەیشتینەوە سۆفیا.تا ٨٧/٥/١. لە سوفیا مامەوە. رۆژی ١.چوومە بیرلین. سەعاتی دەی شەو گەیشتمێ. تەلیفونم کرد بۆ ئەسکەندەر سەلمان ئەندامی حیزبی کومونیستی عیراق، لە کۆنگرە داوای کرد کە بە بیرلین دا بگەرێمەوە بۆ سوید و لە بیرلین لە گەڵ برادەرانیان کۆرێک ببەستین.

ئەسکەندەر تەلیفونی هەڵگرت و دە نگی ناسیم و گوتی :
- ئەوە لە کوێوە تەلیفون دەکەی ؟
- لە بیرلین، لە بانهۆف چوو
- جاوە من زۆریش دوورم. شەو جێگات هەیە ؟
- بۆ جێگام نیە ؟ هوتێل قات بوە لە بیرلین ؟
- ئەوە خەراپە من جێگاشم نیە، با تەلیفون بۆ یەکی تر بکەم.
- تەلیفون بۆ کەس مەکە. هەر بۆیەم تەلیفون کرد گوتم بزانم لە بیرت ماوە کە لە کۆنگرە بووی ؟
. تکایە سبەی سەعاتی پێنج تەلیفونم بۆ بکە

. نا... بە راستیتە. ئیتر تەلیفونم داناو چوومە هوتیل ئاو گوستا کە رێنوێنی کۆنیبەرێز دوکتور کەماڵ فوئاد بوو. رۆژی دوایی چوومە سەردانی کاک هوشیاری ئیمامی و شەو گلی دامەوە. بەیانی سواری قەتار بووم بۆ سوید. دیسان دوکتور جەمشید لە ئیزگەی قەتار چاوە روانم بوو. زەحمەت و هاوکاری دوکتور جەمشید لە بیر ناچنەوە. کە هاتمەوە نامەی شاد رەوان دوکتور رەحیمی قازی و مامە غەنیم بۆ هاتبوون کەوا هەر تکیان بلاو دەکەمەوە.

نامەی ۱۳ی ئەپریلی دوکتور رەحیمی قازی:

« برای بە ریز و خوشەویست کاک کەریم!

هەر لیرەوە هەتا ئەوی سلاوت لی بیت. ساغو سلامەتی و خوشی و سەر کەوتن و بەرەو پیش چونت لە قولایی دلەوە بە ئاوات دەخوازم. هەر وەها بە بونەی ئەو بە ریزی و چاکەیەی کە لە گەلت کردوم و هەتا ئەورو رۆژنامەم بو دەنیری زورت سوپاس ئەکەم و ئەمە بە راستی نمونەی بە ئاشکرای هەستی برایەتی و مروڤایەتی و بە ریزی و خوشەویستی تو ئەزانم دەر حەق بە خوم. هەزار جار سوپاس و بە هەویام لە مەو پاشیش بیَ بەشم نەکەی!

کاکە گیان، روژ نامەکەتان زور بە وردی ئەخوینمەوە و لە پاشان دەیدەم بە برا کوردەکانی تر کە ژمارەیان روژ لە گەل روژ، لە چاوی بەد بە دور بیت، زیاتر ئەبیت و هەمویان پی‌یان باشە و تینوی خویندنەوەی وین. چونکە لە لایەکەوە زوریان پی باشە و لە لایەکی ترەوە بە داخەوە هیشتا رفیقەکان نەیانتوانیوە روژنامەو گوڤاریک بە کوردی وەدەر بدەن و شتیکی ئەو تو بە کوردی نیە پی‌یان بگات.

کاکە کەریمی بە ریز! لە رابیتە لە گەل روژنامەکەتان چەند تی بینیەکم هەیە کە ئەمەویست بیخەمە بەر چاوت.

١- به‌ر له هه‌موو شتێک ئه‌مه‌وێ بزانم ئێمه‌ی لیره چون ده‌توانین یارمه‌تی پاره به ئیوه بگه‌یه‌نین؟ به داخه‌وه لیره‌وه ناکری پاره بو ولاتیکی تر، ئه‌ویش بو روژنامه بنیردری. وا حیساب بکه‌ن که له لای ئیمه پاره‌تان هه‌یه و هه‌ر کاتیک هاتن بو ئیره ئه‌توانین پیش کیش تان بکه‌ین و به سلامه‌تی خه‌رجی که‌ن.

- له ژماره‌کاني پیشوی روژنامه‌که‌تاندا زور جار ده‌تان نوسی که، روژنامه‌که بی لایه‌نه.، سه‌ر به هیچ حیزب و ریکخراوه‌یه‌ک و کومه‌لیک نیه و... به‌لام ناوه‌روکی نوسراوه‌کانتان ، به تایبه‌ت هی ژماره‌کانی دوایی، به ته‌واوی دیمه‌نیکی ترمان دینیته به‌ر چاو. روژنامه یه‌کی وا نه توانی بی لایه‌ن بیت و به راستی له هه‌موو باریکه‌وه بیرو راو ئامانجی گه‌له غه‌در لیکراوه‌که‌مان ده‌ر ئه‌بری، جا که وابو بی شک ئه‌بی بیرو رای حیزب، کومه‌ل و یا ریکخراوه‌یه‌ک ده‌ر بری. به لای منه‌وه لام وایه ئه‌توش ده‌ی سه‌لمینی که له کاتی ئه‌و رودا له کوردستاني خومان هیچ حیزب و کومه‌ل و ریکخراوه‌یه‌ک به قه‌ت حیزبی دیموکرات نفوز و به ریزی له نیو زوربه‌ی گه‌لان دا نی‌یه. زوری له سه‌ر ناروم و بو خوت ئه‌وه له من چاکتر ده‌زانی. له‌م لاو ئه‌ولا بیستومه چه‌ند ریکخراوه‌ی تازه خه‌ریکن دینه مه‌یدان. به‌لام کاکه باوه‌ر بکه ئه‌وانه هیچیان، جا با روژنامه‌یه‌کی هه‌ره باشی وه‌ک « سه‌رده‌می نوی» شیان هه‌بیت، ناتوانن جیگه‌ی حیزبی دیموکرات - حیزبی پیشه‌وا بگرنه‌وه. وه‌رن له‌و باره‌یه‌وه فیکر بکه‌ینه‌وه، کاریکی وا بکه‌ین که ئه‌و روژنامه‌یه ببیته بلاو که‌ره‌وه‌ی بیرو رای حیزبی دیموکرات. خو بو خوت ئاگاداری له زور وه‌لاتان حیزبی کومونیست دابه‌ش بون و بونه‌ته دو به‌ش و ئه‌وه‌ی که به ناوچه‌ی سوسیالیزم پشت ئه‌ستوره روژ له گه‌ل روژ به هیز تر ئه‌بیت. هیچ شکی تیدا نیه ئه‌وانه‌ی که ده‌ور و به‌ری « سه‌رده‌می نوی » وه‌کو بون و روژ

لە گەڵ ڕوژ ژمارەیان پەرە ئەستینیت باشترین و تیکوشەر ترین ڕولەکانی گەلەکەمانن (منیش لە سەرەتاوە وام دەزانی نووسەر. !) و ڕیگەیەکی ڕاست و دروستیان گرتوتە پیش. ئەوەش لە بەرچاو بگرین کە ئەستیرەی گەشی سەریشیان ئەمەیە کە پشت ئەستورن بە بەرەی سوسیالیزم بەسەروکایەتی یەکیەتی سوڤیت. بو خوت چاک ئاگاداری کە سەروکایەتی ئەمروی حیزب لەو ئەستیرەیە، چاکتر بلەین لەو ڕوناکی‌یە بی بەشە.

٣ - لە نوسراوەکاني ئەم دوایی‌یانەدا دروشمی کوردستانی گەورە، پیویست بونی دامەزراندنی حیزب و یا ڕیکخراوەیەکی گشتی بو تەواوی بەشەکانی کوردستان، خەباتی بە یەکەوەی تەواوی هیزە نیشتمان پەروەرەکانی کورد لە ناچەیەکی یەک گرتو و.... وە بەر چاو نەکەوی و هەست نەکریت. بی شک ئەمە ئاوات و ئامانجی گەلەکەمانە، بەلام تا چ ڕادەیەک لە گەڵ ڕاستە قینە و هەل و مەرجی ئەو ڕوکە یەک‌دیتەوە ؟ ئەمە مەسەلەیەکی زور گرینگ و حەساس و قدیلکە هینەرە. پیویستە زور بە قولی و وردی و بە گویرەی زروفی نیو نەتەوەیی و قازانجی گشتی بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوایەتی تەماشا بکریت. دەخیلت بم زور وریا بن کە نە کە وینە نیو گومی ناسیونالیستی وشکەوە. ئەمە مەترسی‌یەکی گەورەی هەیە و لە هەمو ڕویەکەوە ئەبی لی‌ی بکولریتەوە و تاقی بکریتەوە.

٤ -لە ژمارەکانی تا ئیستا دا بە داخەوە لە سەر یەکیەتی سوڤیت و ولاتە کانی تری بەرەی سوسیالیزم کەم نوسراوە، بە تایبەت لە سەر مەسەلەی جیٚ بە جیٚ بوونی مە سەلەی نەتەوایەتی لەم ولاتانە.

زورم پی باش بو ئەو ولامە ددان شکینەی کە بە نوسراوەی هاتەران پاتەرانەکەی خالیدی حیسامی درا بووە بی شک لە هەر نوسراوەیەکی

کوردی دا که دژی یه‌کیه‌تی سوڤیت شتیک وه‌به‌ر چاو که‌وت « سه‌ر ده‌می نوی » ئه‌بی ده‌س به‌جی بیرورای خوی ده‌ر بری و دیوی ئاوه‌ژوی ئه‌م نوسه‌رانه بخاته رو وگه‌ل ئاگادار کاته‌وه.

٥- ریزه‌یه‌ک له نوسراوه‌کان زور دریژن و ته‌نانه‌ت بیرورای دو پاته کراویشیان تیدا هه‌یه. جیا له مه ، پیویسته ژماره‌یه‌کی غونه که له چاپ ده‌ر ئه‌چی به‌وردی بخوینریته‌وه وبه هه‌له چونه‌کانی ته‌کنیکی چاپ‌بکرین.(مه‌سه‌له‌ن له ژماره‌ی ١٤- دا سالی له دایکبونی پیشه‌وا ٩١٩١ نیشان دراوه - راسته‌که‌ی مانگی مه‌ی . . ١٩ -

کاک که‌ریمی به ریز ! به‌م هویه‌وه پیت رائه‌گه‌یه‌نم که ئاماده‌م به هه‌موو توانای خومه‌وه له گه‌ل روژنامه‌که‌تان هاو کاری بکه‌م. چاوه‌ریی وه‌لامی نامه‌که‌م و بوشم بنوسه چ چه‌شنه نوسراوه‌یه‌ک پیویسته هه‌تا بوتان بنیرم. (میژویی، سیاسی، ئه‌ده‌بی و....) هه‌ر وه‌ها ره‌جا ئه‌که‌م ئه‌گه‌ر بوت هه‌لکه‌ویت کتیبه چاپکراوه‌کانیشم بو بنیره.(له سه‌ر کوماری مه‌هاباد و یادی هیمن).

هه‌ر وه‌ها وه‌ک دوستیکی به‌دل داو خوازت لی ئه‌که‌م ده‌ر باره‌ی وه‌زعی ژیان وهه‌لسورانی سیاسی و ساغو سلامه‌تی حه‌سه‌نی کورم هیندیکم بو بنوسه. هه‌ر چلونیکی هه‌یه. سلاوم هه‌یه بو ته‌واوی هاوکاره‌کانت، به تایبه‌ت دوکتور جه‌مشید .برات ره‌حیمی قازی ١٣ ئاوریلی ١٩٨٧

به‌ر له‌وه‌ی نامه‌که‌م به‌ری بکه‌م مه‌سه‌له‌یه‌کی تریشم وه‌بیر که‌وته‌وه که ئه‌مه‌وی وه به‌ر چاوی بخه‌م. ئه‌وا چه‌ند مانگه له یه‌کیه‌تی سوڤیت ئیستگه‌یه‌کی رادیو به نیوی «رادیوی محافل اجتماعی اتحاد شوروی» وه‌کار که‌وتوه. به دو زمانی فارسی و ئازه‌ری وتار بلاو ئه‌کاته‌وه و به‌شی زوری وتاره‌کانی ته‌رخان کراوه بو نواندنی چونایه‌تی سیاسی و

کومەلایەتی و ئابوری ئیران و دەلین لە ئیران زور کەس گویی لی رانەگرن و مشتەری یەکجار زورە. بەداخەوە بە کوردی وتار بلاو ناکاتەوە و ئەگەر بە زمانی ئازەری نەبوایە پیاو باسی نەدەکرد. جا لە بەر ئەوە بە لای منەوە ئەمە هەلەیەکی گەورەیە، چونکە مەسەلەی کوردستان لە ئیرانی لە سایەی خەباتی قارەمانانەی گەلەکەماندا بوتە مەسەلەیەکی هەرە گرینک و ناکری ئەمە لە بەر چاو نەگیریت.

لە بەر پیویست بوونی بەشی کوردی ئەمن و هەر وەها زور هاوریی تری کورد بە دور و دریژی بو ئەو جیگایانەی کە پیویستە، بە تایبەت بو کومیتەی ناوەندی و.... نوسیومانە. لام وایە زور بە جی دەبو ئەتوش لە لایەن خوتەوە و یا لە لایەن دەستەی نوسەرانەوە لەو باسەوە نامەیەکیان بو بنیری و بی شک ئەمە گرینگی زور ئەبیت. برات رەحیمی قازی »

لە ١٨/٥/٩٨٧ لە وەلامی نامەی دوکتور رەحیمی قازی دا، ئەم نووسراوەی خوارەوەم بو نارد :

« برای بە ریز و خوشەویست کاک رەحیم روژ تان باش !

نامەکەت لە رادە بەدەر شادی کردم. لە تولەی ئەو لوتفەت هەر ئەوەندە دەتوانم کە هیوا دار بم ساخ و سلامەت بی و تەمەنیکی دریژ وبیَ دەرد و ئازار و بیَ بەلای عەرزو عاسمان بەریەسەر ولە ژیاندا سەر کەوتور بی.

نامەکەت گەلیک ئاموژگاری تیدان و لوتفیکی زورت نواندوە کە خوم شایانی ئەوە نازانم. سوپاست دەکەم. دەمەویَ لە سەر هیندیَ مەسەلەش نەک وەک وەلام دانەوەی جەنابت، بەلکوو بیرورای خوم دەر ببرم.

١ - ئەوەی کە کورەکان نیوەروکی روژنامەکەیان بە کەیفیَ یە، جیگای شانازییە ، سوپاسیان دەکەم.هەقیانە. چونکە وەک تو فەرمووتە رەفیقەکانی(نیوە ریَ) نە دە توانن روژنامەیەکی کوردی دەر کەن کە

کۆمەلانی خەلک بۆ لای خۆ راکیشیٚ، نە دەیانەوی کاری وا بکەن. چونکە پاش ئەو هەموو شەرە شەقە هێشتا لە سەر مەسەلەی میللی نە ساخ بوونەوە، نە تێی گەیشتوون و نە دەیانەویٚ تێی بگەن. (هنر نزد ایرانیان است و بس)!
کاکی بە ریز ئەو (رەفیقانە) بە قسەش کارێکی واناکەن کە بکریٚ خەلک دیفاعیان لیٚ بکات. تۆ ئەم خوایە ٤٠ سالەی شەهید بوونی پیشەوا، بۆیە نەدەبوو کە (ئاغای مەردوم) دوو دیڕی لە سەر بنووسیٚ. ؟ بۆ من جیگای داخە. جا ئەگەر ئەو برا کوردانەی بۆیان لە ملی دەدەن و نقە ناکەن و لە بەر (ئینترناسیونالیستی) هەموو شتێک بە باش دەزانن، سەر کەوتوو بن!
٢ - لە باسی بیٚ لایەنیدا، مەبەست ئەوە بوە کە « سەردەمی نویٚ » لە نیوان ریکخراوە کوردیەکاندا بیٚ لایەنەو ناچیتە نیو کیشەو ناکۆکی نیوان حیزبە کوردیەکانەوە. ئەگینا لە مەسایلیٚ سیاسی و ئیدەئولوژی و سیاسەتی جیهانیدا، بیٚ لایەنی شتێکی قوڕ و بیٚ مانایە. من ساخ بوومەوە. ریگای خۆم و میللەتەکەم دۆزیوەتەوە. ئەم رۆژانە (رەفیقێکی تودەیی) فەرموو بووی :« کەریم لە گەلٚ ئیمە نیە خۆی ساخ نەکردۆتەوە »
ئیستاش ئەوانە پییان وایە هەر چی نەبوو بە دەروێشی ئەوان ساخ نەبۆتەوە .!!
٣ - جاریٚ « سەردەمی نویٚ » تەنیا بیرو رای پیشکەوتخوازی و بیٚ بەشی کورد بلاو دەکاتەوە. نەتەوەکەمان فرە پیویستی بە وریا بوونەوە و شارەزا بوون لە ریگای راستی خەبات هەیە. بلاو کراوەی حیزبە سیاسیەکانی کورد تەنیا بە شاخ و بالی خۆیان دا هەلاٚ دەلین ، بیٚ ئەوەی بیرو باوەر و ریباز و دۆست و دوژمنی کورد دەست نیشان بکەن.

بەلأم لە بارەی حیزبی دیموکراتەوە، کاگ رەحیم گیان ! حیزبی دیموکرات وا هەیە. خاوەنی رێکخراو وچەکدار و ڕێبەر و لە کۆڕی خەباتیش دایە. تەنانەت رۆژنامەی (مەردوم) یش بە « رێبەری جولأنەوەی کوردیشی » ناو بردوە. کەوابوو کەسێکی دیکە لە دەرەوەی ولأت ئەگەر خۆ بکاتە حیزبی دیموکرات و رۆژنامە بکاتە ئورگانی ئەو، هەر ئەم هەڵەیە دوو پات دەکاتەوە کە ئێوە تووشی بوون و ئاکامێکی باشیشی نەبوو. نفوزی حیزبی دیموکراتیش وەک جاران نەماوە. ئەم هەویرە ئاو زۆر هەڵدەگرێ !

٤ - لام وانیە « سەردەمی نوێ » باسی دامەزرانی حیزبی گشتی بۆ هەموو کوردستان کرد بێ. بەلأم باسی دیاریکردنی چارە نووس و سەر بە خۆیی و یەک گرتنەوەی کوردستانی دابەشکراوی وەک بیروڕا کردوە. ئەمەش مافی ڕەوای حاشا لێ نەکراوی میللەتی ۲۰ میلیونی بەشخوراوی کوردە. ئەوانەی بە هێنانە گۆڕی ئەو باسانە هەڵدەبەزنەوە، نە مارکسیستن و نە کومونیست. باس کردنی ئەم مەسەلەیە خۆ بەو مانایە نیە هەر ئێستا ئالأ هەڵدەکرێ و دەوڵەتی کوردی دادەمەزرێ. خۆ ئەگەر خوا بکاو ئەوە بێتە دی، ئەوا نووری عەلا نوورە و بۆیە دەبێ پیاو قوربانی بۆ بکات. نازانم کورد بۆ مافی ئەوەی نەبێ بە نوسین و بە قسەش باسی دیاری کردنی چارە نووسی خۆی بکات ؟ من لام وایە کومونیستی بە ڕاستی ئەو کەسەیە کە میللەتی خۆی لە هەموو کەس خۆشتر بوێ و هەوڵی بۆ بدا. کومونیستەکانی میللەتی دیکە بەر لە هەموو شتێک بۆ میللەتی خۆیان هەوڵ دەدەن و بەرژەوەندی ولاتی خۆیان لە بەر چاو دەگرن، بەلأم (ئەنترناسیونالیستن). ئەگەر کوردێکی بەشخوراو بە زمانی سوتاو یا لە سەر پەرە کاغەزێک باسی مافی دیاریکردنی چارە نووسی خۆی کرد، کە لینینی مەزن ئەو هەمویەی لە سەر نووسیوە، (ناسیونالیستە ؟» !

کاک ره‌حیم گیان! ئه‌و حکایه‌تانه کۆن بوون. سه‌رده‌می ئازادی میلله‌تانه. من لام وایه گه‌لی کورد، زه‌حمه‌تکێشانی کوردستان مافی ره‌وای خۆیانه به گوێره‌ی هه‌ل و مه‌رج و به‌رژه‌وه‌ندی خۆیان، چاره نووسی خۆیان به ده‌ستی خۆیان دیاری بکه‌ن. پێویستیشیان به وه‌کیل و دمراست نه‌بێ. چل ساڵ ئێمه‌یان به‌وه گێژ کرد بوو که له ولاتێکدا دوو حیزبی کومونیست نابێ. ئێستا ئه‌وه ده‌بینین له ده ولاتیشدا دوو حیزبی کومونیست هه‌ن و ولاتانی سوسیالیستیش ئیعترافیان پێکردوون. له گه‌ڵ تۆم که ناسیونالیزمی وشکه رۆ که دژی میلله‌تی دیکه بێ خه‌راپه. به لام ناسیونالیزمی کورد که بڵێ:لێم گه‌رێن به زمانی خۆم بخوێنم و له ولاتی خۆم بژیم، بۆ کافرده‌بێ. بۆ ده‌بێ خه‌ڵک به‌م ویست و داخوازه ره‌وایه (قدیلکه)ی بێت .؟!

٥ - ده‌فه‌رمووی :« له سه‌ر یه‌کیتی سوڤێت و .... که‌م نووسراوه. یا ئه‌گه‌ر له نوسراوه‌یه‌کی کوردی دا دژی یه‌کێتی سوڤێت شتێک به‌ر چاو که‌وت، سه‌رده‌می نوێ بیرو رای خۆی ده‌ر ببرێ »

من له گه‌ڵ رێز گرتن بۆ بیروڕای جه‌نابت ، لام وایه یه‌کێتی سۆڤێت ولاتێکی گه‌وره‌ی زه‌به‌لاحی خاوه‌ن ده‌زگای هه‌راوی ته‌بلیغات و پرو پاگانده‌و ده‌نگ و ره‌نگ و ته‌نانه‌ت ئاتومیشه، چ پێویستی به وه نیه که « سه‌ر ده‌می نوێ» یه‌کی کوردی کلۆڵ که به زه‌حمه‌ت ده‌توانی له ١٢ لا په‌ره‌دا ده‌ردو داخی کورد بخاته روو، دیفاع له یه‌کێتی سۆفێت بکات. لام وایه « سه‌ر ده‌می نوێ » پێویسته له سه‌رنج نه‌دانی یه‌کێتی سۆڤێت به مه‌سه‌له‌ی کورد سکالا بکات و بیروڕای ره‌خنه‌یی خۆی ده‌ر ببرێت .

٦ - جارێکی دیکه‌ش له ئامۆژگاری و رێنوێنیه‌کانت سوپاس ده‌که‌م. راسته هه‌ڵه‌و که‌م وکوری زۆره. کاری رۆژنامه نووسی خۆی لێ زانی پسپۆری ده‌وێ. به قه‌ولی (سابلاغیان) کرمانجێکی وه‌ک من هه‌ر

ئەندەی لە دەست دێت. هیوام وایە رۆژ بە رۆژ بەرەو باشی بچێت و لە سەر خەت و رێبازی خۆی بروات. دیارە لە رادە بەدەر پێویستی بە یارمەتی و هاوکاری زاناو نووسەر و تێکۆشەرانی کورد هەیە کە بە داخەوە لێیان بێ بەشە.

دیارە ئەگەر لوتف بفەرمووی لە هەر بارێکەوە نووسراوەمان بۆ بنێری بە راستی لاپەری رۆژنامەکەی پێ دەرازێتەوە. پێویستمان بە هەموو بابەتێک هەیەو چاوە روان دەبم. بە چاوان نووسراوەکانی خۆمت بۆ دەنێرم و تکایەکیشم هەیە ئەگەر بکرێ فۆتۆ کۆپی رۆژنامەکانی کوردستانی کۆماری کوردستانم بۆ بنێری سوپاست دەکەم. لە بارەی کاکە حەسەنەوە : شوکر ساغ و سەلیم و بە کەیفە و ژیانی باشە . هەر ئەو رۆ تەلیفونی کرد قەرارە بێتە لام. وەک ماموستای زمانی کوردی و وەک موتەرجم لە شارێکی تر کار دەکات. وەزعی سیاسی بە داخەوە روون نیە. جاری وایە باسیشمان دەبێ. لە گەڵ ئەنیستیتوی کورد لە پاریس هاو کارە و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکەیان. لێرە فیدراسیونێکی کۆمەلە کوردستانیەکان هەیە، لە بەرێوە بەری گشتیدا ئەندامە. . چیتر سەرت نایەشێنم. کاک جەمشید عەرزی سلاوی هەیە. بە خۆشی بژی .

برات کەریمی حسامی . ۱۸- مای -۱۹۸۷»

هیوا و چاوە روانیەکی زۆرم هەبوو، بەداخەوە کاکە رەحیم نەوتار و نە فوتۆ کۆپی رۆژنامەکانی بۆ نەناردم. بەلاّم ئێمە ناردنی « سەر دەمی نوێ » مان هەر درێژە پێدا.

لە ئاخری مانگی مای دا، ئەم نامەی خوارەوەم لە لایەن غەنی بلوریانە وە پێ گەیشت :

« هاورێی خۆشەویست کاک کەریم.

پاش رۆژ باش و رێز بۆ جەنابت و کاک دوکتور جەمشید و فەهدی

خۆشەویست بە هیوای بەختەوەریتان. دیسان وا جیێ هەوارەکەیان گۆریم و وا ئیستا هانیویانمە هودەیەک لە صلیبی سوری گورین. بێ چاوێنی بێ دەڵێی سەهولخانەی ماڵی خانە خەمیرە، ئەوا بە هاوینی سوور قاپوتم کردۆتە بەر ئەگینا بۆ دانیشتن نابێ. جێگایەکە هەر دەبێ پێستە پەنیری لێ دابنێی دەنا بۆ چی تر دەس نادا. کابرای گۆرینی ئێمە خوا بیکوژێ خۆی کە سەر لێ شێواوە سەری لە مانەش شێواندوە نازانێ هەواری لێرە دەبێ یا خود لە کەس نەزان. هەر رۆژە بریارێک ئەدا کە گویا ئەوە دەبێ ئاخر بریار بێ بەلام لام وابێ سەر نەگرێ. هەر دەمە فیشاڵێک بەر هەلا دەکا و بوختان بە خۆی دەکا. قەدیم لە سابلاغ کابرایەک هەبوو پێیان دەگوت - خەلیل قەنە کون -کابرایەکی تەژەی دریژی باریکە و رەقەلە سالەوە چوو. دوو لولێکی هەبوو ناوی خۆی نابوو راو کەر. زستانان کالە و زەنگاڵی هەلدەچنی ، سەر کلاوەی شکاکی لە سەر دەنا و دەسرەی لە دەم دەبەست و لە شار دەر دەکەوت. خەڵک توشی دەبوون، کاک خەلیل ئوغر بێ ؟

- کورە چوزانم دەڵێن لەم دەورو بەرە گورگێکی برسی پەیدا بوە خەڵک دەخوا. ئەوا دەچمە سوێی بەڵکو دەگیری خەم. لای وابوو کەس دە فیلەکەی ناگا. لە ژووررووی مەهاباد گومبەزان هەبو ئیستاش شوێنەواری هەر دیارە لە بداغ سلطان. کاک خەلیل لە شار دەر دەچوو راست دەچوە ناو گۆمبەزان. بنچیلەی کۆ دەکردەوە و کەتری دەنا بان ئاور وتا ئێوارە هەر سەبیلەی دەکێشاو چای پێدا دەکرد. لای ئێوارە بە تەمای خوا دەگەرایەوە بۆ شار. دەیگوت گورگم لە داو نەکەوت! ئەمە گشت بەزمی زستانی کاک خەلیل بوو. ئاخر رۆژێک لە گومبەز دەر دەکەوێ و سەیرێکی ولات دەکا و لە دوور چاوی بە کەلاکە گورگێک دەکەوێ دەچتە سوێی تەماشا دەکا گورک لە برسان مردوە. هەو دوک گوێی

دەبرێ و دەی خاتە جانتاوەو لە ژێلاً دەگەرێتەوە شار و راست دەچێتە قاوەخانەی « عەلاوی ». دوو لول بە شان و بە دەمی هەڵبەستراوەوە وەژوور دەکەوێ. خەڵکێکی زۆر گوشا گوش قاوەخانە کە دانیشتون و کاک خەلیل سەیر دەکەن. ئەویش نای کاتە نا مەردی جوتە گوێی گورکە داوێتە سەر مێزەکە و دەڵێ گشتتان ئەرخەیان بن گورگم کوشت و ئیتر شەوانە بێ مەترسی دەر کەون و وەرنە قاوەخانە. عەلاوی قاوەچی دەڵێ هەی چاوی سەرم بی خۆ شەوانە قاوەخانەکەم چوڵ بوو لە ترسی گورگی برسی. چایەکی شیرینی مزگێنی دەدا بە کاک خەلیل. ئەوا گشت خەڵک پێ دەکەنن دە زانن چ فێڵێکی کردوە. گوێی گورگی تازە مردوو دیارە و خویناویە و ئەمە سیس هەلاتوە و گرش بوتەوە. بەلام دەلێن هەی خوش بی کاک خەلیل. لەو دەمەوە لە مەهاباد بۆتە مەسەل. ئەگەر کابرایەک کارێکی سەهلی کرد و گەورەی نیشان دا، دەلێن آ-آ دەلیی گورگی کوشتوە چیت کردوە برا !! منیش نە مردم کابرای گورین چووتە گوێیکم بۆ بهێنێ و گورگی کوشتبێ. بەلام چاوە روان بە انشاالا گورگت بۆ دەکوژین. لە منت نەکەوێ لات وایە ئیمە دوو لولەمان نیە. ئێستا ئەوا مانم گرتوە و داوای جنسیەی ئیرەم کردوە کە بتوانم پاسپورت وەر گرم و هەر کوێنەک گەرەکم بێ بچم. ئەوا هەشت وێنەیان لێ وەر گرتوم و خوا بدا گەرەکیانە پێم بدەن. بۆم رێک کەوێ سەرێک لە ئیوە بدەم. دیسان داوام کردوە صندوقێکی پوستی ئیجارە کەم و لانی کەم ئادرسێکی دیارێم هەبێ ئەگەر خۆشم بێ هێلانەم و دە راگوێز راگوێز دام. چەند رۆژ لە مەرو بەر نامەیەکم ناراستەی خوشکە خەجیج کرد بۆ وێنەی ماموستای نەمر هێمن و تاریک و روون و چشتی تر کە لە خۆی زیادی بێت جا نازانم. ئەوا ئادریسی تازەم لە ژێرەوە دەنووسم بە هاورێی خۆشەویستم فهدی بدە و لای خۆت بێ . ئیتر هەر بژی برات غەنی مای ۱۹۸۷ »

بۆ ئەوەی بتوانین بیرورای گشتی ئوروپا لە مەسەلەی کورد پتر ئاگادار بێ، هاتینە سەر ئەو باوەڕە کە هێندێ وتارەکانی « سەردەمی نوێ » بە ئینگلیسی بڵاو کەینەوە. بەڵام نە خۆمان ئینگلیزیمان دەزانی و نەکەسیشمان هەبوو. دەبێ فرە سوپاسی دوکتور مەجید جەعفەر بکەین کە بۆ دوو ژمارە یارمەتی داین بەڵام ئیتر نەدەکرا هەموو جارێ جارزی بکەین. پاشان هاتینە سەر ئەو باوەڕە کە سەفەرێکی لەندەن بکەم بەڵکو لەوێ ڕێگایەک بدۆزمەوە. بۆ ١/٦/ بلیتێکی هەرزانی ٨٠٠ کرۆنی هەبوو چوون و هاتنەوەی لەندەن. بلیتم کری و خۆم بۆ سەفەر ئامادە کرد.

ڕۆژی ٨٧/٥/٣١ کاک عەلی کەریمی تەلیفونی کرد و گوتی : « لەگەڵ کاک کەریمی دانشیار و سیامەندی موعینی ئەوا لە نێو شار لە ئولێنز چاوەڕوانت دەبین، پێمان خۆشە بێی قاوەیەک بخۆینەوە. »

رابووم چوومە ئولینز. دانیشتین و باسی ڕۆژنامەی « سەردەمی نوێ » هاتە گۆڕێ و گوتیان ئەگەر سەر دەمی نوێ بکرێتە ڕۆژنامەیەکی بێ لایەن، پێمان خۆشە هاوکاری بکەین. جا من لە خولاّم دەویست، بە تایبەت بۆ کاک کەریمی دانشیار کە نووسەرێکی لێ هاتوە. گوتم لام وایە سەر دەمی نوێ بێ لایەنە. سەر بە هیچ حیزب و ڕێکخراوەیەک نیە. سیاسەتێکی سەر بە خۆی هەیە.

کاک کەریمی دانشیار گوتی : « مەبەست سیاسەتی دەرەوەیە. لە سیاسەتی دەرەوەدا بێ لایەن نیە. جارێک لە سەر شورەوی تێیدا نەنووسراوە. لە کاتێکا لە شورەویش بێکار و برسی هەیە بەڵام لە ڕۆژنامەکەدا باسی ناکرێ.

گوتم لام وایە ئەرکی ڕۆژنامەیەکی کوردی ئەوە نیە خۆی بە برسی و کەم و کوریەکانی شورەویوە ماندوو بکات.

گوتی : ئەدی بۆ چی کەم و کوریەکانی ئەمریکا باس دەکەی؟

گوتم : راستە. چوونکە پێم وایە ئەمریکا داگیر کەرە ، زۆر دارە، شەر هەڵایسێنەرە. ئەگەر بۆم بکرێ پچوکترین خەراپەیەکی ئیمپریالیزم گەورە دەکەمەوەو لە قاوی دەدەم. لە سەر وڵاتانی سوسیالیستیش ئەوەی پێوەندی بە مەسەلەی کوردەوە هەبێ دەینووسم و رەخنەیان لێدەگرم.

عەلی کەریمی گوتی : « ئەوە ئیتر روونە. کاک کەریم سیاسەتی خۆی بە ئاشکرا دەڵێ.

قاوەکەمان خواردەوەو بە داخەوە هیچ هاو کاریم لێ نەدیتن. من لەو باوەرەدا بووم کە رووناکبیرانی کوردی لای خۆمان هەر کاریان بە نووسین و تێکۆشانی ئەدەبی نەداوە.

سەفەر بۆ لەندەن

رۆژی ٨٧/٦/١ چوومە لەندەن و مێوانی کاک عومەری حەمیدی بووم. لە مەڵبەندی کوردی چوومە لای کاگ کەماڵ میراودلی. پێش هەڵبژاردنی ساڵانەی مەڵبەند بوو. خەڵک دەهات ناوی خۆی بۆ بەشداری لە هەڵبژاردندا دەنووسی. کاک کەماڵ دەیگوت : زۆر سەیرە، هی وا دێت ناوی خۆی دەنووسێ لە تەواوی ساڵدا جارێکیش نەهاتۆتە مەڵبەند و قەتیش باسی کوردی نەکردوە.

دیار بوو ململانێی نێوان حیزبەکان خۆی خزاند بوە نێو مەڵبەندیش و خێری پێوە نەهێشتبوو. لە کاتێکا ئەگەر مەڵبەند لەم ململانێیە دوور بایە و تەنیا کاروباری مەسەلەی کورد و خزمەت بە کولتوری کوردی کرد بایە ئەرکی خۆی، بەو ئیمکاناتەی هەیبوو، دەیتوانی خێری پتری هەبێ.

ماموستا محەمەد رسول هاوار داوەتی کردم و گوتی : « کاک برایم

ئەحمەد ویستوویەتی بتبینیّ. وام داناوە بەیانی لە رەستورانێکی نیزیک کتێبخانەی لەندەن یەکتر ببینین تۆ وەرە کتێبخانە، لەویّ چاوە روانت دەکەم»

لە گەڵ کاک عومەری حەمیدی رۆژی دوایی چووینە جیّ ژوانی دیاریکراو. کاک برایم لەویّ بوو. دانیشتین، چاک و چۆنیەکی گەرم و دۆستانە و خواردنێکی باش و باسێکی خۆش. کاک برایم فەرمووی: جا کاکی خۆم تۆ سبەی شەو لە ماڵی ئێمە میوانی. ماموستا هاواریش دێت. تەلیفون دەکەین خالیقیش بێت.

لە گەڵ سوپاس پێم گوت هیچ پێویست بەو زەحمەتە ناکات. وا لێرە بە خزمەت گەیشتووم و منیش تۆزی کارم هەیە و دەبیّ یەکشەمۆ بگەرێمەوە.

کاک برایم گوتی :« کاکە تۆ لە دیکتاتوری شادا ژیاوی، بەڵام لە دیکتاتوری گەلاوێژ دا نەژیاوی. ئەوە گەلاوێژ داواتی کردووی نەک من. رەتکردنەوەشی نیە. »

– جا ئەوە چۆنە ؟ خۆ من جارێک لە ماڵی ماموستا هەمزە نەبیّ قەت گەلاوێژ خانم نەدیوە.

گوتی : « ئێستا (دایکی) بە دەستەوەیە دەیخوێنێتەوە. گوتی ئەم کتێبە چەندە رەوان و جوان کراوە بەکوردی. منیش گوتم : وەرگێرەکەی وا لێرەیە و وادەشم لەگەڵی هەیە ببینم. گوتی :کەوایە بۆ سبەی شەو داوەتی کە بێتە ئێرە ، جا ئیتر ئەم لاو لای نیە. کاک عومەر ماڵەکەمان دەزانیّ و دەبیّ ئەویش بێت. چاوە روان دەبین.

رۆژی دوایی لە گەڵ کاک عومەری حەمیدی چووینە ماڵ کاک برایم. گەلاوێژ خان زۆر بە گەرمی بە خێر هاتنی کردین. کاک عومەر مستەفای رەحمەتیش هەر بەو قیافەی شاد و روو خۆشی لێمان وەژوور کەوت.

چاوە روان بورین خالیقی نەهات. خۆ میوانداری و تەرتیباتی ئەو شەوەم بۆ باس ناکریٚ. لە گەڵ کاک عومەر کەوتینە چاک و چۆنی. من پیٚشتر ساڵی ١٩٧٥، دوای تیٚکچوونی شۆرش یەک دوو جار کاک عومەری رەحمەتیم لە گەڵ شاد رەوان دوکتور خالید سەعید دیبوو. کاک عومەر گوتی :

- بابم کاک کەریم وانابیٚ. تۆ هەر جاریٚک تەلیفون بۆ من ناکەی
- ئاخر من ژمارە تەلیفونی تۆم نیە، چۆن تەلیفون بکەم؟
- ئاخر ناویٚرم بتدەمیٚ
- بۆ چی؟ خوا نەخواستە بیری چیٚم لیٚ دەکەیەوە؟
- نا... تەلیفونی من دوو چار ٦٦ی تیٚدایە .!

بە گویٚرەی داب و یا تەنیا دابی کوردەواری، لە گەڵ خواردنەوە باسی سیاسەتیش هاتە گۆریٚ. ئیختیلافەکەمان لە گەڵ کاک عومەر فرە ئاشکرا بوو. ئەو لە سەر دیفاع لە ریٚژیٚمی کۆماری ئیسلامی ئیٚران و راستی و دروستی سیاسەتی یەکیٚتی نیشتمانی پیٚی دادەگرت.

منیش نەک هەر ریٚژیٚمی کۆماری ئیسلامی ئیٚرانم بە کۆنە پەرست و جنایەتکار دەزانی و بە هەموو مانا و ئیٚوەرۆکیەوە مەحکومم دەکرد، بەڵکو سیاسەتی یەکیٚتی نیشتمانیشم لە جەغزی هیٚنانی پاسدار بۆ کوردستانی عیراق پیٚ راست نەبوو.

باسەکەمان شیرین بوو. کاک عومەری حەمیدیش لانی منی دەگرت و دەیگوت :« کاک عومەر تۆ خۆپیٚشاندان و شوعار دانی دژی ریٚژیٚمی ئیسلامی ئیٚرانم لیٚ قەدەخە دەکەی. من برام ئیعدام کراوە، چۆن دأی حکومەتی پیاو کوژی ئیٚران شوعار نادەم» ماموستا برایم نەهاتە ناو ئەم باسەمان. کاک عومەر رەوانی شاد بیٚ گوتی :

- کاک کەریم ئەوەی پیٚ ناویٚ، لەوە رابردوە. ئەمجارە یا دەفرین یا

ده‌ترین .ئه‌مجاره بشكێنین كورد له‌ به‌ین ده‌چێ.
- گوتم كاك عومه‌ر خۆ مه‌سه‌له‌ی میلله‌تێك به‌ فرین و ترین لێك نادرێته‌وه. خۆ ئێوه له‌ سه‌ر سیاسه‌تی عه‌جه‌مان تاقیكردنه‌وه‌تان هه‌یه. پاشان تێدا چوونی كوردیش هه‌روا نه‌ به‌ستراوه‌ته‌وه به‌ شكانی هێزێكی كورد، زۆر جاران كورد تووشی نسكۆ و نه‌هامه‌تی هاتوه، به‌لام هه‌ستاوه‌ته‌وه. باسه‌كه‌مان دۆستانه‌ بوو. میوانداریه‌كی له‌ راده‌ به‌ده‌ر خۆمالی و خۆش بوو. كاك عومه‌رم جارێكی تر له‌ كۆنگره‌ی خوێند كارانی كورد له‌ بیرلین دیته‌وه.

رۆژی ٥/٦/٩٨٧ په‌یامنێری رۆژنامه‌ی « عیراق الغد » كه‌ به‌ عه‌ره‌بی له‌ له‌نده‌ن ده‌رده‌ چوو ، هاته‌ لام وداوای كرد بۆ رۆژنامه‌ كه‌ وتوویژێكم له‌ گه‌ل بكات. پرسیاره‌كانی نوسیبوو، منیش وه‌لامم دایه‌وه. ئه‌مه‌ش ده‌قی پرسیار و وه‌لامه‌كانه‌ كه‌ له‌ لام ماوه. ناشزانم (عیراق الغد) بلاوی كرده‌وه یان نا .

وتو وێژی په‌یامنێری رۆژنامه‌ی «عیراق الغد » له‌ گه‌ل كه‌ریمی حسامی. ٥/٦/١٩٨٧

پرسیار : زه‌حمه‌ت نه‌بێ كاك كه‌ریم ئه‌گه‌ر خۆت به‌ خوێنه‌رانی رۆژنامه‌ی «عیراق الغد» بناسێنیت. چی ده‌فه‌ر مووی؟

وه‌لام: به‌رگی یه‌كه‌می بیره‌وه‌ریه‌كانم كه‌ سالی ١٩٨٦ بلاو بۆته‌وه تا راده‌یه‌كی زۆر به‌ سه‌ر هاتی ژیانی منی به‌ خوێنه‌رانی كورد ناساندوه. به‌لام له‌ به‌ر ئه‌وه‌ی رۆژنامه‌ كه‌تان به‌ عه‌ره‌بی ده‌ر ده‌چێ، ناچارم به‌ كوردی و زۆر به‌ كورتی وه‌ردی ده‌مه‌وه.

سالی ١٩٠٦ له‌ بنه‌ ماله‌یه‌كی جوتیاری دینداری ناوچه‌ی موكریان له‌ دایك بووم. لای كۆلكه‌ مه‌لاو میرزایان و لای باوكیشم هێندێكم خوێندوه. له‌ به‌ر نه‌داری و ده‌ست ته‌نگی نه‌متوانیوه‌ بچمه‌ مه‌دره‌سه‌و

بخوینم. تا سالی ۱۹٤۳ بە کارو کاسبی جوت و گاو کشت و کالەوە خەریک بووم و جەور و ستەمی ئاغاو دەرەبەگی کوردم زۆر چێشتوە. سالی ۱۹٤۳ چوومە نێو تێکۆشانی سیاسی و بووم بە ئەندامی کۆمەلەی (ژ . ک .). لەو دەمەوە لە نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردا تێکۆشاوم. بە تاوانی تێکۆشانی سیاسی سێ سالْ حوکم دراوم و لە بەندیخانەدا بووم. دایک و باب و ژن و کیژێکم کۆچی دواییان کردوە و کە هاتوومە دەر ،تاک و تەنیا ماومەوە. دوای ئازاد بوونم ناچار بووم سالی ۹٥۸ ولاْت بە جێ بێلم و پەرەوازەی هەندەران بم. تا سالی ۱۹۸٤ ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران (چەند سالاْن ئەندامی دەفتەری سیاسی و جێگری سکرتێر) بووم.

سالی ۱۹۸٤ کاتێ بە ئیجازە لە سەفەردا بووم، دوای ٤٠ سالْ خەبات بە دوو سێ دێر (بە تاوانی لە ژێر پێ نانی دیسیپلینی حیزبی) لە حیزبی دیموکرات دەر کراوم. ئێستا ئەندامی هیچ حیزبێک نیم. سەر نووسەری رۆژنامەی « سەر دەمی نوێ» م کە بە دوو زاراوی کرمانجی و سۆرانی دەر دەچێ.

پرسیار : وەک روشنبیرێکی لێهاتووی کورد، بە تایبەت لە ئیرانا، باری ئێستای کوردەواری لە ئیرانی ئیسلامی دا چۆن دە بینیت؟ بۆ دوا رۆژی کورد چی بە چاک ئەزانیت ؟

وەلاْم : باری ئێستای کوردەواری ئیران سەرەرای هێندێ هەل و مەرجی تایبەتی کوردستان، لە باری گشتی ئیران جیا ناکرێتەوە. ئیران بە گشتی لە ژێر دەسەلاْتی ئاخوندان دا ، وەزعێکی نا لەبار و شپرزەی هەیە. شەری ئیران و عیراق کە صدام هەلگیر سێنەر و خومینی درێژە پێدەریەتی، بۆ گەلانی ئیران بەرو بویەکی دژوار و دەردە داری هەبوە. پتر لە نیو میلیون کەس کوژراوە. پتر لە میلیونێک بریندار و بێ سەرو

شوێن و بە دیل گیراوە. پتر لە دوو میلیون ئاوارەی هەندەران بوە. شارو گوند و بنیاتە ئابوریەکانی ولات ویران بوون. ئەوە بەرهەمی شەڕێکی بێ سەر ئەنجام و کەللە رەقی و دلڕەشی خومەینی و قادسیەی شومی صدامی بەعسی بوە.

کوردستانی ئیران بێجگە لە وانە، ستەمی نەتەوایەتی و فەرق و جیاوازی ئابووری و و کولتوری و شەری بە سەر دا سەپاویشی لێ بۆتە سەر بار. کوردستانی ئیران لە دوو لاوە کەوتۆتە بەر پەلامار. لە لایەک ئەرتەش و پاسدارو بەسیجی کۆماری ئیسلامی وەک داگیر کەر لە کوردستان دەبزوونەوە ، لە لایەکی تر فرۆکەکانی حکومەتی بەعسی عیراق تا ئیستا دەیان شارو گوندی کوردستانی ئیرانیان بۆمباران کردوە. سەدان کەسی بێ تاوانیان کوشتوە.

تایبەتیەکی دیکەی کوردستان لەوە دایە کە سەرەرای کوشت و کوشتاری کۆماری ئیسلامی، رژیم نەیتوانیوە بە تەواوی لە کوردستان سەقام گیر بێ و دەسەلاتی تەواوی بسەپێنێ. لە کوردستان بەر بەرەکانی چەکدارانە دژی دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی بەر دەوامە. هیزە سیاسیەکانی کورد بە هەموو شێوەیەک دژی رژێمی خومەینی خەبات دەکەن. ئەم شێوە خەباتە لە ناوچەکانی دیکەی ئیران نیە. ئوپوزیسیونی ئیران نەیتوانیوە بەرەیەکی یەکگرتووی دژی رژیم پێک بێنێ.

بۆ دوا رۆژی کورد و سەر کەوتن لەم خەباتە سەختە دا چەند نوختەی گرنگ هەن ، پێویستە لە بەر چاو بگیرێن.

- بەر دەوام بوونی خەبات و پشت بەستن بە کۆمەلانی خەلک و خۆ نەبەستنەوە بە دوژمنانی کورد و کۆنە پەرستی ناوچە.

- یەکێتی و هاوکاری بێ فرو فێلی هێزە سیاسیە کوردەکان و واز هێنان لە پاوانخوازی و لوت بەرزی.

- هاوکاری لە گەڵ هێزە دیموکرات و شۆرشگێرەکانی سەرانسەری وڵات. کورد لە هیچ یەک لە بەشەکانی بە بێ هاوکاری لە گەڵ هێزە سیاسیە دیموکرات و پێشکەوتو خوازەکان، ناتوانێ سەر کەوێ و مافی رەوای نەتەوایەتی خۆی وەدەست بێنێ.

پرسیار: لەم ساڵانەی دواییدا، بە تایبەم بە هۆی شەری ئێران و عیراقەوە ژمارەیەکی زۆر ی لاوەکانمان، زیاتر رۆشنبیرەکان ئاوارە بوون. چۆن دەکرێت ئەوانە لە وڵات و گەلەکەیان نەپچرێن و هەستی خۆ وڵاتیان نەبرێت؟ چۆن لە رێگای نووسینەوە کۆ دەکرێنەوە. ؟

وەڵام : بە پێچەوانەی بیرورای هێندێ کەس من ئاوارە بوونی رۆشنبیرانی کورد بۆ ئوروپا بە زیانێکی گەورە دەزانم. من تەنیا لاوان و رۆشنبیران سەبارەت بە ئاوارە بوونیان تاوانبار ناکەم. دیارە بێجگە لە شەری ئێران و عیراق و کردەوەی فاشیستیانەی ئەم دوو حکومەتە ، بارو دۆخی نێو خۆی بزووتنەوەی کوردیش بۆتە هۆی ئاوارەیی گەلێک رۆشنبیرانی تێکۆشەر و لاوانی فیداکار. کاتێ تێکۆشەری کورد لە نێو جولانەوەی کوردا نە توانێ بیرورای خۆی دەر ببرێ و دیکتاتوری و ملهوری نێو جولانەوە لە هی حکومەتەکان توندو تیژ تر بێ، ئیتر رۆشنبیرو لاوی کورد ناچار دەبێ نیشتمان جێ‌هێڵێ و ئاوارەی ئوروپا بێ. ئەو دەم بمانەوێ یا نەمانەوێ لە وڵات دە پچرێتەوە. ئەگەر هەستی خۆ وڵاتیان بمێنێ جێگای شوکرە. ئەو هەستە بەر لە هەموو شت دەگەرێتەوە سەر کەسەکە خۆی. ئەگەر هەست بەوە بکا بۆ چی و لە سەر چی دەر بەدەر بوە ؟ نەتەوەکەی لە چ بارو دۆخێک دایە؟ لە ئوروپا چ ئەرکێکی دەکەوێتە سەر شانی ؟ ئەوە هەستی خۆ وڵاتی دەمێنێ. دیارە کەش و هەوای ئوروپا بۆ لاوێکی کورد زۆر ساخ و پاک نیە . بواری ژیان و بەرێچوون، شێوەی ژیانی ئوروپایی و بەرەڵایی بێ تام،

زه‌رق و به‌رقی سه‌ر مایه‌داری ، زه‌حمه‌ته کار نه‌که‌نه سه‌ر لاوێکی ئاواره و تووشی لاوازی هه‌ستی خۆ ولاتی نه‌که‌ن. به تایبه‌ت زۆربه‌ی ئه‌و لاوانه‌ی روو ده‌که‌نه ئورووپا، له ولات دا په‌روه‌رده‌ی سیاسی و رابردووی تێکۆشانیان فره به هێز نه‌بوه. به لای منه‌وه له رێگای نووسینه‌وه کۆ کردنه‌وه‌ی ئه‌م لاوانه زۆر دژواره.

یه‌که‌م ئه‌وانه‌ی دێنه ئورووپا که‌متر خه‌ریکی خوێندنه‌وه ده‌بن. نووسراوه‌و ئه‌ده‌بیاتی کوردی سه‌ره‌رای زۆری روشنبیرو خوێنده‌وار له ده‌ره‌وه‌ی ولات، تووشی قه‌یران بوه. دووه‌م زۆربه‌ی نووسراوه‌کان ئه‌وه نین خوێنه‌ر بۆ لای خۆیان رابکێشن. بلاو کراوه و نووسراوه‌ی حیزبه‌کان که به چه‌ند مانگ به که‌می ده گاته ئورووپا، جگه له کۆنی بابه‌ت، له چوار چێوه‌ی ته‌نگی حیزبایه‌تی دا ده‌نووسرێن و جاری وا هه‌یه ئه‌ندامی حیزبه‌که‌ش نایخوێنێته‌وه، شتێکی وای تێدا نیه که بۆ خوێنه‌ر چێژی هه‌بێ یا شتێکی لێ فێر بێ له ده‌نگ و باسی شه‌ر زیاتر. به گشتی ئاواره‌ی کورد له ده‌ره‌وه‌ی ولات لوتی زۆر ده‌لای خوێندنه‌وه نیه.

کۆمه‌ڵه‌و یه کێتیه‌کانی خوێند کاری له ئورووپا ئه‌گه‌ر بتوانن له سه‌ر به‌رنامه‌یه‌کی دێموکراتی هاو به‌ش رێک که‌ون و واز له ململانێ بێنن، ره‌نگه بتوانن به‌شی هه‌ره زۆری لاوان و روشنبیرانی کورد کۆ بکه‌نه‌وه‌و بۆ خزمه‌ت به نیشتمان و بۆ په‌روه‌رده‌ی لاوانیش ده‌وری گرنگیان هه‌بێ.

پرسیار : چه‌ند شعارێکی تایبه‌تی بلاو ده‌کرێنه‌وه، به رای تۆ چی بۆ تێکۆشانی گه‌لی کورد پێویسته له‌م سه‌ر ده‌مه‌دا به‌م پێیه که رای ئێوه هی سیاسیه‌کی لێ هاتوه ؟

وه‌لام : زۆر سوپاس . سیاسی لێ هاتوو شوکر له کوردستان زۆرن و تێکۆشان به رێوه ده‌به‌ن. به‌لام سه‌باره‌ت به (شعاری تایبه‌تی) مه‌به‌سته‌که روون نیه. ته‌نیا بلاو کردنه‌وه‌ی شعاریش هیچ مه‌سه‌له‌یه‌ک

چار ناکات. لە تێکۆشانی سیاسی دا چەند جورە شعار هەن کە بە گوێرەی کات و زەمان بەرز دەکرێنەوە. هێندی شعاری رۆژ هەن کە بە گوێرەی پێویست ئەشێ بەرز بکرێنەوەو خەڵکیان بۆ هان بدرێ. هێندی شعاری ستراتیژی هەن کە لە بەرنامەی خەبات دا گونجاون و بەلاّم شعاری رۆژ نین و هەموو رۆژێ دووپات ناکرێنەوە. بەلاّم نابێ لە بیریش بچنەوەو بخرێنە پاش گوێ. بلاّو کردنەوەی شعار لە لایەن هێندێ کەسی تاک و تەرا گرنگ نیە، بیروڕای خۆیان دەر دەبڕن و لام وایە چ قەیدی نیە. گرنگ ئەوەیە ئەو شعارەی بلاّو دەکرێتەوە ، لە لایەن خەڵکەوە چۆن پشتیوانی لێ دەکرێ. دیارە خەڵکی بێ مەسئولیەتیش هەر دەبن کە شعار و قسەی وا بلاو بکەنەوە کە بۆ پەزی زەرەر بێ.

پرسیار : حەز ئەکەین پتر لە سەر کوردی ئێران بدوێیت. بەلاّم شارەزاییت لە بواری کوردستاندا بە گشتی وامان لێ ئەکا ئەم پرسیارە بکەین : کوردستان چۆن ئەبینی ؟ تێکۆشانی نەتەوایەتی ئایا لە گەڵ ئەو گەلانەی ولاّتەکەیان بکرێ راستە ؟

وەلاّم : کوردستان بە داخەوە لە بارو دۆخێکی دژوار دایەو کەش و هەوایەکی نالە باری هەیە. نەتەوەکەمان کەوتۆتە بەر پەلامارێکی قرە درندانە. جولاّنەوەی کوردیش بە داخەوە بەستراوەتەوە یا بەستوویانەتەوە بە هەڵوێست و سیاسەتی ئەم حکومەتە شۆڤێنی یانە کە کوردستان وێران دەکەن. ئەو حکومەتانەی کوردستانیان پەلامار داوە، خەڵکەکانی خۆشیان خستۆتە ژێر فشار و زەبرو زەنگ و شوێنەواری ئازادیان کوێر کردۆتەوە. کە وابوو خەباتی نەتەوەی کورد ، دژی حکومەتە دیکتاتۆرەکان لە گەڵ خەباتی دێموکراتی گەلانی فارس و تورک و عەرەب گرێ دراوە. ئەم دوو خەباتە سەرە رای هێندی جیاوازی و یا هێندێ کەند و کۆسپ، هاوکار و پاڵپشتی یەکترن.

ئه‌وانه‌ی بیانه‌وێ ئه‌م دوو خه‌باته لێک جیا بكه‌نه‌وه ، به رای من تووشی چه‌وتی ده‌بن و سوودی لێ وه‌ر ناگرن. خه‌باتی رزگاریخوازی كورد پێویستی به پشتیوانی و یارمه‌تی ئه‌و گه‌لانه هه‌یه .

- زۆر سوپاس ماموستا كه‌ریم.

منیش سوپاستان ده‌كه‌م . »

رۆژی ٨٧/٦/٨ گه‌رامه‌وه بۆ سوید، بێ ئه‌وه‌ی مه‌سه‌له‌ی یارمه‌تیدانی زمانی ئینگلیسیم بۆ رۆژنامه‌كه چار كرد بێ. كاتێ گه‌رامه‌وه براده‌رێكی كوردی سوریا (باقی نازێ) كه له سوید ببوه په‌نا به‌ر و خانووی وه‌ر گرتبوو، ده‌گه‌رایه‌وه بۆ سوڤێت لای ژن و منداڵی. ماڵی ئاوه‌دان بێ، هه‌زار دۆلاری سه‌ر قفڵی لێ وه‌ر گرتم و خانوه‌كه‌ی دا به‌من. ٨٧/٦/٢٥ كلیلی خانووم وه‌ر گرت و چوومه ناوی . ئێستا ئیتر له سه‌ر ماڵان نیم. هه‌ر چه‌نده وه‌ک پێشتر باسم كردوه، ماڵی دوكتور جه‌مشیدی له ماڵی خۆم فه‌رز تر و خێزانیشی له دایک و خوشكم پتر پێمه‌وه ماندوو بوو، چه‌قه‌ی جارو باری حه‌یده‌ریشم پێ هیچ نه‌بوو!

ده‌بێ سوپاسی غه‌نی بلوریان بكه‌م كه نه‌یده‌هێشت مه‌ره‌كه‌ب وشک بێته‌وه‌و به ناردنی نامه‌و نوسینی باس و بابه‌تی خۆش وشیرین شادی ده‌كردم. مامه غه‌نی داوای له دایكی كه‌ماڵی كرد بوو كه تاریک و روونی به ئه‌مانه‌ت بۆ بنێرێ. ئه‌ویش تاریک و رون كه ماموستا هێمنی ره‌حمه‌تی به خه‌تی خۆی پێشكێشی كرد بوو بۆی نارد بوو. **مامه غه‌نی له ٨٧/٦/٢٩ دا، ئه‌م نامه‌یه‌ی خواره‌وه‌ی بۆ نوسیبووم :**

« **هاورێی** خۆشه‌ویست كاک كه‌ریم ! پاش رێز و رۆژ باش به هیوام ساغ و سه‌ر كه‌وتو بیت. «تاریک و رون» یادگاری ماموستای نه‌مر هێمن كه پێشكێشی خوشكه خه‌جیجی كردوه به ده‌ستم گه‌یشت. دیاره ناردنی ئه‌و یادگاره به نرخه له لایه‌ن خوشكی به رێزم نیشانه‌ی گه‌رمی و

محیبەتی پر بە دلە جا بۆیە جێگای بایەخە بەو بۆنەوە سوپاسێکی گەرمی پێشکێش دەکەم. نامەی خۆت و کتێبی کاک موکری لە گەڵ نامەی هاورێکی تر گەیشت. بەلام دەبێ بلێم نوسینی چشت سەبارەت بە هەر کارە ساتێک نرخی خۆی هەیە بەلام هیچگاه جێگای پراتیک پر ناکاتەوە. ئامۆژگاری و رێنوێنی کاتێ پر بایەخە کە قولی لێ هەلمالی نەگینا زۆر شت هەنە گشت دەزانن. لە مەر «ظبط» ، کە قەرار بوو فهدی برام سەرێکی ئەو لایە بدات کە چی نە دەنگی هەیەو نە رەنگ ئەگەر ئەو هاتبا چشتەکە سەری دەگرت. بەلام بە لای منەوە ناردنی بە پۆستەدا بۆ ژیتنا مەترسی ئەبێ. دیارە تۆ لەو بارەوە لەمن لێ زانتری. خۆت دەزانی چک و پکی گشت ولاتانت بە دەستەوە و دەزانی‌چی بکەی. ئەوا منیش پاش سێ ساڵ میوانی نشتە جێ بووم و لەو رۆژانەدا چەند دانە وێنەیان لێ وەر گرتم کە هویەی ئێرەم بدەنێ و ئیتر دەتوانم هەر کوێ پێویستم بێ بچم. بەلام رەنگە تا دەگاتە دەستم‌مانگێک بخایەنێ و خانو و هێلانەش بە شوێن ویدا دەرەخسێ. ئاخری خێر بێ. برای ئازیزم لەمەر چاوی نامەی نوسیبوو. دیارە خۆت باشتر دەزانی رەنگە ئەویش هەر بزانێ کە ناردنی ئەو بۆ مالی بابە گەورە دەبێ رێبازی خۆی بپێوێ ئەگەر ئەو کابرایە مل بدا چونکو امضا و مۆر بە دەست ئەوە. وتن لە ئێمە و کردەوە لەو. جا خۆت دەزانی ئاخرو عاقیبەتی دەبێتە چی. بەلام پێم خۆشبوو جەنابت بەو راگەیێنی کە بنوسێ بە فارسی و داوا لە حیزب بکات یاریدەی بدرێ. بەلام نەخۆشی و دەردی چاوی و عیلەتی بنوسێ و ئاخو لە وێ هیچ مداوای کردوە و دەڵێن چی چونکو لام وایە لەوێش لەم بارەوە کەمتر نەبن چونکو ئەمانە پرسیار دەکەن کە داخوا هیچ موعالەجە کراوە و نەتیجەی چی بوە وناوی ئەسلی نەخۆشەکە چیە. هەر وا ئێمە بلێین برادەرێک چاوی دێشێ و گەرەکیەتی بچێتە قاپی بابی گەورە وا

بە هاسانی نارەخسیٚ. البتە من پاش هاتنی نامەی ئەو هەوڵ دەدەم و نەتیجەی بۆ دەنووسمەوە مستقیم بۆ خۆی. نازانم دوو سیٚ رۆژ لە مەو بەر دەنگی ئەمریکات گرتبوو یان نا ؟یونایتید پریس لە گەڵ رەحمان وتو ویٚژی کردوە. زۆر سەیرە. دەڵیٚ لە بەرا بابی گەورە یارمەتی پیٚ دەداین بەلاٚم ئیٚستا پیٚمان نادا. خوا بت حەسیٚنیٚتەوە من کە بووم چشتی وا نەبوە بەڵکو تەنانەت ریٚگەیان پیٚ نەدەداین بچینە ئەویش یا نویٚنەر رەوانە بکەین. خۆ ئەمیری قازی ئەوە باش دەزانیٚ. دوا جار دەڵیٚ ئیٚمە هەر ئیٚستا ١٢ هەزار چەکدارمان هەیە. لە گشت مەڵبەند بە رۆژ حکومەت حاکمە و بە شەو ئیٚمە بە سەر هەموو ولاٚتا مسلط دەبین، دیارە کاتیٚ کە گشت خەڵک لە خەو دان و نابینن، جا پاشان داوا دەکا کە ریٚگان ریٚگەیان بداو یارمەتی بەوان بکات، تیٚی خیٚر بیٚ. دیارە میٚتران پارەی براوە دەی دا بە ئاخوندەکان و ئیٚستا دەبیٚ لە بەشی جەماعەتی زری نیکاراگوا چتیٚکیش بە وانە ببریٚ، ئای ماڵی ویٚرانم کورد- چی لیٚ هاتوە و چی پیٚ دەکەن. رۆژیٚک لە رۆژان ئەگەر هەڵکەویٚ بیٚم بۆ لاتان لەویٚ دەبیٚ چی بکەم و چۆن بیٚم ریٚنوێنیم بکە. سلاٚوی گەرم و گور لە کاک دوکتور جەمشید و برام فهد بە هیوای دیدار. کاکی برا دوو ویٚنەت بۆ ناردبووم بەلاٚم ئەمانە ویٚنە نیٚنە ئەوەکەی تر بدۆزەرەوە و بۆم بنیٚرە. دیارە ئەوەکەی پیٚشەنگ هیچ وە هیٚمن ناچیٚ ئەو کابرا مل ئەستورە دەبیٚ کیٚ بیٚ یە خوا بەشی بە هیٚمنەوە نیە. ئاخر خۆت جاریٚکی تر سرنجی بدە هیٚمنی مردولەو لاواز کەی وا مل ئەستور بوە زۆری لیٚ بەشکم.

کاکە « سەر دەمی نویٚ» م هەر بەو ئادریٚسە بۆ رەوانە بکە تا کو صندوقیٚکی پۆستی بە کریٚ دەگرم. کابرا قەت لیٚرە نیە و درنگ دەگاتە دەستم. براتان غەنی . ٦/٢٩ »

نامەی برادەریٚکم لە ولاٚتەوە پیٚگەیشت، لە گەڵ هیٚندیٚ دەنگو باس،

هەواڵێکی دڵتەزێنیشی بۆ نووسیبووم کە فرە پێ داخدار بووم. برادەری خۆشەویست نوسیبووی : «...... برا گیان هێندێک خەبەر هەن کە ئینسان بە بیستنیان تێک دەچێ و نارەحەت دەبێ. ئەمما چار نیە. بە داخی یەکجار زۆر گرانەوە دۆستی خۆشەویستمان، بە تایبەت دۆستی تۆ و بابم کاک محمد صادقی کاوە لە رۆژی ١٥ی مانگی بانەمەڕ لە سەعاتی ٥/٤٥ دەقیقەی پاش نیوەڕۆ کۆچی دوایی کرد، بە جێی هێشتین. شاری چۆل کرد. وڵاتی جوان و رەنگین ئاوازەی دایەوە. لە شارەکەی سابڵاغی سەر بەرز بە خاک ئەسپاردرا. داخی دا بە دڵی هەموو دۆست و ئاشنایان و هاواڵان. جا ئێمەش بە تایبەت لە کاک سەعید و لە ئێوەو لە هەموو دۆست و خزمان پرسەو سەرە خۆشی دەکەین ..... «٦٦/٢/٢٩ »

دوای دوو سێ رۆژ چوومە سەرەخۆشی کاک سەعید کوێستانی و دوو رۆژ لای ئەو مامەوە. بەڵام چما چەرخی کەچ رەفتار هەر بە دەر بەدەری و دوور خستنەوە لە نیشتمان و لە کۆڕی خەبات و لە هێنانی هەواڵی دڵتەزێن واز دێنێ. هەر بە دوای سەرە خۆشی کاک سەعید دا، کۆچی دوایی کاک سەعدی موهتەدی لە سەر دڵی هەموو دۆست و ئاسیار و تێکۆشەرانی سیاسیش بوو بە داخ و کەسەرێکی قورس و گران. کاک سەعد جگە لە زانایی و تێگەیشتوویی و گران و سەنگینی، نیشتمانپەروەرێکی کوردی دڵسۆز بوو. جێگای داخ بوو بەو ئاواتە نەگەیشت کە ساڵانی درێژ هەوڵی بۆ دەداو دوور لە کوردستانێکی ئازاد سەری نایەوە.

رۆژی ٩٨٧/٧/١٤ حەشیمەتی کورد لە سوید بۆ بەرێکردنی کاک سەعد لە سەر قەبران کۆ بوونەوە. ماموستا مەلا عومەری عەسری بە عەرەبی تەڵقینی دادا. پێم ناخۆش و پێشم سەیر بوو. یەکەم ماوەیەک

بوو لە کوردستانیش ئەو مەلایانەی پەر زەرد نەبوون و هەستی نەتەوایەتی و خزمەت بە زمان و کولتورەکەی خۆیان لە خزمەت بە زمان و کولتوری بێگانە پێ فەرز تر بوو، تەلقینیان هەر بە کوردی دادە دا، دوەم من مەلا عومەرم بە (مەلا عومەری عصر) دەناسی و گومانیشم لە وەدا نەبوو کە تەلقینی عەرەبیٔ پێ واجب نیە، خۆ کاک سەعدی رەحمەتیش کە کوردایەتی ئایین و مەزەبی بوو، هیچ پێویستی بە تەلقینی عەرەبی نەبوو، بە کوردی وەڵامی دەدایەوە. ئەدی بۆ وای کرد؟

سەبارەت بە ریزنکی بۆ مەلا عومەرم هەبوو. نەدەکرا رۆو بەروو بیری رەخنەیی خۆمی پێ نەڵێم و وەک هێندێ کەسی بێ بارو بێ پرنسیب پاشملە باسی بکەم و بەرەو رووش وەک عەجەمان سەری بۆ دانوێنم. نەشم دەتوانی بێدەنگ بم و هیچ نەڵێم. کە تەلقین تەواو بوو، گوتم :« کاک مەلا عومەر بەو تەلقینە عەرەبیە روحی کاک سەعدت ئازار دا. کاک سەعد زۆر کورد بوو، هەق نەبوو بە عەرەبی بیدوێنی.» مەلا عومەر قسەکەی منی پێ ناخۆش بوو. ناهەقیشی نەبوو، چونکە نەیدیبوو لە نێو کوردا، دۆستێک رەخنەی دۆستانە بەرەو روو لە دۆستی خۆی بگرێ. هەر دەبێ وەک عەجەمی پاشملە دارکاری بکات. رەنگە واشی بۆ چوو بێ کە خوا نەخواستە من ماموستا عومەر بە مەلای کۆنە پەرست و پەر زەرد بزانم. لە کاتێکا من مەلا عومەرم بە مەلا عومەر دەزانی، هەر بۆیەش رای خۆم لە لای دەر بری. دیار بوو لە دلی گران هاتبوو. چونکە لە و کاتەوە ٧-٨- جار یەکترمان دیوە. هەموو جارێش فەرموویەتی دێم سەرت دەدەم و پێوەم بێم و....، بەلام لە کاتەوە تا ئێستا (٩٣/١١/٥ کە نووسراوەی دەفتەری رۆژانەی یاد داشتەکانم بۆ سەر لاپەری کتێب دە گوێ ەود، بەڵێنەکانی نەبردۆتە سەر.

لە سەرەتای مانگی سیپتامبری ٨٧ نامەیەکی کاک جەعفەری شێخ

الاسلامی خزمی ماموستا هێمنم پێگەیشت. سەبارەت بە شیرینی و نووسینی جوانی و لوتف و برایەتی و بۆ یادگار لە کتێبەکەم دا، بڵاوی دەکەمەوە.

ئەمەش دەقی نامەی کاک جەعفەری شێخ الاسلامی :

« بە ڕێز کاک کەریمی حسامی !

وێڕای ڕێز و سڵاو ، ساغی و سڵامەتیتان بە ئاوات دەخوازم. لە قەدیمەوە واباو بوە کە گەورە لە چکۆلە بپرسێ، بەڵام بڵێین چی ئێمە ئەوەندە پچوکین وە بەر چاوی گەورەکانمان نایەین. ناچار بۆ خۆمان ڕوو قایمی دەکەین و خۆ ڕادەنێین بۆ ئەوەی وەبەر چاوان بێین. چەند مانگ لە مەو بەر برادەرێکی خەڵکی نەغەدە کە لە ماڵی ماموستا هێمن لە گەڵی ئاشنا ببووم، لە مەهاباد چاوم پێ کەوت. گوتی ئەواری چلەی هێمن بە هۆی یەکێک لە خزمەکانەوە گەیشتۆتە دەستی کاک کەریمی حسامی و ئەویش زۆر لە شیعرەکەت - من - ڕازی بوە. بەڵێ قوربان، من ـ جەعفەری شێخەڵ ئیسلامی)م. پێشتر زۆر بە خزمەتتان گەیشتووم. بەڵام دڵنیام لە بیرتان نەماوە. بە تایبەت لە ٥٧ ، وە - لە مەهاباد، لە پشکاوێ، لە شیلاناوێ - زۆربەی کاتان لە خزمەت ماموستاکەم هێمن دا بووم. ئێستاش ئەوە، بە پێی پێش بینی هێمن - یادی هەزار جار بە خێر بێ - کە زۆر جار لە لای باوکم و خزمەکانم دەیفەرموو : بە دەردی من دەچی، ڕێگای غەریبیم کەوتۆتە بەر و ماوەی ١٥ ڕۆژێکە لە یار و دیار هەڵبڕاوم و ١٠ شەوێکە لە تورکیام. جارێ خۆم بە سازمانی بین الملل ناساندوە، جا نازانم لێرە چۆنم نەجاتی دەبێ و دەتوانم بۆ سوئیدێک موئێدێک دەرباز بم یان نا. هەڵبەت لێرە لە کاک (بابەکر پیرۆتی) و کورەکانی دیکەم پرسیوە کە جەنابتان یان باقی ئەو کەسانەی پیاو تێیان ڕادەبینێ چ کارێکیان لە دەست دێ، وەڵامی خۆم وەر گرتوەو جگە لە وە

کە ئاوات بخوازم : جەنابتان وەکوو کوردێکی دڵسۆز و خاراوی مەیدانی خەبات بۆ رزگاری گەلە بەشخوراو و شێلدراوەکەمان، هەمیشە سەر بەرز و سەر کەو تور بن، هیچ چاوەروانی و داوایەکی دیکەم نیە. مەبەست لە نوسینی ئەو نامەش عەرزی سڵاو و ئیرادەتێک بوو، بەڵکوو « تەمەن مەودا بدا، دیسان ببینین سەر دەمێکی تر» و گەرم و گوڕ تر لە نیزیکەوە بە خزمەتتان بگەم. پێم وایە پێتان ناخۆش نابێ ئەگەر یەک دوو شیعری خزمتان بۆ بنووسمەوە. ئەوەشتان عەرز بکەم کە ناز ناوم « ئاشتی » یە کە لە سرووەدا چەند لاپەرەیەکم بەو ناوە رەش کردۆتەوە. هیوا دارم ئەو چەند شیعرەی بۆتان دەنووسم خۆشحاڵتان بکا.

ئیرادەتمەند و هاورێتان جعفر شیخ الاسلامی (ئاشتی) ٨٧/٨/١٩

« ANkARA »

لە گەڵ ئەوە کە بە هاتنی نامەی کاک جەعفەر گەلێک شاد بووم، بەلام نەمتوانی لە بێ دەسەلاتی خۆم داخ نەخۆم کە نەمتوانی هیچ یارمەتیەکی پێ بکەم و نەهێڵم بگاتە ئەو سەری دنیایە.

رۆژی ٨٧/٩/٦ خوا لێ خۆشبوو کاک مەلا محەمەدی مراد رەسولی دەستێک موبیلی زۆر جوانی بۆ هێنام. کاک مەلا محەمەد زۆر جاران دەهاتە لام و گلەیێکی زۆری لە رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات هەبوو کە بۆ ناردنی دەرەوە سەرە رای بریندار یارمەتیان نەکردوە.

کاک حامیدی گەوهەری لەوەتا گەیشتبوە سوید دژی ئیمپریالیستیەکەی فرە توندو تیژ ببوو ،بە ناهەقیش لە باسەکانیدا دەکەوتە دیفاع لە سیاسەتی حیزبی تودە بێ ئەوەی ئەندامی حیزبی تودەبێ و یا حیزبی تودە حیسابێکی بۆ بکات. یەک دوو جارکاک پۆلای نانوازادە وکاک عەزیزی ئەفسەر دلێر وکاک مەلا محەمەدی مراد رەسولی دەیانگوت حامید نوێنەری حیزبی تودەیە لە سوید، من هەمیشە

دەمگوت: حامید نە نوینەرە و نە تودەییە، بیرو رای چەپی هەیە و باسەکە وا دادەمەزرێنێ کە خەلک لێی وەشک کەوێ کە تودەییە. دایم منیشی هەڵدە پێنچا کە ئادرێسی غەنی بلوریانی بدەمێ و یا پێی بلێم کە ڤیزای بۆ بنێرن بچێتە وێ. لە وەلامی یەکێ لە نامەکانی مامە غەنی‌دا، بۆم نووسی : « کاکە وەلاّ بیلا تەلا حامیدی گەوهەری لە عەلی خاوەری تودەیی ترە، کەوابوو داوەتی بکەن بێتە وێ و ئادریسی بدەنێ و یا راستەو خۆ نامەتان بۆ بنۆوسێ و یا نامەی بۆ بنووسن.

ئەوەشم بۆ نووسی کە کاک سەید حەسەنیش دەرباز بوەو گەیوەتە ئێرە و هەر وەک جاران لە کوردایەتیدا سووتاوە. دوای ماوەیەک لە ۱/ ۱ . ۱/ ۸۷ غەنی بلوریان ئەم نامەیەی خوارەوەی بۆ نوسیبووم :

« هاورێی بە رێز کاک کەریم. پاش چاک و خۆشی بە هیوام ساخ و سەر کەوتوو بی. رۆژ باشی پر بە دڵ دەکەم لە خوشکە خەجیجی بە رێز بە هیوام تەندروستی باش بێت. نامەکەی نارد بووت لە ماوەی هەینو بە دەستم گەیشت. تەندروستیم لە بارە بەڵام دەزانی دەگەڵ ئەو جەماعەتە سەر لێ شێواوە هەموو کات خەریکی قرەم بەڵام کاریان تێ ناکات و فەرهەنگی کۆنی وانە بە هاسانی ناگۆردرێ مەگەر خۆیان گۆڕ بکەی.

لە مەر کاک حامید : صدیقە سور دیارە دەیناسی . هەر کەسێک لە هیندێک چشت ئاگادار نە دەبوو، توند و تیژ بە هەستەوە باسی شتێکی دەکرد، دەی گوت:« کاکە لێی گەڕێن، فایتون هەلیگرتوە. » رۆژێک هەلکەوێ چاوم پێی بکەوێ دەردی خۆمی بۆ باس دەکەم. لە مەر سەید حەسەنی بۆ سۆ دار، ئەو فەقیرەش هەتا ئەو رۆ هەر گیرەی لە هەولێر دەگەرێ. کاکی خۆم تۆش دەزانی و منیش دەزانم ایدەئولوژی حیزبی تودە نەک هەر هیچ ئیرادی نیە بەڵکو هەر وەک حیزبە کومونیستەکانی ترە. ایدە ئولوژی تاوانی نیە. بە لکو ئەوانەی داوای ئەو ایدە ئولوژیە دەکە ن

دەبێ ئاکاریان لە گەڵی بیخوێنێتەوە. ئەگینا ایدەکەش لە بەر چاوی مرۆی ساکار دەخەن. کاک سەید حەسەن لە باری هەستی نەتەوایەتیەوە مرۆڤێکی پاک و شەریفە. بە لاْم بە داخەوە لای وایە هەر کەسێک لەقەب و عینوانی دوکتوری و پروفسوری نەبێ فری بە دنیایەوە نیە. زۆریش تەجروبە کردوون و بۆی دەر کەوتوە کە ئەو جورە دوکتورانە جیا لە خۆ پەرستی وقازانجی شەخسی چی تریان نەبوە و پیاوی وەی نینە لە ڕێگای نەتەوەی خۆیاندا خۆ بەخت بکەن. ڕێی ڕزگار بوونی نەتەوەی کورد هەر ئەو ڕێگەیەیە کە من و تۆ وەی باشیتر گرتوویانە. ڕێگاکەو ڕێبازەکە گرینگە، مهم نیە لە گەڵ کام دەستەو دەیارە بی دەبا گەنج و پیاوی لە خۆ بوردووی کورد هەلکەون خۆیان یەک گرن و بەو ڕێبازە زانستیە کە تەنیا ڕێبازی خاوێنی لێ وەشاوە بۆ کورد بگرنە پێش تا ئێمەش دەستیان بدەینە دەستی. کاکی خۆم ئەزمونی تاڵی مێژوویی نە تەوە زۆر لێکراوەکەمان هەزار جار سەلماندویەتی خۆ بەستنەوە بە دوژمنانی کورد بەرو بوی بۆ کورد هەر ماڵ وێرانیە. بەڵێ وتویانە مرۆی سیاسی دەبێ تاکتیکی ژیرانە بزانێ، کەلکی لێ وەرگرێ بۆ خزمەت بە بەر ژەوەندی نەتەوەکەی. بەلاْم نەتەوە فرۆشیان نەگوتوە. با تێ پەڕین لەو باسە.ڕۆژنامەی سەردەمم هێشتا بە دەست نەگەیوە ئەگەر بە ئادرسی مجلە نارد بت، بە دەستم ناگا. بەم ئادرسەی کۆنە چاڵ زووتر و بێ خەتر تر بە دەستم دەگات. دانەیە بۆ من بەسە بەلام ئەوا لە ژێرەوە ئادرسی هاوڕێیەکی کوردت لە باکو بۆ دەنوسم ئەگەر پێت باش بوو ژمارەیەکی بۆ ڕەوانە بکە چونکو لەوێ زۆرن ئینسانی باشی کورد کە ڕۆژنامەی سەردەم ڕۆڵی هەیە بۆ کوردی فێر کردنیان و ئاگادار کردنیان لە زۆر چشت بە داخەوە ئەگەر تەنیا بۆ کاک ڕەحیمی ڕەوانە کەی، ئەو بۆ ئارشیوی خۆی رایان دەگرێ و نایدا بە کەس. ئەوە ئادرسی سەرداری

سەیدی تان بۆ دەنووسم بۆی رەوانە بکەن. بە داخەوە ضبطە کەم زۆر پێویست بوو بەڵام رێک نەکەوت. چونکو بۆ بەڵگە وەر گرتن لە کاتی خۆیدا زۆر پێویستە ئەگینا زۆر هەن لە ژێر قسەی خۆیان دەدەن. بە هیوای بینینی ئێوە. تکایە بە کاک حامید بڵێ نامەیەکم بۆ بنووسێ بە ئادرەسی مشخصی خۆی چونکو حەسەن داوای کردوە. لە بیرت نەچێت. ئیتر هەر بژی برات غەنی. ۱۰/۱۰/۸۷ »

رۆژی ۲۰/۱/۸۷داوای ئەندامەتیم کرد لە یەکێتی نووسەرانی سوید، بە نووسراوەیەک داوای نووسراوەکانی منیان کرد. دەبێ فرە سوپاسی کاک حەنەفی بکەم کە بە سویدی ناوی هەموو نووسراو وچاپکراوەکانی نووسی و ئەوانەی لە بەر دەست بوون لە هەر یەکەیان بەرگێکم بۆ ناردن. پاش ماوەیەک نامەیەکم بۆ هات و بە ئەندامی یەکێتی نووسەرانی سوید وەر گیرام.

بەرگی دووی بیرەوەریەکانم نارد بۆ چاپکردن. پێویستە گەلێک سوپاسی کاک ئازاد قەفتان بکەم کە لە چاپکردنی بەرگی ۲ و ۳ بیرەوەریەکانم زۆری یارمەتی کردم.

لە سۆفیاوە کەماڵ تەلیفونی کرد و گوتی کوری پوورم لە ئێرانەوە هاتوە ، پێویستە بیبەوە. ئەو خوارزایەم هەر چەندی بڵێی جوامێر و مەردو رەند و دڵسۆزمە. ماوەیەک بوو نەمدیبوو. ئاواتم بوو چاوم پێ بکەوێ. بریارم دا بچمەوە سوفیا. **بەر لەوەی بڕۆم ئەم نامە یێ تاریخەی مامە غەنیم پێگەیشت** :

« هاورێی بە رێز کاک کەریم . پاش رێز و سلام و چاک و خۆشی بە هیوام بەختەوەر بیت. فرە سلاوم هەیە بۆ خوشکە خەجیج کە بیستوومە وا لە سویدە. سوپاس بۆ شریتەکەی « شینی هێمن» کە پاش دوو مانگ و نیو گەیشتە دەستم گیانەکەم بە آدریسی مجلە هیچ مەنێرە چونکو ئەو

جه‌ماعه‌ته‌ی که تو باشتر له من ده‌یانناسی شرت و گومی ده‌که‌ن. شانس وای هینا که خوم له پر له گه‌لی چومه ژوره‌که‌وه و پاکه‌ته‌که‌م ناسی و وتم ده‌بێ ئه‌وه هی من بیت. خوت ده‌زانی چاره نووسی سه‌ر ده‌می نوێ که له یه‌که‌مین ژماره‌وه نارد بوت چی به سه‌ر هات ئیستاش نادیاریه. لیره‌و پاش به ئادریسی ژنرو کونه چالی پیسته په‌نیر « ژیتنا » بوم ره‌وانه بکه جاری تا ده‌ر ولاته‌م . به داخه‌وه هه‌ر لیره‌م زوریشم هه‌ول داوه که جیگاو رنگایه‌کم بده‌نێ نه‌ک هه‌ر جیگایان پێ نه‌داوم به لکوو ئه‌وا سێ ساله هه‌ر به تازه کردنه‌وه‌ی ویزا رایان گرتوم و له هیچ حقوق و مزایای په‌نا به‌رنکی سیاسی به‌هره‌م تیه. جا نازانم تا سێ چوار مانگی تر چ تصمیم ده‌گرم و بریارم چی ده‌بێ چونکو وه‌ک شوانه ونله ژین پاش سێ سال بیره‌و به ویندا گواستنه‌وه له توانام دا نیه. پیرو ته‌خوشم نه‌خوشی پیری و ره‌گ و دل و اعصاب جا نازانم چیم پێ دیت. وا بیستوومه کاک فهد زه‌ماوه‌ندی کردوه و خوی دابه‌ستوه‌و مالی کردوه تینی خیر بێ به هیوام به‌خته وه‌ر بیت. چاوه روان بووم بیته ئیره‌و ضبطه که‌م بو بینێ له گه‌ل خویا زور پیویسته. به‌لام دیاره لیره‌و پاش ده‌بێ خه‌ریکی دیلان بێ و منال راژێنێ به هیوام کورنکی کاکول زیرینی پێ ببرێ ئه‌وا ئادریسه‌که‌م»

سه‌فه‌ر بو سوفیا

روژی ۸۷/۱./۲۹ سواری قه‌تار بووم بو بیرلین و له وێشه‌وه به فروکه بو بولغاریا. بیجگه له چاو رووناکی به دیتنی منداله‌کانم، دیداری حوسینی خوارزاشم له راده به‌ده‌ر شادی کردم.

۸۷/۱۱/۵ له بالیوز خانه‌ی سوڤیت له بولغاریا به بونه‌ی یادی ۷.

ساڵەی شورشی ئوکتوبر ەوە کارتی داوەتنامەیان بۆ نارد بووم. بە دەرفەتم زانی جارێکی دیکەش مەسەلەی یارمەتی بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە گەڵ سکرتێری یەکەمی بالیوز خانە بێنمە گۆری . پێشتر کابرام دەناسی و زۆر جار ئەو باسەمان کرد بوو. کابرا گوتی : « گۆرباچڤ گوتوویە :« دنیای تازە پێویستی بە بیر کردنەوەی تازە هەیە» کە وابوو جولانەوەی کوردیش دەبێ بە خۆیدا بچێتەوە و بیری تازە بکاتەوە. ئەو بیرەش یەکێتی و یەکگرتنە. حیزبە کوردییەکان پێویستە یەک بگرن و بزووتنەوەی کورد بەش بەش نەکەن» قسەکانی جوان بوون بەلاّم قسە بۆ کورد نەدەبوە مایە بە تایبەت لەم بارو دۆخە دژوارە دا. ماموستا محەمەد رەسول هاوار نامەیەکی سەر ئاواڵەی بۆ ولاتە سوسیالیستەکان نوسیبوو، نارد بووی بۆ رۆژنامەی «سەردەمی نوێ » و ئێمەش بلاّومان کرد بۆوە. نوسخەیەکی نامەکەم دا بە کابرا و وتم ئەوە بیروڕای زۆربەی زاناو نووسەر و شاعیرانی کوردە. لە دنیای ئیمرۆدا هیچ میللەتێک وەک کورد لێقەوماو بێ بەش نیە.

کابرا زۆر بە کاوە خۆ گوتی نا .. لە کوردیش بێ بەشتر و لێقەوماو تر هەیە.

- کام میللەت. چۆن شتی وا دەڵێی ؟

- میللەتی روس .. میللەتی روس لە کورد فەقیرتر و بێ بەشترە.

هەر تکمان پێکەنین !

لە سوڤیا بووم دوو نامەی مامە غەنیم بۆ هاتن . کە وا هەر تکان بلاّو دەکەمەوە. :

نامەی ۲۹/ ۱/ ۸۷ چو بوە سوید و دوکتور جەمشیدی برا بۆی نارد بوومە وە سۆفیا . ئەوەش نامە کە :

« هاورێی بە رێز کاک کەریم رۆژ باش !

پاش سلاو له جه‌نابت و خوشکه خه‌جیج و سوپاسی مهره‌بانیه‌کانی نامه‌ی ۲/۱/۲ له ۲۸/۱ گه‌یشته ده‌ستم. به خوشیه‌وه وا خیزانم له ولات ده‌ر چوه و چه‌ند روژیکی تر ده‌گاته لام تا کو لانی که‌م له پیری دا له لای یه‌ک بین. نووسیوته ده چیته سوفیا. کاکی برا من پسوله‌م نیه ته‌نیا بو سه‌فه‌ری ره‌سمی نه‌بیٰ که پسوله‌یه‌ک ساز ده‌که‌ن. ئه‌وا چاوه روانی کاک عه‌زیز ده‌که‌م به‌لکو پسوله‌ی ولاتیکم بو ده‌ست بخات. له نامه‌که‌ت دا باسي کاک سه‌عید ئه‌فشارت کرد بوو. تاچمه‌وه سه‌ری. خه‌لکی مه‌هاباد نیه. ئه‌فشارمان له مه‌هاباد نیه. داخوا کاک سه‌عید کوێستانی نیه ؟ باشه هه‌ر که‌سه. عه‌رزی بکه ئه‌و جیگایه‌ی وا من له‌و حیزبه‌دا گرتومه هی له میژه، چشتیکی تازه نیه کاتیک له زیندان‌دا بووم دیاری کرا بووم به ناوه‌ندی به‌لام به شیوه‌ی نهینی که ره‌سمی زوّر حیزبانه. به‌لام ئه‌گه‌ر روژیک روژگاریک حیزبیکی کوردستانی به‌و ریبازه‌دا بروا، من خوم به ئه‌ندامی ئه‌و ده‌زانم. لیره‌ش به بونه‌ی قازانجی نه‌ته‌وه‌که‌م ماومه‌وه ئه‌گینا ئه‌گه‌ر قازانجی بو کورد و ره‌نجبه‌رانی ئیران و جیهان تیا نه‌بیٰ تووری هه‌لده‌ده‌م. من ئه‌گه‌ر وه‌شوین مقام که‌وتبام له‌و به‌ر هه‌مبوو وه‌ک هی تر گیرفانم داخنی بو دوا روژ که‌یف بکه‌م. من خوینی ئالی گه‌نج و پیشمه‌رگه‌ی کوردستانم نه کرده پرده بازی گیرفان ئاخنی بو قازانجی صدام و سوسیال دمکراسی فرانسه. باشتر وایه کاک سه‌عید له امیر قاضی یا شلماشی پرسیار بکات داخوا من له سه‌ر چی له وان هه‌لبرام. مه‌گه‌ر نه ۷ ماده‌که‌ی صدام بوو؟ ده‌کریٰ ده‌قی ۷ ماده‌کانی صدام که جگه له من ده‌فته‌ری سیاسی گشت توماریان کرد و تایید، له کاک ئه‌میر و شلماشی پرسیار بکات. من نه‌ته‌وه‌که‌م له بازاری سیاسه‌ت دا معامله پیٰ ناکه‌م. به‌لکو ته‌مه‌نی جه‌وانی و خاو خیزانم له پیناوی دا به‌خت کردو دلخوازی خوم بوو منه‌تی به سه‌ر که‌سه‌وه نیه. چونکو

نرخێکی گرانم لەم ڕێگایەدا دابو بە هەرزان نەم فرۆشت. بەلام ئەوانەی هیچ زەحمەتیان بۆ نەتەوەکەیان نەکێشا بێ زور بە هاسانی معاملەی پێ دەکەن. کە واتە من خوێنی گەنج و پێشمەرگەی کوردستانم نە کردە پردە باز وەک کەسانی تر. دەرویشی کەسیش نیم هی نەتەوەکەم و ئامانجەکەم نەبێ. لەو شوینەش بەیانی ئەگەر بزانم چم پێ ناکرێ وازی لێ دینم. زۆر بە هاسانی. دژایەتی لە گەڵ حیزبە کومونیستەکانی مەلبەند قازانجی بۆ کورد نیە. ڕێگای ڕزگاری کورد ڕێبازی زانستی و ڕیبازی قازی محمدی نەمرە. هەر کاتێک حیزبیک لە سەر ئەو ڕێبازە لە کوردستان هەبێ من ئەندامی ئەو حیزبەم. حیزبی دیموکرات پاش شەهید کردنی قازی محمد من یەکێک لە دامەزرێنەرانی بووم. نەک هەر دامەزرێنەر بەلکو چالاکتریان بووم. ئەوە حەقیکی تاریخیە ناگۆردرێ و بزر نابێ با زۆر کەسان بایی پێ نەدەن بەلام کاتی مردم و سەرم نایەوە وەک ماموستا هێمن حقی من و هی وەک من بە کەس پێ شێل ناکرێ. باشتر وایە ئەم نامەیە بدەی بە کاک سەعید ئاگادار بێ. یەکێک لە گەورە پیاوانی ئەمریکای لاتین گوتەنی:« خاطرات ما وقتی زندەاست کە ما مردەایم. بە خوشی بژی . غەنی ٢٩/ ١./ ٨٧ »

نامەی ١./١١/٨٧ ی مامە غەنی کە بۆ بولگاریای نارد بوو:

« هاوڕێی خۆشەویست کاک کەریم ڕۆژ باش! سلاوم هەیە بۆ خوشکە خەجیج و منالەکان وام دەزانی هەر وا لە سویدی جا بۆیە نامەم بو وێندەرێ ڕەوانە کردی دەبێ پێت گەیبێ. کاک خۆم وا منیان دعوت کردوە بۆ کۆرێک کە لە مەر کۆماری مەهاباد لە ئەلمانی ڕۆژ ئاوا دەگیرێ. لێرەکانەش کۆرێک گیرا هی خوێندکارانی بەشی پراگ کومەلەی خوێن کاران وە قسەیان خستم بەلام بۆ ئەلمانیا من هیچ پسولەم نیە بە چی بچم. لای ئێمە ئەو شتانە دروست نابن خۆت دەزانی . بە کاک

سه‌عید بفه‌رموو کاکی خۆم ئه‌گه‌ر به رێگه‌یه‌کی ترا خۆی چاره سه‌ر نه‌کات

بۆ سۆ له‌وانه هه‌ڵناسیٚ و به هیوایان نه‌بیٚ. له مه‌ر ته‌لیفون کردنت له گه‌ل شیخ دا باست کرد بوو کاکی برام ئیستا مانگانه ‎/. ١٥٠‎ کرونم ویٚ ده‌ده‌ن به خوا پاره‌ی ته‌لیفونم نیه له به‌ر ئه‌وه نامه‌م بۆ نووسی. خیزانم ئیستا نه‌گه‌یوه‌ته چیٚ دیاره له شوینیکی دوور له مه‌رکه‌ز قراغ شار لای هتل المپیک تاقه هۆده‌یه‌کیان داومیٚ هه‌می جیگای خه‌وه هه‌می آشپزخانه به هه‌می جیگای میوانداریه. به‌لام ئه‌گه‌ر چوار که‌س تیا دانیشیٚ ریی ریندار نابیته‌وه. حمام و توالیت له پاڵ یه‌کدایه له مه زیاتر نیه. دیاره ده‌لین جاریٚ به‌لام جاریٚ یانی انشاڵه دو سالی تر نۆبه‌م به‌ر که‌ویٚ. صندوقی پوستی من هه‌ر له ژیتنایه چونکو له‌و شوینه جیگه‌ی صندوق نیه. که چی هیشتا به‌رقی وصل نه‌کراوه له به‌ر ئه‌وه نه‌م گواستوته‌وه ده‌ترسم خیزانم مجبور بیٚ هه‌ر له‌و هۆده‌ی ژیتنا بۆ ماوه‌یه‌ک بمینیته‌وه جا ئیتر نازانم. رحیمی نامور و بهرامی ئه‌تو خۆش. بهرامی سه‌ره‌تانی بوو. ره‌حیم نامور له ته‌مه‌نی ٨٦ سالی دا کۆچی دوایی کرد.

ئیستا وا گه‌راویته‌وه صوفیا نازانم له به‌ر چی. ئه‌دی رۆژنامه‌که چی به سه‌ر دیت. کاک حامید نووسیویه دیسان خه‌به‌ری بده‌میٚ بیٚت منیش نامه‌م بۆ نوسیوه ئه‌گه‌ر به هیوا ماڵو حالی من دیت ئه‌وا ماڵه‌که‌ی بۆ چۆل ده‌که‌م خۆم ده‌چمه خیابان چونکو تاقه هوده‌یه‌که و گشت چشته ئه‌گینا لای خویندکاریکی کوردی گه‌رمیٚن بۆ سی رۆژ ده‌توانیٚ بیت به‌س ئه‌مه‌نده جا نازانم دیت یان نا. ئیتر سلاوم هه‌یه بۆ کاک سعید پیی بلیٚ هه‌وا لیره هه‌وره خه‌ریکم خۆ ده‌ر باز که‌م له‌و سه‌ره. ئیتر چت بۆ بنوسم به هیوای خۆشیتان. هه‌ر بژین. غه‌نی. ‎٨٧/١١/١‎»

دوو نامەی زێر کفت

وەک خوێنەرانی بەرێزکەوتە بەر چاویان ، مامە غەنی لە تەواوی ساڵدا نامەی لێ نەبریوم و هەمیشە بە نوسینی شیرین و جوان دڵی شاد کردووم. لەو ئاوارەیی و دوور لە نیشتمان و لە کۆڕی خەبات و تێکۆشان دا، تا قە شتێکی دڵێ منی گەشاند بێتەوە و وزەو توانای نووسینی وەبەر نابم، نامەی دۆست و برادەرانی بە رێز و خۆشەو یست بوە کە پێوەندی‌یان لە گەڵ تە پساندووم و هەمیشە بە نامەی شیرین شادیان کردووم. خۆزیا توانیبام تەواوی ئەو نامانە بڵاو بکەمەوە. بەڵام ئەو دەم ئیتر بۆ ئاخافتن و نوسینێکی خۆم جێگا نەدەما و ئەم بەرگە هەر دە بوە نامەی برادەران و لە بیرەوەری دەر دەچوو.

لە ئاخر و ئوخری ساڵی ١٩٨٧ دا دوو نامەم لە لایەن هاورێ و براو دۆستی هێژا و بە ڕێز و خۆشەویست، شەخسیەتی ناسراو وتێکۆشەری ڕێگای ئازادی و بەختەوەری کورد و گەلانی عیراق- کاک عەزیز محەمەد-ەوە پێگەیشتن کە بە دیاری ئاخری ساڵی ٨٧ و سەرەتای ساڵی ٨٨ م حیساب کردوون و وا بە شانازیەوە لاپەرەی ئەم بەرگەیا ن پێ‌دەرازێنمەوە.:

« هاوڕێی زۆر بە ڕێزم کاک کەریم.

سڵاوێکی بۆنخۆشی گەرم و ڕێزێکی زۆر

ئێمە باشین، یان هەر وا دەبێ، ئاواتە خوازم ئێوەش هەمو لایەکتان هەمیشە باش بن. ڕەنگە لەم ڕۆژانە بەرەو مەفتەن بگەڕێمەوە،

ده‌مێكیشه یه‌كترمان نه‌دیوه، بویی حه‌زم كرد ئه‌م چه‌ند دیره‌ت بۆ بنوسم، كه هیچ ره‌نگێكی تایبه‌تی پێوه نیه . هه‌ر وه‌كو یه‌كێ خۆی خۆی بدوێنێ وایه، خۆ ئه‌گه‌ر مرۆ دوستێكی تیژیكی دۆزیه‌وه وه‌كو تۆی به ریز، به بێ په‌رده قسه‌ی له گه‌ل بكا و به بێ هیچ مه‌ترسیه‌ك، ئه‌وا خێری خودێیه، پێ خۆشحالم دۆستی وام كه‌م نین.

هه‌ر دانه‌یه‌كی سه‌ر ده‌مم بگاتێ هه‌موی ده خوێنمه‌وه هێندێ ژماره‌ی تیر وپر و ناوه‌رۆك چه‌ورن، هێندێكیان كه‌متر وان، به‌لێ هه‌موو ژماره‌كانیان وه‌كوو یه‌ك نابن. بلام زۆر باش و پیویسته له هه‌ر ژماره‌یه‌ك گوتارێكی ئه‌و تۆی تێدا بێ ژماره كه برازێنێته‌وه و پارسه‌نگی راگری. ره‌نگه جاری وا هه‌بێ بابه‌تی جوانتان لا كۆ ببیته‌وه، باشه هه‌مووی نه ئاخنرێته ناو یه‌ك ژماره. به كورتی مه‌به‌ستم ئه‌وه‌یه، سه‌رده‌م له گه‌ل ته‌مه‌نی هه‌مو لایه‌نه‌كانی تریشی برسكێ و رۆژ به رۆژ شوێنی شیاوی خۆی له نێو بلاو كه‌ره‌وه‌كانی كوردی ده‌ره‌وه و ناوه‌وه بكاته‌وه.

ده‌زانم خۆت و كاك د. جه‌مشید به هه‌مو تواناتان هه‌ول بۆ ئه‌مه ده‌ده‌ن به‌لام جاری وا هه‌یه پیاو ناوی له دو بێلێ ناروا. ئه‌و ماوه‌ی كه له به‌ندیخانه بووم ماموستا گیوی موكریانی - نقومی ده‌ریای ره‌حمه‌تی خوا بێ - سۆراخی ده‌كردم و ناوه ناوه « هه‌تاو » ی بۆ ده‌ناردم. پاش ده‌ر چونم له به‌ندیخانه چاومان به یه‌كتر كه‌وته وه، پاش سوپاس كردنی گوتم ماموستا هه‌تاوه‌كه‌ت كزه، كه نه ئه‌بوا وای پێ بلێم، گوتی كاكه ئه‌و گه‌رمایه‌ی كه هه‌یه‌تی ته‌نها هی خۆمه كه‌سی تر تینی نه‌داوه‌تێ. شوكر ئێستا ده‌ورانێكی تره گه‌لێك گه‌نجی خوێنده‌وار و به ئه‌زمون و لێ هاتو هه‌ن ئاماده‌ن له گه‌ل سه‌ر ده‌ما بن، هاو كاری له گه‌ل بكه‌ن هه‌ر وه‌كو ئێستا ده‌یكه‌ن. ئاواته خوازم سه‌رده‌می نوێ به شێوه‌و به ناوه‌رۆك له ئاستی سه‌ر ده‌می خۆی بێ.

دەربارەی بیرەوەریە کانت جوانن بە تامن، تام و بۆی کوردستانیان لێ دێ، باسی رۆژگارێک دەکا ئەوەی من خوێندومەتەوە بایەخی خۆی هەیە. گەنجی تازە پێگەیشتوی ئێستا پێ ویستی بە زانینی ئەو رابردوە هەیە، بەلام لە گەڵ ئەم هەموە، شتێکم بە میشکا داهات ئەویش ئەمە بوو: تۆ بلێیت خوێنەر پرسیاری ئەوە نەکا، کە دانەر نەختێ زیاتر لە پێویست باسی خۆی کردوە ؟ ئێستاش ئەم هەستەم دوو بارە دەکەمەوە، بە دل ئاواتە خوازم بە هەلە چو بم.

دەر بارەی، دەربارەو سەبارەت، کاکی خۆم لێت ناشێر مەوە کە سەبارەت لە جیاتی دەربارە بە کار دێنن دەڵێی دار کاریم دەکەن کە چی بە داخەوە رۆژ بە رۆژ زیاتر بەم جورە بە کار دێ و نوسەرە ناسراوەکانمان بە کاری دێنن تا رادەیەکی ئەو تۆ وا بزانم لە مەو دوا خواش جێگای پێ لەق ناکا. من زمانەوان نیم، مافی ئەوەشم نیە بلێم من راستم و کە سانی تر بە هەڵە چوون بەلام دەبێ ئەوەی خوارەوەش بلێم: لای ئێمە کە ئەلێن سەبارەت بە فلان،واتا لە بەر فلان، بۆ خاتری فلان، سەبارەت بە چاوی تۆ واتا لە پێناوی چاوی تۆ -- سەبارەت بە بارو دۆخی کوردستانی ئیمرۆمان، واتا لە بەر هەل و مەرجی ئیمرۆی کوردستان یانی سەبەب بە بارو دۆخی کوردستانی ئیمرۆمان، سەبارەت لێرەو لەو شوێنانە ببڕای ببڕ واتای دەر بارە یان واتای (حول)ەی عەرەبی نادا. جگە لە مانەش وابزانم سەبارەت لە سەبەبی عەرەبی وەر گیراوە - سبب - سەرو گوێلاکی شێواندراوە رەنگە گەلێکیش نەیناسنەوە جا لە بەر ئەم هۆیانە بە کار هێنانی سەبارەت لە جێگای دەربارە یان (حول)ەی عەرەبی بە راست نازانم... رەنگە بلێی باشە چت مەبەستە؟ ئەلێم مەبەستم هەر ئەوەندە بو ئەمەی سەرەوە بلێم و هیچی تر. دەی چیمان لەم سەیتو بەینە یە کورد ئەڵێ نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب.

کاکە نازانم بۆ چی رزازیتان تۆراندوە وەک پێ ویست شیعرەکەتان بۆ بلاّو نە کردۆتەوە ؟ بۆ مافی نازی نیە، یان خوا لێی گۆریون؟ بەو خوایەی کە لە سەر تەختی خوایەتی دانیشتوە خوایەتی دەکا گورانیەکەی شاری سنەی نرخی هەر گیز تەواو نابێ، کورە کابرا هەر تەنها گۆرانی بیژ نیە خۆ شاعیریشە، چۆنتان دلّ شکاندوە، بۆ قبرتان بە لاچاوی هێستری شێخ اللەوە ناوە، چما چەند رەزازێمان هەیە، هەتا ئەو ها رەفتاری لەگەلّ بکەن؟ دە هەر جوالّ بە شان بن دەی.... نا نا ئاشتی کەنەوە، ئێستا هەول دەدرێ گرێ کۆرەی گیرو گرفتی ئەو جیهانە بە ئاشتی و لە دەور و بەری مێزی وتو وێژ بکرێتەنە، جا چ جای گلەو گازواندەی رۆژانەی نێو خۆ بە تایبەتی لەم رۆژگارە دژوارە دا کە ئێمەی تێداین.

نامە کراوەکەی مامۆستا محمد رسول هاوارم خوێندەوە، هەست و خوستی دل و دەرونێکی دۆستانەی پاکە. ئەگەر تێ بینی یان رەخنەیەکیش هەبێ لەم بارەوە نەبێ زادەی هەمان زەمینە بێ. بە باشیش دەزانم وەرگێررێتە سەر زمانێکی تر وەک روسی یان ئینگلیزی یان عەرەبی و بدرێ بەو لایانەی کە نووسراوەکەیان ئاراستە کراوە، وشکە سۆفی چیکلّدانە تەنگیش حەوالّەی خوا دەکەین. بەش بە حالی خۆم بیرێکم لە وەر گێرانی نووسراوەکە کردۆتەوە، نازانم دەمپرژێ یان نا.

چەند جار بۆ برادەرانم نوسیوە بۆ بلاّو کردنەوەی کتێبەکەی کاک د. جەمشید کە لە سەر هاورێی نەمرمان هاورێ جەمالی نوسیوە دوا جاریان راستەبو خۆ لە گەلّ کاک کەریم ئەحمەدم باس کردوە کە دیارە ئەویش ئاگا داریەکی لە مەسەلەکە هەیە. ئاواتە خوازم لەم رۆژانە بریارێکی لە سەر بدرێ، خۆزیا بگەرابامایەوە بۆ شام بۆ ئەنجامدان بەم کارە، لێنشتی ناشارمەوە بیرم لە وە کرد بۆوە شتێک بنوسم بە پێشەکی ئەم کارە بشێ ئینجا بە کاک د.جەمشید بلّێم بە داخەوە لە خۆم رانەدیت تەنانەت

کتێبەکەی کاک د. جەمشیدیشم نە دیتوە تا یاریدە دەریکم بێ بۆ ئەم کارە، ئەمە دەڵێم چونکە ڕەنگە کەس نەزانێ کە کاک جەمالی نە مر بۆ یەکەم جار ڕێگای شیوعیەتی نیشاندام، هەر وەکو ماموستا مەلا شەریفی ڕەنگ ڕەژانی، گۆری پڕ نور بێ، پاشدانێ حیزبی پێ ناساندم و بەرەو حیزبی بردم. ڕەنگە هەبێ بلێ، جا ئەمە چی و ئەوەیان چی، ئەی هەر دووکیان یەک نین؟ بەلێ و نە، ئێستا جێگای باس نیە. هاورێ جەمال پایەکی بەرزی هەیە لە بزوتنەوەی شورشگێری ولاتەکەمان، هێشتا بایەخی خۆی نەدراوەتی، ئاسویەکی ڕون و بەر فراوانی هەبو ئومیدی زۆری لێ ئەکرا، بە داخەوە وەکو گەلێک لە ڕۆڵە ناو دارەکانی حیزبمان زۆر زوو پێش وەخت، لە بەهرەو توانای دەگمەنیان بی بەش بووین، هەر چەندە هێشتا هەر لە گەڵمانن و هەر لە گەڵمان دەبن چونکە نەمرن.

هێشتا گرێ نا ڕەزایی دوا نوسراوەکەت دڵم هەڵدەکروزێنێ، مەبەستم ئەوەی گازاندەی خۆشت تێدا دەر بڕیبو، گلەییت لە کاک شیرزاد و برادەرانی تر کرد بوو. بە بەشی خۆم رازیم بەلاٚم بە مەرجێک نەگاتە تۆران، ئەگەر خوا نەکردە گەیشتبێتە ئەو رادەیە، ئەوا هەر ئەوەندەم بۆ دەمێنێتەوە، کە هانا بۆ قولی و پتەوی دۆستایەتیمان بەرم و دوو بارەی وتەکانی ماموستامەلا شەریفی ڕەنک ڕەژانی بکەمەوە کە لە ساڵی ٩٤٧ دا لە کاتێکا بۆی نوسیبوم کە من لەو تۆرا بوم، نوسیبوی :«بتۆری و من نەتۆراوم، بشگۆریت من نەگۆراوم، بشم کوژن لەت لەتم کەن، هەر ئەوەم من هەتا ماوم .» شتی تریشی نوسیبو لە بیرم نەماون، ڕەنگە ئەوانەشم بە وردی نە نوسیبێتەوە، یان وەک چۆن ئێوە شیعرەکانی ڕەزازیتان بلاو کردۆتەوە، ئاوام نوسیبنەوە، هەر چۆنێک بێت واتاکەیان دیارە .... ئەو ماموستا مەلا شەریفەش ڕۆڵێکی گرنگ، بە لام بە داخەوە ، کورتی نواند لە سەرەتای بلاو بونەوەی بیرو باوەری پێشکەوتنخوازی

لە کوردستانا، هەر چەندە هەتا دوا رۆژی ژیانی بیر و باوەری خۆی نە گۆری زۆر بە خۆشیەوە ماندو بو هەتا رادەیەکی ئەو تۆ، ئینگلیزی فەقێ ئاسایی بە ئاری بابە فێر بو، دەڵێن پاشدانێ فرنسیش فێر ببو. بەشداری یەکەمین کونگرەی حیزبمانی کرد هەر لەم کونگرەشدا هەڵبژێر درا بە ئەندامیەتی کومیتەی ناوەندی حیزب، بەلام بە داخەوە هەر وەکو گوتم لە دوای ساڵی ۹٤۷ حیزبی بە هێشت.

لەم رۆژانە (شار)ەکەی حسێن عارفم خوێندەوە، لێتانی ناشارمەوە زۆرم بە دڵ بو ئاواتە خوازم بە شەکانی تری ئەم کتێبەی بەم جۆرە سەر کەوتو بێ، ئەگەر خوا رەحمی کرد و ئێوەش بە دڵتان بو، ئەوا رەنگە لە جێگای خۆی بیت کاک د.جەمشید شتێکی لە سەر بنوسێ. کاکە چالاکی فەرهەنگی لە کوردستانی عیراقا بەر بەرە-- کانیەکی توند و قارەمانانە دەکا. سلاو هەزار سلاو بۆ مێر خاس و شورە سوارانی ئەو مەیدانە.

رەنگە کە ئەم چەند دێرەت پێ ئەگا - ئەگەر خوا بکا پێت بگا - من گەیشتبمەوە مەفتەن، گەیشتبمەوە ئەو خاکە پیرۆزەی کە ئەبێ چۆکدەم و کرنوشی بو ببەم. فرمێسکی خۆشیو دلسۆزی بۆ هەڵرێژم، دروێە ئەو خۆشەویستیەی جۆگەلەی خۆی لە سەرو چاوەکەی ئەوێ هەڵنەبەستبێ، دروێە ئەو ئەنترناسیونالیستیەیکە لە ناو شاخ و داخی نیشتمانی خۆشە ویستا هەڵنە قولاً بێ. دڵێک هەستی بە خورپەی خۆشە ویستی ولات نە کرد بێ هەر گێز تام و واتای خۆشە ویستی راستە قینە نازانێ. دڵم پڕە قسەم بۆ نایە. دوعای خێرم بۆ بکە.

ببورە ئەگەر غەلەت و پەلەتێکی زۆرم کرد بێ، یان نەمتوانیبێ رەچاوی شێوەو رێزمانی کوردی بکەم، یان خەتەکەم لەرزۆک بێ، نەلێن پیاو ئەگەر بە گەورەیی فێری پلاو خواردن بێ پاروی بۆ لوتی دەبا، دەستیشم دەلەرزێ جا بڵێم چی دەی، دەڵێن بەرە لە لای تەنکی دەدرێ.

دەستم بروا لە وێشەوە ناوە ناوە ئاگادارت دەکەم سلاوم بۆ کاک جەمشید و خەجی و مندالان، برات عەزیز محمد ٢٨/١١.»

١٥ - ١ . ڕۆژ دوای ئەم نامەیە ، نامەی دووەمی کاک عەزیزم پێگەیشت و ئەوەندەی تر شاد ر دڵخۆشی کردم. نامەی ٩٨٧/١٢/٢٨

«کاکی بە ڕێزم کاک کەریم سلاوێکی بۆنداری برایانە. ئومێد ەوارم هەر لە خۆشیدا بی. لە مانگی رابردودا نوسراوەکەکم بۆ ناردی خوا بکا پێت گەیشتبێ، یان پێت بگا، دەبلێ نامێن . هێشتا هەر لە ڕێگام، بە پێخۆشخالیەوە لە ڕێگا توشی جوامێرێک هاتم داوام لێ کرد کە ئەم چەندوکەت بۆ بهاوێتە نیزیکترین پۆستە.

کاکە ڕەنگە سبەی یان دووی بە سەر پردی سیرات دا تێ پەرم، جا ئەگەر خواو هیمەتی چاک و پیران نە کەوتمە خواری، ئەوا دەگەمە بە هەشتێ. لێرە قسەکەی ماموستای نەمر مەلا حەسەنی قزلجیم دێتەوە بیر ئەویش : کۆلکە مەلایەک لە ڕەمەزانیی باسی سیراتێ بۆ فەلاحەکانی ناو مامەشان دەکرد کە لە موی باریکتر و لە گیزانی تیژ ترە، فەلاحێکی لێ هەستا سەر پێیان گوتی ماموستا یا خوا درۆ بکەی ئەگەر نا کاکی خۆت لە بنەوە دەبینیەوە. دەی بلێ چی ؟ ماسی گرتن و قون تەر نەکردن نابێ. فەلاحێکی ناو شاخ و داخی خۆمان بە لەپان، بە هێزی بازو بە زگی برسی چەند بستە عەرد لە شاخ دادەبرێ خۆشی دەکا بە کۆلان خۆلی بۆ دێنێ هەتا چەند ئەمامیک یان چەند مستە جۆیەکی تێدا بچێنێ، ئەی ئەگەر یەکێ بیەوێ تۆی خۆشەویستی و ئازادی لە هەموو ولاتا بچێنێ دەبێ چی بکا، دەبێ چەند کارەکەی خۆی خۆش بوێ، دەبێ لە سەر چەند پردی سەخت بپەڕێتەوە؟ بەلێ گۆزە لە ڕێگای ئاوێ دەشکێ، نیشتمان پەروەرێکیش ، ئەگەر خوا نەخواستە شتێکی بە سەر هات، مخابنە لە ڕێگای خەباتا نەبێ.

کاکە لە لای ئێوە ، لە ماموستای کورد هێندێ شت بە ناوی بەندە بلاو کراوە ئومیدەوارم نە ختوکەکت بە دلْ بێت. یان ئەگەر هەر هیچ نەبیْ لێم تورە نەبیت. زورم مەبەست بو، قسەکانم پەلاری دور بە دوری نەبێ. یەکیْ ناو مالی خوّی ڕێک نەخا مافی ئەوەی نیە باسی کوّلانی عاسمانیْ بکا، لە بوّ چونەکانا، هەولمدا قاچم لە سەر عەردی بێ. ڕەنگە لە مەسەلەی ئوتونوّمیەکە لە گەلْم نەبی، چونکە وەکو بیستوومە، بە لایتری دا دەشکێنی، دەی خوا بکا، بە هەر حال دو چاو لە چاوێک باشترە، بەلام پیاو چاوێکی هەبیْ باشترە لەوەی لە هەر دو چاو کور بیْ. بە ئاواتی روناکی بگێڕێتەوە چاوەکەی تریش.

بلاو تان کرد بوّوە، کە ئەواتەی ئابونەیان لە سەر کوّ بوّتەوە، ئابونەکەیان تەنێرن، روّژنامەیان بوّ نانێرین، جگە لەوەی کە ڕەنگە مەبەستتان پیاوی فەقیری وەکو ئێمە نەبیْ. بەلام سەرەرای ئەوەشا لە گەلْ دایکی ئاراس باسمان لیْ کرد بریارێکی خێزانیمان لە سەر ئەوە دا، کە ئابونەکەتان بوّ کوّ بکەینەوە هەتا روّژێک چاومان بە یەکتر بکەوێ، جا توّ بی یان کاک د.جەمشید، ئابونەکەتان دەدەینیْ. جا دەستمان دامێنتان روّژنامەمان لیْ مەبرن. دەبو لە نوسراوەکەی مانگی رابردو کە لە مالەوە بوّم نوسی، ئەو ئاگاداریەت بکەم. بەلام لە بیرم چو. ئەوا ئێستا پێشی لە سیرات بپەرمەوە ئەوەت بوّ دەنوسم.

بوّ دوا جار دەلێم حیسابی هەلەی نوسینم لە گەل مەکە، چونکە ڕەنگە هەر یەک وشە، بە ریککەوت جاریکیان بە راست و ئەویتریان بە هەلە بنوسم. گرنگ ئەوەیە توّ بە راستی بخوێنیەوە. نازانم لە ویش ئەتوانم جار جارە شتێکت بوّ بنوسم؟ هەر چوّنێک بێت هەولْ دەدەم.

سلاو وریزم بو کاک د. جەمشید گەلەک سلاوان لە خە جیجیْ دەکەم چاوی کەمال و شلێر ماچ دەکەم.

ئیتر هەر خۆشبیت. برای دڵسۆزت عەزیز ١٩٨٧/١٢/٨ »

ساڵێکی شوم بۆ گەلی کورد

ویستمان سەری ساڵی تازەی مەسیحی ساڵی ١٩٨٨ ئێمە و ما لی فەهد و ماڵی دوکتور جەمشید لێک کۆ بینەوە. بە شەرعیش دەبوایە لە ماڵی دوکتور جەمشیدی دانیشتباین. چونکە خێزانی ئەو لە تورەمەی عیسای مەسیح و جێژنەکە پتر بەوانەوە دەنوسا. بەڵام بە بینووی ئەوەی کە تەلەڤیزیۆنی ئەوان بەرنامەی روسی وەر ناگرێ و تەلە ڤیزیۆنی رۆستەمی بەرنامەی روسی وەر دەگری، دوکتور جەمشید پێی داگرت کە دە چینە ماڵی روستەمی. کاک روستەم برایەکی هەولێری و دۆستی فەهدو دوکتور جەمشیدی. خەبەریان دابویە کە شەوی سەری ساڵ بە سەرت دادەدەین. ماڵی کاک روستەمی هەر چەندی جوامێری و دەست بڵاوی و میوانداری کوردانە بوو ، بە کاریان هێنا بوو. بە کورتی سەر لە ئێوارەوە ٨-٩ کەس بە سەرمان دادان. خواردن و خواردنەوە بە پێی فیلان بوو. بەرنامەی روسیش کە جگە لە دوکتور جەمشید و خێزانی کەسیتر تێی نەدە گەیشت، دانیشتنەکەی جوان کرد بوو، دم بە دمەی لودا و دوکتوریشی لێ دەبوە (ئیزافە بەر سازمان) و بەر نامەکەی دەوڵەمەند دەکرد. چەندەی میوانداری ماڵی کاک روستەمی رازاوە بوو، ئەوەندەش کەش و هەوای بەرنامەکە و دانیشتنە کە بێ تام بوو، ناچار نەمانگەیاندە سەر، نیوە شەو گەراینەوە. لە هەمووی ناخۆشتر کاک روستەمیشمان ئەزیەت دا کە بە ماشێن بمانگەیەنێتەوە.

رۆژی ٩٨٨/١/٢ کاک ئازاد مستەفای رەحمەتی، سکرتێری پارتی

سوسیالیستی کورد (پاسوک) له سه‌ر بارو دۆخی کوردستان کۆرێکی فره پڕ بایه‌خ و به پێز و بابه‌تی پێک هێنا. خه‌ڵکێکی زۆر هاتبوو. هه‌وه‌ڵجار بوو کاک ئازادم له شیکردنه‌وه‌و هه‌ڵسه‌نگاندنی مه سه‌له‌کاندا ده‌بینی. به شێوه‌یه‌کی بابه‌تی و واقیع بینانه، دوور له ده‌مار گیری و فڕو فیشاڵ، مه‌سه‌له‌کانی روون ده‌کرده‌وه‌و له هه‌مووی گرنگتر له سه‌ر یه‌کێتی و گیانی لێ بوردوویی و نه هێشتنی ناکۆکی نێو بزوتنه‌وه‌ی رزگاریخوازی کورد پێی داده‌گرت.

دوای ته‌واو بوونی کۆره‌که چاک و خۆشیمان کرد و دامان نا پتر یه‌کتر ببینین.

له سه‌ره‌تای ساڵی ۹۸۸ به‌رگی دووه‌می بیره‌وه‌ریه‌کانم له چاپ ده‌ر چوو. نوسخه‌یه‌کم بۆ ماموستا محه‌مه‌د ره‌سول هاور نارد. **ماموستا هاوار له ۸۸/۱/۱۷ ئه‌م نامه‌یه‌ی خواره‌وه‌ی بۆ نارد بووم :**

« برای زۆر به رێز و خۆشه‌ویستم کاک که‌ریم

ئه‌م کاته‌و هه‌موو کاتیکتان شاد، کتێبه زۆر به نرخه‌که‌ت (به‌رگی دووه‌می بیره وه‌ریه‌کانم) پێ گه‌یشت. به راستی که خوێند مه‌وه چاو ودڵم روون بۆوه. ئه‌وه‌ی راستی بێ وه‌کو توێشه به‌ره‌یه‌ک وایه. بۆ هه‌موو که‌سێکی برسی که بیه‌وێ قسه‌ی راست و ره‌وان و بێ رواڵه‌ت بخوێنێته‌وه... ده‌ست و پێنوسه‌که‌ت نه‌رزی و هه‌ر خۆش بیت بۆ نوسین و بلاو کردنه‌وه ی گه‌لێک یاد داشتی وا به نرخ. که که‌لێنێکی باش پڕ ده‌که‌نه‌وه له لاپه‌ری تێکۆشانی تێکوشه‌رانی نه‌ته‌وه ماف خوراو وچه‌و سێنراوه‌که‌مان. ئه‌وه‌ی راستی بێ که کتێبه‌که‌م گرت به ده‌سته‌وه هه‌تا دوا دێرم ته‌واو نه‌کرد نه‌متوانی هیچ شتێکی تر بخوێنمه‌وه...

داخه‌که‌م کتێبه‌که‌ی من (کوێره‌وه‌ری و بیره‌وه‌ری) به‌ر له‌وه‌ی تۆ ده‌ر چوو. ئه‌گینا هه‌ر زوو پێشنیارم ده‌کرد که له راستیدا کتێبه‌کان و یاد

داشتەکانی ئیوە ناو بنرێن (کوێرەوەری و بیرەوەری)وەکو لە نوسینێکمدا باسم کردوە، لە سابلاغ کە چێشتی ساوار بە نانەوە دەخۆن دەڵێن خەڵکی سلیمانی پیمان دەلێن (ئیوە نانی بە نانیوە دەخۆن) لە راستیدا ئەوەی تۆ باشتر ئەو قسەیە دەگرێتەوە چونکە نانی کوێرەوەریتان خستۆتە ناو نانی بیرەوەریەوە کە هەر دو کیان هەر بەر هەمی کەساسی و دەردە سەری گەل و نیشتمانە. جارێکی تریش پیروز بابیتان لێ ئەکەم و ریز و سلاوم بو برای بە ریز دوکتور جەمشید حیدری هەیەو ئومید ئەکەم لە دەرفەتیکی نیزیکدا یەکتر ببینینەوە. ئەو تەرجومەی کە داوات کرد بوو بەر لە دوو هەفتە بۆم ناردن. ئەگەر هاتو نەگەیشتبوو تکایە ئاگادارم بکەن چونکە کوپیم لا ماوە و دەتوانم بینێرمە خزمەتتان. ئیتر خۆشیت روحەکەم. برات هاوار»

به دوای نامەی ماموستا هاوار دا، ئەم **نامەیەی خوارەوەم لە لایەن غەنی بلوریانەوە پێ گەیشت** کە لە ۸۷۱۲/۳. نوسیبووی :« هاوریی به ریز کاک کەریم روژ باش.

پاش ریز و سلاو بۆ خوشکە خەجیج و جەنابت بە هیوام سەر کەو تو بن. کارتی پیروز بابیتان گەیشت زور سوپاس. ئاواتە خوازم لە ساڵ نوی‌دا تەندرووست و کامران بن. ئەوا ئادریسی ماڵی خومم بۆ هناردی کە لیرەو پاش مستقیم نامەو نوسراوەو روژنامەم بۆ رەوانە کەی لەو بارەوە زور شپرزەم. بە داخەوە تەلیفونیان پێ نەداوم، هەر ئەو رۆ و سبەم پێ دەکەن. هیچ خەبەرم لە ولات نیە و نازانم چ خەبرە و بەرەکانی کوردستانی خەریکی چن. بەلام ئەوەندەی کە ئەزمونی ژیان سەلماندوویەتی لام وایە کورد دەبێ بۆ خۆی بێت و لە سەر پێی خۆی راوەستێ و پشت بە کەس نە بەستێتەوە. کەس جێگای متمانە نیە جگە کورد خۆی بۆ خۆی جا بە کام رێگەدا ئەوا دەبێ مروڤی لێ زانی کورد بە

کوڕ و کومەڵ بیری لێ وەکەن و ڕێبازی دوا ڕوژی نەتەوەی خو دیاری بکەن. جا بو ئەو کارە دەبێ لێ زانانی سیاسی کاری کورد کو وەبن و بیری لێ وەکەن. هەتا زوو تر باشتر. بە داخەوە خو بەستنەوە بەم و بەو کەلکی براوە. بەلام ئیستا کە هیچ دەگوزێ دا نیە چار چیە. هەر کەس مەجبور دەبێ بو لایەک رای کێشێ. بە هیوام هاوینی سەفەرێک بو ئەم لایە بکەن ئەگەر لە بلغاریارا بێن سهل تر دەبێ تا لە غرب. ئیتر بە خوشی بژین. خیزانم دوو پاتەی دەکاتەوەو سلاوتان بە گەرمی لێ دەکا. داوای سەر کەوتنتان بو دەکا هەوالی تایبەتی خوشکە خەجیج پرسیار دەکا. بە تەمای بینینی یەکتر. غەنی. ۸۷/۱۲/۳»

۹۸۸/۱/۱. دایکی کەمال گەرایەوە بو سرفیا و بە تەنیا مامەوە. ڕوژانە لە دەفتەری ڕوژنامە لە گەل دوکتور جەمشید خەریکی نوسین و تایپکردن دەبووین و شەوانەش ئەگەر برادەرێک سەری دابام، ئەگینا بە خوێندنەوە و یا نووسین سەرم دەنایەوە. شتێکی دیکەشم لە ماڵکەی خوم کرد بوە باو رەنگە بو کوردەواری بە عەیب بگیرێ و تەنانەت بو زوربەی ئەو لاوە کوردانەش کە روویان کردوتە ئوروپا، شەوانە تا دوای نیوە شەو دادەنیشن و بە قسە و ئاخافتی بێ جێ کات بە زایە دەدەن و ڕوژیش تا سەعات ۱۲ لە جێدا دەکەون رە نگە هەر بە کوفریش دابنرێ. ئەویش ئەوە بوو من سەعات یازدەو نیو دانیشتنم کوتایی پێ دەهێناو لە ناو جێ دا خەریکی خوێندنەوە دەبووم ئیستراحەتم دەکرد. زور جار برادەرم لە یازدەو نیو دەنگ داون و ڕویشتوون. هەموو شت عادەتە، ئیتر فیر ببوون یازدەو نیو دەرویشتن. بەلام دە چون لە ماڵێکی تر دایان دە کوتاوەو بە یانی بە منیان دە گوت: ئیمە تا سەعات ۳ دانیشتین، بە لام نەیاندەگوت : دانیشتون چی‌یان کردوە، بەرهەمیان چی بوە.؟ جارێکی برادەرێک گوتی : ئیستا پێنج دەقیقە زووتر دەروین، بو جارێکی تر پێنج دەقیقە

قەرز دار دەبی.!

شەوی ۹۸۸/۱/۱۲ ناسری سەیدئەحمەدی کۆنە تودەیی تۆخم میوان بوو. شەو دوای ئەوەی دوکتور جەمشید و فهد رۆیشتن، کتێبی (کژراهە) ی احسان تەبەری- م تازە بۆ هاتبوو، ونم دا، چاوێکی پێدا گێرا و مات بوو، گوتی:« پێت وایە ئەو نوسیبی؟ » گوتم بۆ نا. رەنگە کۆماری ئیسلامیش بەشی خۆی تێ هاویشتبێ، بە لام لە سەر یەک نووسینی ئەوە. چونکە باسی هێندێ شت دەکا، وێ ناچێ تەنانەت لەم بارەوە پرسیاریشیان لێ کرد بێ. گوتی : وانیە. طبری شتی وا نانوسێ. ئەم برادەرە تا رۆژ نەنوست. هێندێ جار دەگریا، رادەکشا، هەڵدەستاوە، دەیخوێندەوە، دایدەناوە، ئاراو قارای لێ هەڵگیرا بوو.

شەو فەریدونی میتران و حەسەنی ماوەرانی تەلیفونیان کرد کە بۆ بەشداری لە ئاهەنگی دووی رێبەندان کە کۆمەڵەی خوێند کارانی کورد لە ئوروپا لقی ئەلمان رێکی دەخات بەشداری بکەم و لە سەر بزووتنەوەی ٤٥-٤٦ی کوردستانی ئێران قسە بکەم.

۸۸ /۱/۱۳ کاک سەعید کوێستانی تەلیفونی کرد و هەواڵی دڵتەزێن و داخداری شەهید بوونی سەید رەسوڵی

دیهقانی دامێ. خورپەم لە دڵی هات. داخێکی گران بوو، جنایەتێکی سامدار و بە نا هەق. سەر سام هێنەر بوو چۆن لەم جیهانەدا خوێنی جوامێر و مێر خاس و نیشتمانپەروەران بە دە ستی جنایەتکاران دە رژێتە عەرد و بە خۆرایی دەروا. سەید رەسوڵ جگە لە وە کە ئەڤینی کوردستان و بیری ئازادی کورد لە مێشک و ئێسقان و گۆشت و پێستی دا پەنگاوی خوارد بۆوە، هەموو خاسیەتێکی جوامێری کوردەواریشی تێدا کۆ ببۆوە. زۆر حەیف بوو، زۆر بە ناهەق شەهید کرا.

لە مەهابادەوە تەلیفونیان بۆ کردم و راست و درۆی ئەم خەبەرە

داخداره‌یان پرسی. گوتم راسته‌و جنایه‌تكاران كاری خۆیان كردوه. شه‌و ته‌لیفونم بۆ دایكی كه‌مالی كرد و ئه‌ویشم كرده به‌شداری ئه‌م خه‌فه‌ت و په‌ژاره‌یه.

كۆمه‌ڵه‌ی خوێند كارانی كورد له ئوروپا،k.s.s.e لقی دانمارك له گه‌ڵ سوكسی لێیان گێرامه‌وه كه بۆ سیمینارێك له سه‌ر كۆماری كوردستان بچمه دانمارك. فه‌هد ماشینێكی به كرێ گرت و له گه‌ڵكاك شاكر و فهد رۆژی ١٦/١/٩٨٨ چووینه كوپنهاك. سیمیناره‌كه له كه‌ش و هه‌وایه‌كی فره سازگارو دۆستانه به‌رێوه چوو. براده‌ری زۆر به‌شداریان كرد بوو، دوای ئاخافتنی من گه‌لێك پرسیار كران و جوابیان درایه‌وه. له كۆ بوونه‌وه‌ی دامه‌زرێنه‌رانی مه‌ڵبه‌ندی كوردی له دانمارك به‌شداریمان كرد. به ئیستیلاحی حیزبیه‌كان(سه‌فه‌رێكی سه‌ر كه‌وتوو) بوو !

هێزه سیاسیه‌كانی كوردستان له سوید(باشتره بیژم حیزبه سیاسیه‌كانی كوردستان له سوید) چونكه (هێز) هه‌موان ناگرێته‌وه، به‌ڵام حیزب هه‌موان ده‌گرێته‌وه، به به‌شداری ١٥ حیزب كومیته‌یه‌كی هاوكاری یان پێك هێنا بوو كه ئێستاش به‌ر ده‌وامه و به ناو حیزبێ ئه‌وتۆ له‌ناو ئه‌و كومیته‌یه دایه، ره‌نگه ئه‌ندامی له حه‌فت كه‌س تێ نه‌په‌رێ. رۆژی ٢٢/١/٩٨٨ به بۆنه‌ی دووی رێبه‌ندانه‌وه كۆبوو نه‌وه‌یه‌كیان ساز كرد بوو كه به داخه‌وه پێشتر له بارێ راگه‌یاندنه‌وه كاری بۆ نه‌كرا بوو، بۆ كۆبوونه‌وه‌یه‌كی ئاوا و بۆ یادی رۆژێكی ئاوا مێژوویی به ١٥ حیزبان ٢٠ كه‌سیان نه‌هێنا بوو. ته‌نانه‌ت ئه‌ندامه‌كانی خۆشیان نه‌هێنا بوو چونكه هه‌مووی ٢١ كه‌س به شداری كرد بوو كه ٦ كه‌سیان ئه‌ندامی هیچ حیزبێك نه‌بوون. كاك ئه‌میری قازی له سه‌ر دووی رێبه‌ندان قسه‌ی كرد و چه‌ند كه‌س به‌شداری پرسیار و موناقه‌شه‌یان كرد. من له جیاتی باسی دووی رێبه‌ندان ره‌خنه‌م له پێكهێنه‌رانی كۆبوونه‌وه گرت كه ته‌نانه‌ت هه‌ر

حیزبەی ئەندامێکی خۆشی نەهێناوە.! بۆ رۆژێکی ئاوا ١٥ حیزبی کوردی ٥ کەس کۆ نەکەنەوە.!

کۆمەڵەی خوێند کارانی کوردیش لقی سوید k.s.s.e رۆژی ٨٨/١/٢٣ هەر بەم بۆنەوە ئاهەنگی رێکخست بوو. کە دەبوایە لە سەر گرنگی پێک هاتنی کۆماری کوردستان و ئەرکی خوێند کاران بپەیڤم. وتارەکەم هەر چەند تۆزێ درێژ بوو، بەڵام پێشوازیەکی باشی لێکرا. بە شیعر و گۆرانی هەمە چەشنە گیانی جێژنیان وەبەر نا.

کۆمەڵێک سلایدی زۆر جوان لە دیمەنی کوردستان و وێنەی شەهیدانی کوردستانی ئێران و پێشمەرگە نیشان دران. فەرهادی بابانیش بانگ کرا بوو، بەو دەنگە خۆشەو لێ هاتوویە، تەماشام کرد پیرێژنێکی سویدیشی هێنا بوو، بۆ یادی رۆژێکی ئاوا دەستی کرد بە چرینی گۆرانی سویدی. کە تەواو بوو چوونە دەر و بانگم کرد و چیرۆکی شاعیری ناوداری داغستان رەسول هەمزاتوف - م بۆ گێراوە.: « رەسول دەڵێ: لە داغستان گۆرانی بێژێکی دەنگ خۆشمان هەبوو، بە ئاقاری گۆرانی دەگوت و خەڵک خۆشیان دەویست. هاتە لای باوکم کە بەر پرسی کۆمیتی شار بوو، داوای لێکرد کە بۆ مانگێک بینێرێتە موسکو. باوکم پارەی سەفەریشی دایەو ناردی، تا ٣ مانگان نەهاتەوە. کاتێ دەگەرێتەوە لاوەکان دەچنە لای و لە گەڵ بە خێر هێنانەوە داوای لێدەکەن کە گۆرانیشیان بۆ بچرێ. کابرا بە رووسی دەست دەکا بە هۆرە هۆر. وەری دەگەرێنی و باشی دەکوتن. هاتە لای باوکم و شکایەتی کرد. باوکم لاوەکانی بانگ کرد و بە سەریان داهات و گوتی ئەوە هونەر مەندی خۆتانە، چۆن لێی‌دەدەن.؟

گوتیان : دەبا گۆرانیەکت بۆ بڵێ. کابرا دیسان بە روسی دەستی

پێكرد. باوكم گوتی :« سه‌رتان نه‌شكاندوه ؟ سه‌ریشی بشكێنن. تۆ به سێ مانگان زمان و هه‌واو گۆرانی خۆت بۆ له بیر برده‌وه ؟ »

گوتم ده‌سه‌لاتم هه‌بایه منیش ئاوام لێ ده‌كردی. تۆ هاتووی بۆ دووی رێبه‌ندان و بۆ كۆبوونه‌وه‌ی كوردی، گۆرانی سویدی ده‌چری.

كاك ئازاد مسته‌فای ره‌حمه‌تی به بۆنه‌ی ئاهه‌نگی دووی رێبه‌ندانه‌وه ئه‌م نامه‌یه‌ی خواره‌وه‌ی بۆ نارد بووم :

« ماموستا حیسامی » به رێز.

وێرای سلاو ورێزم ...پیرۆز بایی ئه‌م یاده شیرینه، یادی ٤٢ ساله‌ی دامه‌زراندنی كۆماری دیموكراتی كوردستان، له خۆم و له ئێوه و هه‌موو نه‌ته‌وه‌ی به‌ش خوراوی، ئیستیعمار كراوی كورد ده‌كه‌م. پڕ به دلیش سوپاسی هاو رێیانی یاد كه‌ره‌وه‌ی ئه‌م یاده پیرۆزه ده‌كه‌م.

ئه‌گه‌ر باری ناساغی له شم نه‌بوایه ، زۆر شه‌ره‌فمه‌ند و خۆشحال ده‌بووم به شداری ئه‌و بانگ هێشتنه بوومایه، هه‌ر نه‌بێ چاوم به ئه‌سه‌رێكی زیندووی ئه‌و كۆماره ئازیزه‌مان - كه به رێز تانن - رۆشن ده‌كرده‌وه و ئیلهام به خشێكی روحی و مه‌عنه‌ویم ده‌بوو بۆ ئه‌و ئاواتی رزگاری و سه‌ر به خۆ بوونه‌ی كوردستانه‌كه‌مان كه هه‌موو تان و پۆی بوونی گرتۆته‌وه و ئاواتی تاقانه و پیرۆزی هه‌مرو كوردێكی شۆرشگێر و دلسۆز و به شه‌ره‌فه ! كه له‌م دنیایه وا هیچ شتێكی بۆ كوردێ سه‌روو ناكه‌وێته‌وه. هه‌ر به تایبه‌تی یاد كردنه‌وه‌ی ئه‌م رۆژه له لایه‌ن هاو رێیانی (k.s.s.E) «مه‌ركه‌زی پراگ» ،وه بۆ من ماناو ده‌لالاتی گرنگ و دلخۆشكه‌ره‌ی هه‌یه، وه انشاالله سه‌ره‌تای قۆناغێكی نوێی ژیان و خه‌باتی هه‌موانمان ده‌بێت.، كه« پێش ئه‌وه‌ی هه‌ر شتێ بین.... كورد ده‌بین » و له ناوه‌ند و چه‌قی خزمه‌تی كورد و كوردستانه‌كه‌ی خۆمانه وه تیشك بۆ ده‌ور وبه‌ر و نیزیك و دوورمان ده‌ده‌ینه‌وه. چۆمی كوردستانی

هەڵقوڵاوی چیاکانی کوردستان لە رەوتی مێژوویی‌دا تێکەڵی جۆگەو جۆمی میللەتانی خەباتگێڕ و ئازاد و دیموکراتیک دەبێ و بەرەو ئۆقیانووسی ئارامی دنیای بێ چەوساندنەوە و ئازاد و دیموکراتیک و ئاشتی دەچێ.

چەپکی گوڵی سور ، بە سوورایی خوێنی شەهیدانی رێی ئازادی و سەر بە خۆیی کوردستان و سپی بە قەدەر سپیایی دەروونی کورد، لاسک سەوز وەک سەوزایی بە هاری داهاتووی کوردستان. پێچراوە بە تیشکی خۆری سەر فرازیی لە دەم کەلەوە هەڵهاتوم لێ قەبوڵ بفەرموون. و هەر بژین بۆ کورد.

برای دڵسۆزتان ئازاد ۱۹۸۸/۱/۲۳ »

کۆمەڵەی کوردی لە شاری (ئیسکلیستونە) بە بۆنەی یادی دووی رێبەندانەوە ئاهەنگێکی ساز کرد بوو. داوەتیان کرد بووم کە بەشداری ئاهەنگەکەیان بم و لە سەر دووی رێبەندان قسە بکەم. لام وایە بێجگە لە کاک رەسولی ئاریا یەک کورد لەم شارەدا نەما بوو کە بەشداری نەکات. سویدیش زۆر هاتبوون . هەواڵدەری رۆژنامەی شار هات لە بارەی کۆماری کوردستان چەند پرسیارێکی کرد. قسەی خۆش ون نەبێ باشە. لە کاک محەمەدی قادریم پرسی: « کاک رەسولی ئاریا دیار نیە. چونکە بە راستی پێم سەیر بوو کاک رەسوڵ لە یادی رۆژێکی ئاوادا بەشدار نەبێ» کاک محەمەد زۆر بە سادەیی لە وەڵامی پرسیاری من دا گۆتی :« سالۆن هەڵی نەدەگرت » . شەو میوانی کاک محەمەدی قادری بووم. میوانداری و خزمەت و میهرەبانی ئەو ماڵەم لە بیر ناچێتەوە و لە سوپاسێکی رووتیش بەدەر پیاو چی لە دەست نایە.

رۆژی دوایی گەرامە بۆ ستۆکهوڵم کاک سە عید کوێستانی تەلیفونی کرد و گۆتی : حیزبی دێموکرات کۆنگرەی هەشتی گرتوە و لە ئەندامانی

کومیته‌ی ناوه‌ندی پێشوو ۱۳ که‌سیان هه‌ڵنه‌بژێراونه‌وه. گوتم وا دیاره دوکتور قاسملو ویستوویه مۆزه‌کان بگۆڕێ. ئه‌وه سه‌ره تای له‌تیوونی حیزبه. چونکه ئه‌وانه‌ی هه‌ڵنه بژێراونه‌وه ناتوانن وه‌ک ئه‌ندامی ساده له حیزبدا کار بکه‌ن. ئه‌وان فێر بوون و به به‌ژنیان براوه که دبێ هه‌ر ئه‌ندامی کومیته‌ی ناوه‌ندی بن. به داخه‌وه بۆ چوونه‌که‌م راست ده‌ر چوو.

رۆژی ۲٦/۱/ ۹۸۸ نامه‌یه‌کی شیرین و جوانی کاک بهروزی کورد ئه‌حمه‌دیم پێگه‌یشت. کاک بهروز له باری نووسین و کوردی زانی و خه‌ت خۆشی و به تایبه‌ت له به‌رنوه بردنی رادیوی ده‌نگی کوردستانی ئێران دا، ده‌ورێکی بالاّ و بێ وێنه‌ی هه‌بوو. بۆ شیعر وشاعیریش سه‌ری ده‌خورا، به‌لاّم وه‌ک روناکبیرێکی ژیریش قه‌ت

نه‌یگوت شاعیرم و باری ته‌مبه‌ڵی نه خسته سه‌ر شانی خۆی.! لێره‌دا نامه‌ی کاک بهروزی سه‌باره‌ت به شیرینی و جوانی بلاو ده‌که‌مه‌وه. :

« به‌حری ته‌ویل بۆ کاک که‌ریمی بێ به‌دیل !

سلاوێکی پاک و بێ به‌رتیل

ده‌ڵێن چاڵێک هه‌یه چاڵ ویل. هه‌ر چی تێدایه زار و زه‌لیل. ره‌ش و تاریکه وه‌ک قیل. ئاخراوه له شۆره سوار و کچی نه‌شمیل. یان گزتر و گورگ و فیل. گوایه مه هدی مه‌و عودیش به رێکه‌وت له وێنیه و ...ده‌ر خواردی ده‌ده‌ن به به‌ر میل !!

ئه‌م قافیه‌ی سه‌ره‌تا تاوانی تۆیه. ده‌نا فه‌رقی زۆره کۆی سنجق و کۆیه. هه‌ر وه‌ک فه‌رقیان هه‌یه « له بۆیه » و

« لۆیه ». بێ به‌دیل سه‌ره‌تای قافیه‌و ناز ناوی تۆیه. وای له باتی چاک و خۆشیه کرد، بۆیه !

مه‌به‌ست ئه‌وه بوو بت دوێنم به نامه. هه‌ر چه‌ند له‌وانه‌یه پێت وابێ نامه‌ی وا بێ تامه. به لاّم ئه‌وه‌ی ئه‌مڕۆ تامی هه‌بێ کامه ؟ هه‌ر چی به

شوێن کامی پیرۆزەوەیە ناکامە. ئەم هەموو رەنج و کوێرەوەریە هەتا ئێستا بێ ئاکامە. هەموو کوردێک چاوەروانی ئەنجامە. تا بزانین چیمان نووسراوە لە کار نامە.

لە مێژە سەرت سپی و دەمێکە سینبەرت قورسە. یەکەمیان جێگای رێز و دووهەمیان مایەی ترسە. ئاخر جارێکیش لە چوکەو رەفیقانی خۆت بپرسە.

هەر من بووم هەتا ئێستا زەنگم لێداوەو نامەم نووسیوە. رۆژنامەم خوێندۆتەوەو لێتم پرسیوە. تەنانەت هەدام نەداوە بە سگی برسیوە.

بەلام قەی ناکا من سەبرم زۆرە. نێو چاوان تێک مەنێ و لێشم مەتۆرە. با دە بە یەکیش بێ بە نۆرە. دە جار بەشی من و جارێکیش تۆ بنۆرە!

تلیفونم گۆراوە بە کۆد و ژمارەی تازە. بە لام لە قسە خۆشەکانی تۆ بێ بەش و بێ نازە. هەر چی دەبیسم باسی کەند و کۆسپ و هەورازە. ئاهەنگیان لە گوێم دا سازی ناسازە. ئاخوند و مەلا قرێ تێ ناکەوێ دەلێی بەرازە!

کێ گرێ دەکاتەوە لەم رازە؟

کۆد و ژمارەی تازە (.......-...)ە. کاغەزم سپی و قەلەمم رەشە. بەلام قسەم ئەگەر چی رەق بێ، هەرگەشە. هەر وەک قسەی تۆ لە بیر ناچێ هێند خۆشە!

ئادرسیشم ئێستا شارێکی ترە. ژمارەو شوێن و بارێکی ترە. ناوم وەک جاران بەلام دانیشتنی خیابانێکی ترە. ژمارەی پۆستیش ئەوی کۆن نی‌یە نومرەیەکی ترە. وا دیارە کەم کەم لە وەزن دەر دەچێ و قافیەکی ترە!

ئەمە ئادرسە :Behroz.K ناوم. جێگای دانیشتن .... ماوم.

ژماره‌ی پوستیش .... قاوم. بۆ خوێندنه‌وه‌ی سه‌ر ده‌می نوێ و شته باشه‌کانیشی به تاوم. سه‌رت سپی و عومرت درێژ تر بێ. بهروز ۸۸/۱/۲۲»

له سه‌ره‌تای مانگی ۸۸/۲ کۆمه‌له‌ی کوردستان له « گوتنبورگ» داوای لێ کردم که له سیمینارێک دا له سه‌ر شه‌ری ئیران و عیرا ق ناخافتنێکم هه‌بێ . وتاره‌که‌م به ناو وتیشانی « شه‌ری ئیران و عیراق و ته‌ئسیری له سه‌ر جولانه‌وه‌ی رزگاریخوازی کورد » له ژماره ۲۵ی مانگی فیوریه‌ی ۹۸۸ی رۆژ نامه‌ی « سه‌ر ده‌می نوێ» دا بلاو کراوه‌ته‌وه.

ئێواره‌ی ۱۲/۲/ ۸۸ کاک سه‌ید حه‌سه‌نی هاشمی و کاک محه‌مه‌دی قادری که بۆ به‌شداری له کۆنگره‌ی فیدراسیونی کۆمه‌له کوردستانیه‌کان هاتبوونه سوید، منیشیان به سه‌ر کرد بۆوه‌و میوانی من بوون. کاک سه‌ید حه‌سه‌ن که خه‌به‌ری جیا بوونه‌وه‌ی هه‌له‌نه بژێردراوه‌کانی کۆنگره‌ی هه‌شتی حیزبی دێموکراتی پێ بوو، گوتی: پێم باشه ئه‌گه‌ر یه‌کیان له سوله‌یمانی بێت قسه‌یان له گه‌ل بکه‌ی و ئه‌ی ، ئامۆژگاریه‌ک، نازانم چۆنت پێ چاکه. خه‌راب نیه. ته‌لیفونی مالی سه‌ید برایمی پێ بوو ، گوتی له سوله‌یمانی له مالی سه‌ید برایمی ده‌بن. به راستی ته‌نیا له به‌ر ئه‌وه‌ی نه‌کا کاک سه‌ید حه‌سه‌ن وا بیر بکاته‌وه له به‌ر پاره‌ی ته‌لیفون نامه‌وێ ته‌لیفون بکه‌م، ته‌لیفونم کرد بۆ مالی سه‌ید برایمی له سوله‌یمانی گوتم ده‌مه‌وی له گه‌ل کاک جه‌لیلی یا مه‌لا حه‌سه‌نی رستگار قسان بکه‌م. گوتی مه‌لا ره‌سول لیره‌یه. ئه‌وانیتر هیچیان لیره نین، ته‌لیفونی دا به مه‌لا ره‌سووی. دوای چاک و چۆنی مه لا ره‌سوو گوتی : « ئه‌وانه‌ی وه‌لا نراون ده‌یانه‌وێ هه‌ر به ناوی حیزبی دێموکرات کار بکه‌ن. »

گوتم له زمانی منه‌وه پێیان بلێ ئه‌و کاره‌ی نه‌که‌ن و جیا نه‌بنه‌وه راست نیه. ئه گه‌ر هه‌ر جیا ده‌بنه‌وه با ناوێکی تر له خۆ بنێن و

ڕێکخراوی تازەی خۆیان دابمەزرێنن و بە ناوی حیزبی دیموکرات کار نەکەن.

مەلا ڕەسول گوتی : « حەسەن چۆتە خوارێ و کەسیان لێرە نیە» کاک سەید حەسەنیش برێکی قسە کرد. دیار بوو ئامۆژگاریەکانی من بێ فایدە بوون، چونکە ئەوان ماموستاو ڕاوێژکاری ژێر تریان هەبوو .!

ڕۆژی ۸۸/۲/۱۳ ئەم نامەیەی مامە غەنیم بۆ هات کە ۸۸/۲/۳ نوسیبووی :

« هاورێی بە ڕێز و خۆشەویستم کاک کەریم ڕوژ باش.

سلاوی گەرم و بە تینی خۆم و خێزانم بۆ خوشکە خەجیج و جەنابت بە هیوام لە ڕێبازی خزمەت بە ئینسان و بە تایبەت بە نەتەوە زۆر لێکراوەکەمان سەر کەوتوو بی. کاتێک خێزانم هات دیارە پێش گەیشتنە لام هۆدەیەکی بە وێنەی «سا»یان پێ دام کە جێگای دوو کەسی بوو. لە گەڵ سرویس و چشتی پێویست و گوازتمەوە هەڵبەت بۆ موقەت، تا جێگای یەکجاریم بۆ دیاری دەکرێ بە داخەوە جیگەی تلفونی هەیە بەلام وصل نەکراوە و هەر ئەو ڕۆ وێەیانی دەکەن بەلام لام وایە تا خانوی یەکجاریم پێ نەدەن بیری تلفونیان نیە. خانوی یەکجاری دیارە تا مانگێکی تر ڕەنگە ... تلفونەکەت بۆ دەنوسم بە لام هەر وەک خۆت شارەزای رایان گەیاندوە کە نابێ ئادرسەکە بە کەس بدرێ چونکو من تەنیا نیم دیارە تۆ خۆت لە مەبەست دەگەی و لای خۆت دەمێنێ. چی بکەین نە هێنی کارێە و چی لە گەڵ ناکرێ !

لە وانەیە کاک حەمەدەمین سەر و کەلەی لێرە پەیدا بێ بە لام نازانم کەی. وردە وردە کارم کردۆتە سەرجەماعەت کە کاکی خۆم ئێوە بێ کورد و کوردستان قاچێکوو لەقە بزانم چی تێ دەگەن بە هیوام وابێ منیش لەو سەنگەرەدا لە پێش هەموو شتا نەتەوەی زۆر لێکراوی خۆم لەبیرە و

فه راموشی ناکەم هەر وەک گشت چشتێکی ژیانم تا ئێستا بۆ تەرخاز کردوە.

کاکی برا جلدی دووی بیرەوەریەکانت گەیشتە لام خوێندمەوە و برادەرانی گەرمێن وەریان گرت و ئێستا لای وانە لە گەڵ خێزانم دوو قوڵی خوێندمانەوە و بۆنی کوردەواری لە دێرەکانی دێ. بە هیوام جلدەکانی تریش بگاتە دەستم. جوابی خوشکە مەرزەی جواغردم بە هۆی کاک حامیدی ناردەوە و ئادرێسی برادەرێکم لە باکو بو هەنارد کە بەم ئادرێسە بتوانێ کابرای گۆرین پەیدا بکات ئەگەر دژی نهێنی کاری نەبێ وەک کابرا ئەڵێن ئەوا تەلیفونی منتان لە کوێ گیر هێناوە. دیارە بالاخرە دەستیان دەگاتە یەکتر. سەبارەت بە جەنابی شیخ عیزالدین بە هیوام ساخ و تندروست بێت و بەعشی باش ناسیبێ انشاألله. نازانم جەماعەتی ١٥ نفرەی گۆرین چۆن هاتونە ئەوێ دیارە بۆنیان کردوە کە مەترسی هەیە یا خود چشتی تر دیارە جەنابت لە ئێمە ئاگادار تری بێسیمی تۆ لە هی ئێمە باشتر کار دەکات. پێم خۆش بوو چونیەتیەکەی بزانم داخوا چییان لێ قەوماوە وا بە کۆر و کۆمەڵ هەڵوەدا بوون خێری تیا بێ. بالاخرە نەمزانی خوشکە خەجیج لاتانە یا لە صوفیایە بە تەمام نامەی بۆ بنووسم وەلامم بدەرەوە ئاخو هەر لە ئادریسی گۆریتە یان خێر. کاکی برا سوپاسی هەستی دۆستانە و رەفیقانە و هاو خوێنانەت دەکەم سەبارەت بە ضبط و شتی تر کە دەر حەق بە من کۆتاییتان نە کردوە. دیارە سەردەمی نوێ کوردی و ئینگلیزیشم پێ گەیوە و هەر دوو کیان بۆ من بە کەلکن و فرە بهرەیان لێ وەردەگرم لە گشت بارەوە. سەرێکم دا لە ماڵی برا گەورە کابرایەک هەواڵی تۆی دە پرسی وتم دەی کێڵێ و بە قەدری توانا ئاگامان لێک هەیە. ئیتر بە هیوای کامرانی و سەر کەوتنتان. برات غەنی ٨٨/٢/٣»

سەفەر بۆ ئەڵمان

ڕۆژی ۹۸۸/۲/۲۳ لە سەر بانگێشتنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئوروپا لقی ئەڵمانی ڕۆژ ئاوا بۆ سێمینارێک لە سەر دووی ڕێبەندان و پێک هاتنی کوماری کوردستان بەرەو ئەڵمان کەوتمە ڕێ. ڕۆژی دوایی سەعاتی یەک گەیشتمە کۆلْن. کاک فەریدوونی میتران هاتبوە ئیزگەی قەتار و چووینە ماڵی ئەوان. شەو کاک سەعیدی بریفکانی و کاک جەماڵی زاریع و کاک حەسەنی ماوەرانی هاتنە لام و تا درنگ دانیشتنەکەمان بە باسی سیاسی گەرم داهێنا بوو. کاک قادر دیلان و گۆرانیش لە پراگەوە هاتبوون و ئەم نامەیەی مامە غەنی یان بۆ هێنا بووم:

« هاورێی بە ڕێز کاک کەریم. پاش ڕێز و سلاو هیوا دارم سەر کەوتوو بی. ئەوا کاک گوران هاورییەکی ناسراو کە لێرە لە فیستیواڵی آهەنگە سیاسیەکانی جیهانی لیرە شرکەتی کردوە پێم خۆش بوو لەو بارەوە سوآلی لێ بکەی چ کارێکی بە نرخی کردوە. ئەگەر پێویست بێ لە سەر دەمی نوێ دا بلاو بکرێتەوە. دەنگدانەوەیەکی باش بە قازانجی کوردەواریە. ضمننا ئەگەر ظبطەکەت هاوردوە ئەو برادەرە جێگای باوەری منە پێی بدە با بیهێنی زور سوپاس چونکو لە سەر ڕزین بور بە پەلە ئەو چەند خطەم نووسی.ضمناجێگای خۆیەتی بۆ جیژنی نەوروز جەنابت ماموستا شیخ عزالدین و کوری باشی جوان لە گەڵ خۆتا بهێنی بۆ ئەم فیستیوالە من بە برادەرانی خوێندکاری ئیرە کاک شیخ و ئەوانە دەلێم

لیتان بگیرنه‌وه منیش ئه‌وا خه‌ریکی پاسپورتم بلام به داخه‌وه هیچم نیه نازانم چیم پیٰ ده‌کریٰ. ئیتر هه‌ر خوش بی ۲/۲۷»

وه‌لامی نامه‌ی مامه غه‌نیم دایه‌وه‌و ظبطیکی زۆر باشم هه‌بو بۆم نارد و به بۆنه‌ی هاتنی خیزانی وه‌ک دیاریه‌کی پچوکی برایانه ۵۰۰ دۆلاریشم بۆ نارد.

ته‌لیفونم کرد بۆ دوکتور جه‌میل شه‌ره‌ف که له هوله‌نده ده‌ژیا. براده‌ر و دۆستیکی قه‌دیم و ده‌میک بوو پیم خوش بۆ چاوم پیٰ بکه‌ویت. دوکتور جه‌میل هات و شه‌و پیکه‌وه بووین. له سه‌ر شه‌ری ئیران و عیراق باسیکی خه‌ستمان بوو. دوکتور جه‌میل به ته‌واوی داکۆکی له سیاسه‌تی یه‌کیتی نیشتمانی ده‌کرد و ته‌نانه‌ت گوتی:

« حکومه‌تی ئیران له گه‌لٰ مام جه‌لال په‌یمانی هاوکاری و یارمه‌تی ئیمزا کردوه.» هه‌وه‌لجار بوو ئه‌وه‌م ده‌زانی. ئه‌گه‌ر وابایه زۆرم پیٰ خوش ده بوو که بزووتنه‌وه‌ی کورد بگاته ئه‌م پله‌یه له گه‌لٰ ده‌وله‌تیک په‌یمان ببه‌ستیٰ. به‌لاٰم بۆم قوت نه‌درا که ئیران له‌گه‌لٰ مام جه‌لال په‌یمان ئیمزا بکات.

ئیواره‌ی ۹۸۸/۲/۲۷ سیمیناری دووی ریبه‌ندان به وتاری من ده‌ست پیکرا. گه‌لیک پرسیار کران و براده‌ران به‌شداریان کرد و شه‌ونکی خوش و رێکو پیک به‌رێوه چوو.

رۆژی دوایه چوومه سه‌ردانی مینا خانمی قازی که ۳۰ سالٰ بوو نه‌مدیبوو. شه‌و چوومه خزمه‌ت شیخ ته‌ها و له لای ئه‌و نانی شه‌ومان خوارد و شه‌ونکی خوشمان برده سه‌ر.

رۆژی ۹۸۸/۳/۳چوومه بیرلین و میوانی کاک هوشیاری ئیمامی بووم. رۆژی دوایی گه‌رامه‌وه بۆ سوفیا، تا جیژنی نه‌ورۆز به قه‌ولی برایانی کرمانجی سه‌رووی کوردستان له گه‌لٰ منداله‌کانم (پیرۆز بکه‌م).

کۆنگرەی ١٥ی یەکێتی خوێندکارانی جیهان، رۆژی نەورۆز (٢١/مارسی ١٩٨٨)ی بە رۆژی پشتیوانی لە خەباتی گەلی کورد دیاری کرد بوو. کومەڵەی خوێندکاراتی کوردیش لە ئورووپا بریاری دابوو لە شاری کولن لە

ئەلمان بە بەشداری گەلێک لە کەسایەتە کوردەکان و بێگانە و رێکخراوەی سیاسی و کۆمەلأیەتی نەورۆز بکات.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئورووپا لە رێکەوتی ١٩٨٨/٣/٥ بە هۆی ئەم نامەیەی خوارەوە لێی گیرا بوومەوە کە لە ئاهەنگی نەورۆزدا لە کولن بەشداری بکەم. ئەمەش دەقی نامەکەیە :

«هەڤاڵی تێکۆشەر - کەریمی حسامی -- سلأونکی شۆرشگێرانە.

کۆمەلەمان ئاهەنگێکی سیاسی - هونەری بە بۆنەی نەورۆزی پیرۆز، گەورەترین جەژنی نەتەوایەتی گەلەکەمان رۆژی هاوکاری جیهانی لە گەڵ میللەت و خوێندکارانی کورد. لە ئەلمانیای رۆژ ئاوا- کولن- رۆژی ١٩٨٨/٤/١ ساز دەکات. زۆر پێخۆشحاڵین جەنابتان بەشداری لەم ئاهەنگەدا بکات و ئامادە بوونتان زیاتر ئەم بیرەوەریە روشن دەکاتەوە.

تێبینی - داواتان لێ دەکەین لە کۆڵن پەیوەندی بەم ژمارەی تەلەفونانەوە بکەن..............

لە گەڵ جوانترین ریز و سلأومان - پراک ١٩٨٨/٣/٥ - سکرتاریەتی دەستەی بە رێوە بەرایەتی گشتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئورووپا.»

هەواڵێکی دڵتەزێن و کارەساتێکی سامناک

رۆژی ١٩٨٨/٣/١٧ هەواڵدەرەکانی جیهان هەواڵی داخدار و سەر سامهێنەری بۆمبارانی کیمیایی شاری هەڵەبجەی خوارووی کوردستانیان بڵاو کردەوە.فرۆکەکانی حکومەتی فاشیستی بەعسی لە ماوەی چەند دەقیقەدا، بە پرژاندنی گازی ژاراوی پتر لە پێنج هەزار کوردی شاری هەڵەبجەیان قڕ کرد. تەمی خەم و پەژارە کوردەکانی داگرت و نەورۆز لە کورد بوو بە تازیەو بەهاریان لێ بوو بە زستان.

٩٨٨/٣/٢٠ خوێندکارە کوردەکانی بولگاریا بە ناوی نەورۆز لێک کۆ بوونەوە. لەوێدا سەبارەت بەم جنایەتە سامناکە وتارێکم خوێندەوە. رۆژی ٣/٢٥ فەریدونی میتران تەلیفونی کرد و هەواڵی لەتبوونی حیزبی دیموکرات و بڵاو کردنەوەی بەیاننامەی (رێبەرایەتی شۆرشگێر)ی پێ ڕاگەیاندم و داوای کرد کە گیر نەبم بچمە ئەڵمان..

رۆژی دوایی دوکتور جەمشیدیش هاتبوە بێرلین و شەو لە ماڵ سروشی کوری کاک جەماڵ خەزنەداری ماینەوە. کاک جەمالیش لە عیراقەوە هاتبوو، دیدارێکی خۆش و شەوێکی خۆمانەمان بردە سەر.

کاک هوشیاری ئیمامی تەلیفونی کرد و گوتی:« برادەرێکی سازمانی فیدایی - ئەکسەریەت - لێرەیەو دەیەوێ چاوی پێت بکەوێ.» کە چووم ئاغای فەتا پور بوو. بەیاننامەی (رێبەرایەتی شۆرشگێر)ی پێبوو. هێندی پرسیاری کردو داوای بیرو رای منی کرد. گوتم بە رای من ئەوانەی جیا بوونەوە لە بواری فیکری و سیاسی لە گەڵ جەماعەتی قاسملوو هیچ

جیاوازي و ناتەباییان نیه. من فەرقێک لە نیوانیاندا نابینم. دوور نیە ئەم جیا بوونەوە دەستی خەڵکیشی تێدا نەبێ.

رۆژی ۸۸/۳/۲۹ لە گەڵ دوکتور جەمشید سواری قەتار بووین بۆ کۆڵن و میوانی فەریدونی میتران بووین . بەڵام ماڵەکەی ببوو بە هوتێل. غەنی بلوریان و حوسێنی بەخشی و فهد گەردەوان بە خاو خێزانیانەوە لە ماڵی فەریدون بووین . شەو ورۆژی خۆشمان بە دانیشتن و خواردن و خواردنەوە وباسی سیاسی دەبردە سەر.

۱۹۸۸/٤/۱ئاهەنگی نەورۆز بە بەشداری خەڵکێکی یەکجار زۆر لە ژێر دروشمی « **با خوێنی شەهیدانی هەڵەبجە بکەینە مەشخەڵی نەورۆزمان** » دەستپێکرا. کاتێک غەنی بلوریان رابوو کە بپەیڤێ ، کۆمەڵێک لە ئێرانیەکانی چەپی خواری دژ بە حیزبی تودە کردیانە هەرا و داوایان دەکرد کە غەنی بلوریان دەبێ وەدەر کەوێ. فەریدونی میتران و کورەکانی دیکە بە توندی بە دمیان داداتەوەو بێدەنگیان کردن.

پاشان لە ژێر ناوی (نەورۆزی خوێناویدا) ئەم وتارەی خوارەوەم پێشکێش کرد کە لە لایەن بەشدار بوانی ئەهەنگی نەورۆزەوە، بە گەرمی پێشوازی لێکرا. ئەمەش دەقی وتارە کەیە کە لە ژمارەی ئەپریلی ۱۹۸۸ی رۆژنامەی سەر دەمی نوێ-شدا بڵاو کراوەتەوە:

« بستێکم نەدي لەم خاکە جوانە -- خوێناوی کوردي پیا نەرژا بێ»
« یا چیایەکی ئەم نیشتمانە -- هەزاران مێشکی تیا نەپژا بێ »

کاتێک کونگرەی ۱۵ی یەکێتی قوتابیانی جیهان لە کوبا بە هەوڵ و تێکۆشانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئوروپا بریاری دا کە نەورۆز بکرێ بە رۆژی پشتیوانی لە قوتابیان و خەباتی نەتەوەی کورد، نەیدەزانی کە رژێمی دیکتاتوری بەعسی عیراق پێنج رۆژ پێش نەورۆز، لە کاتێکا گەلەکەمان لە کوردستانی خوێناوی لە نێوان شەرە تۆپ و

بۆمبارانی دوو حکومه‌تی دیکتاتور و شۆڤینی و شه‌ر خوازدا، سه‌ره رای ویران کردنی کوردستان و کوشتاری به کۆمه‌ڵی لاوانی کورد، به کوێرایی چاوی دوژمنان خۆی بۆ ئاهه‌نگی نه‌وروز ئاماده ده‌کرد، له‌شکری داگیر که‌ری حکومه‌تی کۆنه‌په‌رستی ئیران شاری هه‌ڵه‌بجه داگیر ده‌کا و حکومه‌تی فاشیست و داخ له دڵی عیراقیش ده‌یکاته ئه‌نجه‌ت و بیانوو، شاری هه‌ڵه‌بجه‌و ده‌ور و به‌ری به چه‌کی کیمیایی و به گازی ژاراوی که له یاسای نێو ده‌وڵه‌تاندا به کار هێنانی قه‌ده‌خه کراوه بۆمباران ده‌کا و هیروشیمایه‌کی دیکه له کوردستانی خوێناوی له شاره‌زوری جوان و ره‌نگین دینێته وه سه‌ر لاپه‌ری مێژوو. پتر له پێنج هه‌زار که‌س خه‌ڵکی بێ تاوان و بێ دیفاع و ژن و منداڵی ساواو پیره مێردی کورد قڕ ده‌کا و جێژنی نه‌وروز له گه‌لی کورد ده‌کا به شین و شه‌پۆر و تازیه. ئه‌وه‌ی حکومه‌تی عیراق له هه‌ڵه‌بجه کردوویه، ئه‌گه‌ر له گه‌ڵ کات و زه‌مان و شه‌ری نێوان دوو ده‌وڵه‌تی ژاپون و ئه‌مریکا به‌راوردی بکه‌ین، له کاره‌ساتی هیروشیما که‌متر نیه. چونکه گه‌لی کورد و کوردستان چ پێوه‌ندنیکیان به شه‌ری نێوان ئه‌و دوو حکومه‌ته دیکتاتوره‌وه نه‌بوه. به‌ڵام ئه‌وان شه‌ریان خستۆته کوردستان و نیشتمانی ئێمه‌یان کردۆته مه‌یدانی شه‌ر و ده‌یانه‌وێ به چه‌کی ژاراوی میلله‌ته‌که‌مان له‌ناو به‌رن. به‌ڵام له سه‌ر ئه‌وه‌شه‌وه ئه‌وه‌ی جێگای داخ و که‌سه‌ر و ره‌خنه‌و ئیعترازی میلله‌تی کورده ئه‌وه‌یه که ده‌وڵه‌ته گه‌وره‌کان و حیزب و حکومه‌ت و کۆر و کۆمه‌ڵی دیموکرات و ئاشتیخوازه‌کان، له ئاست ئه‌م جنایه‌ته سامناکه و له ئاست کوشتاری به کۆمه‌ڵی خه‌ڵکی کورد، له ئاست سیاسه‌تی ژینۆسیدی رژیمی به‌عسی عیراق بێده‌نگ ده‌بن.

بێده‌نگی له ئاست ئه‌و جنایه‌ته‌ی که ئیمرۆ حکومه‌ته دیکتاتوره‌کانی ئیران و عیراق و تورک له گه‌ڵ کوردی ده‌که‌ن، ریسوایی و شه‌رمه بۆ

مرۆڤایەتی و بۆ ئەو داد پەروەریەی کە ئیدیعای دەکەن.

راستە نەورۆزی ئەو ساڵ لە گەلەکەمان بۆتە نەورۆزی ماتەم و شین، بۆتە بەهاری خویناوی، بەلام ئەشێ بیێتە هاندەری خەبات و تێکۆشانی بە گورتر. ئەشێ بیکەینە رەمزی یەکێتی و سوربوون لە سەر خەبات و راکێشانی سەرنج و پشتیوانی کۆر و کۆمەلانی جیهان و نەوەستان تا گەیشتن بە ئازادی و نە هێشتنی زوڵم و چەوسانەوەو جینایەت و خوێنرێژی.

میوانانی بە رێز، برایانی خۆشەویست ! ئاهەنگی نەورۆزی ئەمساڵی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئوروپا بە داخەوە کەوتۆتە کات و رۆژێک کە ١٥ رۆژ لە کارەساتی داخداری هەڵەبجە و ٤١ ساڵیش لە ئیعدامی پێشەوای گەلی کورد و هەوەڵین سەر کۆماری کوردستان قازی محمد و هاورێیانی رادەبرێ. رێگا بدەن با بە کورتیش بێ یادێکی ئەم رۆژەش بکەینەوە. با داخ و کەسەری لە داردانی پێشەوا لە گەڵ پرسەی شەهیدانی هەڵەبجە بکەینە سەر چاوەی قین و تورەیی و بێزاری دژی حکومەتانی دیکتاتور و داگیر کەری کوردستان.

رۆژی ١٠ی خاکەلێوە رێکەوتی ٣١ی مارتی ١٩٤٧ یەکێک لە رۆژەکانی پر لە داخ و خەفەت و لە بیر نەکراوی مێژووی خەباتی گەلی کوردە. لەو رۆژەدا پاش دادگایەکی فۆرماڵ و دوور لە داد، قازی محمد سەر کۆماری کوردستان و پێشەوای گەلی کورد و سەدری قازی نوێنەری مەهاباد لە پارلمانی ئێران و سەیفی قازی وەزیری بەرگری کۆماری کوردستان لە مەیدانی چوار چرای مەهاباد لە دار دران.

لە مێژووی خەباتی خویناوی نەتەوەی کوردا زۆر لە رێبەرانی بزووتنەوە و لە قارەمانانی رێگای رزگاری بە دەستی دوژمنانی کورد کوژراون و لە سێدارە دراون و ناویان لە لاپەری مێژوودا تۆمار کراوە.

گرنگی ئه‌م رۆژه و جیوازی ئه‌م کاره ساته له‌وه‌دایه که ئه‌مجاره سه‌ر کوماری ده‌وڵه‌تیکی کورد به تاوانی پیکهینانی حکومه‌تیکی نه‌ته‌وه‌یی کوردی و راگه‌یاندنی ده‌سه‌لاتی سیاسی کورد له به‌شیکی نیشتمانی له‌ت و په‌تکراوی دا، به ده‌ست و پیلانی ئینگلیز و ئه‌مریکا و به ده‌ستی دوژمنانی مرۆڤایه‌تی له سیداره ده‌درێت. هه‌ر ئه‌و گرینگی و تایبه‌تیه یه که رۆژی ۱۰ی خاکه‌لیوه‌ی کردۆته رۆژی شه‌هیدان و پیشه‌وا قازی محمه‌د یشی کردۆته سه‌ر قافله‌ی شه‌هیدانی کوردستان. دوژمنانی گه‌لی کورد، نه‌یارانی ئازادی و سه‌ر به‌ستی گه‌لان نه‌یان ده‌توانی ببینن له به‌شیکی نیشتمانی کوردان بنکه‌یه‌کی ئازادی و دیموکراسی دابمه‌زرێ و گه‌لی کورد له گه‌ڵ گه‌لانی دیکه‌ی ئیران به ئازادی و له ئاسایشدا بژی. ئه‌وان به خه‌یاڵی خاوی خۆیان به کوشتنی پیشه‌وا و ریبه‌رانی دیکه‌ی گه‌لی کورد بزووتنه‌وه‌ی رزگاریخوازی گه‌لی کوردیان مراند و هه‌ستی نه‌ته‌وایه‌تی و نیشتمانپه‌روه‌ری کوردیان خنکاند. به‌لام نه‌ته‌وه‌ی کورد نیشانیدا که حیسابه‌که‌یان هه‌ڵه بوه. قازی وه‌ک پیشه‌وایه‌کی هه‌ڵکه‌وتوو له به‌رانبه‌ر جه‌لاده‌کاندا به قاره‌مانه‌تی له ئامانج و ئاواتی گه‌لی کورد دیفاعی کرد. دوژمنانی گه‌لی کورد، ئیمپریالیسته‌کان زۆریان هه‌وڵدا که قازی له کرده‌وه‌و ئامانجی خۆ په‌شیمان که‌نه‌وه. به‌لام ئه‌و به سوێندی خۆی، به ئامانجی نه‌ته‌وه‌که‌ی وه‌فادار مایه‌وه. له به‌رانبه‌ر هه‌ره‌شه‌و ته‌ماع دا به چۆکدا نه‌هات و به دنیای نیشاندا که پیشه‌وای گه‌لیکی نه‌به‌ز و خه‌باتگیره. قازی له سه‌ر واده‌و به‌ڵێنی خۆی پیشوازی له مه‌رگ کرد و شه‌هید کرا. به پیچه‌وانه‌ی ئاواتی دوژمنان ئامانجی قازی هه‌ر مایه‌وه و زیندوه و هه‌تا دێ زیندوو تر ده‌بێ.

گومان له‌وه دا نیه هه‌ر وه‌ک له داردانی پیشه‌وا نه‌بوو به هۆی کپکردن و سه‌ر کوتکردنی جولانه‌وه‌ی رزگاریخوازی گه‌لی کورد،

کوشتاری هەڵەبجەو جینایەتی حکومەتە دیکتاتورەکانی ئێران و عیراق و تورکیاش ناتوانن ئیرادەی میللەتەکەمان تێک بشکێنن و خەباتی رزگاریخوازی نەتەوەکەمان بۆ گەیشتن بە ئازادی و سەر بەخۆیی کورد و کوردستان سەر کوت بکەن. سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی رێگای رزگاری کوردستان.»

دوای گەرانەوەم لە ئەڵمان رۆژنامەی سەر دەمی نوێ لە چەند ژمارەدا لاپەرەکانی خۆی بۆ دەنگدانەوەو لە قاودانی ئەم جنایەتە سامناکە تەرخان کرد. لە ژمارە ٢٧ ئەپریلی ١٩٨٨ی (سەر دەمی نوێ)دا، ئەم وتارەی خوارەوە بە قەڵەمی کەریمی حسامی دەخوێننەوە :

« لەکارەسات مەزنتر...ئەوەی لە ئەنجامی شەری دوو حکومەتی کۆنە پەرست و شوڤێنیستی ئێران و عیراقدا بە سەر گەلی کورد هاتوە، گەلێک لە کارەسات گەورە تر و داخدار ترە. ئەوەی حکومەتی فاشیستی بەعس بە سەر شاری هەڵەبجەی هێناوە، هیروشیمایەکی پاش ٤٣ ساڵ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دوو پات دەبێتەوە. دیارە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دواییدا، ئەوەی حکومەتی بەعسی عیراق لە کوردستان کردوویەتی رووی گشت رەگەز پەرست و فاشیستێکی سپی کردۆتەوە. بەلام باسەکەی ئێمە لە سەر کارەساتی هەڵەبجە یەو هەر چی لە سەریشی بنووسرێ کەمە.

لە ساڵی ١٩٣٥ کە لە کونڤانسیونی ژنێڤ بە کار هێنانی چەکی کیمیایی قەدەخە کراوە و پاش شەری دووەمی جیهانیش تا ئەمرۆ گۆیا مرۆڤایەتی پل و پایەتی کە پێشگری لە بە کار هێنانی چەکی قڕ کردنی بە کۆمەڵ بکا و نەهێڵێ جارێکی تر کارەساتی هیرو شیما دوو پات بێتەوە. بەلام روو داوەکان دەری دەخەن کە ین و بەینی نێو دەوڵەتان، وشە و ئاخافتنی پشتی میکرۆڤۆن، نووسینی سەر کاغەز و پێ

هەڵشاخانی دیفاع لە مافی مرۆڤ و ئازادی و دیموکراسی هەمووی بەیت و باوەو تەقەلایەکە بۆ پینە کردنی تاوان و جینایەتی ملهوڕ و زۆرداران. دەنا ئەگەر وانەبێ چۆن حکومەتێکی خوێنخۆر شارێکی ۷۰ هەزار کەسی لە ولاتەکەی خۆیدا پەلامار دەدا و بە بۆمبای کیمیایی و بە گازی ژاراوی سیانور و خەردەڵ لە ماوەی چەند دەقیقەدا پێنج هەزار کەسی بێ تاوان قڕ دەکات و دەیان هەزار کەسیش بریندار و ئاوارەو سەر گەردان دەکات.

بەشێکی دیکەی ئەم کارەساتە ئەوەیە کە لە بەرانبەر ئەم جینایەتە سامناکە دا کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان بێ دەنگە و تەنیا لە هێندێ ولات بێ ئەوەی ناوی حکومەتی تاوانباری بەعسی بێنن هەر بە قسە بە کار هێنانی چەکی کیمایی مەحکوم دەکەن. لە هێندێ ولاتیش هەر وەک هیچ نەقەوما بێ و جینایەتێک نە کرا بێ قور و قەپی لێدەکەن و هەر باسی ناکەن. ڕێژیی کۆنە پەرست و شەر خوازی ئێرانیش کە لەم جنایەتەدا شەریکە بەشە، تەبلیغاتی پێوە دەکات و دەیەوێ لە سەر حیسابی خوێنی پێنج هەزار کوردی بێکەس و کار ڕووداوەکە بە قازانجی خۆی وەرگێڕێ. ئەوەیە چارە نووسی میللەتی ژێر دەست و بێ پشتیوان. چارە نووسی نەتەوەیەکی دەیانجار ڕاپەڕیو، فیداکار و تێشکاو وبەلام دەرس وەر نەگرتوو. ئەم باسە زۆری بە بەرەوەیە، ئەم هەویرە زۆر ئاو هەڵدەگرێ. ئەگەر بە وردی لە هەموو کون کاژێری مەسەلەکە بکۆڵینەوە و لێکی بدەینەوە، لەوانەیە لە لاپەرەکانی ڕۆژنامەدا جێگایان نەبێتەوە. بە پێچەوانەی بیرو ڕای چەند کەس کە لەم بوارەدا بە دڵسۆزی نامەیان بۆ « سەر دەمی نوێ » ناردوە، کاتی بە با کردنی کای کۆن نیە، کاتی سەر کۆنەی ئەم و ئەو و پلار تێگرتنی کوێر کوێرانە نیە. کاتی تازیە گرتن و وڕە بەردان و بێ هیوایی و نا هومێدیش نیە. نەتەوەیەکی بۆ

سەر بەستی تێبکۆشێ رێگای هەر ئەوەیە. هەر چی بێ، هەر چۆنی لێک بدرێتەوە، خەتا بارو جنایەتکار و دوژمنی سەرەکی میللەتەکەمان هەر حکومەتە داگیر کەرەکانی کوردستانن کە دەیانەوێ هەر چۆنێک بێ نەتەوەکەمان لە ناو بەرن. تاوانبار گەلی کورد نیە کە پیاوانە راپەریوەو بۆ وەدەستهێنانی مافی رەوای نەتەوایەتی خەبات دەکات. تاوانبار هێزە سیاسیەکانی کورد نین کە هەوڵ دەدەن بۆ سەر کەوتنی جولانەوەی رزگاریخوازی کورد رێگا بدۆزنەوە جا با لەو هەوڵ و تەقەلایەشدا تووشی کەندو کۆسپی ناهەمواریش بن. رێگای خەبات رێگایەکی دژوار و بەردەلانە. تاوانبارو جنایەتکار دوو حکومەتی دیکتاتوری ئێران و عیراقن کە شەری گەوجانەو خویناوییان خستۆتە کوردستان و بە هەر تک لا دەیانەوێ نیشتمانەکەمان خاپور بکەن و گەلەکەمان لە بەین بەرن. تاوانباری سەرەکی حکومەتی فاشیستی بەعسە کە چۆلکردنی کوردستان و تواندنەوەی گەلی کوردی کردۆتە بەر نامەی سیاسەتی چەپەڵ و نگریسی خۆی و ئەوە چەند ساڵە بە کردەوەش بە رێوەی دەبات.

ئێستا کەسانی وا هەن دەڵێن ئەگەر ئێران نەچوبا نێو هەڵەبجە عیراق بۆمبارانی نە دەکرد. رەنگە ئەوە بەشێکی پچوکی مەسەلەکە بێ، بەشی سەرەکی جەوهەر و خاسیەت و سیاسەتی حکومەتی ئێستای عیراقە کە قەلاچۆ کردنی کوردو وێرانکردنی کوردستانی نامانجە. باشە، خۆ سەردەشت خاکی عیراق نەبوو کە لەشکری بێگانە داگیری بکا، بۆ چی بە چەکی ژاراوی بۆمبارانی کردو بە هەزاران کەسی شەهید کرد و تووشی نەخۆش و برینداری و ماڵوێرانی بوون.

بەلای ئێمەوە کاتی ئەوەیە کە خوێنی شەهیدانی هەڵەبجە و هەموو کوردستان بکەینە چیمەمەنتۆ و کۆنکرێتی دیواری رێزەکاتی یەکگرتووی

گه‌له‌که‌مان و بیکه‌ین به قه‌لایه‌کی ئه‌وتۆ که جارێکی تر نه بۆمبای ژاراوی و نه فرِو فێڵی رێژیمه کۆنه په‌رسته‌کان نه توانێ کاری تێ بکات و هه‌ڵه‌بجه‌یه‌کی تر له کوردستان دوو پات کرێته‌وه. کاتی ئه‌وه یه به‌هه‌موو تواناوه جینایه‌تی ئه‌م دوو رێژیمه کۆنه په‌رسته له قاو بده‌ین و داوای ره‌وای میلله‌ته‌که‌مان به دنیا بناسێنین. کاتی ئه‌وه‌یه بۆ رێز گرتن له گیانی ئه‌و رۆڵه بێ تاوانانه‌ی که به ده‌ستی دوژمنانی کورد کوژراون بۆ یه‌کێتی هه‌وڵ بده‌ین و پشتی یه‌ک بگرین و له دوو به‌ره‌کی و ناو وناتۆره‌ی بێ جێ که دوژمنی پێ شاد ده‌بێ خۆ بپارێزین و ته‌بینه داره‌ده‌ست و قوڵه چۆماغی ئه‌و حکومه‌تانه که دوژمنایه‌تیان له گه‌ڵ گه‌لی کورد و ئازادی و دیموکراسی جێگای گومان نیه.

ده‌با کاره‌ساتی دڵته‌زێن و خه‌فه‌تباری هه‌ڵه‌بجه ببێته هانده‌ری پتری تێکۆشان و خه‌باتمان بۆ گه‌یشتن به مافی ره‌وای نه‌ته‌وایه‌تی، بۆ رزگاری له زوڵم و زۆرداری و چه‌وساندنه‌وه، با ببێته ده‌رس و ئه‌زموونی به نرخ بۆ جولانه‌وه‌ی رزگاریخوازی نه‌ته‌وه‌که‌مان.»

دوای ئاهه‌نگی نه‌ورۆزی کۆلن له ئه‌ڵمان، من هێشتا هه‌ر له‌وێ بووم، حامیدی گه‌وهه‌ریش په‌یدا بوو. له ماڵی فه‌ریدون له سه‌ر له‌تیوونی حیزبی دیموکرات و به‌یاننامه‌ی (رێبه‌رایه‌تی شۆرشگێر) ده‌ستمانکرد به باس و لێکدانه‌وه. من هه‌ر ئه و ده‌م له سه‌ر ئه‌و بروایه بووم که ئه‌م جیا بوونه‌وه ناکۆکی سیاسی و بیرو باوه‌ری تێدا نیه و پتر مه‌سه‌له‌ی شه‌خسی و ره‌نگه هاندانی بێگانه‌شی تێدا بێ. فه‌ریدون و حامید لایان وابوو هه‌ر چۆنێک بێ ده‌سه‌لاتی دیکتاتوری قاسملو که‌م کراوه‌ته‌وه و ئێمه پێویسته هه‌ڵوێستێک بگرین. غه‌نی بلوریانیش جارو بار به چه‌ند وته‌یه‌ک به‌شداری باسه‌که‌مانی ده‌کرد. ئاخره‌که‌ی هاتینه سه‌ر ئه‌و بروایه که ئه‌گه‌ر ئه‌وانه‌ی جیا بوونه‌وه به ره‌سمی و به نووسین بریاری

دەرکردنی کادرو ئەندامەنی حیزب هەڵوەشێننەوە و بە ئەندامی حیزبیان بزانن، ئیمە پشتیان بگرین و هاوکاریشیان بکەین. ئەوەش بە بۆ چوونی ئیمە مەنتیقی بوو، چونکە ئەوان لە بەیاننامەکەدا رایانگەیاند بوو کە گەلێک لە کادر و ئەندامانی حیزب بەناهەق دەر کراون. کە وابوو ئەگەرر راستیان دەکرد و بروایان بەوە هەبوو کە بە ناهەق دەر کراون، دەبوایە بەر لە هەموو شت ئەم بریارە نارەوایە هەڵوەشێننەوە و دەر کراوەکان بە ئەندامی حیزب بزانن کە لە کاتێکا خۆیان پێ حیزب و ئەوانی دیکەیان بە فراکسیون ناو دەبرد. هاتینە سەر ئەو بروایە کە شتێک بنووسین و ئامادە بێ، هەر کاتێ ئەوان بە رەسمی هەڵوەشاندنەوەی بریاری دەر کردنی کادر و ئەندامەکانیان جار دا، ئیمەش نووسراوەکەی خۆمان بلاو کەینەوە، ئەگەر ویستمان هاوکاریشیان بکەین. دەقی نووسراوەکە من ئامادەم کرد و لێرەشدا بلاوی دەکەمەوە بەمجۆرەیە: « ئیمە کادرو ئەندامانی حیزبی دیموکرات لە ئورووپا کە لە بەر سیاسەتی چەوت و دژی دیموکراتی رێبەرایەتی پێشوو لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران دوور کەوتبووینەوە، پاش ئاگادار بوون لە هەڵوێستی بەشێک لە رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات کە لە بەیاننامەی ١٣٦٧/١/١ (١٩٨٨/٣/٢١)دا بە ناوی (حیزبی دیموکرات رێبەرایەتی شۆرشگێر) بلاو کراوەتەوە، بە پێویستی دەزانین هەڵوێست و بۆ چوونی خۆمان بۆ گشت ئەندامانی حیزبی دیموکرات روون کەینەوە.

١ – وەزعێکی کە ئێستا لە حیزبی دیموکرات دا پێک هاتوە، بێگومان دەگەرێتەوە بۆ ئەنجام و بەرهەمی کردەوەو رەوشت و سیاسەتی چەوت و دژی دیموکراتی و دیکتاتوری دوکتور قاسملو و دار و دەستەکەی کە چەند ساڵە دەسەلاتی دیکتاتوری بە سەر حیزبدا سەپاندوە و دیموکراسی و یاسای پێرەوی نێو خۆی حیزبی پێشێل کردوە.

ئه‌م سیاسه‌ته چه‌وت و لاده‌رانه، هاو كات له گه‌ڵ له ژێر پێنانی دێموكراسی له مه‌یدانی نه‌ته‌وه‌یی و نێو نه‌ته‌وه‌ییدا، زیانێكی زۆری به جولانه‌وه‌ی كورد گه‌یانده‌وه.

٢ - به‌یاننامه‌ی یه‌كی خاكه لێوه‌ی ١٣٦٧ بۆ راست كردنه‌وه‌ی رێباز و سیاسه‌تی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران نكاتی موسبه‌ت و له باری تێدایه، ئه‌گه‌ر به وردی و به لێزانی و به راستی به‌رێوه بچێ ده‌توانێ حیزبی دێموكرات و بزووتنه‌وه‌ی رزگاریخوازی كورد له گێژاوی ده‌ستكردی دوكتور قاسملو رزگار بكا و به قازانجی جولانه‌وه‌و پته‌و بوونی ریزه‌كانی حیزبی دێموكرات هه‌نگاو باوێژێ.

٣ - له سه‌ر ئه‌و بنه ماو لێكدانه‌وه‌یه به شه‌رتی ئه‌نجامدانی نكاتی موسبه‌تی به‌یاننامه‌كه هاو ده‌نگی خۆمان له گه‌ڵ ئه‌و به‌شه‌ی كه به ناوی حیزبی دێموكرات (رێبه‌رایه‌تی شۆرشگێر) خۆی ناساندوه راده‌گه‌یه‌نین و به هه‌موو تواناوه بۆ به هێز كردنی رێكخراوه‌كانی حیزبی و به‌ره‌و پێش بردنی جولانه‌وه له گه‌ڵ ئه‌و رێبه‌رایه‌تیه هاوكاری ده‌كه‌ین و پشتی ده‌گرین»

ئه‌م مه‌به‌ست و ویسته‌مان به كاك ره‌حمانی كه‌ریمزاده راگه‌یاند كه له پاریس نوێنه‌ریان بوو. چاوه روانبووین به ره‌سمی هه‌نگاو باوێژن. به‌لام چونكه بروایان به نووسینه‌كه‌ی خۆیان نه‌بو، له گشت چه‌وتیه‌كانی حیزبی دێموكرات دا شه‌ریكه به‌شبوون، هیچیان له‌م بواره‌دا بلاو نه‌كرده‌وه و یا به ئێمه‌یان رانه‌گه‌یاند. ئێمه‌ش نووسراوه‌كه‌مان گۆر كرد و ته‌نیا بۆ مێژوو لێره‌دا بلاوی ده‌كه‌مه‌وه.

رۆژی ٩٨٨/٤/١٢ ته‌لیفونم كرد و له ئوپسالا چوومه خزمه‌ت ماموستا شێخ عیزالدینی كه تازه ته‌شریفی هاتبوو. نانی نیوه رۆم لای ئه‌و خوارد و له سه‌ر بارو دۆخی كوردستان باسێكی خه‌ستمان بوو. به

مامۆستام گوت : « تۆ وەک ڕێبەرێکی مەزهەبی سەبارەت بەو کارە ساتە سامناکەی هەڵەبجە هیچت نەگوت، بەیاننامەیەکت بلاو نەکردەوە. خەڵک چاوە ڕوانە جەنابت لە کاتی ڕووداوی ئەوا گەورەدا هەڵوێستی هەبێ. بە تایبەت کارە ساتی هەڵەبجە بۆ لێ بێدەنگبوون نابێ. »

مامۆستا فەرمووی :« کاک کەریم خۆت دەزانی لە هەمو کات و بار و دۆخێکدا ، ناکرێ پیاو وەدەنگ بێت»

بۆم دەر کەوت کە مامۆستا بە ڕاستی لە تێکۆشان ئەزموونی وەر گرتوە و هەل و مەرجی وەدەنگ هاتن دەناسێ و دەزانێ کەنگێ دەبێ وەدەنگ بێ. جا ئەگەر مامۆستا شێخ عیزالدین وەدەنگ هاتنی لە سەر بۆمبارانی کیمیایی هەڵەبجە و کوشتاری پتر لە پێنج هەزار کوردی بە مەسڵەحەت نەزانیبوو، ڕێبەرێکی دیکەی مەزهەبێ کە لە چنگ ڕێژیمەکانی ئێران و عیراق ئاوارە ببوو، هیچ ئیدیعایەکی ڕێبەرایەتیشی نەبوو، بە بۆنەی ئەم جینایەتە سامناکەی حکومەتی بەعس، لە ئەڵمانیا بەیاننامەیەکی بلاو کردەوە و لە توێی مەحکوم کردنی ئەم جنایەتە داوای لە خاچی سووری نێو نەتەوەیی و لە ڕێکخراوە خێر خوازەکانی جیهان. کرد کە دەقریای میللەتی کورد گەون و یارمەتیان بگەیێنن. داوای لە دەوڵەتانی جیهان کرد کە ئەم جنایەتە مەحکوم بکەن. ئەم ڕێبەرە ئایینی یە خوا پەرست و موسوڵمانە جەنابی شێخی گەسگەسک، سەید تەهای کەمالی زادە بوو.

ڕۆژی ٢٢/٤/ ٩٨٨ کاک ئازاد مستەفای ڕەحمەتی تەلیفونی کرد و گوتی : پێم خۆشە چاوم پێت بکەوێ. کە چووم گوتی :« یاد داشتێکمان نووسیوە دەمانەوێ بۆ باڵیوز خانەی سوڤێتی بنێرین. پێم خۆشە تۆش ببیینی. »

گوتم کارێکی زۆر باشە. لام وایە لە بار و دۆخی ئێستادا، لە هەر

رێگایه‌که‌وه بێ، پێویسته تێکۆشان بۆ ڕوونکردنه‌وه‌ی کۆڕ و کۆمه‌ڵی سیاسی جیهان و له قاودانی جنایه‌تی سه‌ددام گورج و گۆڵ بکرێ. له گه‌ڵ باسکردن گوتی : « ئێمه ده‌ستمان داوه‌ته کارێک. سه‌نه‌د و به‌ڵگه‌ی زۆرمان کۆ کردۆته‌وه. براده‌رێکمان له به‌ریتانیا له‌م بواره دا کاری زۆری کردوه و خۆشم ئه‌وه‌ی له توانامدا بووبێ نووسیومه. ده‌مانه‌وێ بۆ پاک کردنه‌وه‌ی پاسوک له هێندێ بیرو باوه‌ری چه‌وت و ویشکه‌ڕۆ کتێبێک بلاو که‌ینه‌وه، به‌لام ئیمکانی چاپکردنمان نیه. داخوا سه‌ر ده‌می نوێ ده‌توانێ بۆ چاپی ئه‌م کتێبه یارمه‌تیمان بدات؟ یارمه‌تی ده‌بێ به ڕاستکردنه‌وه‌ی سیاسه‌تی حیزبه‌که‌مان»

گوتم بۆ یارمه‌تی به حیزبه‌که‌تان و سه‌باره‌ت به شه‌خسی تۆ، ئێمه هه‌زار دۆلارتان یارمه‌تی ده‌که‌ین. زۆر پێ شاد بوو گوتی : « حیزبی ئێمه ئه‌م یارمه‌تیه قه‌ت له بیر ناکات. »

دوای چه‌ند ڕۆژ که چووم چه‌ند براده‌ری له کن بوون، بانگم کرده ده‌رێ و پاره‌که‌م دایه . ڕۆژی ۲۱/۵/۹۸۸ کاک ئازاد هاته ماڵی دوکتور جه‌مشید و له نووسینی هێندێ قسه‌ی پرو پوچ و بوختانی گۆڤاری (ماموستای کورد) زۆر توره بوو. وتارێکی توند و خه‌ستی له وه‌لامی گۆڤاری ناو براودا نووسیبوو، بۆی خوێندینه‌وه و گوتی به ته‌لیفون به سه‌ر فه‌رهاد شاکه‌لی داهاتووم و پێشم گوتوه وتارێکم نووسیوه ده‌بێ چاپی بکه‌ی. پاشان که خۆم له سه‌ر ده‌می نوێ دا وه‌لامێکی ئه‌م بوختانه پێشه‌رمانه‌م دابۆوه، کاک ئازادی ڕه‌حمه‌تی به دوکتور جه‌مشیدی گوتبوو: « من وتاره‌که‌ی خۆم سه‌حب ده‌که‌مه‌وه » هه‌ستم کرد له بڕواری ئانتی کومونیستیدا پێوه‌ندیه‌که به هێزه. ئیتر من مه‌سه‌له‌ی سه‌حب کردنه‌وه‌که‌م به چاوی دانه‌داوه.

له مانگی مای ۱۹۸۸ دا، نامه‌یه‌کمان سه‌باره‌ت به بارودۆخی شپرزه‌ی

کوردستان بۆ سەر کۆماری سۆڤێت و ئەمریکا نووسی. نیزیکەی ۲۰ کەس لە زاناو ودوکتور و شاعیر و هونەرمەند و نووسەرانی کورد لە ئوروپا ئیمزایان کرد بوو. نامەکەمان کرد بە ئینگلیزی و ناردمان بۆ باڵیوزخانەی سۆڤێت و ئەمریکا. دەقی نامەکە لە ژمارە ۲۸ی مانگی مای رۆژنامەی سەر دەمی نوێ دا بڵاو کراوەتەوە.

کارەساتی هەڵبجە هەناوی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازی هەژاند. لەم بوارەدا نامەی داخداری و دڵسۆزی زۆر بۆ (سەر دەمی نوێ)دەهاتن و بلاو دەکرانەوە.

۱۹۸۸/۵/۲. ئەم نامەیەی خوارەوەم لە لایەن برای بەڕێز دوکتور جەمیل شەرەفەوە پێگەیشت:

ماستریخت ۱۹۸۸/۵/۱۵ . برای خۆشەویستم کاک کەریم.

دەستەکانت دەگوشم و چاوەکانت ماچ دەکەم. لە مانگی مارت(۳) بۆ ماوەیەک لە ماڵ نەبووم. لەو کاتەی کە تۆ تەلەفونت بوم کرد بوو لە برلینەوە، بە داخەوە یەکترمان نەدیت، ژمارەکانی سەر دەمی نوی م پێ دەگەن، زۆر سوپاس... هەر وەک خۆشت لە نووسینەکانتا دەری دەبری، کوردستانی عیراق کەوتۆتە ژێر دەستی قەسابێکی بی ویژدان و بی هەستی وادا کە تەنها لە نیوان کاربەدەستانی کامپەکانی نازیەکان لە ئاوشڤیک و بوخونوالد نمونەی دەدۆزرێتەوە. راستە پول پوتی کامبوجیا ملیونها کەسی هاو نەتەوەی خۆی کوشت و لە ناو برد بە ناوی ئیدولوژیەکی (چەپرەوی)، بەلام وەک ئەم حەیوانە شێتەی عیراق بە ڕەوە خەلکی بە غازی ژەهراوی نە دەکوشت و مە بەستی نەو قەلاچو کردنی ولاتەکەی خوی نەبوو هەر وەک صدام حوسێن مەبەستیەتی، کاکە کەریم بە راستی لەم کارە ساتە و یا هەر وەک تۆ دەلێیت(لە کارە سات مەزنتر) بە تەواوی گیژ بوومە و خوم و یا خۆمان(هەموو

كورد)به بی ده‌سه‌لات دیته به‌ر چاوم و زور دوورین له وه‌ی كه پله‌ی خه‌بات كردنمان له ده‌ره‌وه‌ی ولات بو پالپشتی كردنی جولانه‌وه‌ی رزگاریخوازی گه‌له‌كه‌مان به راده‌ی پیویست بگه‌یینین... دیاره ئه‌م بی ده‌سه‌لاتیه یا ده‌بی خه‌تای خومان بی به گشتی و یا به هوی نه‌زانی خومان دایه كه چون به‌ر هه‌لستی ئه‌م جوره وه‌زعه بكه‌ین و یاوه خود ده‌بی خه‌تای دنیا بیت كه ئیمه‌و جولانه‌وه‌كه‌مان به هیچ نازانیت، ئه‌گینا - بو نمونه - له هوله‌ندا ده‌وری . . . ٥ مراوی مردن به هوی رژانی نه‌وت له پاپوریكی بیگانه‌وه، رادیو وته‌له‌ڤیزیون زیاتر له دوو هه‌فته گویی هه‌موو كه‌سیان پر كرد و خه‌لكی هوله‌ندا ئه‌و په‌ری به‌زه‌یی خویینشان دا بو ئه‌م (كاره‌ساته)... و سه‌دها نمونه‌ی تر... به باوه‌ری من خه‌تایه‌كه له ئیمه‌شه‌وه‌یه و له ئه‌وانیشه‌وه‌یه. خه‌تای ئیمه : باسیكی زوره، ده‌گه‌ریته‌وه سه‌ر بنچینه‌ی په‌روه‌رده كردنمان كه خوی چ له بو چوونی جیاواز دیار ده‌خات و یا خوی له خو دوور خستنه‌وه له جولانه‌وه ده‌ر ده‌خا.

به‌لام خه‌تای بیگانه ته‌نها له‌وه‌دا ده‌بینریت كه مه‌سله‌حه‌تی مادی یان خستوته پیش هه‌ستی ئینسانی و بیرورای ئینسانی، له ولاتانی سه‌رمایه داری ئه‌م شیوه‌یه زور به باشی دیاره، ده‌بینین چون ئه‌م شیركه‌تو سازمانانه‌ی ئه‌وروپی له ژیر په‌رده‌دا ئاگره‌كه‌ی ناو ولاتی ئیمه خوش ده‌كه‌ن بو ئه‌وه‌ی قازانجیان زیاتر ده‌ست كه‌ویت له سه‌ر حیسابی خوین و لاشه‌ی خه‌لكی بی تاوانی كوردستانه و هه‌ر چه‌نده ده‌زگا سیاسیه‌كانی ئه‌وروپی ناوه ناوه ئه‌گه‌ر مه‌جبور بن ئه‌وا ناره‌زایی ده‌ر ده‌برن ده‌ر باره‌ی ئه‌م وه‌زعه‌ی كوردستان، به لام هه‌میشه له‌و ده‌ر برینه‌شدا ده‌یانه‌ویت (مصلحه‌تی) خویان بپاریزن... ئیمه‌ی كورد هاوارمان بو هه‌مو دنیا كردوه، به‌لام بو فریا كه‌وتنمان كه‌س له كومه‌گ نایه و یا به نیوه چلیبه

فریا دەکەون، زور حەقمانە نارەزایی خومان دەر برین بەرامبەر بەم وەزعە لە ولاتانی سەرمایەدار، پیش ماوەیەک وەفدیکی یەکیەتی نیشتمانیکوردستان چووینە سەر پەرلمانی ئەورووپی، تا رادەیەک توانیمان تەئسیر بکەینە سەریان وچەند بریاریکیان دەر هینا کە (ادانەی)عیراق دەکات بو بە کار هینانی چەکی کیمیاوی و ژەهراوی بەرامبەر بە کورد، و هەر وەها قەلاچو کردنی کورد لە عیراق و ...هتد بەلام هەتا ئەو بریارانەش لە(میدیا) زور بە کەمی گرنگی پی درا و بلاو نەکرایەوە تەنها لە چەند شوینیک نە بیت. ئەمە ولاتانی سەرمایەدار، خو ئیمە زیاتر حەقمانە لومە لە ولاتانی سوشیالیست بکەین چونکە بە دوستی خومانیان دادەنیین. کوان؟... کام ولاتی سوشیالیست ئەو لە کارەسات مەزنترەی ادانە کرد ؟ کام حیزبی کومونیست نا رەزایی خوی دەر بری؟ کوانی بیرورای مارکسی لینینی؟ کوان پیشکەوتنخوازان ؟ لە بەر چ هویەک سوفیت چەک بە عیراق دەدات؟.. ئەوە با بلیین چەک دان چاوی لی بپوشین ئەی باشە کارخانەکانی غازی ژەهراوی و چەکی کیمیاوی لە سامراو شوینی تر کیٰ چاوە دیری دەکات.؟ باوەر بکە کاک کەریم ئەم کارخانانە لە ژیر چاوەدیری دوستە سوفیەتیەکانمانن، و ۳۰ خبیری سوفیتی - ناوەکانمان لایە - لەوی ئیش دەکەن !!.. با بلیین ئەمەش درویە، بەلام بو چی هەتا خەبەر و رەسمەکانی شاری هەلەبجە لە هیچ رادیو وتەلەفیزیونیکی ولاتانی (دوست) بلاو نەکرانەوە؟ هەر وەکو شتی وا هەر رووی نەدا بیت ؟لە مەش سەیرتر لە موسکو وا بلاو کراوەتەوە لە نیوان پیشکەوتن خوازەکانی روژ هەلاتی ناوە راست کە ئەم کارەساتە خەتای کوردەکانە ... وە کەسیک لەوانە نارەزایی خویان دەر نەبریوە... ئەمجار وەرە دلت خوش بی بە دوستی وەفادار.

کاک که‌ریم .. ئیمه که خومان به پیشکه‌وتن خواز ده‌زانین ئه‌رکیکی ئه‌ساسیمان که‌وتوته سه‌ر که ئه‌م چه‌وتیه نه‌یه‌لین، ئه‌گینا ئه‌گه‌ر وابروات (دوسته) کانمان ده‌بنه دوژمن... من که ئه‌مه ده‌لیم ته‌زینم به له‌ش دادیت، چونکه ئه‌و ولاتانه‌ی که جیی شانازیمن چون له دلم بیت بیانکه‌مه دوژمن، به‌لام ئایا چ گفتیکی تر بدوزمه‌وه بو ئه‌م مه‌سه‌له‌یه. خو ئه‌گه‌ر پشتمان نه‌گرن و مه‌سه‌له‌که‌مان له باوه‌ش نه‌گرن و یارمه‌تیمان نه‌ده‌ن، ده‌با هیچ نه‌بیت له ناوه‌ند بوه‌ستن و چه‌ک نه‌ده‌ن به دوژمنه‌کانمان و یا که ده‌یده‌ن به وان با گومه‌گی ئیمه‌ش بکه‌ن وه‌ک ده‌وله‌ته بازرگانه‌کانی ئه‌وروپا که ده‌ر باره‌ی عیراق و ئیران ده‌یکه‌ن. به‌لام چه‌کدان به دوژمنمان و پشت لی کردنیان له جولانه‌وه‌و هه‌تا گه‌له‌که‌شمان به‌م شیوه‌یه که هه‌تا خه‌به‌ری هه‌زاران ژن و مندالی ساوا و له زگی دایکیاندا کوژراون به چه‌ند ده‌قیقه‌یه‌ک به غازی سیانید چ له هه‌له‌بجه و یا له ده‌ها شوینی تر که ئیران زور لیشیه‌وه دووره، نه‌یه‌لن له روژنامه‌و ته‌له‌ڤیزیوندا بلاو بکریته‌وه، به راستی ئه‌مه هه‌لویستیکی چه‌قاوه سویه، ئه‌گه‌ر ئه‌م مه‌سه‌له‌یه به سیاسیش نه‌گرن خو ده‌بایه له رووی ئینسانیه‌وه سه‌یری بکه‌ن که هه‌تا مارگریت تاچریش خوی پی رانه‌گیرا و ره‌تی کرده‌وه. ئه‌ی ده باشه ئیمه‌ی لیْ قه‌وماو په‌نا بو کیْ به‌رین؟

کاکه که‌ریم من توم خوش ده‌وی و ده‌زانم که توش به په‌روشی وه‌کو من به‌لام من تو به تیزیک تر دائه‌نیم بو ئه‌م کار به‌ده‌ستانه و ئه‌م حیزبانه‌ی له ولاتانی سوشیالیست کار به ده‌ستن، ده‌با ئه‌م ناره‌زاییه‌ی ئیمه‌ی کورد له‌و ولات و حیزبانه به گوییان رابگه‌یینین به‌لکو به فریامان بکه‌ون و هیچ نه بی پالپشتی دوژمنه‌کانمان نه‌که‌ن. کوردستانی خوارو نیوه‌ی قه‌لاچو کراوه با هه‌مووی نه‌بیت، ئه‌مه هه‌ندیک له‌و داخه‌ی له ده‌روغدایه بوم رشتی، به‌لام به په‌له بوم نوسیوی و حه‌ز ده‌که‌م بیروړات

بزانم لەم مەسەلەیە و بە چاویکی فراوان سەیری بکەیت.
سلاوم بو کاک جەمشید و برادەرانی ترتان هەیە . خوشیتان. برات جەمیل شەرەف »
مانگی ٩٨٨/٩ کومکار، (ریکخراوی کوردەکانی تورکیا لە ئەلمان) بە نامەیەک لیی گیرا بورمەوە کە لە کونگرەی سالانەیاندا بەشداری بکەم. روژی ٩٨٨/٦/٢٣ چوومە کولن و روژی دوایی لە گەل فەریدوونی میتران چووینە کونگرە و دوای دوو روژ هاتمەوە بیرلین و روژی /٦/٢٩ بەرەو سوید کەوتمە ری. کاتی قەتار گەیشتە نیو پاپور، منیش وەک خەلکی تر چوومە سەری. هەروا دە سورامەوە سەیرم کرد جەماعەتیک دانیشتوون و بە کوردی دەپەیفن. چوومە پیش سی کەسیان قوماریان دەکرد و ژن و مندال و چەند کەسی‌تریش لە دەوریان کو ببوونەوە. لە پەنایان وەستام. یەکیان بە سویدی گوتی : فەرموو دانیشە. بە کوردی گوتم : سوپاس، هەروا سەیر دەکەم.
- کە وایە فەرموو یاری بکەین
- نایزانم، قەت یاریم نەکردوە.
لە پر یەکیان گوتی : تو فلان کەس نی؟
- بەلی هەوم.
یەکی تریان کە لە ئاخافتنی دیاز بوو سنەییە را بوو لە ئامیزی گرتم و گوتی نووسراوەکانی تومم خویندوتەوە و موشتاقی دیدارت بووم . جیگایان بو کردمەوەو دانیشتم. برادەریکیان گوتی :
- من ناوم جەمیلی مەحموود بەگە و خەلکی سولەیمانیم.
ئەویتریان دەرکەوت هەولیری‌یە و ناوی دوکتور خسرەوە. کاک جەمیل گوتی : با ویسکیت بو بینم.. چی تر دەخویەوە.؟
- سوپاس هیچ ناخومەوەو پیم خوشە سەیری قومارەکەتان بکەم

دوکتور خسره‌و بوتلێکی ویسکی پێبوو، جارو بار له جانتای دێنا ده‌رێ، قومێکی پێدا ده‌کرد و ده‌یخسته‌وه نێو جانتا. کاک جه‌میل هه‌ستا چوو بیره‌یه‌کی هێناو گوتی: ده‌بێ شتێک هه‌ر بخۆیه‌وه. قومار و دانیشتنه‌که خۆشبوو. تازه هه‌واڵی ویستانی شه‌ری ئێران و عیراق بلاو ببۆوه. ئه‌وانیش نیگه‌رانی و په‌ژاره‌ی چاره نووسی کوردیان تێکه‌ڵ به وه‌ره‌قه‌کان ده‌کرد و له نێو پاپۆر و له ده‌ریای بالتیکه‌وه له قوماری پوکه‌ردا رێگای چاره‌نووسی کوردیان ده‌ست نیشان ده‌کرد. بیر وراو پێشنیاری جۆر به جۆریان ده‌ر ده‌بڕی. به داخه‌وه نه‌کرا ده‌قی قسه‌کانیان یاد داشت بکه‌م و بۆ سه‌ر گه‌رمی خوێنه‌رانی به‌ڕێز لێره‌دا بلاویان بکه‌مه‌وه.

له پڕ له سه‌ر هاتنه خواری وه‌ره‌قێک لێیان بوو به قڕه. کاک جه‌میل ده‌یگوت : « من ئه‌وه ٤٠ ساڵه پوکه‌ر یاری ده‌که‌م. له ته‌مه‌نی حه‌وت ساڵیه‌وه یاریم کردوه.» قسه‌که‌ی وه راست ده‌چوو. چونکه کوڕێکی له‌گه‌ڵبوو له ته‌مه‌نی ١٢ ساڵیدا، هات له جێگای باوکی دانیشت و یاریه‌که‌ی درێژه پێدا.

کاک جه‌میل ئیسراری بوو که بچم میوانی بم. ده‌یگوت له لوند ده‌ژیم. رۆژانی شه‌مۆ ده‌توانین بێینه نێو پاپۆر، هه‌م سه‌یرانێکه‌و هه‌م هێندێ خواردنه‌وه‌ی هه‌رزانتریش ده‌کڕین. یاریه‌که‌یان ته‌واو بوو، رابووم که بچمه‌وه نێو قه‌تار، براده‌ری سنه‌یی گرتمی. له پێشدا خۆی ناساند :(سه‌رهه‌نگ نه‌بی ئیبراهیم پور) پاشان گوتی له ستادی ئه‌رته‌شی ئێراندا له به‌شی پێوه‌ندی له گه‌ڵ کورده‌کان کارم کردوه. چه‌ند جار چوومه نێو شۆڕشی کوردستانی عیراق. به کورتی نیزیکه‌ی دوو سه‌عات قسه‌ی بۆ کردم و بیر کردنه‌وه‌که‌ی هه‌ر وه‌ک ئه‌فسه‌ری زه‌مانی شا وابوو. قه‌تار له پاپۆر ده‌هاته ده‌رێ، لێک جیا بووینه‌وه و له کوپه‌که‌ی خۆم لێی نوستم.

کاتێ گه‌یشتمه‌وه ستوکهۆ لم ئه‌م نامه‌یه‌ی خواره‌وه‌م له لایه‌ن کاک

حەسەنی ماوەرانی‌یە وە بۆ هاتبوو کە وا لێرەدا بلاوی دەکەمەوە.
کاک حەسەن دوای ئەحوالپرسی نووسیبووی: « لە مێژە لە دەرفەتێک دەگەرام تا نامەیەک بنووسم، بەلام بە داخەوە هێندێک لە دل و دەماخ کەوتووم. بە تایبەت لە ئاکاری کۆنە پەرستەکانی خۆمان. بە هەر جۆر هێزێکم دا بە خۆم و گوتم با نامەیەکت بۆ بنووسم وێرای هێندێ دەردی دل خەبەرێکی خۆشت بدەمێ...... دەردی دلیش بلێم چی؟ خۆت لە من چاتر دەزانی کە ئێستا پتر لێقەوماوین. چەند خەبەرم هەیە کە باشترە بۆت بنووسم ...

یەکەم: مام جەلال دو جار لە گەل نوێنەرانی ئەمریکا وت و وێژی هەبوە. بە قسەی ..... دەبێ سێ دەولەتی گەورە وادەی پالپشتی لە دامەزرانی کوردستانێکی سەر بەخۆیان دابێ بە یەکێتی. بە لام دیارە ئەم وادانە لە بەستنەوە و راکێشاندن بۆ لای خۆیان زیاتر نەبوەو نابێ. لە بارەی وت وویژی مام جەلال، عیراقیەکانی لایەنگریان دەلێن لە سەر گوناهبار کردنی چەکی کیمیایی زیاتر رۆیشتوون.

دوهەم - کاک جەلیل خەریکە سەر لە نوێ دەچێتەوە نێو شورای رەجەوی و بۆ یارمەتی کردنیان رەجەوی پارەیەکی زۆری داونێ. سەبارەت بە ئێوەش وادیارە بە کەیفی موجاهیدین نی‌یە کە پێوەندیتان لە گەل بگرن. دیارە هەم موجاهیدین و هەم عیراقیش لەم بابەتە توندێن کە نابێ کەسانی شۆرشگێر پێوەندیان بە وانەوە هەبێ. لە کوردستانی ئێرانیش وەک دەزانی خەلک تا رادەیەک دامرکاوە و جولانەوە لە کزی دایە. هەر چەندە کە ئەمرۆ ئێران زۆر لە بارە بۆ کاری سیاسی بەلام هێزی چەپ بە گشتی لە مەیداندا نیە. هەموو بەرنوە بەرەکان خەریکی یەکتر خواردنن. بەتایبەت لە ناو ئێمەدا. ناوێرم زیاتر بنووسم مەبادا لە بیرەوەریەکانت دا لە چاپی دەی !. بو گالتە) بە راستی وەزعێکی

شپرزە لە هەمو لایەکەوە هەیە. هێزێکی زۆری کورد بێ کەلک ماوەتەوە. بیرو باوەریان نەماوە بەو رێکخراوانەی کە تێیاندا بوون....دیارە ئێوەش وەک کەسایەتیەکی کورد ئەمانەتان لە بەر چاوە. زیاتریش قورسایی کارەکەتان خستۆتە سەر رۆژنامەکە. رۆژنامەکەتان زۆر باشە. بەلام بە تەنیایی رۆژنامەیەکی ئاوا فرە گر ناتوانێ وەلامدەرەوە بێت هەر چەندە کارێکی زۆر گەورەیە. دەزانی کە مامەو خالەش بەستراونەوە..(مەبەستی غەنی بلوریان و حەمەدەمینی سیراجی‌یە) مەلا حەسەنیش شەهید بوو. کاک عەلیش بە دەردی دیکە.... بۆیە دەبێ هێندێ؛ بۆ ئێوە زەخت بێت و دەست بەکار بن. جا چۆن ؟

ئەو جار کە بەو لایەدا هاتنەوە پتر قسەی لێدەکەین...من تێدەکۆشم لە گەلْ فەریدرن و کورە کوردەکانی ئێرە زیاتر بدوێنم بە تایبەت کە دەمەوێ پاش وەرگرتنی پاسەکە بۆ ناوەند بڕۆم. ئیتر لە مە زیاتر وەختت ناگرم. هیوا دارم خەتەکەم بخوێنیەوە. زۆر ناحەزە. بە هیوای دیتنەوەتان. حەسەن ماوەرانی 27-6-88 »

وەستانی شەری ئێران و عیراق و چارەنووسی کورد

١٨/٧/٩٨٨ حکومەتی ئێران بریاری ژمارە ٥٩٨ی شورای ئەمنیەتی لە مەر وەستانی شەر قبولْ کرد و خومەینی بە مل راکێشان بۆ راگرتنی شەر، جامی ژاری خواردەوە.! ژمارە ٣١ ی مانگی گەلاوێژی ١٩٨٨ی رۆژنامەی سەر دەمی نوێ هەموو لاپەرەکانی بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی وەستانی شەر و ئاکامی بۆ مەسەلەی کورد تەرخانکرد و هەلوێستی رەسمی هێزە سیاسیەکانی کوردی لەم بارەوە بلاو کردەوە. دوای وەستانی شەری عیراق و ئێران، حکومەتی فاشیستی بەعس بە هەموو تواناو بە چەکی مۆدێرن کوردستانی پەلامار دا و لە کوشتار و

سووتاندن و وێرانکردنی کوردستان دەستی نەگیراوە. رۆژنامەی سەر دەمی نوێ ژمارە ٣٢ خەرمانانی ٩٨٨ جنایەتی سەددام و دەنگدانەوەی کوشتاری خەڵک و بۆمبارانی کوردستان و ئاوارەیی خەڵکی لە لاپەرەکانی خۆیدا بلاو کردەوە.

دوای شەر وەستان و هێرشی لەشکری عیراق بۆ سەر کودستان و بۆمبارانی ناوچەی هەولێر و بادینان، کوردەکانی دانیشتووی سوید لە بواری خۆ پێشاندان و مانگرتن و هاوار و دەنگ دەر برین چالاکیەکی گەورە و بەر چاویان نیشاندا. کۆمەڵێکی زۆر لە کوردەکان لە پێش دەفتەری کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان مانیان گرت. پتر لە ٣... هەزار کەس کورد لە سەرانسەری سوید، لە شارە دوورەکانەوە هاتنە ستوکهولم و دژی جنایەتی حکومەتی بەعس خۆپیشاندانیان دەست پیکرد.

١/٨/٩٨٨ ئەم نامەیەی خوارەوەم لە لایەن غەنی بلوریانەوە پێگەیشت:

« هاورێی بە رێز کاک کەریم رۆژتان باش. سلاوم هەیە بۆ جەنابت و کاک دوکتور جەمشید و فهد وهی‌تر.دیارە ئاگاداری شەرە شەپی ئەو لایە هەی. کوردەکانی شوێنی دانیشتنی کاک دوکتور رەحیمی قازی لەو شەرە شەپەدا دەستی بالایان هەیە. بو ماوەی مانگێک من لە گەڵ خێزانم چوومە ئەو لا ، جارێ کارەساتەکەمان خستۆتە رێبازی سازمانی تا بزانین چی پێ دێت. دیارە کارەساتی ماڵی برای گەورە خۆی خزاندۆتە پاڵ جێگای تریش و ئێمەش بێ بەش لەو تەئسیرە نین بە تەمای سەر کەوتن. لە بەر ئەو سەر ئالۆزیە دەرفەتم نەبوە نامەت بۆ بنووسم. بەلام رۆژنامەکەت هەروا دێت. ئەوا ئاخرین ژمارە کە وتاری کاک عەزیزی تیا بە دەستم گەیشت و ژمارەیەکی پر بەرهەمە بە هیوام هەر وا سەر

کەوتوو بن. داوایان لیٚ کردم کە لە کۆبوونەوەی برلیٚن دا بەشدار بم. بەلاٚم نازانم دەرفەتم دەبیٚ یان نا چونکو لای خزمانیش بە گۆنگەڵە. دیارە خەبەری شەری ئیران و عیراق لای تۆ زۆرە و نووسراوەکەت دیاری دەدا و دەش زانی ناکامی ریٚک کەوتنەکەش چیە. بە هیوام بۆ کورد خیٚری تیا بیٚ گەر چی ئاسۆ زۆر تاریکە. ماوەیەکە لە کاروباری کوردەکانی لای خۆمان - ئیران - بیٚ خەبەرم. نازانم چیان بەسەر هاتوە و هیچ نووسراوەوە خەبەری وانم دەست نەکەوتوە. بە هیوام ئەگەر چشتیٚک هەبیٚ بۆمی بنووسی با لەو چالاٚوەدا منیش تۆزکالیٚک لە لایەن هاوریٚیانی کوردەوە لە شت ئاگادار بم چونکو ئەوانەی ئیٚمە لەو بارەوە گیٚرەیان لە هەولیٚر دەگەریٚ هەر وەک هەمیشە فیٚرن ئەگەر شتیٚکیش هەبیٚ حاشاری دەدەن گۆیا ئەوە کاری نهیٚنیٚن لەگەڵ خۆیش. ئیٚتر هەر بژی بە بەختەوەری و ماڵ و مناڵ هەر ساخ و سەر کەوتو بن. ئەوە تازە پاش شەش مانگ خانویەکی تازەیان دوو وەتاغ و ئاشپەز خانەیەک تەحویل داوین بەلاٚم رایەخ و شتی تیا نەبوو چوڵ بوو بریاریان داوە تا دوو هەفتەی تر تەیاری بکەن بەلاٚم دەزانی دوو هەفتەی ئیٚرە دوو مانگە جا ئەگەر زووتر تەحویلیان داین تەلیفون هەیە خەبەرتان دەکەم هەر بژین. برات و هاوریٚت غەنی ۸۸/۸/۱ »

یەکیٚتی خویٚندکاران و لاوانی کوردستان لە ئورووپا ـ یوکسی - لە ۱۹۸۸/۷/۳. ئەم داوەتنامەی بۆ نارد بووم کە لە کۆنگرەکەیاندا بەشداری بکەم: « بۆ ماموستای بە ریٚز کەریمی حسامی.

سلاٚوێکی خەباتگیٚرانە. یەکیٚتیەکەمان ، یەکیٚتی خویٚندکاران و لاوانی کوردستان لە ئورووپا - یوکسی - لە کاتژمیٚری ۱۰ی پیٚش نیوە رۆی رۆژی دوو شەممە، ریٚکەوتی ۱۹۸۸/۸/۲۲ کۆنگرەی پیٚنجەمی خۆی دەگیٚریٚت. وەک یەکیٚک لە دۆستەکانی یەکیٚتیەکەمان، پیٚخۆشحاڵ دەبین

بە ئامادە بوونتان لە کونگرەکەماندا. بە هیوای بەشدار بوونتان . ئیتر بۆ پێشەوە . کومیتەی بە ڕێوە بەرێتی گشتی یەکێتی خوێندکاران و لاوانی کوردستان لە ئوروپا - یوکسی -»

بە داخەوە نەمتوانی بەشداری بکەم، چونکە لیژنەی ئامادەیی کۆنگرەی یەکگرتنەوەی خوێندکارانی کوردیش لە ئوروپا داوەتی کرد بووم کە بەشداری بکەم. ئەمەش دەقی داوەتنامەکەی ئەوانە :

« هاوڕێی بە ڕێز کاک کەریمی حوسامی . پاش ئیش و کار و چەند کۆبوونەوەیەکی هاو بەش و گفتوگۆیەکی بە نرخ کە بە قازانجی ڕێکخراوەکانی خوێندکاری کورد بوو لە ئوروپا، بڕیارماندا ڕێکخراوەکانمان بکەین بە یەک و کونگرەی یەکگرتووی گشتی لە نێوانی ڕۆژانی ١٨-٢٢/ ئاب/١٩٨٨ لە بیرلینی ڕۆژ ئاوا ببەستین.

ئێمە بڕوامان وایە بە یەکیتی و یەکگرتن دە توانین گیانێکی تازە بە ڕێکخراوە خوێند کاریەکانمان ببەخشین و تەنها ڕێگایەکە کە پارێزگاری لە بوونی ڕێکخراوەکانمان بکەین، بۆ بەرژەوەندی و خزمەتکردنی نەتەوەکەمان. ئێمە بە گەرمی یەوە داوای ئامادە بوونتان لە کۆنگرەکەمان دەکەین. لیژنەی ئامادەیی.»

ڕۆژی ١٩٨٨/٨/١٨ بۆ بەشداری لە کۆنگرەی یەکگرتندا، لە گەڵ دوکتور جەمشید چووینە بیرلین. نیزیکەی ٦٠٠ کەسێک بەشداری کرد بوو. کۆنگرە سێ ڕۆژی خایاند. مەیدانێکی والاو بەر بلاو بۆ هەموو ئاخافتن و بیرو ڕایەک کرا بۆوە. لە سەر ڕاوەستانی شەر لەنێو دەستەکانی خوێندکاری سەر بە حیزبەکان ناکۆکی هەبوو. برادەرانی ئاکسا دژی وەستانی شەری ئێران و عیراق بوون و تەنانەت لە بیرلین دژی شەر وەستان خۆ پێشاندانیشیان ساز کرد. کاک عومەر مستەفای ڕەحمەتی زۆر بە توندی و بە ڕاشکاوی دژی وەستانی شەری ئێران

وعیراق قسه‌ی ده‌کرد. ئه‌و کونگره‌یه‌ش نه‌یتوانی گیانێکی تازه وه‌به‌ر تێکۆشانی یه‌کگرتووی خوێندکاران بنێ و له جاران چالاکتر نه‌بوو.

نامیلکه‌ی « له پێناو چی دا؟ »

دوای له‌تبوونی حیزبی دێموکرات گه‌لێک له دۆست و براده‌رانی پێشووی حیزبی داوایان لێ ده‌کردم که بیرو رای خۆم سه‌باره‌ت به‌م جیا بوونه‌وه ده‌ر ببرم. ده‌ستم کرد به نووسینی نامیلکه‌ی (له پێناو چی‌دا ؟). من لام وابوو ئه‌م جیا بوونه‌وه به زیانی بزووتنه‌وه‌ی کوردستانی ئێرانه و هیچ بنه مایه‌کی ناکۆکی سیاسی و بیرو باوه‌ری نیه. ماوه‌یه‌ک خه‌ریکی نووسینی نامیلکه بووم و ته‌واو کرد و چاپکرا. نازانم باڵه‌کانی حیزبی دێموکرات چه‌نده‌یان به که‌یفێ بوو یان نا، به‌ڵام هه‌موو ئه‌ندامانی حیزبی دێموکرات که خوێندوویانه‌ته‌وه، لایان وابوه که واقعیه‌تی رووداوه‌کانم نووسیوه.

شه‌وی ۱۹۸۸/۹/۷ کاک سه‌ید حه‌سه‌نی هاشمی و مه‌لا ره‌سوڵی پێشنماز که بۆ به‌شداری له خۆ پێشاندانی دژی جنایه‌تی حکومه‌تی عیراق هاتبوونه ستوکهوڵم، شه‌و هاتنه لای من و سه‌ر فێرازیان کردم. دوای دانیشتنێکی شیرین و باسی رابردوو وقسه‌ی خۆش که هاتین بنووین، مه‌لا ره‌سول گوتی :« ئه‌رێ کوا، دا ئه‌و نامیلکه‌م ده‌یه بیخوێنمه‌وه، بزانم چت نووسیوه.؟ دانه‌یه‌کم ویندا، ئێمه راکشاین و ئه‌و ده‌ستی کرد به خوێندنه‌وه‌ی (له پێناو چی‌دا؟» به‌ڵام تا ته‌واوی نه‌کرد نه‌یهێشت ئێمه بنووین. هه‌ر تاوێک نا تاوێک، ده‌یگوت : ده‌ستخۆش... هه‌ر چی نووسیوته هه‌مووی وایه . به قه‌ولی براده‌رانی

خوارووی کوردستان، تەعلیقێکی داویشتە سەر و دەیگوت دەستخۆش.
کە تەواوی کرد گوتی : شتێکی کەمە، نەت نووسیوە.
- پێم خۆشە پێم بڵێی، بزانم چی کەمە؟
- کورە چی کەمە. جنێوت پێ نەداون.!!
بەیانی کە دەرۆیشتن هەشت دانەشی لە گەڵ خۆی برد کە بۆم بفرۆشێ. بەڵام نازانم چی‌یان بەسەر هات. چونکە پاش ئەو دەمە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر داوەتیان کرد بوو لە کونگرەدا بەشدار بێت و سەفەری کرد.
دوای گەڕانەوەی بۆ ئینسترۆس، مەلا ڕەسوڵ ئەم نامەیەی خوارەوەی بۆ نارد بووم کە وا وەک نامەکانی تر لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە.:
« بۆ برای بە ڕێز کاک کەریم ئەو کاتەت باش.
لە گەڵ سلاو ئەوە شریتەکەی داوات کرد بۆم ناردی فەوزیە بە دەنگی خالیدئاغا ساڵی ١٩٦٨ لە قەلا دزە لە ماڵ خۆمان پڕ کراوەتەوە شیعرەکانی بە ناوی عەزیز کە مەبەست شەریف زادەیە باسی ئاوارەش دەکا دوای ڕاو ڕاوینی٤٦ و ٤٧ لە لایەن زرە شورشگیرەکانی عیراق لە بناری قەندیل ساڵ ١٩٦٩ بە دەنگی خۆم پڕ کراوەتەوە. لە ئاخریدا لالە لاییکی مەلا جولاّی نوک خوری نوکەری .... تێدایە. بە شەکەی دیکەشی ئەوەی بۆ خۆت لە گەڵ بووی ساڵی ١٩٧٣ کاتی داناتی کوتەلی حاجی قادری کۆیی بە دەنگی ڕەحمەتی مام هێمن و خۆت و خۆم و صدیق. تکایە مەیدە بەکەس شتێکی زۆر بە نرخە. کاکی برا لەو سەفەرەدا نیازم هەبو لە سەر بیرەوەریەکانت لە گەڵت بدوێم کە چی بە داخەوە مەجال نەبوو، ئەوەی تا ئێستا بلاّو کراوەتەوە زۆر شتی وای تێدایە بۆ نووسینێ نەدەبوو بەلاّم تازە ڕۆیشت و لە دەست چوو، هەر

کات هاتیه سه‌ر یه‌کتر گرتنه‌وه‌مان که ده‌ورانیکی زۆر گرنگ و پڕ ماجه‌رابه چۆنی هه‌یه بینووسه مۆره‌کان که زۆر روون وئاشکران، ته‌زاده‌کان که باش ده‌زانی چونکه وه‌ک سه‌نه‌دیکی تاریخی ده‌مێننه‌وه زۆر شتی تری به دوادا ده‌نووسری. ئه‌وه‌ی وه‌ک خۆشمان مابین له رابه‌رایه‌تی ئه‌و ده‌م هه‌ر منو تۆین. چونکه به داخه‌وه مام هێمن ئه‌وه خوا عافووی کرد. دوکتور قاسملو و پیاوه‌کانی وه‌ک مه‌لا عه‌ولاً و که‌ریم حه‌دا ئه‌وه حیسابیان روونه. مه‌لا سمایل به لاقی شکاوی خۆی ده‌ئێران کوتایه‌وه و خه‌ریکی کاری خۆیه‌تی، مه‌لا حه‌سه‌ن و هاشمی که‌ریمی ئه‌وه خه‌ریکی رابه‌رایه‌تی شورشگێرن دوای ئه‌و هه‌موو خزمه‌ت کاری و هۆیالٰ کێشانه بۆ هه‌موو هه‌ق و ناهه‌قیک، مه‌لا قادر و سه‌ید ره‌سولٰ سه‌ریان تێدا چوو هه‌ر یه‌ک به شێوه‌یه‌ک، خالٰه مین ئه‌وه له نێو حیزبی توده‌دا نوقم بوه هه‌تا ملان و زۆریشم خۆش ده‌وێ. دوکتور سولتانه جرپه دیاری ئێوه بوو خوا به خێرتان نه‌هێنێته‌وه نه ئه‌و ده‌م هیچ بوو نه ئێستا و نه هه‌تا قیامه‌ت هیچ ده‌بێ. محمدی مهتدی و شه‌ته‌ویش هه‌ر له رۆژی هه‌وه‌لٰه‌وه حیسابیان روون بوو، کاک ئه‌میریش ئه‌وه بۆ خۆی سه‌ر گه‌رمێکی پێکه‌وه ناوه و کاتی خۆشی قه‌ت له گه‌لٰ ئێمه هاو فیکر نه‌بوه. ناکۆکی و نێوان ناخۆشی منو تۆ بوو به هۆی ئه‌وه که قاسملوو بێته‌وه مه‌یدان ده‌نا وا هه‌لاٰت بوو، وامان بێ ئابرو کرد بوو ئه‌و مه‌سه‌له نه‌با قه‌ت رووی نه‌بوو جارێکی دیکه بێته‌وه نێو ئێمه. له گه‌لٰ ئه‌وه‌ی ئێمه له باری فیکریه‌وه زۆر لێک نیزیک بووین و جیاوازیه‌کی وامان نه‌بوو، هه‌ر چی بوو گوزه‌را و شه‌ڕێک بوو ته‌نیا قازانجی بۆ قاسملو ونۆکه‌ره‌کانی هه‌بوو. ئێستا که هه‌ر دوکمان دووره په‌رێزین و ئه‌تۆ به خۆ دوور خستنه‌وه له‌وان و پاشان پالٰیان پێوه نای و منیش به هه‌زار کێشه‌و هه‌لاٰ و هه‌را وازم لێ هێنان و تا ئێستاش نه‌یانتوانی هه‌لٰوێستێک ده‌ر

بارەی من بگرن، هاتووین و لێرە یەکترمان گرتۆتەوە. منیش نیازم هەیە تەواوی جەرەیانی نێو حیزبی دێموکرات کە زۆر چاکیشم لە بیرەو تەواوی جەرەیاناتی ئەحمەد توفیق و هەر چی گوزەراوە زۆر واقیع بینانە بنووسمەوە بۆیە مەبەستم ئەوەیە شتەکان وەک بوە بیان نوسە، زۆر کەس هەن دەیان هەوێ بە مەسەلەی ئێمەوە نان و پیواز بخۆن لەوەتی لێرەم زۆرەها تەلەفونم بۆ کراوە ویستوویانە بە هۆی منەوە زەربەی خۆیان بوەشێنن. بەلام من چاک دەزانم ئەوانە مەبەستیان چی‌یە و بۆ چی موخالیفی تۆن.

دیارە من زۆر پێ باکم لە بارەی سابیقەوە نالێم کەس نیە وەک من بێ فڕ و فێڵ و بە ساغی ئەو ۳۰ سالەی هێنا بێ بەلام ئەوەندەی دەزانم زۆر کەمن، گالتەی پێ ناکرێ ٢٦ سال دەنێو ئەو هەموو خەتەر و ماجەراو هەلاو کێشەدا کە چی هیچ قودرەتێک نە توانێ زەفەرت پێ بەرێ. هەتا کشانەوەم و بۆم دەرکەوت قاسملو خائینە بێ ئەم لاو ئەو لا دەئیختیاری حیزب دا بووم ئەوەش بە رەئی و ئەزەری سابیتەوە نەک وەک ئەوانەی دوایی وەک ئەندامی کومیتەی مەرکەزی بەشی زۆریان لە گەل نوکەرەکانی دیوە خانی عەلیاغای حاجی ئێلخانی و قەرەنی ئاغای مامەش و عەلیاغای پەسوێ فەرقیان نە بوو بەلکە هی نوکەری ئاغاکان زۆر شەرافەت مەندانە تر بوو لانی کەم کولاویان لە سەری خەلک نە دەنا و خۆیان بە شورشگێر نە دەزانی. لەو ماوە دوور و درێژەدا کە بە یەکەوە لە کومیتەی مەرکەزی دابووین باشم دەناسی و جەرەیانی ئیدریسیشت باش ئاگا لیێ بوو کە کاتێک من کرام بە بەر پرسی نێوان بارەگای بارزانی و حیزب بۆ جاری دوهەم کە چومەوە داوای هاوکاری لێ کردم و دوای بە دم دادانەوەی هاتمەوە مەسەلەکەم لە کومیتەی ناوەندی هێنا گۆرێ و لە گەل دوکتور چووین بۆ لای بارزانی. ئەو جار دیمە سەر

ئەسلی مەتلەب من سابیتم کرد دوای ئاشت بوونەوەمان هیچم لە دلدا نەما بەلام ئەتۆ لە گەل ئەوەی بە ئینسانیکی کینە جومان نە دەناسی کە چی هەر پیتەوە دیار بوو. نمونەکان لە کونگرەی چوار نۆکەرەکانی قاسملوو بۆ شکاندنی تۆ چەندەیان هاوار کرد با مەلا رەسول رونی کاتەوە بۆ چی لە گەل کاک کەریم بە شەر هاتوە هیندیک ئیهانە کردن و ئیتر وەلامم نە دانەوە. لە کونگرەی پینج دا دە مقابل قاسملوو ئەو هەموو نۆکەرانەی دا دیفاعم لیٰ کردی و کوتانی قاسملو بە ناوی دیکتاتور تۆم کرد بە نمونە و کوتم ئەو برادەرە ماوەی ۹ سال ئەندامی دەفتەری سیاسی و کومیتەی مەرکەزی بوە چەند سالٰ جیگری سکرتیر بوە. کاتی هەلاتنی دوکتور دوای ئاش بە تالٰ هەر کردمان بە سکرتیر. کە چی جزنکە موخالیفەتی لە گەلٰ دوکتور هەیە رنگای نادا بیتە کونگرە. ئەدی ئەوە دیکتاتوری نی یە چی یە.

کاتی هاتنەوەت بۆ ئیران وەک بەر پرسی بەشی پیشمەرگە بەو پەری دەسەلاتەوە بە خوم وبە چەند ماشین پیشمەرگەوە بەرەو پیرت هاتم کە دەم زانی قاسملو هیندەی دیکەش کویر بوو. پاش ماوەیەک هەر ئەمن مەسەلەی هاتنەوەی تۆم بۆ کومیتەی مەرکەزی لە گەلٰ مام هیمن و خالە مین و هاشمی کەریمی مەترەح کرد وچەند جارمان بەخەی غەنی گرت سەد بریا لەو چەند سالەدا لە زیندان هەر جگینی کرد با. هینانەوەی تۆمان بە سەر قاسملو دا سەپاند، بەلام ئەوەی راست بیٰ ئەتو وانەبووی دە بنەوەدا ئاگام لیت بوو هیندیک وردە ئەزمت هەبوون. هیوام وایە ئەوانەت هەموو وەبیر بینەوە و بۆ هەوەلین جار لەو بارەوە خوت مەحکوم بکەی. رەنگە ئەوەشت لە بیر بیٰ کاتی جەلەسەمان بۆ تەشکیل درا بوو ئەوانەی کاتی هەلاتن کونە مشکیان لیٰ ببوونە قەیسەری چۆنمان لیٰ وەخو کەوتبوون و بە تیریک سەدان نیشانەیان پیٰ

دەشکاند. دوای ئەوەی کە مەلا عەولاّ و سمایلە کویر و کەریم حەداد و هاشمی کەریی کەوتنە کوتانی تۆ و هەر ئەو مەلا عەولاّی کە چەند رۆژ پێش دەیگوت کاک کەریم لە لینین نوسەر ترە هەر چی دەیگوت نەیدەگوتەوە، چەند پیاوانە لیٚیان وەخۆ کەوتم و ئابروم دە .....سەی کردن هەر ئەوەش بوو کاتی چوونەوەت بۆ مالّی کا حەمەدەمین لەوێ هەر دوکتان هەقتان دابوو بە من و هۆی ئاشتبونەوەشمان هەر ئەو شتانە بوو. ئێمە رابردویەکی یەکجار زۆرمان بە یەکەوە بوە و ئاگاداری زۆر شتی رابردووین کە ئەو خەلّکە نایزانن کێشەی منو توش زۆر کەمی لە سەر شتی سیاسی بوو. زۆر جاریش مەسەلەکانم لە گەلّ باس دەکردی بە ئاگاداری کاک حەمەدەمینی. کە وابوو با رنگا بە هەل پەرستان و قەدیمە نوکەران و کاسە لیسان و زیدی هەموو بیرو باوەرێکی پێشکەوتوو نەدەین. هەر دوکمان واقعیەت بلّێین. ئیتر کالّەم درا و چیم پیٚ نەبرا . برات رسول پێشنماز. . ١٩٨٨/٩/١ »

لە وەلاّمی نامەی مەلا رەسولّی دا هیچم نە نووسیەوەو هیچم بۆ نەنارد. چونکە بە راستی نەمزانی لە نووسینی ئەم نامەیەدا مەبەستی چبوە.

کاک ئازاد مستەفا کە بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی سەر کردایەتی بەرەی کوردستانی چو بوە سوریا و تازە لە شام گەرا بۆوە، رۆژی ٩٨٨/٩/٢٣ تەلیفونی بۆ کردم کە یەکتر ببینین. کاک ئازاد بە درێژی باسی تێکۆشانی بەرەی کرد و کەلێک بە چالاکی بەرە هیوا دار بوو. گوتی باسی رۆژنامەی سەر دەمی نوێ -یش کرا..خەلّکی وا هەبوو ،لایان وابوو حیزبی کوموونیستی عیراق یارمەتی پێدەکات.

گوتم بۆ ئێمە جێگای شانازیە سەر دەمی نوێ ئەوەندە جێگای خۆی کردبێتەوە کە لە کۆر و کۆمەلّە دیموکرات و سیاسیەکانی کوردستاندا

باسی بکرێ.

پاشان کاک ئازاد گوتی : « مام جەلال دوکتور قاسملوی دیوە و ئێستا لە هەوڵ دایە بەڵکوو بتوانێ لەگەڵ ئێران دانیشتنێکیان پێ ساز بکات. وا بزانم دوکتور قاسملو تمایلی نیشان داوە. ئێرانیەکان گوتوویانە لە سەر یەک دەیانەوێ لە سیاسەتی خۆیاندا گۆڕانێک پێک بێنن.

گوتم : کاک ئازاد حکومەتی ئێستا حکومەتی مەلایانە. بڕوا کردن بەمەلایان هەڵەیەکی گەورەیە. حکایەتی سەید حەسەنی مودەریس و تەقی زادەم بۆ گێڕایەوە: لە مەجلیسی دەورەی چوارەمی ئێراندا ئەم دوو مەلایە نوێنەری پارلمان دەبن و هەر یەک سەر بە فراکسیۆنێکی پارلمان. لە سەر پەسند کردنی لایحەیەکی قانونی لە نێوان ئەم دوو فراکسیۆنەدا کێشە دەبێت. تەقی زادە تەماشا دەکا دەنگەکان وەک یەکن. دەچێتە لای مودەریس و دەڵێ : قوربان ئێمە چیمان لەم شەرە چەقەیە داوە، فەرموو با بچین نوێژەکەمان بکەین. کابرا رادەبێ و دەچنە نوێژخانەی پارلمان . تەقیزادە مودەریسی وە پیش دەدا کە بە جەماعەت نوێژ بکەن. سەید حەسەنی مودەریس نوێژ دادەبەستێ و تەقی زادە سەبروکە پاشەو پاش دەکشێتەوە و دەچێتەوە مەجلیس و دەنگ وەر دەگرن و فراکسیۆنی تەقیزادە دەیباتەوە. مودەریس کە لە نوێژ دەبێتەوە، ئاور دەداتەوە تەقیزادە نابینێ. دەر دەپەرێ و دەچێتەو مەجلیس، هاواڵەکانی بە سەری دادێن و دەڵێن کابرا تۆ لە کوێی؟ دەڵێ لە گەڵ تەقیزادە نوێژمان دەکرد. گوتیان: تەقیزادە لێرە دەنگی داوە. تازە دەزانێ چ کڵاوێکی چۆتە سەر.

کاک ئازاد زۆر پێکەنی و گوتی : هیوادارم سیاسیەکانی ئێمە کڵاویان نەچێتە سەر و فریوی مەلایان نەخۆن.

سەفەر بۆ سوفیا

رۆژی ٨٨/٩/٢٦ بە هیوای چوونەوەی سوفیا و سەردانی منداڵەکان سواری قەتار بووم بۆ بیرلین و رۆژی دوایی چوومەوە سوفیا. نیشتمانپەروەرێکی عەرەبی عیراقی کە لە بولغاریا دەیخوێند، نامەیەکی سەبارەت بە جنایەتی حکومەتی بەعسی عیراق دژی میللەتی کورد و بێدەنگی دەزگای راگەیاندن و دەوڵەتی سۆڤێت لە ئاست ئەم جنایەتە سامناکە بە ئینگلیزی بۆ گۆرباچۆف نووسیبوو، بۆی هێنام کە لە رۆژنامەی سەر دەمی نوێ دا بڵاوی بکەینەوە. نامەکەم دا بە دوکتور محمد کەریم شکاکی بۆی کردین بە کوردی و لە ژمارە ٣٤ی مانگی نوڤەمبەری ١٩٨٨ی رۆژنامەی سەر دەمی نوێ دا بلاو کراوەتەوە. دەقی نامەکەشمان بە ئینگلیزی لە (سەر دەمی نوێی ئینگلیزی دا بڵاو کردەوە.

رۆژی ٢/. ٩٨٨/١ چوومە باڵیوز خانەی سۆڤێت و چاوم بە سکرتێری یەکەمی باڵیوزخانە کەوت. لە سەر بێدەنگیان لە ئاست بۆمبارانی کوردستان و جنایەتی حکومەتی سەددام بە توندی رەخنەم گرت و نامەی برادەرە عەرەبەکەشم دایەو گوتم نەک هەر کوردەکان لەسیاسەتی بێدەنگی ئێوە نارازین بەڵکو ئەوەتا نیشتمانپەروەرانی عەرەبیش بێزاری خۆیان دەر دەبرن.

کابرا لە وەڵامی رەخنەکەی مندا، دیسان هێندێ شێر و رێوی هێناوە وگوتی ئێمە لە ئەفغانستان و لە کامبوج و لە نیکاراگوا و لە فەلەستین و

شوێنی تر پێوه بووین و ئه‌گه‌ر پروستروێکا نه به‌ینه سه‌ر، به جارێک تێدا ده‌چین. گوتی: ئه‌و نامه‌یه‌ش ده‌نێرین بۆ موسکۆ.

رۆژی ٢٣/١٠/١٩٨٨ گه‌رامه‌وه بۆ ستۆکهۆڵم. نامه‌یه‌کی زۆرم بۆ هاتبوون و خه‌ریکی وه‌ڵام دانه‌وه‌یان بووم.

نامیلکه‌ی« له پێناو چی‌دا » که چاپکرا، بۆ گه‌لێک دۆست و براده‌رانم نارد. چه‌ند که‌سیش له‌م پێوه‌ندی‌یه دا نامه‌یان بۆ ناردم که‌وا هێندێکیان بلاو ده‌که‌مه‌وه.

١٩٨٨/٩/٢٨ غه‌نی بلوریان ئه‌م نامه‌یه‌ی خواره‌وه‌ی بۆ نارد بووم

«هاوڕێی به رێز و خۆشه‌ویستم کاک که‌ریم.

پاش رۆژ باش و ئاواتی سه‌ر که‌وتن بۆتان، نامه‌که و نامیلکه‌کانی خۆتو انگلیزیه‌که گه‌یشت زۆر سوپاست ده‌که‌م. دیاره لێقه‌ت له سه‌ر هه‌تیو هه‌لگرتوه هه‌ر وه‌کو خۆتان اشاره‌و داوه ئه‌گه‌ر ئه‌وانه مستقلا به کرده‌وه‌ی دیموکراتیک نیشان بده‌ن که ئه‌ومرۆڤانه‌ی پێشوو نین و ره‌خنه له رابردوو بگرن بێ گومان جێگای باوه‌ر ده‌بن. به هیوام ره‌جویها کاریان تێ نه‌کات و پیاوی نه‌ته‌وه‌ی خۆ بن. له سه‌ر بێده‌نگی دنیای پێشکه‌وتوو خواز سه‌باره‌ت به به‌کار هێنانی بۆمبای ژاراوی دژی نه‌ته‌وه مظلومه‌که‌مان ده‌بێ بلێم کاکی من مه‌سه‌له‌ی کورده‌واری ده‌ڵێن، ده‌ستی که‌س پشتی که‌س ناخورێنێ. به داخه‌وه ئێمه تا ئێستا به‌رژه‌وه‌ندی نه‌ته‌وه‌که‌مان ده‌رک نه‌کردوه و کۆشاوین خۆ به ئه‌م و ئه‌و ببه‌ستینه‌وه. تا که‌ی ده‌بێ وابێ نازانم ! ئه‌گه‌ر هه‌موو مرۆی کوردی دڵسۆزی پێشکه‌وتوخواز که دڵیان بۆ نه‌ته‌وه‌که‌یان نه‌ماوه ته‌نیا به قسه نه‌بێ به کرده‌وه بێنه گۆره‌پانی سیاسه‌ت ده‌کری گشت لێک کۆ وه‌بن و شتێک پێکه‌وه نێن و له سه‌ر پێی خۆ راوه‌ستن جا ئینجا له گه‌ڵ داواکه‌رانی ئازادی و دیموکراسی و مافی نه‌ته‌وایه‌تی دۆستایه‌تی بکه‌ن به‌لام

بەرژەوەندی نەتەوەکەیان قەت لە بیر نەکەن. بە هیوای رۆژێکی ئەوها. برادەرێکی کورد نامەی نووسیوە بۆ من و دەڵێ بو چی نامەی مردمی ژمارە ٢٢٣ لە مقالەیەکدا لە لاپەری ئاخر پاش ماوەیەکی زۆر دەنگی بەرز کردوە، نوسیویە خلقهای کورد در عیراق ر ترکیەو ایران. مەگەر چەند خەڵکی کورد هەیە. ئاخر ئەو تیئوریە کە گۆیا کورد میللەت نیە بخاطری نەبوونی اقتصاد و سەر زەوی مشترک ئێستاش لای ئێوە هەر باوە. وتم جگە لە مە بڵێم نەخۆشیە کۆنەکەی لە مێژینەیە چی تر بڵێم. کاکی برا ئەوا پاش چەند مانگ چاوە روانی. هەینوی داهاتوو خانویەکی دوو وەتاخەمان پێ دەدەن کە تەلیفونیشی هەیە و هەر کە گواستمانەوە ژمارە تلفونەکەت بۆ دەنووسم. جاری تا صندوقێکی پۆستی دائم وەر دەگرم بە ئادریسی پۆستی پاکەتەکە نامە بنووسە. ZITNH ئیتر ئادریس نیە. بە هیوام هەلت بۆ هەڵکەوێ سەرێکمان لێ بدەی پێ خۆشحاڵ دەبین. خێزانم بە گەرمی سلاوتان لێ دەکا. ئەوا نامەیەکم بۆ خوشکە خەجیج نوسیوە رەوانەی دەکەم بۆ حاڵ و ئەحواڵپرسی ئیتر هەر بژی برات غەنی ٨٨/٩/٢٨.»

نامە یەکی ٨٨/١٠/٧ ی کاک حەمەدەمینی سیراجیم بۆ هاتبوو کەوا لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە.:

« برای بەرێز کاک کەریم. دوای سلاو هیوایە سەرەرای کویرە وەری و خەفەتی ئەو بارو دوخە نالەبارەی نەتەوەکەمان تووشی بوە، تەندروست و بە ورەتر بی و زمان و قەلەمت لە قاودانی تاوانەکانی بی وینەی ئەم دوایيانەدا هەدا نەدا. بە داخەوە گەر چی نە مێژووی تازەو کونی خومان و نە مێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلانی مەلبەند و جیهان تووشی تراژیدیەکی ئا بەم چەشنە سامناک نە هاتوون، بەلام لە لایەک بەو چەشنەی پێویستە ئەو کارە ساتە لە جیهان دا دەنگی نە

داوەتەوە و لە لای تر ئەوەی دەولەتەکان خوی لی نادەن و خەریکن دیزە بە دەرخۆنەی دەکەن مەسەلەی سزادانی ئەو ریژمە تاوانبارەیە کە تەر و ویشکی بە یەکەوە بە گازی شیمیایی لە ناو بردوە و پتر لە سەد هەزار کوردی ئاوارەی تورکیەو ئیران کردوە. بە تەلەفون لە گەل باوکی ڤینک دوام و پیم گوت:«لە مالی گەورە و دم راستەکانی تزیکی ئاخر دەنگیک، فریابەک، دادیک. خەلک چاوە روانەو هەر لە زوورا ئەو بنە مالەیان بە هاریکارو هانا ناسیوە». گوتی « رانەوەستاوم و بە گشتی خەریکم. دیارە لە توشی پرسی، گوتم لە بیرلین بە یەکەوە بووین و بەرەو سوئید گەراوە. سلاوی هەبوو. هاوریان چی بە چی کردوە نازانم. رادیوەکان هیندیک باسی خو پیشاندانەکانی سوئیدیشیان کرد. هەر چونیک بی ئەم چەشنە کارانە لە بیٔ دەنگی و چار نوقاندن لە حاست ئەو تاوانە نە بەخشراوە بەرامبەر بە گەلەکەمان باشترە. مامە نامەی نیوەی نیشان دام کە نوسیوتە تا ئادریسی خوی نە نووسی چاپەمەنی بو نانیرم. گوتم ئەمەی کردوتە بیانوو. ئەگینا هەر وەک تا ئیستا بە ئادریسی ژیتنا بو نیوەی ناردوە،دەکرا بو منیش نامەو... رەوانە بکا. ئیستا پاش دوو سیٔ مانگ چاوە روانی سەندوقیکی پوستم وەر گرتوەو ئادریسی راستەو خۆیە بو پیوەندی نامە و چاپەمەنی، بزانم ئەم جارە چی دەکەی؟ زور سلاوی براژنە خەجیج و کەمال و شلیر لە لایەن منەوە بگەیەنە. سلاوی تایبەتیم هەیە بو دوکتور جەمشید و لە هەمو دوست و ئاسیاوی دەور وبەرت لە کوردستانی سوئید بە مەرجی ئەوە باش مابن.سەرلە نوی سلاو، هەرشاد و سەر بەرز بی.برات مینە. ۷/ . ۱/۱۹۸۸

بە داخەوە رونووسی وەلامی خۆم بۆ کاک حەمەدەمین لە لا نەماوە. بەلأم لە دەفتەری یادداشتەکانمدا ئاوام نووسیوە :« ئەوە کاک حەمەدەمین دوای چەند سالٔ ئادریسی خۆی بۆ نووسیوم. ئەویش هەر

سندوقی پۆستی‌یە. هێشتا نەیونیراوە شوێنی خۆی دیاری بکات. نووسیویە :« بە باوکی فینکم گوتوە : ئاخر دەنگێک، فریایەک، دادێک». لە وەڵام دا بۆم نوسیەوە:« کاکە بۆ هەر باوک فینک هاوار بکا. ئەدی ئێوەش حیزبی کومونیست و نوێنەری خەڵکی قور وەسەر و لێقەوماو نین، بۆ وەدەنگ نایەن؟ قەزاوەتی خەڵک لە بیر مەکەن».

بە دوای ئەوە دا ئەم نامەیەی خوارەوەم لە لایەن کاک حوسێنی بەخشی‌یەوە لە ئەڵمانەوە پێگەیشت کە ۸۸/۱۱/۲۲ نوسیبووی:

« هاوڕێی بە ڕێز و خۆشەویست کاک کەریم! وێڕای سلاوی گەرمی هاوڕێیانە !

هیوادارم ساخ و سلامەت و کەیف خۆش بن و لە کارو تێکۆشانی بێ وچانتان لە پێناو بەختەوەری نەتەوەکەماندا سەر کەوتوو بن و لە گەڵ چەرمە سەری ڕوژگار هەڵ کەن. ڕێز و سلاومان هەیە بۆ براژنە خەجیج و منداڵەکان. لە وەی کە بە پێچەوانەی قەراری تەلیفونی درەنگ نامەم بۆ نووسی شەرمەزارم. هیوادارم بمانبورن. لەم بەینەدا خۆشم زیانم پی گەیوە چوون هەر وەک خۆتان باستان کرد «سەر دەمی نوێ»تان بۆ نارد بووم و بە دەستم نەگەیشتبوو. لە ئاخری نامەکەدا ئادریس و ژمارە تەلیفونەکەم دەنووسم. هەر وەک ئاگادارن پاش ساڵو نیوێک وەلامی دادگامان بۆ هاتەوە و وەک پەنا بەری سیاسی قەبوڵ کراین، بەلام ئیستا پاسپورتمان وەر نەگرتوە. هیوادارین لە مەو دوا ئەلبەتە ئەگەر وەزعی مالی مان باش بێ هاتوو چۆی لای ئێوە بکەین ! ئەم ڕوژانە لە گەڵ «مامەش» قسەم کرد. زۆری لێ دەپرسی و سلاوی هەبوو بۆتان، دەیگوت لە گەل برادەرانی «بە ڕێوە بەرایەتی شورشگێر چی کردوە»؟ پێی خوش بو ئاگاداری وەزعتان بێ.

هاوری بەڕێز! نووسراوەکەتم لە ژێر ناوی «لە پێناو چی‌دا»خوێندەوە.

دیارە تازە چاپکراوەو بلاو بۆتەوە و هەزار رەخنە و تەزەریش بە قرانیکی، بەلام سەرەرای ئەوەش ئەگەر ئیزنم بدەی بە کورتی تەزەری خۆم دەر دەبرم! پیش هەموو شتێک پیم وایە ئەگەر بەر لە دەردان و بلاو کردنەوەی لە گەڵ یەک دوو کەس لە بەرێوە بەرایەتی ئەم لا وتو وێژتان کرد با و پاشان ئەگەر بە هیچ ئاکامێک نەگەیشتبان بلاوت کرد باوە باشتردە بوو.

بەلام وادیارە ئیوە هەر لەو رۆژەوە کە ئاگاداری هەلویستی ئەوان بوون بریارت داوە نە تەنیا هاوکاریان لە گەڵ نەکەی، بەلکوبە توندیش لە قاویان دەی!

ئەوە کە ئەم جیا بوونەوەتان بە زیانی جولانەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان زانیوە تەواو راستە، بە تایبەت ێمە خۆمان لە نیزیکەوە چیژی زەرەر و زیانی جیا بوونەوەمان پاش کونگرەی چوار چیشتوە و بە پێچەوانەی نەزەری هیندیک کەس کە هەلویستی بەشیک لە بەرێوە بەرایەتی حیزبی دیموکرات(پیرەوی کونگرەی چوارەم)یان بە رووداوێکی میژوویی دادەنا، من پێم وایە هەلەیەکی میژوویی گەورەمان کرد، چون سەرە رای هەموو کەم و کورێک ئەگەر لە ناو ریزەکانی حیزبدا مابابینەوە قازانجمان دەبوو، ئەلیەتە بە لە پیش گرتنی سیاسەتێکی دروست وئوسولی و عاقلانە.

ئێستاش بە قەولی مەشهور سەرە چەرمەکە ئاو بردوویەتی و حەرەکەتەکە کراوە و ئیتر لێدان و کوتان و هەرەشە و گورەشە دەردێک دەرمان ناکا. مەبەستم ئەوەیە ئیستا کە ئەو جەماعەتە جیا بوونەوە و زۆربەی ئەو کادرو پیشمەرگانەی کە بۆ چوونی پیشکەوتنخوازانەیان هەیە لە گەلیان کەوتوون ئەرکی ئێمە دەرحەق بە وانە چیە و دەبێ چونیان یارمەتی بدەین؟ یارمەتیان بدەین بۆ ئەوەیلە لایەک ریزی

تاقمی هەلپەرست و بەر چاو تەنگ و لادەر لاواز بکری و لە لایەکی تر مەیدانی دەست تیوەردانی کومەلەو موجاهید تەنگ بکریتەوە. خوتان باشتر دەزانن کە چ موجاهیدین و چ کومەلە هەم لە بوغزی معاویە و هەم بو مەبەستی راکیشانی ئەم هیزە بو لای خویان، یاریدەو یارمەتیان دەدەن ئەگینا کەی ئەوانە چاویان بەرایی ئەوەی دەدا حیزبی دیموکرات بە هیز تر لەوەی کە هەیە بیْ. لە نووسراوەکەت دا هەر دوو لات وەبەر گوپالیک داون و پیت وانیە کیشەکەیان کیشەی سیاسیشە و رەنگی سیاسی پیوە نابینی. بە بروای من سەرە رای گیرەو کیشەی ناو خویان لە سەر داگیر کردنی پۆست و مقام و پیش برکە بۆ چوونی ئورووپا و... جیا بوونەوەیان ناوەروکیکی سیاسیشی هەیە، چون بە ئاشکرا بۆ چوونی سوسیال دیموکراسی و نیزیکبونەوە لە ئیمپریالیزمیان مەحکوم کردوە و بە کردەوەش تا ئیستا سووکە هەنگاویکیان بۆ هەلیناوەتەوە. باسی ئەوەت نەکردوە کە خوشت تا سەرو بەندی کونگرەی شەشەم لیر و لەوی تا رادەیەک شەریکی کردەوەکانی ئەوان بووی.

ئەوەی کە لە ئاخردا پیت وایە هیچ کام لەو دوو هیزانە توانای ئەوەیان نیە تا لە سەر بنچینەی بۆ چونیکی دروست و زانستیانە چارە سەری گیرو گرفتی جولانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەکەمان بکەن و هەنگاوی ئەساسی بۆ هەلیننەوە، بەلام خوشتان رینگایەکی ئەو توتان کە ئاسویەکی روون بەرەو روی جولانەوەی گەلەکەمان بکاتەوە، پیشنیار نەکراوە.

لە کوتاییدا لە وەی کە بە کورتی رەخنەکانم بە ئاشکراو بە بیْ پیچ و پەنا لە گەلْ باسکردووی تورە نەبی! چون دەزانم ئیوە زیاتر لە هەموو ئەندامانی حیزب لەو رینگایەدا تووشی زەحمەت و کویرە وەری بوون و بەر تیرو تانەی زۆری نا کەسانیش کەوتوون بەلام کولتان نەداوەو سور

بوون له سه‌ر ریگا پیروزه‌كه‌تان. هه‌ر بویه‌شه چاوه روانی زیاتر له ئیوه هه‌یه و له‌م قوناخه ناسكه‌دا كه جولانه‌وه‌ی رزگاریخوازی گه‌له‌كه‌مانی پیدا تی په‌ر ده‌بی به‌ر پرسیایه‌تی زیاتر له سه‌ر شانی ئیوه دانراوه.

هاورێی به ریز! به له به‌ر چاو گرتنی ئه‌م هه‌ل و مه‌رجه، به بروای من دوو ریگامان له پیشه، یان بگه‌رینینه‌وه ناو حیزب و له گه‌ل ئه‌م به ریوه به‌ریه (شورشگیر)ه كار بكه‌ین، یان راسته‌و خو له گه‌ل هه‌موو ئه‌و كوردانه‌ی كه خاوه‌ن بیرو باوه‌ری پیشكه‌وتو خوازانه‌ن و دلسوزن ده‌ر هه‌ق به گه‌له‌كه‌مان و ئاماده‌ن بو مه‌به‌ستیكی ئه‌وتو، جه‌ره‌یانیكی پاك و خاوینی كوردستانی وه‌ری خه‌ین.

سه‌ر كه‌وتوو بی خه‌باتی رزگاریخوازی گه‌له‌كه‌مان دژی ئیمپریالیزم و كونه په‌رستی. براو هاوریتان سه‌عید (حسین) ۸۸/۱۱/۲۲ »

له باره‌ی نامیلكه‌ی (له پیناو جی‌دا) نامه‌ی دیكه‌شم پیگه‌یشتن كه بو چوونی جیاوازیان تیدا بوو. له گه‌ل سوپاس بو ئه‌و براده‌رانه كه به راشكاوی به نووسین رای خزیان ده‌ربریوه و بو ریز گرتن له بیرورای ئه‌وان ئه‌وا نامه‌كانیان چاپ ده‌كه‌م با له گه‌ل بو چوونی من فه‌رقیشیان هه‌بی. دیاره كه‌سانی واش هه‌بوون كه پاشمله بو

وه‌زنی شیعر قسه‌و قسه لوكیان كردوون، به‌لام چونكه نه‌هاتوونه سه‌ر كاغه‌ز هه‌ر به هه‌وادا روِیشتوون. به دوای نامه‌ی كاك حوسینی به خشی‌دا، **نامه‌ی كاك حه‌مه‌ده‌مینی سیراجی-م بو هات** . دوای سلاو وچاك و چونی نووسیبووی : « برام ! نووسینی ئادریس نه‌كا به پیشه‌كی ئالو گوڕ دابنیی. خوت به‌ر له من له گه‌ل ئه‌و وه‌جاخ و وه‌جاخ زادانه هه‌ستاوی و دانیشتووی. ئه‌مه كه نامه‌م به ئادریسی خو نه ده‌نووسی. وه‌نه‌بی ئادریسم بووبی و حه‌شارم دابی. تا نیزیكه‌ی نامه بو ئیوه ئادریسم هی شیخ و یان ژیتنای گورینی سه‌ره‌تای ساله‌كانی ۱۹۶۰ی

نێوە بوو. لە مەر خزمانەوە زۆر جار قسە خۆشەکەی تو لە مەر «قدوە» دەگێرمەوە. گەر چی ئێستا وەک چاڵی بە دەرزیان تۆزقاڵێک فەرقی کردوە.

سەبارەت بە نامیلکەکەت و ئەو «بەلامەی»لە نامەی کاک سەعیدی دا نووسیمە. ئەوەی راست بێ پتر لەوەی نووسیوتە لە باری هەر دوو لاوە، شت هەیە. بەلام داخوا هەل و مەرجی ناسکی ئێستای خەباتی گەلی کورد بواری ئەوهێنانە گۆزی هەموو راستە قینەکان دەدا و داخوا دروستە گشت راستیەکان روو بکەین؟ بە لامەوە بەرو بووی دەر خستنی راستیبەکان گرینگی پتری دەبێ پێ بدرێ تا تەنیا درکاندنی راستیەکان. هەل و مەرجی ناسکی ئێستا، ریگای پتر زامار کردنی هیوای لاوازی ئەو گەلە و ناهومید کردنی بە تەواوەتی لەو هێزانە نادا. ئەویش بە باس و لە ئارادا بوونی ئالترناتیو. خوت باش دەزانی لە ئەنجامی پێک دادانی کومەلەو دیموکرات، زور پێشمەرگە چەکیان دانا و هەر باب و برا بوون کە دەچون کوڕ یان برای خویان لە کێو دەهێناوە و تورەییان لە شەری برا کوژی دەر دەبری و یارمەتیش لە کەمی دەدا. ئێستا دوو لەت بوونی دیموکرات لەو بارو دوخەدا کە بە جوانی پەنجەت بو راکێشاوە و بەو وەزعەی دوایی کە لە ئەنجامی راوەستانی شەری ئێران و عیراق پێک هاتوە، مەترسی هەرە گەورەی بو هەموو لایەک پێکەوە ناوە و شەرە دندوکەی ئەمانە دژی یەکتر و ئەسکوێ تێوەردانی خەستی موجاهید و هی تریش برینەکە قوولتر دەکا. پتر شیلانی هەر دوو لا لە لای ئێوە و تیتولێ پێوە نەهێشتنیان، لە گەل رێنوێنی دروستی پاش شیلان، دیسان پتر لەوەی ئێمە کەلکی لێ وەرگرین، دوژمنانی گەلەکەمان کەلکی لێ وەر دەگرن. دەکراو باشتر بوو لەم بارو دۆخە ناسکەدا، باسی رابردوو نەکرا با و هەل و مەرجی پر مەترسی ئێستاو

رێگای دروستی دابڕ دابڕ نه‌بوون و هاوکاری هاتبا گۆڕێ و هه‌ولی کول کردنی دژایه‌تی هه‌ر دوولا به‌رامبه‌ر به یه‌کتر درا با. نه‌ک پێشه‌کی کوتانی خه‌ست و خولی هه‌ر دوو لا. سه‌باره‌ت به هه‌لوێستی بنه ماله، به خوشی‌یه‌وه یان به داخه‌وه پراودای گورینی «سیپتامبرم» نه‌دیوه. بۆ مه‌سه‌له‌ی نووسراوه‌کانی کاک حه‌سه‌ن قسه‌م کردوه به لام ده‌بێ شیلگیرتر دوای که‌وم ...... سه‌ر له نوێ سلاو . برات مینه . ١٩٨٨/١١/٢٩.»

کاک حه‌مه‌ده‌مین ئه‌و ده‌م له ڕێبه‌رایه‌تی حیزبی توده دابوو. سیاسه‌ت و سوننه‌تی حیزبی توده و هه‌موو حیزبه کومونیسته‌کان و حیزبه‌کانی دیکه‌ی لار به‌م لایه دا، هه‌میشه ئه‌وه بوه که له کاتی خۆی‌دا به بیانووی ئه‌وه که

(مه‌سله‌حه‌ت نیه و هه‌لی ناسکه) ڕاستی به خه‌لک نه‌لێن و قه‌تیش ره‌خنه له خۆ نه‌گرن. ئێمه‌ش له حیزبی دیموکرات دا هه‌ر وابووین. هه‌زار هه‌له‌و چه‌وتی ده‌کراو ده‌مان بینی، به بیانووی ئه‌وه‌ی (له شه‌ر داین و مه‌سله‌حه‌ت نیه و وره‌ی خه‌لکی پێ کز ده‌بێ) نه‌ده‌بوو باسیان بکه‌ین. سالی ١٩٨٤ له پراگ له گه‌ل کاک عه‌زیز محه‌مه‌د تووشی کاک عه‌لی خاوه‌ری بووم و مامه غه‌نیشی له گه‌ل بوو، له نێو قسه‌کانماندا پێم گوت:

« ئێوه ئه‌و هه‌موو هه‌له‌یه‌تان کردوه، بزووتنه‌وه‌تان تووشی ئه‌م ڕوژه کردوه. بۆ چی ئێستا هه‌له‌کان بۆ خه‌لک روون ناکه‌نه‌وه و پێ له چه‌وتیه‌کان نانێن و به ئازایه‌تی که‌م و کوری یه‌کان روو ناکه‌ن ؟ »

له وه‌لام دا گوتی: ئێستا له هه‌موو لایه‌که‌وه ئێمه ده‌کوتن. جا خۆشمان بیێن خۆمان بکوتین و ره‌خنه له خۆمان بگرین، مه‌سله‌حه‌ت نیه.

پاش ئەو دیتنە چەند جار لە ڕۆژنامەکەیاندا بینیومە کە دەنووسن « سیاست حزب ما در مجموع صحیح بوده‌است»!! وەک برادەرانی حیزبی دیموکرات، ئیستاش دەنووسن:« ڕووداوەکان ڕاستی سیاسەتی حیزبی ئیمەیان نیشان داوە »!! قەت جارێک نانووسن لە وانەیە ماموستا جارێک تووشی هەڵە بووبێ.!

من کە کەمتر نامەی برادەرانم بێ وەلام دەهێشتەوە، لە وەلامی نامەی کاک حەمەدەمینی دا، ئەم نوسراوەی خوارەوەم بۆ نارد کە وابە داخەوە هەر لاپەڕێکی ڕوونووسەکەم لە لاماوە بلاوی دەکەمەوە. ئەوەندەش بە قسەی کاک حەمەدەمینی دەکەم سەبارەت بە ناسکی بارو دوخ چەند ناوێک لە نامەکەدا هاتوون، لایان دەبەم.

« برای بە ڕێز کاکە مینە ڕۆژ باش ! نامەکەت لە کاتێکا گەیشت کە بە ڕاستی خەبەری ئیعدامی گیراوە سیاسیەکان پەژارەی کرد بووم. چاک بوو یەک دوو جارم خوێندەوە و لە بۆ چوون و لێکدانەوەت سەبارەت بەو (شۆرشگێران)ە حالی بووم. بۆم دەرکەوت کە ئەوە بۆ چوونێکی گشتیتانە. چونکە برادەرانی دیکەشتان لەو بارەوە نامەیان بۆ نووسیوم، بۆ چوونەکەیان هەر وەک ئێوەیە بە تۆزێک زیادیشەوە کە گۆیا ئەو شۆرشگێرانە) گوتوویانە « پیرەوانی کونگرەی چوارەم» ڕێگا دەدەین بێنەوە نێومان. سەرم سوڕ ما و (الغريق يتشبس بكل حشيشا)ی عەرەبم هاتەوە بیر. خاوەنی بیرو باوەری مارکسیستی (ئەگەر ڕاستی کرد بێ) بە هیوای ئەوە بێ لە بن سێبەری کێ و کێدا، گەل ڕزگار بکا. یارەبی پیرۆزی نەبێ.

کاک حەمەدەمین ! بە قەولی لینینی مەزن هەموو حیزبەکانی کە فەوتاون و سەر نەکەوتوون، لە بەر ئەوە بوە کە ترساون واقعیت باس بکەن و بە قەولی تۆ« ڕاستی یەکان ڕوو کەن».

عه‌کسی نه‌زه‌ری تۆ مانای ئه‌وه‌یه له‌و هه‌ل و مه‌رجه ناسکه‌دا با «راسته قینه‌کان نه یه‌نه گۆرێ» با لێ گه‌رێین خه‌ڵک له دوا که‌وتوویی و بێ خه‌به‌ریدا وه‌دوای هێندێ سه‌ودا گه‌ری سیاسی بکه‌وێ. با لاوه‌کان به کوشت بچن و (رێبه‌رانیش) به نرخی خوێنی ئه‌وان له ئورووپا بسوورێنه‌وه.

نه‌ت نووسیوه «به‌رو بوی ده‌ر خستنی راستی‌یه‌کان گرینگی پتری ده‌بێ پێ بدرێ تا ته‌نیا ده‌ر کردنی راستیه‌کان» یانی چی؟ ئێستا ئه‌وانه به ته‌واوی له به‌ر ده‌ستی موجاهیدان دان. ئه‌گه‌ر باسی (نیروهای انقلابی) ده‌که‌ن، مه‌به‌ستیان موجاهیدو (به‌ر نامه‌ی هویت) و (راه کارگر و...) به نه‌زه‌ری ئێوه له‌و بارو دوخه‌دا باسی رابردو نه‌کرێ. بۆ که‌نگێی رابگرین؟ ئه‌گه‌ر هاتوو خۆیان گرت و (پیره‌وانی کونگره‌ی چوار)یشیان وه‌رگرته‌وه، خۆ باسکردنیان هه‌ر کوفر ده‌بێ. ده‌با ئه‌وانه‌ش ماوه‌یه‌ک سواری ملی خه‌ڵک بن و ئێمه‌ش بێده‌نگ بین و به یانیش ئه‌گه‌ر زمانمان گه‌را، خه‌ڵک هه‌قیه‌تی پێمان بڵێ: کاکه ئه‌دی دوێنێ بۆ بێده‌نگ بوون. وه‌ک ئێستا من به‌وانه ده‌ڵێم :« ئه‌دی ۹ ساڵ ئێوه چکاره بوون.» بۆ ئێوه که حیزبی سیاسێن و هیوا دارن که (شۆرشگێران) به گشتی له به‌ره‌یه‌کدا کۆ بکه‌نه‌وه، ره‌نگه‌وا باشتر بێ که بێده‌نگه‌ی لێ بکه‌ن و جارو بار چاونکیشیان لێ دابگرن. چونکه ئه‌وانیش باسی سوسیالیزم و دژی ئیمپریالیستی ده‌که‌ن.! به‌لام بۆ من روونکردنه‌وه‌ی راستیه‌کان، روونکردنه‌وه‌ی رابردوو، ئه‌سکوێ تێوه‌ردان و گه‌ند ده‌ر هێنانیان ئه‌رکی سه‌ر شانی خه‌باتی ئه‌و رۆژمه. جێگای داخه کومونیسته‌کان قه‌ت له رابردوو ده‌رس وه‌ر ناگرن و ده‌بێ راوه‌ستن پاش ۷ ساڵ گه‌ند کاریه‌کانیان ده‌ر بخه‌ن. من لام وایه ده‌بێ له پێشدا خه‌ڵکیان له سه‌ر روون بکرێته‌وه جا پاشان بیر له ئه‌لترناتیڤ بکرێته‌وه

... وا وێدەچێ ئەم نامەیەی من بۆ کاک حەمەدەمینی دوو لاپەڕە بوو بێ، بەڵام بە داخەوە هەر لاپەڕەیکم دۆزیوەتەوە و نامەکە بێ ئیمزاو تاریخ و ماڵاوایی ماوەتەوە .

دەمویست لێرەدا نووسینی ئەم بەرگە کۆتایی پێ بێنم و گێڕانەوەی هێندێ لە ڕووداوەکان بۆ بەرگی ۱۰ی بیرەوەریەکانم رابگرم. بە لام بە خۆشیەوە دوو نامەی مامە غەنی بلوریانم دیتنەوە کە بە رای من بۆ روونکردنەوەی هێندێ قوژبنی تاریکی بزووتنەوەی کورد لە ولاتی خۆمان کرنگی تایبەتیان هەیە. بە تایبەت لەو نامەیەدا کە دەڵێ:« **بەیانی حەقیقەتی تاریخی بۆ هەمیشە حەشار نادرێ و مرۆ دەبێ بە صداقەت و راشکاوی راستیەکان دەرخات**» هەر ئەوەندە بۆ چوونە بابەتیانەی مامەغەنی، رەنگە وەلامی نووسراوەو

وردە قسەلۆکی ئەو کەسانە بێ کە پاشملە باسی بلاو کردنەوەی ئەم نامانە دەکەن کە وا لە بیرەوەریەکانمدا بلاو دەکرێنەوەو یا لە بیرەوەریەکانم دا هێندی راستی شاراوە دێنە روو. ئەو کەسانە هەمیشە لە روو کردنی راستی و واقعیەتی تاریخی ترساون و ویستوویانە رووداوەکان بە سەر داپۆشراوی بمێننەوە هێندێ کەسیش نان و پیوازیان پێ بخوات. **ئەمەش نامەی ۱۹۸۹/۲/۱۳ غەنی بلوریان :**

« هاورێی بە رێز و خۆشەویست کاک کەریم.

پاش رێز و سلاو نامەکەت گەیشت بە هیوام لە سەفەرەکەت سەر کەوتو بیت. نووسی بووت رەنگە لە گەرانەوەدا بە لای ئێمەدا بێیت. بەلام نەهاتی گەلێک چاوە روان بووین. بە راستی یەکتر دیتن زۆر پێویست بوو. ئێستا زور لە کوردەکان نامەم بۆ دەنوسن و ئەلێن کاکی برا تاکەی وەستاوی و لە مانە هیچ هەڵناوەرێ. ئەوانە هی هەموو لایەنە چەپەکانی ئێران و کوردەکانن لە سەر ئەو باوەرەن کە دەبێ چەپی

پێشکه‌وتو خوازی کورد بۆ خۆی بێ و سه‌ر به‌ خۆ ئه‌م بیرورایه‌ به‌ره‌ به‌ره‌ هه‌راو تر ده‌بێ. من هێندێک به‌ڵگه‌ی زه‌مانی ژ.ک له‌ سویت هاتۆته‌ ده‌ستم لام هه‌یه‌ به‌ لاَم ناکرێ به‌ پۆست دا ره‌وانه‌ بکرێ ئه‌گه‌ر که‌سێکی جێگای متمانه‌م ده‌س که‌وێ بۆتی ره‌وانه‌ ده‌م. شه‌ره‌ شه‌پی ناو ئیمه‌ش ئه‌وا گه‌یشتۆته‌ ئاخری خط.«آقایان» که‌سی وایان پێوه‌ نه‌ماوه‌ که‌ شایانی باس بن له‌ سه‌دا هه‌شتا به‌ره‌و لایه‌کی تر لێ ده‌خورن. جا نازانم چاره‌ نووسی پاش پلنومی داهاتوو چی پێ دێ. خۆت باش ده‌زانی که‌ ئیمرۆ له‌ جیهان هیچ حیزبێکی چه‌پی پێشکه‌وتوو نیه‌ چه‌تی تێ نه‌که‌وتبێ ومسئله‌ی نه‌بێ به‌ تایبه‌ت پاش پرسترویکاو گلاَسنۆست. من تا ئیستاش له‌م لاوه‌ ته‌لیفونیان پێ نه‌داوم. نازانم بۆ چی؟ ئاخو ده‌بێ ژماره‌ ته‌لیفونێک له‌ ولاَتێکی ئه‌وروپایی سالێک زیده‌تر بخایه‌نێ ئه‌ویش لیره‌و بۆ من که‌ به‌ خێر له‌ لای سه‌رو گۆیا توش هاتووم. کاک حامید نامه‌یه‌کی نووسیوه‌ جیاوازه‌ له‌ وه‌ی جه‌نابت نووسی بووت. شاید پاشان هاتۆته‌ سه‌ر ئه‌و رێبازه‌ به‌لاَم مه‌یلی وانی ناوه‌ و هومێدی پێ نین جا نازانم. کاکی خۆم من بۆم نووسیوه‌ که‌ ئه‌و لایه‌نه‌ش وه‌ک لایه‌نه‌که‌ی تر سه‌ر به‌ خۆ تیه‌ و ناتوانێ خۆی بریار بدات. ئیتر تێی خێر بێ بزانین دوا رۆژی نه‌ته‌وه‌که‌مان چی پێ دێت. کاک عه‌زیز محمد هاورێی به‌ رێزمان مصاحبه‌یه‌کی له‌ گه‌ڵ رۆژنامه‌ی کاری **ژماره‌ ٥٩ کردوه‌** زۆر به‌ نرخه‌ به‌ تایبه‌ت ئه‌و بابه‌تانه‌ی که‌ باسی کورد و مافی چاره‌ نووسی تیا. ئه‌وا نامه‌یه‌کم به‌ ئادریسی ئیوه‌ نووسی بۆ فهد نازانم ئادریسه‌که‌ی هه‌ر هی جارانه‌ یا گۆراوه‌ تکایه‌ بیده‌رێ زۆر سوپاستان ده‌که‌م. سه‌ره‌ خۆشیم له‌ په‌خشان کردوه‌ . ئیتر هه‌ر بژی برات غه‌نی ٨٩/٢/١٣»

نامه‌ی ١٩٨٩/٣/١٥ ی مامه‌ غه‌نی که‌ کۆتایی به‌رگی ٩ی بیره‌وه‌ریه‌کانی پێ‌ده‌ رازێنمه‌وه‌ :

« هاورێی بە ڕێز و خۆشەویست کاک کەریم ڕۆژ باش.

پاش ڕێز و چاک و خۆشی بە هیوام ساخ و سەر کەوتو بیت. لە ئێمە پرسیار بکەیت هەر وەک جارانین و شەرە شەپ قوڵترە. بەرگی سێیەمی بیرەوەریەکانتم گەیشتە دەست وا ئێستا خەریکم دەی خوێنمەوە، کەمێکم ماوە تەواوی بکەم. دیارە ئێستا لە حەفتاکانداین و دەبێ چاوە ڕوانی سالانی تر بکەین. هەر وەکی خوێندومەتەوە. قاسملو لە وت وویژی خویدا لە گەڵ « راه ارانی » دا کە دەگاتە باسی ئێمە دەفەرموێ کە گویا ئێمەو ئەوان لە سەر ئەوە کە ئاخو چەک دابنێین و وتو ویژ لە گەڵ حکومەت بکەین یا خود بە چەکداری وت و ویژ بکەین. دیارە ئەو حەقیەتی ئاوا بنووسێ چونکو ناتوانێ لە وە زیاتر بنووسێ. جەنابی شورشگێر کاک جەلیل هەر وەها لە گوزارشی کنفرانسەکەیاندا هێندێک وردە فەرمایشی فەرموە کە دیارە شارەزای. بەلام هیچکامیان زات ناکەن بچنە سەر نەسلی مەبەست منیش تا ئێستا لە هیچ جێگایەک بە نووسراوەی رەسمی باسی ئەو مسئلەم نە کردوە و تەنانەت لە رۆژنامەکەی ئەو کاتی خۆشمانا نە هاتوومە سەر نەسلی مطلب چوونکو لام وابوە کە دوژمن کەلکی لێ وەر دەگرێ. بەلام بەیانی حقیقتی تاریخی بۆ هەمیشە حەشار نادرێ و مرز دەبێ بە صداقەت و راشکاوی راستیەکان دەر خات. بە وەختی خۆی من ئەوەی کە نە قاسملو ونە جلیل زات ناکەن ئیشارەی پێ بکەن باسی دەکەم. بەلام ئەگەر تۆ بت توانیبا لە ئەمیری قازی یان مستەفای شەلماشی دەقی «حەوت» مادەکەی رژیمی بەعسی عیراقت پرسیار کرد با و ئەوانیش بە صداقەتەوە پێتیان گوتبای چشتێکی تاریخی خەیانەت یا هەڵەی نیزیک بە خەیانەت بەرانبەر بە گەلی کوردمان چەنگ دەکەوت. تۆ مرۆڤێکی سیاسی و شارەزای چۆن ئەوان بدۆزی و لە زمانیان وەر گری چوونکو

ئه‌و کات ئه‌میر و مسته‌فاش ده‌فته‌ری سیاسی بوون له کۆبوونه‌وه‌که‌ی که له مه‌ر ئه‌و حه‌وت ماده‌یه گیرا به‌شدار بوون و تا حه‌قیان تۆمار کرد. ته‌نیا من بووم دژی وه‌ستام و له‌و کۆبوونه‌وه یه‌ک سه‌ر هاتمه ده‌ر و رام گه‌یاند ئیتر له گه‌ڵ خه‌باته‌ت نیم. ئه‌وانه‌ی که جاران قاسملو وه‌پاڵ منی ئه‌دا که گۆیا به ده‌ستوری حیزبی توده ئێمه هاتینه ده‌ر، ئێستا کاوێژی ناکات و هه‌ر وه‌ک له سه‌ره‌وه گوتم ده‌فه‌رموێ له سه‌ر تاکتیکی شه‌ر یا نا شه‌ر بوو. جه‌لیل که ئێستا له باتی ئه‌ربابێک دوو ئه‌ربابی هه‌یه، ئه‌ویش مه‌کته‌بی سیاسی بوو که «حه‌وت» ماده‌ی تومار کرد. من پێم وت کاک جه‌لیل تۆ، بۆ! ئه‌وانه زیندان و چه‌رمه سه‌ری زۆریان نه‌دیوه سامانی مفت به هاسانی له ده‌س بده‌ن لایان گرینگ نیه، به‌ڵام تۆ زیاتر له نۆ ساڵ زیندانت کێشاوه و سه‌رمایه‌ت به‌خت کردوه تۆ بۆ چی ده‌چیه ژێر ئه‌و

«په‌نده» من ره‌نگه کاتی خۆی هه‌ڵه‌کانی‌خۆم باس بکه‌م که ده‌بێ مه‌ردانه بیکه‌م. به‌ڵام ئه‌وه‌ی که ده‌ر چووم و «حه‌وت» ماده‌م ره‌ت کرده‌وه به ڕووناکترین خاڵی ژیانی سیاسیم ده‌زانم با که‌س وا نه‌زانێ. ئه‌و حه‌وت ماده‌یه کاتێک دراو په‌سند کرا که پاش شه‌ش یا چوار مانگ رژیمی عیراق په‌لاماری ئێرانی دا. کاتی مانگی که هه‌وه‌ڵین هه‌ڵبژاردنی جمهوری ئیسلامی بوو. جا حیسابی بکه ئاخۆ رژیمی عیراق له چ مانگێکدا هێرشی هێنایه سه‌ر ئێران. دیاره من به دوور ودرێژی باسی ئه‌وه ده‌که‌م و ده‌بێ بیکه‌م. ئیتر به هیوای سه‌ر که‌وتن. نامه‌یه‌کم بۆ چوشکه خه‌جیج نووسی سه‌باره‌ت به کۆچی دوایی کاک ئه‌حمه‌د پیاوی چاکی کورده‌واری. لێره‌ش دا خۆم و خێزانم به ئێوه‌ش ته‌سلیه‌ت ده‌ڵێین و سه‌ر سلامه‌تیتان ده‌که‌ین. ئیتر هه‌ر بژی. برات غه‌نی ۸۹/۳/۱۵ »

لێره‌دا به‌رگی ۹ی بیره‌وه‌ریه‌کانم کۆتایی پێ دێنم، به‌م هیوایه ئه‌گه‌ر

تەمەن مەودا بدات، لە بەرگی ۱۰ی بیرەوەریەکانم دا، خوێنەرانی بە ڕێزی کورد لە بەشێکی دیکەی ڕووداوەکان و سەر بردەی ژیانم ئاگادار بکەم.

بەڵگە و وێنەکان

نامەی ژمارە - ١

لە سەر
بیرەوەرییەکانی
نووسەری ناسراوی
کورد
مامۆستا کەریم حیسامی
لە
کوردستانەوە
بۆ سوید

مەسەلەی نووسینی بیرەوەری و بڵاوکردنەوەی،
دیاردەیەکی شارستانییە، کە دەڵێین شارستانییە،
- زیدە بە کورتی - هەموو بوارەکانی ژیان دەگرنەوە..
هاوکات تۆمارکردنی بیرەوەری بە شێوەیەکی فراوان و
ڕاستگۆیانە، ڕەنگدانەوەی خۆشەویستی و ئاستی
ڕۆشنبیریی خودی خاوەن بیرەوەرییەکەیە..
لە جیهانی پێشکەوتووی ئەمڕۆکەدا، گرنگییەکی
زۆر بە مەسەلەی نووسینەوە و بڵاوکردنەوەی
بیرەوەری و یادداشت دەدرێت و کەڵەکەیەکی
دەوڵەمەند لە بارەی لێکۆڵینەوە و نووسینی مێژوویی و
نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەری
هتد.. دروست دەکات.

لای ئێمەی کورد - زۆریش بەداخەوە - لە ئەنجامی
بارە نەتەوەیی و سیاسی زیندە دژوار، جگە لەوەش
هەسەلەیەکی شارستانی و ئەرکی نیشتمانی، زۆر کەم بایەخمان
بە تۆمارکردنی بیرەوەریدا داوە، بگرە زۆریش
هەژارین .. !! بەڵگەش ئەوەیە، ئەوانەی بیرەوەری
خۆیان تا ئێستا نووسیویانەتەوە، لە پەنجەی دەست
تێپەڕ ناکەن... ((ئەوەی نووسراوەتەوەش [illegible]
- واتا بڵاوکراونەتەوە - لە چوارچێوەیەکی تەسکی
حزبایەتی، یا سیاسی دا نووسراونەتەوە .. !! کەچی
بە پێچەوانەوە، دەبینین: بیرەوەرییەکانی نووسەری سیاسی و
وەرگێڕی کارامەی ناسراوی کورد ماموستا کەریم حیسامی
زۆر بە فراوانی، بگرە هەموو لایەکانی خودی ژیانی خۆی و
نەتەوەکەی، لە بارەی سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و
دەروونی گرنگە ئامێز، بە ئەندازەی قەبارەکە
ئەوەشە لەلایەنشا، بیرەوەرییەکان زۆر ڕاستگۆیانەو
بێ سڵەمینەوە شتە وردو گەورەکان بە تاڵ و تفتاو
شیرینییەوە تۆمار دەکا .. !!

بۆیە کە ئەو هەشتا بەرگەی بیرەوەرییەکانی
ماموستا کەریم حیسامی ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی
مێژوویی و سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی ژیانی
کوردەواری بە گشتی و پەیوەندی کوردایەتیمان
بە تایبەتی و بەوە زیاتر لە بارەی کوردستانی ڕۆژهەڵات
زیندە بە تایبەتی و کوردستان بەشوور بە گشتی دروست
دەکاتن ..

ئەوەی شایانی گوتنە، سەدام نیشتمانپەروەری
کورد خاوەن بیرەوەرین و لە مەیدانی کوردایەتی
سوارچاک بووینە، بە تایبەتی هاوکات دەورسیان
لە هەڵس و کەوت و رەفتاری بەراق کوردایەتیان
هەبووە، جا نایانەوێ راستگۆیانە بێ لە راستی
داگرن، لۆیە کە دەبینین، بە چ لەزەت هابیاتوی
لاوازی ئەو ئەرکە نیشتمانی و کولتوورییە تێیدا نادەن!
دیارە ئەنجامەکەشی، واتە نەنووسینەوەی
بیرەوەرییەکان، هۆکارێکی دیکەیە لە بەرەو پێش
نەبردنی کوردایەتی دروست دەکات..
لە کۆتاییدا، لە ناخەوە ئاوات دەخوازم، لە
ئەمەی مامۆستای هێژا کەریمی حیسامی
درێژی بێ و هەروەها لە سایەی بێت، ئەوەی
زووتریش بەرگەکانی دیکەی بیرەوەرییەکانی
بە ئەنجام بگەیەنێ و هەروەها سیاسەتمەدار و لە
رۆشنبیرەکانمان ئەوانیش دەستی لێ بدەن
قەڵەمی راست و پێشکەوتووی نەوەی نوێی کورد،
لە زیندەتاڵە زۆروەکی مێژووی خەباتی، بەتایبەت
ئەم پەنجاساڵەی دوایی، لە روباری
فرمێسک و دووکەڵ و پەرەی شکۆمەندی
دروست کردووە، پۆشتی بکەن..
• قەڵەمە پاک و تیژەکانتان هەردەم شکۆدار بێ
سپاس
موومتاز حەیدەری

نامه‌ی ژماره - ٢

سه‌رنجێكی سه‌رپێیی له بیره‌وه‌ریه‌كانی كاك كه‌ریمی حسامی.
كاتێك پێنج ساڵ له‌مه‌وبه‌ر یه‌كه‌م به‌رگی «له بیره‌وه‌ریه‌كانم»
خوێندبووه‌وه، له‌گه‌ڵ لاپه‌ڕی نوسراوه‌كان ده‌چوومه‌وه لاجان و سندوس و
كاك محه‌مه‌دی باپیرم (كاپیتان قادری) كه دۆست و هاوڕێیه‌كی نزیكی
كاك كه‌ریم بوو، به‌گه‌نجی ده‌بینی و له ژیانی ئه‌و ده‌می جوتیارانی
كوردستانی ئه‌و ده‌می خۆمان شاره‌زا ده‌بووم. زۆر ڕێم تیشتێكی تازه و
جێگه‌ی مه‌راق بوو. به‌ڵام قه‌ت نه‌مده‌توانی ته‌نانه‌ت بیریشی
لێ بكه‌مه‌وه كه له‌و ماوه كورته‌دا، هه‌شت به‌رگی دیكه‌ی «له
بیره‌وه‌ریه‌كانم» چاپ ده‌كرێن و له كتێبخانه‌ی سیاسی و فه‌رهه‌نگی
گه‌لی كورددا جێگایه‌كی ئاوا به‌نرخ بۆ خۆیان ده‌كه‌نه‌وه.
نرخی بیره‌وه‌ریه‌كانی كاك كه‌ریم نه ته‌نیا له ڕوونكردنه‌وه‌ی
زۆر مه‌سه‌له و ڕووداوی تاریك و باس نه‌كراودایه، به‌ڵكو
له كردنه‌وه‌ی ڕێگایه‌كی تازه دایه بۆ تۆماركردنی ڕووداوه‌كانی ناو
بزوتنه‌وه‌ی ڕزگاریخوازی كورد و بۆ به‌ره‌وپێدانی فه‌رهه‌نگ و ئه‌ده‌بی
كورده‌واری. من دڵنیام كه له دوا ڕۆژدا زۆر كه‌س له نوسه‌رانی
كورد، زه‌نگاڵی لێ هه‌ڵده‌گرن و به‌و ڕێگایه‌دا ده‌كه‌ون كه كاك
كه‌ریم ڕچه‌ی شكاندوه. جا چاك یا خراپ، زۆر یا كه‌م، ڕاست
یا درۆ، به‌ئه‌ره‌ز یا بێ ئه‌ره‌ز، ئه‌و كاته‌وا زانیه‌ی هه‌ر كوردێكی
كه له جه‌ریانی مه‌سه‌له‌كاندا بووه، ئه‌وه ده‌بێ بگه‌ڕێنێته‌وه خه‌ڵكی

پێی هەڵ بێ و باشتر ئاگاداری ئەو ڕووداوانە بێ، بۆ خەڵکی
ساغ بکاتەوە و ناتەواوییەکان ڕوون بکاتەوە.

بەخۆشییەوە یا بەداخەوە، هەتا ئێستا کەس لەسەر کەم
وکووڕی و ناتەواوی ڕووداوەکانی ناو ڕۆژی ئەو هەشت بەرگەی
نەنووسیوە. هەروەهاش یەکێ دوو کەس لەسەر ڕاستی و دروست
بوونی ناوەڕۆکی بیرەوەرییەکان سوور دەکاتەوە.

بەبڕوای من کاک کەریم بە نووسینی بیرەوەرییەکانی خزمەتێکی
مەزنی بە ئەدەب و کولتووری کوردی بە گشتی و بە لاوەکانی
کوردستان بە تایبەتی کردووە. ڕەنگە زۆر کەسی ساکار و ڕووکەش
یاخود بە ئەنقەست ڕەخنە لەو بڕوا و بۆچوونە بگرن و بڵێن: «دوو سێ
بۆ خزمەتێکی گەورەیە بۆ؟» دیم خۆشە زۆر بە کورتی لە چەند
خاڵێکدا نرخی بیرەوەرییەکان ڕوون بکەمەوە:

١- بیرەوەرییەکانی کاک کەریم کاتێک بڵاو بوونەوە و دەبینین کە
زۆربەی ئەو کەسانەی ناویان هاتووە زیندوون و توانای بیر
کردنەوەیان هەیە و قەڵەمیشیان لێ نەشکێندراوە. ڕاستی و دروستی
ئەو ڕووداوانەی «بیرەوەرییەکان» تا ئێستا وانەیان دەرنەچووە، بێگومان
شتێکی بەدیهییە.

٢- حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی نزیکەی پەنجا ساڵ
ڕابردوودا، لە کوردستانی ئێران دەورێکی گرنگی هەبووە. لە ڕێگای بیرەوەرییەکانی
کاک کەریمەوە مرۆڤ باشتر دەتوانێ لە نزیکەوە بڕوانێتە هەستەی
مەرکەزی ئەو حیزبە و چۆنیەتی بیرکردنەوەی زۆر لەو کەسانەی لەسەر

رێگا و ئاڵوگۆڕی ئەو حیزبە تەئسیری هەبوە. هەروەها پەیوەندی حیزب
لەگەڵ خەڵک و رێکخراو و دەوڵەتی جوراوجور و حیزبە کوردستانیەکانی
تا رادەیەکی زۆر بۆ روون دەبێتەوە. لە خوێندنەوەی بیرەوەرییەکاندا
پیاو توشی هێندێ مەسەلە دەبێ ئەگەر لەوێدا نەبایە پیاو بە هیچ
جۆرێک نەیدەتوانی شارەزایی لەسەریان هەبێ. ئەوانە دەبنە
تەجروبە بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا هەڵەکان دووپات نەکرێنەوە و
بارە موسبەتەکانیان بەهێزتر بکرێن. ئەو کەسانەی کە قەولی
دەخوێننەوە و تەجروبەی رابردوان بەکار دەهێنن، دەتوانن
موشکیلە و پێوەندییەکانی ناو خۆی حیزب و نەتیجەی بڕیار وکردەوەکانی
رێبەرایەتی لە وەسای دوور ودرێژەدا بکەنە وەسیلەیەک بۆ دیتنەوەی
رێگای باشتر.

٣ـ زانا و نوسەری گەورەی کورد، ماموستا هەژار دەنوسی: «زۆر لە
رۆژ ئاشکراترە بنیاسی گەلان لە جیهان، دروشمی نەتەوایەتی، گامێک
رێگە زانیەتی زمانە و بەس.» کاک کەریم لەو هەشت بەرگەدا ئەگەر
هیچی نەکردبێ زیاتر لە دوو هەزار لاپەڕەی بەکوردییەکی پەتی و
رەوان و خۆش و بە زمانێکی پاراو نوسیوە. بە پێویستی نازانم باسی
گرینگی ئەو بەرهەمە بۆ کتێبخانەی فەقیری کوردی بکەم. بە قەولی
فارس گوتەنی: «عاقلان را اشارەای کافیست.»

٤ـ لەو چەند ساڵانەدا کاک کەریم بێ پشوودان، بێجگە لە نوسینی
چەندین نامیلکە و وتار و لێکۆڵینەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و وەرگێڕانی

چەند کتێب بۆ سەر زمانی کوردی، ئەوە ٩ بەرگیشی لە بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوە و چاپ و بلاو کردۆتەوە. ئەم تێکۆشان و نووسینانە سەرەمەشقێکە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ خزمەتێک بە گەل و نیشتمان و یا هەر بە خۆشیان بکەن. زۆر جاران من بیر لە ژیانی کاک کەریم دەکەمەوە و بە مێشکی خۆمدا ئافەرین بۆ ئەو هەستە دەنێرم کە زیاتر لە چل ساڵ لە ڕێگای بیروباوەڕی خۆیدا بۆ بەختەوەری کورد هەنگاوی هەڵێناوە و قسەی خۆی کردووە و بە نووسراوە یا بە وتار قەت بیروڕای خۆی نەشاردۆتەوە. ئەوەی جێگای سەرنجە ڕانەوەستان و دڵسۆزی کاک کەریمە، دەنا دیارە ئەویش لەو ماوە درێژەدا، لەوانەیە تووشی هەڵەی سیاسی بووبێ. هەموو کەس بە پێی حاڵی خۆی هەڵەی کردووە و ئەو هەڵانە بە نیسبەت مەقامی ئەو کەسە لە کۆمەڵدا، گرنگی و ساکاریان دیار دەبێ. بەڵام دڵسۆزی و بەردەوامیش چونی کاک کەریم لەگەڵ زەمان و فەوسیل نەبوونی وەک زۆر کەسی تر، جێگای (تحسین) و لێ فێربوونە، بە تایبەت بۆ لاوانی کورد کە دەبێ هومێدی دوارۆژی نەتەوەکەیان بن.

٥ـ هەروەک لە سەرەوە لەوە باسم کرد، دڵنیام کە ئەو بیرەوەرییانە ڕێگا خۆشکەری زۆر بیرەوەری دیکەن. ئەودەم کۆکردنەوە و هەڵسەنگاندن و پێکخستنی ئەو بیرەوەرییانە گۆشەیەکی نادیار لە مێژووی خەباتی نەتەوە-کەمانیا ڕوون دەکەنەوە. کارێکی زۆر پێویست و پیرۆزە هەرچی لە خاکی کوردستان و لە ناو میللەتی کورد و لای هێزە سیاسییەکانی کورد هەبێ بپارێزرێنەوە و کۆ بکرێنەوە. گەلی کورد ئاخرەکەی هەر مانی سەر

بەخۆیی خۆی ڕاوەستێنێ و دەوڵەتێکی یەک پارچەی نەتەوەیی
دادەمەزرێنێ. جا کارم بەوە نەداوە ١٠ ساڵی یا ١٠٠ ساڵی ترە
ئەم ئاواتەی کورد هەر دەکاتە جێ. جا ئەوکات ماتریالی وەکو
بیرەوەریەکانی کاک کەریم و ئەو دەستانەی لەم بوارەدا نووسراون
کەرەستەیەکی بەنرخ دەبن بۆ لێکۆڵینەوەو نووسینی مێژووی سیاسی
و کولتووری کوردی. لە کۆتاییدا زۆر سوپاسی کاک کەریم دەکەم
بۆ بیرەوەریەکانی. پێیم خۆشە وەکو ڕەخنەیەکی بێ ئەمبەر تا ڕادەیەکی
خۆم لە بارێکەوە دەربڕم. ڕەخنە لە خۆگرتن یەکێکە لە
قورسترین ڕەفتاری ئینسان. بەڵام هەموکاتێک حاڵەتێکی
دیفاعی هەیە کە زۆر طبیعیە، تا ئەوکاتە کە ڕەخنە
لە خۆ دەگرێت. لە بەرگەکانی بیرەوەریەکاندا زۆر کەم تووشی
ڕەخنە لە خۆگرتن دەبین. بۆیە داوا لە کاک کەریم دەکەم کە دوای
خەلاس بوونی بیرەوەریەکان بۆ خۆی بەسەریاندا بچێتەوە و ئەو
جێگایانەی دەزانێ جێگای ڕەخنەن، بەچاوی ڕەخنەگرتن بیان
بینێ و کۆیان کاتەوە. ئەو کارە دەبێتە چرای ڕێگای زۆر
کەسی تر. دیسان داوای سەرکەوتن بۆ کاک کەریم دەکەم لە نووسینی
بەرهەمی بەپێزتر و لە خزمەت بە زمان و ئەدەبی کوردی دا.

ئوپسالا فەرەیدون قادر

نامەی ژمارە - ٣

برای خۆشەویستی بەڕێزم کاک کەریم   ماوەیەک دەبێ کە بووەتە ڕێ شاری و
شانازی بەدە، نامە جوانەکەم وەکوو [illegible] نیشتووە. خۆم خۆش کردبوو لە نووسینی وەڵامێ
جوانیک کە زۆر بەجێی حەق بێ! بەڵام وادیارە ئەگەر نووسەر تر ڕانیم - تۆ خۆم وەڵام دەدەم -
ئەگەر هەر بە شیراوە دەبێ لە دیداری یاران بەڵکوو تازەوە و وانی وەڵام نە دانەوەشیان ڕێتە
سەرکۆنەکاتی گەشت سوودی نەکردەوە و نەوەتە [illegible] تۆ زۆر دەبێ بیبەیت شێخ و مەلا و [illegible]!
دەی کاکە گیان، چۆن چاکی تۆ کرد! هیوادارم هەمیشە دڵت خۆش و وڵات ساغ و سەربەرز
بێ و لە ڕاستی دۆستانی هەروا سەمیمی و قبووڵ و دڵپاک بی.

ئێمەش لێرە لەگەڵ بەفر و سەرما و تاریکی پێوە بووین و هەر ئاخ و داخ هەڵدەکێشین بۆ ئێوە و
ئاوی [illegible] ڕێگای [illegible]، هەموو گەرمای سەربانی بە کاگڵ
سواغدراوی [illegible]، [illegible]! بەڵام پێشینان گوتەنی گەزێن
دوورە بۆ [illegible] هەزار!

ئایا ئێمەی "برایموکی" کە سەرەی زستانی [illegible] دووری و [illegible] لە وەرە و
ورەی خۆمان زارە بینین بەکۆڵ خۆزمیش بکێشین تا بە [illegible] کاری کوێتی کوردستان
[illegible] و نە [illegible] گۆچەر، وەک تەیری [illegible]، [illegible] و بەڵێنی [illegible]،
[illegible] بیتە دی و "[illegible]" ئازادی و [illegible] لە باوەشی بگرین؟

تۆ بێتێ، [illegible] بڵ و [illegible] ئاشتی و [illegible] بگرنە. [illegible]، و "[illegible]"، ئاوات
و ئارەزووی لە سەر [illegible] بەرەو پەرە، و [illegible] "کاکەمەمی"،
گۆڕە دارێ؟   [illegible] ڕاین کە [illegible] ئەنگوشت [illegible] لە لای
. لاسەشۆرتی. پێشە ڕێگەیێ کە [illegible] لەچێ و [illegible] "هەزالی" [illegible] و
[illegible] بەختەوەری و [illegible] بە [illegible]، [illegible] .

[illegible]

نامەی ژمارە - ٤

برادەری بەڕێز و خۆشەویست کاک کەریم

دوای چاکترین سڵاو و ڕێز هیوادارم بە وردەکی پۆڵایی بۆ بەربەرەکانێی دەرد و تەنگ و چەڵەمەکانی ڕۆژگار و خەبات بۆ وڵاتی کوردستانی ئاوات کەلە بەش ژیانەکەمان لە ڕێی کوردستان و هەموومان ڕاوەستین.

لە ناردنی جزوەی تایبەتی کۆنگرەی ٩ ی [illegible] سپاستان دەکەم بە وردی خوێندمەوە واقعیەتێکی تایبەتی بەیان دەکات بەڵام دەبێ بڵێم بە داخەوە تاڵی.

قەت چاوەڕوان نەبووم کە حیزبی دیموکرات کە ماوەی ٤٠ ساڵ خەباتی بووە دەم بە شەرەف و ثبات و دڵسۆزی لێ بیستم کە موبارزەی دەوری حیزبی قەدەغە بکرێت و بە ئاشکرا دوژمنایەتی دەکەن. ڕابەرێتی ئەوانەی دژی کوردستان بوون جیاوازی لە حیزبی دیموکراتانە دەجیابی هیچ چ شتێکی جیاوازی نێوخۆی حیزبی نەبوون.

بەڵام وا دیارە کە توانیان لە ئۆرووپا بتوانن سیاسەتی نێودەوڵەتی بە وشیاری کە هەیە لە بەرگرتن بەڵام بوونی دەستە و دیارە هێندێکی هەڵپەرست و بەرژەوەندی کە بۆ پارە و شوێنی حیزبی کەوتوون ئامادەن ١٠٠٪ دەکەن

بۆ خۆتان زۆر شارەزاترن و کەسانێکی وەکوو من تەجرەبەمان زۆر کەم بووە و ڕاستی هەڵکەوتن ئەوەیە بەڵام بە دەقەی [illegible] کتاب یەکتە [illegible] مگر [illegible]

تمنای دوایی: هەر سەرکەوتوو بی

برات [illegible]

[illegible] ١٥ [illegible]

نامه‌ی ژماره - ٥

سڵاوت لێ دەکەم — بۆ برای خۆشەویستم [illegible]

[illegible] نامەت دەنووسم ، [illegible] لەلای خۆت [illegible]

[illegible] حیسابی وەڵامی نامەکەی پێشووم بۆ نەنووسیوە ئەوا نامەیەکی دیکەی

دەست پێدەکەم بەڵام برای بەڕێز ، بەقەولی [illegible] (سڵاوی ڕاستەقینەی [illegible])

[illegible] لەو نامەیەوە [illegible] بۆ هاتووە بە ناوم هێناوە ، [illegible] لە عیراق

[illegible]

بەڵام وادیارە هیچی بۆ نەکراوە ، [illegible] کاک [illegible]

[illegible] بەڵام [illegible]

[illegible] بۆ هاتووە لە عیراق [illegible]

ناخۆشە [illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

شەرمی لەوێرا دەترازێ بۆ سوێید بڕۆی دایە بەدڵی ئەدیب بەڕاستی دەمێک

بارەکت دەسووتێنە وەی لە دەستت دەری، دەزانی سەفەرەکەو هیچ کەسێ زۆرتا

سوپاس دەکەم بەراستەوە کەس پێی بڵێم و ئەزیەتیان تەواو هیوادارم

گەیشتووە شتێک زۆر هەڕەشەکانم دەکرد تاوەکوو لە (ئێرە) بە توندی خەریکی نووسینم

دەردەکەن. هیوادارم ئەگەر کارێک دەکەی و بیبووری بەشتێکی ئەمە

بێ ئاگا بێت دەنا بێ ئاگەییم لێرە (ئێمە) کاری و خۆشنووسی چۆنی بێ

وابێ. ئێستا چی دیکەت بە نامە بنووسم. خەبەری وڵاتیش دەزانی زۆر

خۆش نییە. دەرەبەگەکان خەریکی یەکتر دەبڕنەوە. بەلام لە پێشمەرگەکانمان زۆر

دەستیان پێ کردووە بۆ خۆیان. دەزانی قەیتیش ئاگاتە وان پێش ئەمجارەدا

چاوەڕوانی شتێک دەکەم کە جارێکی تر خولقاوە.

بە ئومێدی حورمەت و سلاوی دڵی چاوەڕوانی وەڵام و دیدارتم.

براکەت ئاوارە

20. 6. 85

نامه‌ی ژماره – ٦

[illegible]

[illegible]

نامەی ژمارە - ٧

[illegible]

نامەی ژمارە - ٨

برای بەڕێز کاک کەریم

ئەباتیش سڵاو، سڵامەتی و سەرکەوتنتان ئاوات ئەخوازم. ئەباتی دەستەوەندی

ـە لەبری ئەو دانیشتنانەی خەرجەکان و داهاتەکان بۆ ڕووشنبیری بەڕێزتان دەگرێم

داهات :

١ ـ جارێکیتر تۆ خۆتان مەبلەغی چوار هەزار دۆلارتان لە بارەی شەوکەتی داوم

٢ ـ مەبلەغی هەزار و پێنج سەد دۆلارتان هەر داوە بۆ دوکتۆر ئاسۆ کرد وەک ٩ داوای پێیان گرابەوەم

٣ ـ مەبلەغی دوو هەزار دۆلار برای بەڕێزتان کاک سام تۆ خۆی لە کوردستانی خۆیان بۆ دەرچوونی

ڕۆژنامە لە ئیختیار داوم ..

پیسا هەرچەندی ڕۆژنامەکانی ژمارە ١ و ٢ و ٣وەم بە دەستی وارە گەیەنم :

١ ـ جارێکیتر مەبلەغی ٨٥٠/ دۆلار (589.44) م بۆ کرین ئاشتی ئەمینی بۆ کاک سەلاحەدین ئەسپاردوو.

٢ ـ لەو کاتەی لە سوئێد بووم مەبلەغی ١٨٠٠/ دۆلارم تەحویلی کاک سەلاحەدین داوە.

٣ ـ ئەباتی گەڕانەوەم لە سوئێد جارێکیتر مەبلەغی ١٧٠٠ دۆلار و جارێکی دیکە مەبلەغی ١٢٠٠/ دۆلارم

هەر بۆ کاک سەلاحەدین بەڕێ کردوو.

٤ ـ مەبلەغی ٨٢٧/ دۆلار مەصاریفی سەفەر و هاتوچۆ و مەصاریفی پۆستی خۆم بوو.

٥ ـ دایرە هەزار فرانک لە ژمارەی حیسابی بانکدا هەر ماوە موجوودە.

٦ ـ تا ئێستا هیچ پارەیەک بۆ ژمارەی حیسابە دانەنراوە.

بە موجوودە داهاتێکی کە بۆم دێ کە بەرسوولی مالی هەر بوو، تۆتە مەبلەغی ٧٥٠/ دۆلار، مەصاریفی تۆتە ٤٨٧/٩ دۆلار.

تۆش ئەوکە تەواوم ئەوان برای خوشەویستمان کاک سام داینی لە کەسێکدا کە مەبلەغی ٨٨٧/ دۆلار تۆتی خەرجی . خۆم کرین

ـە وەزیفەی ڕاوە، تۆ برای بەڕێزان کاک سام و کاک سەلاحەدین دانیم. جارێکی دیکە زۆر زۆر سڵاو. براتان بەهروز

١٩٨١/٨/١١

نامه‌ی ژماره - ٩

هاوڕێی به‌ڕێزم و خۆشه‌ویست کاک ئیدریس حیسابی!
ڕێکه‌وتی ٨/٧/٨٦

دوای جوانترین سڵاو و ڕێز و حورمه‌ت بۆ ئێوه، سه‌رکه‌وتن و سه‌ربه‌رزی ئێوه به ئاوات ده‌خوازم.

به‌ر له‌وه‌ی که بێمه سه‌ر باسی خۆم، به پێویستم زانی هێندێک باسی ڕۆژنامه‌ی سه‌رده‌می نوێ بکه‌م. هه‌واڵی ژماره‌ی سه‌رده‌می نوێ‌م له پێ ڕه‌بیست کردووه، و دوای کاک حاجی هێندێکمان باسی ڕۆژنامه‌که کردووه، بیاره به ئوسوولی نازانم ئه‌وه‌نده‌ی قه‌تعی خۆم به‌س به خوێنده‌وه‌ی ژماره‌یه‌کی ده‌مبڕم، به‌ڵام ئه‌وه‌نده ده‌ڵێم که ده‌رکردنی ڕۆژنامه‌یه‌کی ئه‌وتۆ جێگای شانازی و به‌خته‌وه‌ری بۆ هه‌ر شۆڕشگێڕێکی کوردی وا له ده‌سه‌ڵاتی هه‌ر که‌س نایه. جا به‌م هۆیه‌وه به پێویستی ده‌زانم پیرۆزبایی خۆتان به‌رز بکه‌م و داوای سه‌رکه‌وتنتان بۆ بکه‌م.

هێندێک خسووسیاتی تایبه‌تی ڕۆژنامه‌ی سه‌رده‌می نوێ که له هه‌وه‌ڵ نیگادا سه‌رنجی خوێنه‌ر ڕاده‌کێشێ بریتین له:

١- سه‌رده‌می نوێ به ته‌واوی (وه‌ک ناوه‌کی) بانگه‌وازی ڕۆژگارێکی نوێیه! چونکه دایره‌ی دیدو ڕوانینی زۆر به‌رینتر و له باره‌ی زانیاریشه‌وه ده‌وڵه‌مه‌ندتره له ڕۆژنامه‌کانی موجود، ده‌کرێ بڵێین سه‌رده‌می نوێ ڕۆژنامه‌یه‌کی چه‌ند بوعدییه!

٢- به هۆی ئه‌وه‌ی که سه‌رده‌می نوێ وابه‌سته‌ی کۆمه‌ڵه‌ی سیاسی، ڕێکخراوه‌یی نییه، ده‌توانێ له مه‌حدوودییه‌تی سیاسی شێوه‌ی ئۆرگانی دوور بێ.

٣- سه‌رده‌می نوێ [illegible] به زمانێکی تایبه‌تی بۆ ڕاکێشانی [illegible] هه‌یه، ئه‌م [illegible] چه‌ند [illegible] ڕۆژنامه‌که‌ی به‌ره‌و پێشه‌وه ده‌با [illegible] له ئاینده‌دا بۆچوونی بۆ مه‌سائیلی سیاسیش دا.

گیرۆگرتنی جوڵانه‌وه‌ی [illegible] به تایبه‌تی له سه‌نته‌رێکی زۆر [illegible] ده‌کا.

٤- به‌رخوردی [illegible] له باره‌ی به‌رچاو ده‌که‌وێت و نیشانی ده‌دات [illegible].

ئەگەر ئێمەکان یەک هێنانی جەلەساتێک لە وڵاتانی ئەوروپای بۆ
ناسینی رۆژنامەی "سەردەمی نوێ"، هەبێ زۆر باشە، ئەو رۆژنامەیە
بەم شێوەیە بە خەڵک ناسێندرێ.

ئێستاش دێمە سەر باسی خۆم. ماوەی چوار ساڵە لە ئالمانی رۆژنامەم و دەرچاران
دەست بەجێدارەکەم عەمەل کردووە و بە داخەوە دەستم دڕای عەمەلەکان
خراپتر بووە، چاکتر نەبووە. زمانی ئالمانی فێر بووم و ئێستا لە بڕی
چوارەمی علومی سیاسی دکتۆرال ناسی دام و ئەوە ئێستا خەریکی ئیمتحاناتی
بێشی بیسانسم و لەگەڵ تەواربوونی تەحسیلاتی هاوینیش، ئیمتحانەکانی
منیش تەواو دەبن. ماوەیەکی زۆر هەرم ما بۆ دەرس خوێندن بچم
وڵاتانی سۆسیالیستی. بەداخەوە سەری نەگرت و ئێستا ماوەی نەدەماگ
دەبێ نەوارێکەکانم بۆ کاک حاجی ئەحمەدی ناردووە کە بۆ ئێوەی بنێرێت،
چونکە من ئادرێسی ئێوەم نەبوو.

دیارە ئەم دەرسەت لە هەموو ناسم دا باسی ئەوەکەم بەڵام مەجبوورم و
هەرچۆنیش بێ لە ئێوە رەدەم بە گوندەرە، تواناو یارمەتیم بدەن بەڵکو
بتوانم بورسێک بۆ وڵاتانی سۆسیالیستی وەرگرم. دیارە من بۆ ئالمانی
رۆژهەڵاتم زۆر پێ خۆشە، چونکە زمانەکەی دەزانم و ئەوەش
خۆی زۆر گرنگە، چونکە ئەگەر بۆ جێگایەکی تر بچم. دەبێ بە لایەکەوە
سەعاتێک بۆ فێربوونی زمان تەرخان بکەم و ئەمە تاقەتی زۆری دەوێ،
ئێوە دەتوانن ئەگەر لەم بارەوە یارمەتیم بدەن. لەگەڵ کاک حاجی لەم
بارەیەوە دواوم و ئەویش نەزەری وایە کە ئێوە دەتوانن کاری وا بکەن و
خۆشم بە تەلەفون لەم بارەیەوە لەگەڵ ئێوە قسەمان دەکات و سەردارێکەکانم
دەوات بە ئێوە. ئێستر ... بۆ هەموولایەنێ. چاوەڕوانی وەڵام دەکەم.

[illegible]

نامەی ژمارە - ١٠

ماموستای بەڕێز کاک کەریم حیسامی!

جوانترین سڵاوی گەرم لە دوورەوە بۆ پێشکەش دەکەم و ساڵێکی
کامەرانی و سەرکەوتنی هەمەلایەنی ئێوە پڕ بە دڵ ئاوات خوازم.
هەرچەندە دەزانم لە بەر تێکۆشانتان و خەباتی بێ وچان و دەرکردنی
رۆژنامە و ... کاتی ئەوەتان نیە. هەربۆیە زۆر نامەم نەنووسیوە،
بەڵام لە بەر ئەوەی لە نامەیەکی ئێوەدا لێتان پرسیوم، بە
پێویستم زانی. بە نامەی دووهەم کاتی پڕ بایەختان بگرم.
هاوڕێی بەڕێز. نامەکەیدا سەردەمی خۆی دەرم بە هەمەتەنی پێ دەگەیاند و
هەروا بڵاوکردنەوەیانم داوە و بە پێویست دەزانم جارێکی دیکەش
پڕ بە دڵ پیرۆزبایی ئەو هەنگاوە بەنرخەی ئێوە بکەم و
بێ گومان تەفسیری سەردەمی نوێ لە بەرەوپێش بردنی پڕۆسەی
خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد و شۆڕشێکی تایبەتی دەبێ.
هەروەها سەبارەت بە بڵاوکراوەکانی تازەی ئێوە دەبێ بڵێم
بە داخەوە چیم بە دەست نەگەیوە و زۆرم پێ خۆش دەبێ بە
گوێرەی توانای ئێوە ئەو شتانە ئاگادارم بە پۆست بگات.
هەروەها زۆرم پێ خۆش دەبێت بزانم. ئاخۆ دیاریەکانم بە دەستتان
گەیشتووە یان نا؟ بە داخەوە ئەوکاتە من ئاسیایم نەبوو، هەروەها
بە هۆی کاک حاجی ئەحمەدی ئەو شتانەم بە ڕێگەی خزمەتتان و تکام
ئەوەیە کە بە هۆی چەند خەتێک لێم حاڵی بکەنەوە. ئایا ئێستا ئێوەتان
هەیە و بۆ دەتیرە پێتان بە خەفەتم لە یەکێک لە وڵاتانی سۆسیالیستی
یارمەتیم بدەن و ئەو مەسەلەم بۆ حەل بکەن.
حەقیقەت زۆر شت هەیە کە ناتوانم بە نامە عەرزتانی بکەم و هەر لەبەر ئەوەش
بە هیوام لە داهاتوویەکی نزیکدا سەرێکی سوئێد بدەم و بە خزمەتتان
بگەم.

برای بچووکتان ناصر حیسامی

٢٨/١١/٨٤ فرانکفورت - ئالمانی رۆژئاوا

نامەی ژمارە - ١١

Prof. Dr. Marouf Khaznadar
Institut des Langues et
Littérature
Université d'Annaba
Annaba - Algérie

Annaba - ALGERIE
١٩٨٦/٣/٧

نووسەری بەڕێز مامۆستا حیسامی

ڕۆژتان باش

هەرانگات بەڕێزم ، هیوام وایە لەخۆشی دا بن سڵاوی خۆم و منداڵەکانم بۆ ماڵێ
منداڵ و خزم و دۆستیان . نامە خنجیلانەکەی ڕۆژی ٤ / ٤ / ١٩٨٦ لەگەڵ کتێبە
بە نرخەکەتان لە سوێدەوە بە دەستم گەیشتن ، زۆر سوپاستان دەکەم ، بە
تایبەتی بەشی سەرەتای خۆم کە کەڵکێکی تەواوم لێ وەرگرت ، بە تایبەتی لەو بەشانەی
کە باسی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی دەکەن کە دەورێکی بالایان بووە لەو سەردەمەدا
بۆ وشیارکردنەوەی خەڵکی ، دەستتان خۆش بێ و خوا بەرخوردارتان بکا بۆ
خزمەتی کولتووری نەتەوەکەمان کە بەشێکی گرنگە بۆ ڕوون کردنەوەی چارەنووسی
دوا ڕۆژمان .

داواتان کرد بوو بیر و ڕای خۆم دەربڕم ، بەم جۆرە دەڵێم : کارێکی باشە و
زانیاریی تازەی تێدایە و دەبێتە سەرچاوەیێکی گرنگ بۆ نووسینەوەی مێژووی ڕاستەقینەی
ئەو قۆناغەی نەتەوەکەمان . لەگەڵ ئەوەشدا دوو تێبینیم هەیە : یەکەمیان ،
دەوری سۆڤیەت و ڕاستی ئەو دەورە ڕوون نەکراوەتەوە لە بابەت مەسەلەی کۆماری
کوردستانەوە ، چونکە ئەوە سیاسەتێ و کارێکی ناسک بێ و درکاندنی ئێستا کەلکێکی
باشتر [illegible] ، بەڵام لە دوا ڕۆژدا دەبێ بەچاوی ئەوە بکرێ . دووەمیان ، مەسەلەی
[illegible] حاجی [illegible] و میللەت [illegible] [illegible]
[illegible] [illegible] . ئێستا [illegible] ، [illegible] کوردی [illegible]
[illegible] [illegible] .

کاک برا ، ئێرە [illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
هیوام وایە بەخۆشی [illegible] .

براتان

نامه‌ی ژماره - ١٢

[illegible]

[illegible]

١٠/٩/١٩٦٥

نامەی ژمارە - ١٣

MELBENDÎ ROŞINBIRÎ KURDÎ



KURDISH CULTURAL CENTRE
13-15 STOCKWELL ROAD,
LONDON S.W.9
TEL- 01-2746251

بۆ برای بەڕێز و هێژا / کاک کەریم صالح

1986/8/18

سڵاوێکی برایانە و ڕووناکبیرانە :

لە پێناوی چەسپاندنی ڕێبازی دیموکراتیانە و پێشکەوتنخوازانەی گۆڤاری (هەیڤ) و بەرزبوونەوەی ئاستی بڵاوبوونەوەی لە نێو جەماوەردا .

لەبەر ئەوەی هەیڤ تەنیا پشتی بە هاوکاری نووسەران و ڕووناکبیرانی دڵسۆزی گەلەکەمان بەستووە ، لەبەر ئەوەی بە چاوی ڕێز و قەدر زانینەوە سەیری دەوری بەڕێزتان دەکەین ، داوا لە بەڕێزتان دەکەین موافەقەت بفەرموون ببنە هاوکاری گۆڤاری هەیڤ و ناوتان لە (دەستەی پشتگیری) دا - هیئة التعضید - دا بنووسرێ .

تکایە بەزووترین کات وەڵاممان بدەنەوە .

لەگەڵ سوپاس و ڕێزماندا

برایان

کەمال میراودەلی
سەرنووسەری گۆڤاری هەیڤ

نامەی ژمارە - ١٤

Akadêmîya Kurdî
c/o Reşo
PF 3219
4030 Ratingen 3

Hêjmar : 3
Düsseldorf, 22.9.1986

Xuşkî berêz ....

Bray berêz ...K. Hussami...

Paş slaw,

bibûrin lewey ke êsta namey rojî 21.7.1986 tan bo enêrîn. Lem duwayîye da edresî êweman be dest geyşt. Her legel em nameye da namey jimare 2 tan bo enêrîn. Ewendey peywendîy be Akadêmîy Kurdî u kobûnewey frawanewe heye lew dû nameye da nusrawe. Zor pêxoşhal ebîn be beşdarbûnî êweş legelman da. Tikaye le katêkî zû da le welamî xotan agadarman bfermûn.

Legel rêz u supasî germ da

Bratan
Bamal Fuad
Le batî Destey Berêweber



نامەی ژمارە - ١٥

لندن ٥/٨/١٩٩١

برای خۆشەویستم ماموستا کەریم

ئەم کاتەتان باش. ئومێدەکەم باش بن. کتێبە بەنرخەکەتان

کە بە پۆستەدا بۆتان ناردبووم پێیم گەیشت و سوپاسێکی زۆر و بێ پایانتان

ئەکەم. بە ڕاستی لەگەڵ ئەو سەرقاڵییەی کە هەمە و خۆم بە

چەند شتێکی دوور و درێژەوە خەریک کردووە، کە سەرەتای کتێبەکەتم

دەست پێ کرد ئەوەی ڕاستی بێ نەم توانی وازی لێ بێنم هەتا

هەمووییم بە سێ چوار ڕۆژان خوێندەوەو تەواوم کرد. دەستتان

بێ خۆش کە کاتێکی خۆش بە ڕاستی کارێکی زۆر بەجێتان کرد. نووسینەکەی

جگە لەوەی کە بیرەوەرییەکی ژیانی خۆتانە بە شێوەی ژیانی

کۆمەڵایەتی کوردستانی ئێرانتان (دەستنیشان کردووە) لە سەردەمێکی تایبەتیدا

کە بە بەشێکیشیاندا وەک ژیانتان لە منداڵییەوە هەتا سەردەمی ساڵی

١٩٥٧ ـە جگە لەوەش بە بێتیبە لە ڕوونکردنەوەو دەستنیشانکردنی

ڕەوشێکی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستانی ئێران وەکو

بەڵگەیەکی مێژوویی زۆر گرنگەو بڕوا ناکەم کەسێکی تر تا ئێستا

ئەوەی ئەوە بووبێ لە نووسیبێتی هەروەکو خۆی تۆمار کردبێ و

ئەمڕۆ هەمووی بە پایانە بووم.

لە کوردستانی عێراق هەروەکو شوێنەکانی تری کوردستان ژیانی

کۆمەڵایەتی دواکەوتوو بووە و پڕە لە کوێرەوەری. بەڵام

ئەوەی ڕاستی بێ ئەوەی ئێوە باستان کردووە دەربارەی

ناوچەی دەرەبەگ و دەرسەرتاقی دەرەبەگ هیچ وەسایلی ئەوەوە

دەشت و دەروونی بەشی خوارووی بێ [illegible] و [illegible] هەر ساڵەی ساڵ

لە شوێنێکدا لەژێر سایەی ئاغاو دەرەبەگەکانی چەوسێنەرا
ژیاوە ئازادانەیەک بەکوردستانی عێراق لاوازبوو ئەوەبوو
ئەگەر لەهەندێ شۆڕشی چەکوناوچەی پێژدەرو ئاکۆیان
یالەهەندێ شۆڕشی تری جۆربەجۆر لەسنووری دەسەلاتی
کە تری ئاغاو بەگ و دەرەبەگدا ئەوچەوسانەوەیە
بێزار ببێت... بێگومان خەباتی چینایەتی کە هێشتا هەرماوەو
بەردەوامەو دەرەبەگ بنەبڕ نەبوو و ریشەیشی ئەڕاوە
بوتەوەوەتی پێوەستییەکی تەواوی ئەتەوەی کوردەوە کو
هەنگاوی پێشەوەی رزگاربوون - رووداوەکانی

هەموو شۆڕشەکانی کوردستان و هەرەس هێنانەو سەرنەکەوتن
هەموو شۆڕشەکانی کوردستان بەشکستێکی زۆری ئەگەر ریشەوە
بنەچەی کە زۆربەیانەو شۆڕشیان ئەسەرکردایەتی بەدەس
دەرەبەگەوە بووە و رەشەو رووت هاتبوو ئەگەراوە
بۆیە هەستە لەزۆربەی تێکۆشانداکە خۆیەتی و
شۆڕشیانە تووشی هەرەس هێنان و رووچوون بووە
باشکێکی دوورودرێژ دەربارەی دەوری دەرەبەگ لەسەر
ئەوکە وەختی شۆڕشی کوردا باسکی گرنگە چەند سەرچاوەی
شارەزاو میژوونووسەکانە ... بەراستی ئەوەی شێوە
سەرلێشێوێنەکە ئیتاکا، ئەگەر بووە پێکرد ... لە دەست تێدا نەکردی
قۆناغێک لەقۆناغەکانی خەباتی چینایەتی لەبەشێکی کوردستانی
ئەگەروەدا کە بەشێکە لەکوردستانی ... جارێکی تریش
دەستنیشانی خۆیی و تۆمیدی ئەمەکەم زنجیرەی ئەوە هەستی
[illegible] بێت و [illegible] دەست

خوێنده‌وارانی ئازیز .

به‌ پۆسته‌دا [illegible] له‌ [illegible] دروستی [illegible] بۆ ناردبووم وه‌ [illegible] عبدالقادر [illegible] له‌ سوێده‌وه‌ [illegible] پێشكه‌ش كردبوون . هه‌رچه‌نده‌ [illegible] چاپه‌مه‌نی [illegible] به‌ڵام [illegible] ئه‌كه‌م ئه‌وه‌ی [illegible] شتێك كه‌ [illegible] چاره‌سه‌ر [illegible] . زۆرم پێ خۆشبوو [illegible] ئێوه‌ زۆر به‌ [illegible] هه‌ر [illegible] چاپه‌مه‌نی تیا [illegible] [illegible] ده‌كه‌م ...

[illegible] [illegible] و [illegible] ده‌ [illegible] و [illegible] و [illegible] و [illegible] و [illegible] هه‌موو شتێك [illegible] ٢٤ [illegible] ئه‌وه‌ی [illegible] و [illegible] و [illegible] و [illegible] هه‌موو شتێك [illegible] .

به‌ هیوای ئه‌وه‌ی [illegible] ببینین وه‌ لێره‌دا داوای سه‌ركه‌وتنتان ئه‌كه‌م [illegible] .

براتان – هه‌ژار

نامەی ژمارە - ١٦

لەندەن ١٧ - ١ - ١٩٨٧

برای زۆر بەڕێزو خۆشەویستم کاکە کەریم

ئەم کاتەو هەموو کاتێکتان شاد.

کتێبە زۆر بە نرخەکەت (بەرگی دووەمی بیرەوەرییەکانم) پێ گەیشت
بە ڕاستی کە خوێندمەوە چاوو دڵم ڕوون بوونەوە. ئەوەی ڕاستی بێ وەکو
نووسینە بەرەییەک وایە بۆ هەموو کەسێکی [illegible] کە بیەوێ [illegible] ڕاستی و ڕەوان و
بێ ڕواڵەت بخوێنێتەوە ... دەستخۆشی [illegible] و هەرخۆش بێت بۆ
نووسین و بڵاوکردنەوەی گەلێک یادداشتی وا بە نرخ کە کەلێنێکی باشیان [illegible]
لە مێژووی تێکۆشانی تێکۆشەرانی نەتەوەکەمان [illegible] کە مان
ئەوەی ڕاستی بێ کە کتێبەکەم گرتە بەر دەستەوە هەتا دوایم تەواو نەکرد
نەمتوانی هیچ شتێکی تر بخوێنمەوە ....

داخەکەم کتێبەکەی من (کوێرەوەری و سەرەوەری) [illegible]
[illegible] هەر زوو پێشنیارم دەکرد کە [illegible]
شێوەی [illegible] (کوێرەوەری و [illegible]) [illegible]
[illegible]
([illegible])
[illegible]
[illegible]
[illegible] سڵاوم بۆ [illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible] دەکەم.

برات، هەژار

نامەی ژمارە – ١٧

Kornela Kulturi Kurdistan
Kurdistans Kultur Förening
Göteborg

بەڕێز مامۆستا کەریم حیسامی
سڵاو و رێز و خۆشەویستی

لە سەرەتای نامەکەدا بەپێویستی دەزانین سوپاسی بەڕێزتان بکەین بۆ ئەوەی بەڕێزتان ئامادەتان تیا بوو
بۆ گێڕانی کۆڕێک سەبارەت بە بزووتنەوەی ئێستای کوردستان، لە رۆژی شەممەی
رێکەوتی ١/١٢/١٩٨٩ لە شاری گۆتنبۆرگ.
کۆمەڵەکەمان لە هەوڵێکی بەردەوامدایە بۆ کۆکردنەوە و گفتوگۆ کردن لەگەڵ
زانایان و شارەزایانی نەتەوەکەمان و ئەنجامدانی بەبەستنی کۆڕ و ئاهەنگ و
فێستیڤاڵ بە مەبەستی ئەوەی کە لەگەڵ رۆشنبیری دیموکراسیانە لە
سەر رێگات. سەبارەت بەو گفتوگۆیە کە تەیەدان کوردستان بۆ گێڕانی
کۆڕێکی وەها لە ئاستی زانستی بەرزدا لەلایەن کۆمەڵەکەمان و هاوڕێکانیەوە
بەگەرمی پێشوازی لێ کرا و جێگای بڵند و بەرزی لامان هەیە.
وێڕای ئەوەیش هیواداریم ئەم هەنگاوە ببێ بە خەرمەنی ئێوە سەرەتای چەندین
هەنگاوی بەردەوام بێت لەم بوارەدا و باشتان بتوانین چەندین کاری تر
بۆ هەمان مەبەست لێرە کۆبکەینەوە. هیوادارین کە زانا و پیاوانی سیاسی
دڵسۆزی کورد، هەروەک ئێوە چۆن دڵسۆزانە هاتنە پێشەوە ئەوانیش
بەچەشنی دەستوور دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ بکەن. دوا ووشەمان ئەوەیە
ئێمە بەدڵێکی پڕ رێز و مراوانەوە بەخێرهاتنتان ئەکەین و هیوادارین کە سەرلەبەرتان
بێت لە ژیاندا و ئامادەی سەرفرازی بۆ ئەوەی لە هەر ساتەوەکەسێمان لە یاد ناکەین.

ئیسماعیل شەریف
لێپرسراوی کۆمەڵە

نامەی ژمارە - ١٨

قەدیرشناسی ئازیز کاک کەریم . رۆژباش

پاش زۆر سڵاو بۆ خۆشی لەشی خۆت و منداڵەکانت بەهیوام سەرکەوتوو بن. کارتی پیرۆزبایتیانم گەیشت زۆر سپاس ئاواتەخوازم لە ساڵی نوێدا تەندروست و کامەران بن. ئەوا ئادرێسی ماڵی خۆشم بۆ هەناردی کە پێشتر و پاش تێشم نامە نووسراوە و رۆژنامەم بۆ دەهات لەوێ لەو بارەوە زۆر تێکچووم. بەداخەوە تەلەفونیان پێ نەدام هەر ئەمرۆ و سبەی پێ دەکەن.

هیچ خەبەرم لە وڵات نییە و نازانم چ خەبەرە بەرەکانی کوردستان خەریکی چین.

بەڵام لەوەندەی کە ئەزموونی ژیان سەلماندوویەتی لام وایە کورد دەبێ بۆچوونی سیاسەتی لە سەر پێی خۆی راوەستێ و پشت بە کەسی نە بەستێتەوە. کەس جێگای متمانە نییە فەقە کوردستانی بۆ خۆی هات بە ناو رێگادا ئەوا دەبێ هێزی لێ دانی کورد بە هێز کەن و لە بیری لێ وەکەن و رێبازی دا زۆری نەتەوەی خۆی دیاری بکەن.

جا بۆ ئەو کارە دەبێ لێ زانانی سیاسی ناوی کورد کۆ دەبن و بیری لێ دەکەنەوە. هەتا زووتر باشتر. بەداخەوە خۆ بەستەوە بەو دەرەوە گەنگی بڕاوە بەڵام ئێستا لە هیچ دەگۆڕێندا نە چارە چییە. هەر کەس مەجبوور دەبێ بۆ لایەک رێی تێنی. بەهیوا هاوینی سەلەزێڤ بۆ ئێوە لە لای پاوەن ئەگەر ئەفغارە بێ ... تا لە نزیک گشتر بە خۆشی ببینین. هەنوزم دوور باسی دە ما نەوە. سڵاو گەرمی ئەم ... دە ما داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکا هەروەها ... خۆشی و خۆشبەختیتان ئاواتەخوازم

بە تەمای بیستنی ئاگادار برا

هەژار

٩٨/١٢/٣٠

نامه‌ی ژماره – ١٩

[illegible]

[illegible]

نامه‌ی ژماره - ۲

[illegible]

[illegible]

نامەی ژمارە - ٢١

[illegible]

[illegible]

نامەی ژمارە - ٢٢

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

نامەی ژمارە - ٢٣

برای بەڕێز و خۆشەویست کاک [illegible]!

لە پێشەوە هەناسەی سڵاوت لێ بێت، ساغ‌سلامەتی تۆ و خۆشی و سەرکەوتنت و بەرەو پێش بردنت لە تواناییە
دڵم هەبە؟ و لێت دەخوازم. لە ڕۆژانەدا نامەی ژمارە [illegible] بەڕێزت و جارێکی تر لەگەڵت کۆ بووم و هەناسەی دوور
ڕۆژنامەم بۆ ناردی [illegible] سەرنجێکی کەم و تەنیا بە دەستی [illegible] [illegible] و [illegible]
[illegible] ناتوانم [illegible] بنێم . [illegible] بە هەموو [illegible] نەکەی!

کاکە گیان ، ڕۆژنامەکەمان زۆر بە هەوادی خۆشەوە و لە پاشان [illegible] بە براکەمەوەکانی ترە
ژمارەکانیان ڕۆژ لەگەڵ [illegible] بە جاری [illegible] دوورە . زیاتر بێت و هەمیشە [illegible] پێ باشە و تیشکی
[illegible] دەدا . هەرچەند لە لایەکەوە [illegible] پێ باشە و لە لایەکی ترەوە بە ڕاستی [illegible] ڕەخنەکان
خەبات توانیویە ڕۆژنامەیەکی گرنگ [illegible] [illegible] بنیات .

کاکی بەڕێز! لە رابیتەی لەگەڵ ڕۆژنامەکەتان چەند تێبینی یەکم هەیە کە [illegible] جێی خۆیەتی [illegible]:

١. بە ڕای من [illegible] بزانم [illegible] بۆچی [illegible] بە شێوە [illegible]؟ بە ڕاستی [illegible]
[illegible] ، واجبە [illegible] [illegible]
[illegible] بتوانین [illegible] [illegible] .

٢. لە ژمارەکانی پێشووی ڕۆژنامەکەتان [illegible] ، ڕۆژنامەکە [illegible] حیزب و کۆمەڵە و
ڕێکخراوەیەک [illegible] ... بەڵام [illegible] ، [illegible] ژمارەکانی [illegible]
[illegible] . ڕۆژنامەکان [illegible] بە ڕاستی [illegible]
[illegible] ، [illegible] حیزب و کۆمەڵ و ڕێکخراوەیەک [illegible].
[illegible] ، [illegible] حیزب و کۆمەڵ و ڕێکخراوەیەک
[illegible] حیزبی دیموکرات [illegible] . [illegible]
[illegible] ، [illegible] . بەڵام کاکە [illegible]
[illegible] . [illegible] ڕۆژنامەیەکی [illegible] بتوانن [illegible] حیزبی دیموکرات -

حیزب هیشدا بگرنەوە . وە ئەوسا لەبارەیەوە ئەکرێ بکەینەوە ، کارێکیان وا ئەکەین کە ئەو روژنامەیە بێ
بیروڕای حیزب دەربکەوێت . ئەمەش ئەبێ ئاگادار بن لە ڕێزەکانتان حیزبی کۆمۆنیست دایبڕێ بوا
ئەوەی ڕوناکە بە چاوەڕوانی سۆسیالیزم لێ ئەستێرە روژنامەگەلی کوردی بە هێزتر نابێت . هیچ شتێکی تیانییە
لە دەوروبەری ئەو سەردەمەدا وەکو بوونی روژنامەگەلی سوڤێت ژمارەیان چەند ئەستێنێت و باشترە

[illegible] کە ئەبن ڕێگەیەکی ڕاست و دروستیان گرتۆتە پێش . ئەوەیش لەبەرچاو بگرن کە
گوێتان سەرپشان شتێکە کە پشت ئەستوورن بە بەرەی سۆسیالیزم چەسپاندنی یەکێتی سۆڤیەت
چاک ئاگادار بن کە سەرکەوتنی ئەم حیزبە لە [illegible] ئەستێرەیە . چاک تێبگەن لە [illegible]
٣ . لە نووسراوەکانی ئێوەدا [illegible] لە کوردستانی گەورە ، پێویست [illegible]
[illegible] گشتی بدەنە وڵاتی پێشکەوتووی کوردستان ، [illegible] تە وڵاتی [illegible]
[illegible] یەک گرتوو ... [illegible] . [illegible]
[illegible] ، بەڵام تاج [illegible] لەگەڵ [illegible] یەک دینەوە ؟
زۆر [illegible] و [illegible] . پێویستە زۆر [illegible] و [illegible] زۆر [illegible]
گشتی [illegible] . [illegible] . [illegible] زۆر [illegible]
[illegible] . [illegible]
٤ . لە ژمارەکانی [illegible] سۆڤیەت و وڵاتەکانی تری بەرەی سۆسیالیزم کەم
[illegible] .

[illegible] لە نووسراوەکانتان [illegible]
[illegible] لە نووسراوەکانی کوردی [illegible] یەکیەتی سۆڤیەت [illegible]
[illegible] بیروڕای [illegible] نووسەرانە [illegible] ئاگادار بکەنەوە .
٥ . هەندێک لە نووسراوەکان زۆر [illegible] بیروڕای [illegible] تیایە . چاپ [illegible]

[illegible] ژماره‌ی

[illegible] ١١٩١ [illegible] ١٩٠٠.

[illegible] به‌ڕێز! [illegible]

[illegible] (....)

[illegible]

[illegible]

[illegible] كه‌ هه‌یه‌.

سڵاوم هه‌یه‌ [illegible] به‌تایبه‌ت [illegible].

برات ڕه‌حیم قازی

١٣ی [illegible] ساڵی ١٩٨٧

نامەی ژمارە - ٢٤

[illegible]

[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]

نامەی ژمارە - ٢٥

[illegible]

دیاره [illegible] جارێ سه‌لام [illegible] [illegible] [illegible] دوو سالی تر

زۆر [illegible] [illegible]. [illegible] [illegible] هه‌ر له‌ [illegible] چۆنم [illegible]

جێگه‌ی [illegible] نیه‌. که‌ [illegible] [illegible] [illegible] له‌ [illegible] [illegible]

[illegible] ده‌ترسم [illegible] مجبور [illegible] هه‌ر له‌ هه‌ردوو [illegible] بۆ

ماوه‌یه‌ک [illegible] [illegible] نازانم. [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] سه‌ره‌تای [illegible] سه‌لام [illegible] [illegible] ٨٥ سالی دا [illegible] [illegible]

[illegible] [illegible] [illegible] نازانم [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]

کاک [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] بۆ [illegible] [illegible]

[illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] [illegible] خه‌یابان [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] [illegible] کوردی [illegible] بۆ سێ ڕۆژ [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] نازانم [illegible] [illegible] سه‌لام [illegible] [illegible] [illegible] [illegible]

[illegible] [illegible] [illegible] [illegible] [illegible] بۆ [illegible] [illegible]

[illegible] هه‌ر [illegible].

٨٧/١١/١٠

نامەی ژمارە - ٢٦

هاوڕێی بەڕێز کاک لەتیف

پاش ڕێز و سلاو و هیوای خۆشی بەهیوام بە قەدەوە دەبینم: نەوە سلاوم هەیە بۆ
خۆشکە خەجێ کە بەیەکتریەوە دا لەسەریەتی. سوپاس بۆ شیعرەکەی لە پشتی هێشتنی ماسکە پاشی
دەوروبەرانی [illegible] گەیشتە دەستم [illegible] بە ئادرێسی بۆ هیچ مەنتەرە چونکە لەو جەماعەتە
[illegible] ئاستەر [illegible] دەیان ناسی [illegible] شانسی [illegible] کە ختوم لەسەر [illegible]
[illegible] وەکو ئەوەم ناسی [illegible] . خزمەت دەزانی [illegible]
[illegible] لە یەکەمین [illegible] سەعاتی سیاسی ناریارییە [illegible]
پاشی بە ئادرێس [illegible] کورتە [illegible] بۆم ڕەوانە بکە جاری تا لەو [illegible]
[illegible] زۆر [illegible] هەر [illegible] بەڵێ [illegible] هەر [illegible]
نەدادم [illegible] بەناوە [illegible] وەزارەتی [illegible] حقوق [illegible]
[illegible] سیاسی بە [illegible] نازانم تا سێ هەزار [illegible] نیوەم [illegible]
چونکە [illegible] وڵات [illegible] پاشی سێ ساڵ [illegible] گوڵاڵەوە [illegible] نییە
[illegible] نەخۆشی پیری [illegible] نازانم [illegible] . دانیشتووم

ئادرێسەکەم:
Č.S.Č.K. 12000 Praha 2 Žitna 44
Č.S.S.R Czechoslovak Ghani

نامه‌ی ژماره - ٢٧

[illegible]

— [illegible]

— [illegible]

— [illegible]

— [illegible]

نامه‌ی ژماره - ٢٧

[illegible]

— [illegible]

— [illegible]

— [illegible]

— [illegible]

نامەی ژمارە - ٢٨

نامەی ژمارە - ٢٩

مامۆستا - حیسامەدین بەڕێز

وێڕای سڵاو و ڕێزم ... پیرۆزبایی ٤٢ یادەی شیرینی [illegible] ساڵەی
دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان، لە خۆتان و [illegible] هەموو [illegible]
بنەماڵەی [illegible] ئاراستە دەکەم. بێ بە دڵیش [illegible]
یادکردنەوەی ئەم یادە پیرۆزە دەکەم.

ئەگەر بارە ناسازەکەی لەشم خراپ [illegible] شەرمەزار و خەجاڵەت دەبووم
بەشداریی ئەو یادگارە خۆشەویستە بوومایە. چونکە خۆزگە چاوم بە [illegible] زیندووان
ئەو کۆمارە ئازیزەمان - کە [illegible] - ڕۆشنیان دەکردەوە و [illegible]
ڕۆحی و [illegible] دەبینم بۆ ئەو ئاواتە ڕزگاری و سەربەخۆیی بوونی
کوردستانەکەمان کە هەموو تان و پۆی بوونیان گرتۆتەوە و ئاواتی [illegible] و پیرۆزی
هەموو کوردێکی شۆڕشگێڕ و دڵسۆز و بەشەرەفە! کە لەم دنیایەدا هیچ شتێک
بۆ کوردی [illegible] ناکەوێتەوە. چونکە بە تایبەتی یادکردنەوەی ئەم ڕۆژە لە لایەن
[illegible] (K.D.D.P) [illegible] بۆ من مانای [illegible]
[illegible] و دڵخۆشکەرە چونکە [illegible] زمانی و
خەباتی هەموانیان دەبێتە [illegible] ... کورد دەبێ" و
لە ناوخۆ و [illegible] کورد و کوردستانەکەمان [illegible] بۆ دەوروبەر
و [illegible] دەوروبەر دەبینەوە. چونکە کوردستانی [illegible]
کوردستان لە [illegible] و [illegible] خەباتگێڕ و
ئازاد و دیموکراتییانە دەبێ و [illegible] ئارامی دنیا [illegible] و
ئازادی و دیموکراتی و ئاشتی دەچێ.

[illegible] ئازادی و سەربەخۆیی
کوردستان و [illegible] کورد [illegible]
[illegible] بە [illegible] کوردستان [illegible]
[illegible]

و هەر بژین بۆ کورد

برای دڵسۆزتانە
ئازاد
١٩٨٨ / ١ / ١٣

نامەی ژمارە - ٣٠

KOMELEY XWÊNDIKARANÎ KURD LE EWRUPA

(Kurdish Students' Society in Europe)

k. s. s. E
A. K / p. o. box 16
160 41 Prague 6 - ČSSR

[illegible] / کاک کەریم حوسامی

برایانی /

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە

کۆمەڵەکەمان ئاهەنگێکی سیاسی ـ هونەری بەبۆنەی نەورۆزی پیرۆز، گەورەترین جەژنی نەتەوایەتی گەلەکەمان و ڕۆژی هاوکاری جیهانی لەگەڵ میللەت و خوێندکارانی کورد . لە شانۆیەکانی ڕۆژئاوا ـ کۆلن ـ ڕۆژی ١/ ٤ / ١٩٨٨ ساز دەکات.

زۆر بەخۆشحاڵی ئێوە بانگ دەکەین بەشداری لەم ئاهەنگەدا بکەن و ئامادەبوونتان زیاتر ئەم بیرەوەرییە ڕۆشن دەکاتەوە.

تێبینی ـ داواتان لێ دەکەین لەکۆلن پەیوەندی بەم ژمارەی تەلەفۆنانەوە بکەن

لەگەڵ جوانترین ڕێز و سڵاومان

پراگ ٥/ ٣/ ١٩٨٨

سکرتێری
دەستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی
کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد
لە ئەورووپا

نامه‌ی ژماره - ۳۱

خوێندەواری بەڕێز و خۆشەویستم کاک کەریم   ڕۆژ باش.

سڵاوی گەرم و بەتینی خۆم و خێزانم بۆ خۆشەویستە جێگەی ڕێزەکانت، بە هیوام

لە دیداری خزمەت بەپێیەکان و بەتایبەت بە تەنها زۆر لێگەڕاوەکەمان

سەرکەوتوو بی. کاکەکی خێزانم هات، دیارە پێشتر گەیشتە لام هەردووەمی

بە [illegible] .. یان بۆ دام کە [illegible] لەسەر بوو لەگەڵ [illegible]

چەشنی [illegible] و گوازرانەوە هەلبەت بۆ [illegible] تا جێگای یەک جارێ

بۆ دیاری [illegible] بە داخەوە [illegible] بەلام [illegible] دەهەر

ئەمڕۆ [illegible] دەکەن بەلام لام وایە تا خانووی یەک جارێ پێ نەدەن

بیرم [illegible] نیە خانووی یەک جاری دیارە تا [illegible] تر [illegible]

[illegible] بۆ دەنووسم بەلام هەر [illegible] خۆت [illegible] ڕای یان [illegible]

[illegible] نامەکەی [illegible] دیارە لە خۆت [illegible]

دەگەڵ دەردی خۆتدا دەمێنێ. چی بڵێم نەهێشتی کاریە و جێ لەگەڵ ناکرێ!

لەوانەیە کاک حەمەڕەشید سەردەکەوێ نێرد بە بیرانی بەڵام نازانم کەی

وردە وردە کارم کردۆتە سەر جەماعەت کە کاکی خزم بکەن بێ

کورد و کوردستان تا چەندێ لە قەڵا بزانم چی تێ دەگەن بە هیوام وابێ

هێشتن لە دەسەنگەرەدا لە پێش هەموو شتێ نەتەوەی کورد گێڕاوی خۆم لێیە

دەفەرا موشی ناکەم هەر ئەوەندە دەڵێت چەند شتێکی بزانم تا ئێستا بۆ تەرخان کردوە

کاکی برا جلدی سێیەمی بیرەوەریەکانت گەیشتە لام خوێندمەوە و بڕیاردرای

کە ریشی مەرزانگرت و ئێستا لای وانە لەگەڵ چیرانم ووتی تۆرلی حەرتیوتانە

دەبۆی کردەوە وای لە زنجیرەکانی دێ بە هیوام جلدەکانی تری بگاتە دەستم

جوانی خۆشکەوتەی مەزرەعەی جوانڕۆم بەهۆی کاک حامید نارد وەوە و ئارەزووی کرادەزم

لە پاکو بۆ هەڵبارد کە بەم ئاڵیە بتوانی کتابەکان گۆڕین یە پێدا کەوت ئەگەر زانی

نه‌هێشتن کاری نه‌بێ ده‌ ده‌نگ که‌ کابرا نه‌لێنێ له‌ دوا تێلفونی منیشان له‌ کوێ گیتر هێناو

دیاره‌ بالآخره‌ ده‌ستیان ده‌گاته‌ یه‌کدی سه‌باره‌ت به‌ جنابی شێخ عزالدین حسێنم

ساخ و تندروستێتی ده‌به‌خشی باسی ناسی بۆ ئێش ئیالله‌ نازانم جماعی

دانه‌ره‌ی گۆرینی جۆنه‌ هه‌لبوونه‌ ئه‌وه‌ی دیاره‌ پێلانیان کردوه‌ که‌

مه‌ترسی هه‌یه‌ یا خود چنستی تر دیاره‌ جه‌نابت له‌ پێش ئاگادارتری بێشی

تۆ له‌ هی ئێمه‌ باشتر کار ده‌کات پێم خوشی بوو چونیه‌تیه‌که‌ی بزانم داخوا

جیایان لێ قه‌وماوه‌ وا به‌ گوێره‌ی کۆمه‌ل هه‌لوه‌دا بوون خه‌به‌ری تیا بێ

بالآخره‌ ئه‌م زانی خوشکه‌ خه‌صح لآمانه‌ یا له‌ صوفیایه‌ به‌ ته‌مام نامری

بۆ ئه‌بوودیم وه‌لامم بده‌ره‌وه‌ ئاخر هه‌ر له‌ ئادرێسی گۆرینه‌ یان خه‌بیر لکاکی برا

سوێنی هه‌ری ده‌ستابنه‌ ده‌ره‌نیوانه‌ هاو خوێنا نه‌ت ده‌که‌م سه‌باره‌ت

به‌ ضبط ته‌کی تر که‌ ده‌رچوو بۆمن کوایان نه‌کردوه‌ دیاره‌ سه‌رده‌می تورکی

کوردی و ئینگلیزیشم پێ گەلێ دەهەرژێنیان بوونی بە کەللەی دوفرە بەردا

لێ دەوەردەگرم گەلێک پارەوە. سەریلم دا لە ماڵی برای پیرەوەرە، گا براکە

هەواڵی پێرێ دەتم خەریکە دەی نێلێ بە تەورێ توانای دڵگاکان لێک

هەیە کەمتر بە هیوای کامەرانی دەسەرکەوتنتان

برات غنی

١٨/٢/٣

نامه‌ی ژماره - ٣٢

بەهری تەویل بۆ ئاوات گەڕی بێ بەویل !

سڵاوێکی پاک و بێ بەرتیل

دەڵێن چاڵێک هەیە چاڵی دڵ . هەرچی تێدایە زار و زەلیل . ڕەش و نەریم وەک قیل . ئاخنراوە لە شتەریە سوار و کێی نەشیمن . یان کۆتر و گورگ وەفیل . گوایە سەهەدی سەرەهووەرلش بە زنگیرەت لەوێ بیر و گۆڕەوی دەرخوارد دراوە بە بەرمیل !!

ئەم قافیەی سەرەتا ئاوازی تۆیە . دەنا منیش نەزە کۆی سەنتی دکتۆیە . هەروەک بزرقیان هەیە « لەنۆیە » و « لەتۆیە » ! بێ بەویل سەرەتای قافیە و نازناوی تۆیە . وای لە بۆ چاک وخۆشم کرد ، تۆیە !

سەرەتا ئەوە بوو مەبەستم بە نامە . هەرچەند لەوانەیە بێیت و ئەوای ناسەوا بێ تامە ، بەڵام ئەوەک ئەمرۆ تای هەیی کامە ؟ هەرچی بەشوێنی کام پێ تەزەوەیە ناکامە . ئەم هەموو رەنج و کوژی دەوری یە هەتا ئێستا بۆ ناکامە . هەموو کەموکەیتی چارە پڕای ئەکرێت ، تا زانیی چیوان نووسراوە لە کارنامە ......

لەمێژە سەرەت سپی و دەشکێ سێلەبەت قورسە . یەکەمیان جێگەی رێز و لەوەکەمیان جاری ترسە . ئاخر هاوڕێکیشی لە چوکر و ڕەفیقانی خۆت بپرسە ..

— هەر من بووم هەتا ئێستا زەنگم لێ داوە و نامەم نووسیوە . نۆبەیەم خوێندووەتەوە و لێتم پرسیوە تەلەفۆنت هەڵام نەداوە بە سکی پرسیوە ......

— بەڵام قەی ناکا من سەرم زلە . نیوەچوان تێکەڵ من و لێتم سەرترە . بادە بە یەکێش بێ بە نۆرەی دەهاویەشی من و هاوڕێکیشی تۆ بەتەرە !......

— ئەلێم گۆڤارەکەت و ژمارەی تازە ... بەڵام لەوێشە خۆشەکانی تۆ بێ بەشی و بێ ئامە . هەرچی دەبیسم بەس گەرم و کۆسپ و هەوراز ... ئاخر قەیان زۆرم دا ساڵانی ناسازە . ئاخر ونەوشی قسەی تۆ ناکەری دەڵێی دەزانە ! کێ گوێت دەگاتەوە لەم زانە ؟......

گۆڤار و ژمارەی تازە [illegible] . کە خەزەسپی و قەڵەم رەشە . بەڵام قسەم ئەگەر هیچ ڕەق بێ ، هەر گەشە . هەروەک قسەی تۆ لە بەرنامەی [illegible] خۆشە !

ئاوریشیم پێت شاریکەترە . ژمارەی شوێن و دەبێکی ترە . ناوم وەک حەیوان بەهەم ڕاستی هیچ بێکی ترە . ژمارەی پۆستیش ئەوەی گوتن لێ بە نۆرە پێی ترە . وادیارە کەم کەم لەوەتان دەروەچی و قافیەی یەکی ترە !

ئەمە ئادرەسە : Behroz.K ناوم . پیتای ئینتەرنێتی [illegible] ماڵەم . ژمارەی پۆستیش [illegible] ناوم . بۆ خوێندنەوەی سەرپێکی زۆری رشتە باشەکانیشی بە ناوم .

سەرت سپی بە و هەموو سەرتزرە

٨٨/١/٢٢

نامەی ژمارە - ٣٣

YEKÎTIYA XWENDEKAR Û LAWÊN KURDISTAN LI EWROPA

UNION OF THE KURDISTAN STUDENTS AND YOUTHS IN EUROPE



UNION DER STUDENTEN JUGEND KURDISTANS EUROPA

UKSYE
C/O [illegible]
POSTFACH 460512
1000 BERLIN 46

KONTO NR. [illegible]
BLZ: 100 200 00
BERLINER BANK
U K S Y E

Roj: 30.07.88

Ji Mamostayê birêz Kerîm Husami re


Silaveke xebatkarî
Hevalên hêja !

Yekîtiya me, Yekîtiya Xwendekar û Lawên Kurdistan Li Ewropa - U K S Y E - li seet 10.00 berî nîvro, roja Duşembiyê 22.08.88 de Kongira xwe ya Pêncan pêktîne.

Em pêxwesdibin, ku hûn weke rêxistineke dostê Yekîtiya me di Kongirê de amadebibin.

Hêviya me beşdarbûna we ye.
Ligel silavên hevaltî

Komîtiya Birêvebira Giştî



Agehî: Gava hûn bixwazin li Kongirê amadebibin, em hêvîdikin, ku hûn jiberî roja 14.08.88 Komîtiya me liser navnîsana jorîn agehdarbikin, taku em karibin riya gihîstina cihê Kongirê ji we re bidin diyarkirin.

نامه‌ی ژماره - ٣٤

[illegible]

[illegible]

١٢/٩/١٩٨٨

نامه‌ی ژماره - ٣٥

[illegible]

ــ تەلەفۆنی [illegible] لە [illegible] ژمارەی تەلەفۆنەکەت بۆ دەنووسم، حاڵی تا

چەند [illegible] دەرد دەگرم. ئادرەسی [illegible] ئەمەیە. ٩٨ [illegible]

[illegible]. بە هیوام هەلت بۆ هەڵکەوێ سەرێکیان لێ بدەی پێی خۆشحاڵ دەبێ.

[illegible] سڵاوتان لێ دەکا. [illegible] بۆ خۆشەکانی [illegible] نووسیوە [illegible] دەکەم

بۆ حاڵ [illegible] تر [illegible]

٢٨/٩/٩٠

نامه‌ی ژماره – ٣٦

[illegible]

[illegible]

جاپ نامەکەیەوە هەنێ لە داوم کە نووسیوتە تا ئادرێسی فۆرمەکانی چاپ بەری بۆم نانێرن بگرتم
ئەمەم کردووە بیانوو، لەگەڵ ئەوەش ئەوەکات ئێستا بە ئادرێسی ... بۆم ناردووە، دەکرا پرسیت
نامەی ... هەروا نەهات. ئێستا پاش دووسێ مانگ چاوەڕوانی ... پۆستم وەرگرتووە و
ئادرێسی ئاستەو خۆی بۆ پێوەندی نامە و چاپەمەنی. بزانم ئەم جارە چی دەکەن ؟

سەرلەنوێ سلاو. هەر شاد و سەربەرز بی.

برات [illegible]

٧-١٠-١٩٨٨

نامەی ژمارە - ٣٧

[illegible]

۲

[illegible]

[illegible]

٥ [illegible] ١٩٤٥ [illegible]

به‌رهه‌مه نووسراوه‌کانی نووسه‌ر

١ - کاروانێک له شه‌هیدانی کوردستانی ئێران
٢ - وه‌لامێک کوردی و فارسی
٣ - ڕێنوێنی شه‌ڕی پارتیزانی
٤ - له ده‌وری ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دیموکرات ... بینه‌وه
٥ - ڕه‌خنه و لێکۆلینه‌وه له سه‌ر کتێبی حوسێنی مه‌دەنی
٦ - چه‌ند قسه‌یه‌ک له گه‌ڵ خه‌بات
٧ - کورد و فه‌رهه‌نگی بێگانه
٨ - لێکۆڵینه‌وه‌ی « کورته باسێک له سه‌ر سوسیالیزم » کوردی و فارسی
٩ - تایبه‌تی کونگره‌ی شه‌شه‌م
١٠ - کۆماری دێموکراتی کوردستان یا خود موختاری
١١ - یادی هێمن
١٢ - له پێناو چی دا ؟
١٣ - یادانه‌وه
١٤ - کڕ و کاش
١٥ - سه‌فه‌ر بۆ کوردستان
١٧ - له بیره‌وه‌ریه‌کانم : به‌رگی : ١- ٢- ٣ -٤ -٥ - ٦ - ٧-٨ - ٩

ئه‌و به‌رهه‌مانه‌ی نووسه‌ر کردوونی به کوردی

١ - دایک - ماکسیم گۆرکی
٢ - ژیان و کرده‌وه‌کانی لێنین

٣ - ئەفسانە کوردی یەکان - رۆدینکۆ
٤ - زەوی پچوک
٥ - کۆمەڵە چیرۆکی هەڵبژاردە لە ئەدەبی بێگانە
٦ - مەسەلەی کورد لە پارلمانی سوید
٧ - یاسا و بنچینەیی ئابووری سۆسیالیستی
٨ - حەمە چکۆڵ (ئینجە مەمەد) یاشار کەماڵ
٩ - نوسولی سەرە تاییەکانی فەلسەفە - ژۆرژ پۆلستر
١٠ - نامەی گوللە بارانکراوەکان
١١ - رەوشی کوردان - مێژووی بابان و ئەردەلان
١٢ - ئازادی یا مەرگ -- کازانتزاکیس
١٣ - مەسەل و زارگۆتنی لوڕی .



نەغەدە کاتی گەرانەوەم لە ئورروپا ١٩٧٩



کۆ بوونەوە لە فەرمانداری مەهاباد ١٩٧٩/٩/٢



دوارى شەرى سێ‌مانگە لە مەهاباد لە گەڵ هەواڵدەران ١٩٧٩




لە فەرمانداری مەهاباد لە گەڵ هەواڵدەرانی تاران ١٩٧٩



میتنگی چوار چرا به بۆنه‌ی په‌یامی خومه‌ینی و گه‌رانه‌وه بۆ نێو شار ۱۹۷۹



ئاخرین کۆبوونەوە لەگەڵ هەیئەتی دەوڵەت لە مەهاباد:
دوکتور قاسملو، شیخ عیزالدین، عەلی بلوریان، نووسەر.



لە مەهاباد دووی ڕێبەندانی ١٩٨٠.



لە میتینگی بە هاوڕای حیزبی دیموکرات و چریکی فیدایی -- مەهاباد - ١٩٨٠



کلاسی یەکێتی لاوان لە خرە جز ١٩٨٠



جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ - مەهاباد - ١٩٨٠




جیژنی ٢٥ی گه‌لاوێژ له مه‌هاباد .١٩٨



مەلا محەمەدی جوانرۆیی لە جێژنی حیزبی دیموکرات لە مەهاباد .١٩٨


لە سەرقەبران بە بۆنەی شەهیدبوونی
سەرگورد عەباسی یەوە
١٩٥٩



لە سەر قەبران دوای ناشتنی سەر گورد عەبباسی شەهید ١٩٨٠.




شاعیری میللی و ناوداری کورد ماموستا هێمن




هونەرمەندی خۆشەویست و بەڕێزی کورد م. ماما



کادری رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران



ناوچەی گەورکان - تیزیک پاراستان - ١٩٨١



لەگەڵ شاپور و تەیمور و چەنگیز لە بناری شیلادن داخی لە ڕێگای شپاڵ



لەگەڵ سەرهەنگ تادری و رەشید حامی

لەنیزیک پاراستان



لە بێروت لە گەڵ تێکۆشەر نایف حەواتمە ١٩٨١



دەروازەی دیار بەکر کاتی گەرانەوەم بۆ کوردستان ۱۹۸۰.



لە گەڵ شەهابەددین لە گوندی بەردەرەش، کوردستانی تورکیا ١٩٨١


له چیاکانی [illegible]



له چیاکانی ناوچەی شەمزینان کاتی گەڕانەوەم له ئوروپاوە .١٩٨١



لە شیمال، لە گوندی هەشتیبان لە گەڵ پۆلی پێشمەرگە ١٩٨١



لە مزگەوتی جامیعە لە شاری شنۆ کاتی گەرانەوەم لە سەفەری ئوروپا ١٩٨١